# حەریمەکانی سوڵتان

# حەریمەکانی سوڵتان

حەسەن حافیز

**وەرگێڕانی**
**شێرزاد هەینی**

هەولێر ٢٠٢٠

# پێڕست:

بێ رووپۆش
بەشی یەکەم
خەونەکانی سوڵتانەی دایک لەسەر کەنارەکانی دردەنیل
دیمەنی بەر بانێژەکە
مەترسییەکانی سوڵتانە خانم
خەونەکانی جارییەکە
دایکی شازادەکە
بنەماڵەی عوسمانییەکان
بەشی دووەم
سوڵتان سەلیم کودەتا دەکات و براکانی دەکوژێت
دایکە سوڵتانەکە
سوڵتانە گەنجەکە
هەڤاڵبەندییەکی ترسناک
خانەکانی قەرم
بەش سێیەم
ئاگرێک لەناو حەرەملەکی سوڵتان
حەفسەت خاتوون
سوڵتانی جیهان
خۆسازکردنەوە
هەڵوەشانەوەی ئەوروپا
بەشی چوارەم
زلهێزەکەی ئەوروپا لەناو فێڵەکانی رووسی
سوڵتانی هەموو جیهان
عیشق لە حەرەملەک

گەورەی ئەورووپا
کەنیزەکان
بەشی پێنجەم
هەڵوەشانەوەی پەیمانە سێ قۆڵییەکەی حەرەملەک
سیستەمی دوشیرمیەت
سەرکەوتن و پێگەیشتن
لووتکەی سەروەرییەکان
کەوتنی ئەستێرەکە
ژنەکانی سوڵتان
بەشی شەشەم
کودەتاکەی ناو حەرەملەک
گوڵی بەهار
گواستنەوەی حەرەملەک
تۆڵەکردنەوە
رەوشتەکانی حەرەملەک
بەشی حەوتەم
رژانی خوێن لەناو کۆشک
مەترسییەکانی شازادەی جێنشین
پلانە خوێناوییەکان
خەلافەت
جیهانی کەنیزەکان
بەشی هەشتەم
ململانێیەکان سوڵتانەکە دەروخێنێت
سوڵتان کوڕەکەی دەکوژێت
پلانی کوشتنەکە

ململانێی دوو برایەکە
وەقفەکانی خوڕەم
بەشی نۆیەم
خاتوونەکەی رووناکی ژیانی سەلیمی دووەم دەکوژێنێتەوە
سوڵتان دەمرێت
خاتوونەکەی کۆشک
سوڵتانە مێبازەکە
ئەنکشارییەکان
بەشی دەیەم
نوربانو سوڵتانەکەی پشت پەردە
سەدری مەزن موحەمەد پاشا سوقوللو
دایک و کەنیزەکە
ململانێی دایک و کەنیزەکە لەسەر سوڵتان
جافید خاتوون
سوقوللو
بەشی یازدەهەم
سەربڕینی شازادەکان بە دەستی سوڵتانەی دایک
سەفیە خاتوون
کۆمەڵکوژییەکە
قەفەسەکان
سوڵتانە کارتۆنییەکان
شکاندنی سەعاتەکە
بەشی دوازدەهەم
سوڵتانە کارتۆنییەکان
رووی مانگ

کوشتنی خەونەکە

وەقفەکانی سەفیە خاتوون

ماهـ بیکر دایکی سوڵتان و جێگرەکەی

دوابەش

کۆتایی دەسەڵاتی حەرەملەک

ژنە جێگرەکەی سوڵتان

پاوەرە کوشندەکە

دەرکەوتنی کوبرلی

# بێ رووپۆش

ئەو کتێبە پێناسە و سەرەتایەکی کورتە، بۆ تێگەیشتن لە بەند و جزمێکی مێژوویی پڕ لە شەرمەزاری و خوێن و دیلکردنی ژن و کیژانی ئەوروپایی و جیهان.

چەند سەدەیەک سوڵتانە عوسمانییەکان، وەک ترادیسیۆنێکی دێرینی بنەماڵەکەیان، کیژانی دیلی نەتەوەکان و ئاینەکانی تریان، لەناو کۆشک و حەرەمەکانی خۆیان، بۆ سێکس و خزمەتکردن و بەردەستییەکان و دیاری هەڵبژاردووە. هەندێک لەو ژنانە، بونەتە سوڵتانەی کۆشکەکان و دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و خوێناوییان هەبووە، کوڕو کیژی شازادەی زۆریان بۆ بنەماڵەکەش بووە. ژنە سوڵتانەکان، بۆ بەرژەوەندی خۆیان و منداڵەکانیان، زۆر لە شازادە و سوڵتانەکانیشیان کوشتووە، هەر ئەو ژنانەش لە گەشە و پێگەیاندن و بەرنامەی خێرخوازی و ئاوەدانی و هونەریش پێشەنگ بوون.

کتێبەکە بە زمانێکی سادە نووسراوە، بەو چەند بەشە کورتە، لە جەوهەری سوڵتانە عوسمانییەکان و رۆژانە و دەسەڵاتەکەیان تێدەگەیت، بۆ مانەوە و بەردەوامی و فراوانبوونی سنوورەکانیان، شەڕ و خوێن و سێکس و ستەم زۆر پەیڕەو کراوە.

لەو مێژووەدا، بە هەژمارونی دەوڵەتەکە و سوڵتان و ژنەکانیان، لەنزیکەوە و بەوردییەوە دەزانین، دەسەڵاتی عوسمانییەکان چەند ستەمیان لەو جیهانە کردووە، بە هەموو ئاراستە بەدکارەکان، رەفتار و سیاسەتیان کردووە، مافەکانی مرۆڤ بەتایبەتی ژنان و ئایینەکان و ئاینزاکان و نەتەوەکانیان بەزەقی پێ شێلکردووە، بۆ تالان و سامان و سەرانە، سنووری دوور و ترسناک و دەریای گەورەیان بڕیوە. دەسەڵاتە بەدکارەکانی حەریم و ژنانەکانیان، بەرهەمی

سیستەم و سیاسەت و پاوانخوازی دەوڵەتەکە بووە، بۆیەش دەوڵەتەکە نەخۆش دەکەوێت و بەسەر کۆشک و بەزم و تاجەکانیاندا دەڕوخێت.

کتێبەکە بۆ ناسینی حەریمی سوڵتانەکان و لەقکردنی باوەڕی پیرۆزی سوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانییە. مێژووەو شەرم لە کەس ناکات و نووسینەوەی ترس و دوودڵیشی ناوێت... ئەوەیە بەشێکی حوکمی عوسمانییەکان، لەسەر رووبەرێکی زۆر بەرینی ئاسیاو ئەوروپاو ئەفریقیاش، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئاڵا و هزری ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش، زوڵم و تاوان و تاڵان و بەدکاری و بەدرەوشتی زۆریان کردووە...

شێرزاد هەینی
سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠
ستۆکهۆلم

# بەشی یەکەم
## خەونەکانی سوڵتانەی دایک لەسەر کەنارەکانی دردەنیل

## دیمەنی بەر بانێژەکە

سوڵتانە حەفسەتی دایکی سوڵتانی مەزن سلێمان ئەلقانونی، حاکمی دەوڵەتی عوسمانی (ئەوەی لە ساڵانی ١٥٢٠ هەتا ١٥٦٦ی زاینی حوکمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کردبوو)، ژنەکە لەسەر بانێژەیەک، کە دەیڕوانیە کەنارەکانی دەریای مەڕمەڕە، سەیری ئاسۆکەی بەرامبەری دەکرد، لەودەمانە ئاسمانیش بە هەورە ڕەشە چڕەکەی تاریکی داهێنابوو، ئاسۆکە وا دەبینرا، ئەوەش نیشانەی هەڵکردنی باهۆزێک بوو، بەڵام ژنەکە سەرکەشانە وەستابوو، گوێی نەدەدایە کەشە ساردەکە، باکی بە بایە بە تەوژم و توندەکەش نەبوو، هەوا ساردە توندەکە، کەوا و دەستماڵی ژنە خاتوونە مەزنەکەی دەهەژاند، تینی سەرماکە، گەیشتبووە هەموو ئەندامەکانی جەستەی، بەڵام ئەو باکی بەو سەرمایە نەبوو، لەسەر بانێژەکە وەستابوو، سەیری ئاسۆیە تەمومژەکەی بەردەمی دەکرد و هزر و مەزندەکانی لەسەر ئایندە و پلانەکانی ناو کۆشکەکەیان، دوور دوور ڕۆیشتبوو.

حەفسەت هانم، یان حەفسەت خاتوون، هەتا سەر ئێسقان و ناخی مێشکی کەوتبووە ناو خەم و هزرە ئاڵۆزەکان، بەردەوام ئەو خاتوونە سەرقاڵی بیرکردنەوە و شرۆڤەی ڕووداو و پێشهاتەکان بوو، هەستی دەکردو دڵنیابوو، لەوەی ئایندەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە مەترسییەکی راستەقینە دایە، دەترسا، لەهێرشی دەرەکی بۆ سەر دەوڵەتەکەیان نەدەترسا، یان لە دوژمنێکی دیاریکراوی نەیاری بێگانە نەدەترسا، لەوەیان نەدەترسا، نەدەترسا چونکە دەوڵەوتەکەیان زۆر بەهێز و بەتوانا بوو، بۆ بەرگری و بەردەوامیش هێرشی دەکردو نەدەشکا، سوپاکانی دەوڵەتی عوسمانی لە سێ کیشوەری گەورەی جیهان، جمەی دەهات، لەناو وڵاتانی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتدا. سوڵتانە گەنجەکەی ناو و شانازی هەبوو، ئەو وەک حاکمێک و دەسەڵاتدارێکی بەوەج و بەتوانا و بەهێز، لە ناخی هەموویان سام و هەیبەتێکی بەسەنگی هەبوو، ئینجا حەفسەت هانم ژنە سوڵتانەکە، زۆر دڵنیابوو، دەسەڵاتەکەیان و دوارۆژی

دەوڵەتی عوسمانی لە مەترسیی دایە... لەناو ژووره داخراوەکانیان، لەناو ژووری ژنە سوڵتانەکان و کۆشکەکانی خۆیان، لەناو (حەرەملەک) هەستی بە مەترسی و رووخان و پیلان دەکرد، بۆیە دەترسا، لەو بانێژەیەدا وەستابوو، بیری دەکردەوە و سەرمای نەدەبوو.

سۆزی گەرمی عیشق و ئاگری دڵپیسی، لەناو هەیوانەکانی حەرەمی سوڵتان دەسووتا و کلپەی دەسەند، ململانێی نێوان هەردوو ژنەکەی سوڵتان سلێمان ئەلقانونی گەرم بوو، ژنە سوڵتانەکەی حەرەمەکە، (کە لەناو خەڵکی عەرەب بە سوڵتانە هانم ناسراوە) و سوڵتانە مهدفران یان ماهـ دەوران و ناهید دەورانیش ناسراوە. ئەو دوو ژنەی ناو دڵی سوڵتان، کۆششیان بوو، کۆشک و تاجەکە بۆ یەکێک لە کوڕەکانی خۆیان دابین و مسۆگەری بکەن. ئەو دوو ژنە بەو ململانێیە دژوارە، هەموو دابونەریت و کلتووری حەرەملەکی کۆن و دێرینی عوسمانییان، کە سەدە لە دوای سەدە مابووە، هەژاندبوو.

سوڵتانە حەفسەت، دایکی سوڵتان سلێمانی ئەلقانونی، لەسەر بانێژەکە وەستابوو، دەروازەی چەند سەدەیەکی دوورو درێژی دەوڵەت و بنەماڵەکەی لە نیگاوە بەڕوونی دەبینی، هەستی دەکرد چۆن ژنە سوڵتانەکان، لە پشتی پەردەکانەوە دەسەڵاتیان بەسەر سوڵتان و شازادەکان هەبووە، چەند پاوەریان لەسەر هەیبەت و دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و دوارۆژی نواندووە، ململانێی و ناکۆکییەکانی نێوان سوڵتانە خوڕەم و سوڵتانە مهدفرانیش، یەکەم خشتی ئەو ململانێیە بووە، کە لە مێژوودا بە ناوی (سەڵتەنەتی حەریم) دەناسرا.

سوڵتانە حەفسەت، بە یادو بیرەوەرییەکانییەوە دوور دەڕۆیشت، دەگەڕایەوە سەرەتاکانی پەیدابوونی تورکەکان لە ئەنادۆڵ، چۆن هۆزە تورکەکان، بە سەرکردایەتی ئەمیرەکانی سەلجوقی، بەسەر سوڵتانی دەوڵەتی غزنویی مەسعود لە ساڵی ٤٣١ک_١٠٤٠ز، لە نەبەردییەکەی دندانقان (ئەو شوێنەی دەکەوێتە نێوان هەردوو شاری مرو و سەرخەسی باشووری تورکمانستان) زاڵ دەبن و دەیانشکێنن و قەوارەکانیان دەڕوخێنن، هەر ئەو خاڵەش، دەبێتە رووداو

و وەرچەرخانێکی مێژوویی مەزن، لەو ڕۆژەوە چەندین هەرێمی دەوڵەتی ئیسلامی بەرفراوان دەکەوێتە ژێر دەسەلاّت و هەژموونی تورکەکان، بەوەش تورکەکان دەگەنە سەر سنوورەکانی هیند و ئەسیای ناوەڕاست لە خۆرئاواوە، هەتا وڵاتی شام بەرەو خۆرهەڵاتیش دەڕۆن.

هەندێک لە هۆزە تورکە دڕندە شەڕخوازەکان، لە ئەنادۆڵ دەگیرسێنەوە، لەسەر ئەملاک و سەروەرییەکانی ئیمپراتۆریەتی بیزنتی کە لەناو عەرەب بە دەوڵەتی ڕۆم دەناسرا، یەکەم ئەمارەتی تورکی لەسەر دەست و فەرمانڕەوایی سوڵتان عوسمانی کوڕی تەغەرلی دامەزرێنەری دەوڵەتی عوسمانی دادەمەزرێت. بەپاکتاوکردنی ناوچەکانی ئەنادۆڵ، ئەمارەتەکە گەشە دەکات، تا دەگاتە ئەوەی پایتەختی دەوڵەتی بیزنتییەکە، لە ساڵی ١٤٥٣ی زاینی شاری قوستەنتینیە بگرن.

عوسمانییە تورکەکان، بە ئەسپەکانیان، لەناو هەرێمەکاندا، تەراتێن دەکەن و وڵاخەکانیان سمکۆڵ دەکەن و سەدان کیلۆمەتر دووردەکەونەوە، سوارچاکییان لەو کاروان و بەزمەدا نیشان دەدەن، کە تێیدا شارەزاو لێزان بوون، بەوەش دوژمنەکان زۆرتر رقیان لێیان هەڵدەستێت و نیگەران دەبوون، چونکە سوارەکانیان لەو کاروانە دوورانەدا، بۆ پشوودان و مانەوە و خواردەمەنییەکانیان پشتیان بە ڕاووڕووت و تالاّن دەبەستا، پاش ئەوەی لەو هەوارانە تێریان دەخوارد، ئەوەی پێیان هەڵدەگیرا باریان دەکرد و دەیانبرد و نەدەگەڕانەوە ئەو هەوارانە. سوارەکانیان لەو کاروانانەدا، نەیاندەتوانی خێزان و منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیاندا ببەن، بۆیە زۆر لەو خێزانانە دەمانەوە، بەڵام سەرکردەکانیان ژنەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبرد، ژنەکانیش لەو هەوار و کاروانانەدا لەبەرچاوان نەدەبینران و لە گۆشە و کەژاوەی تایبەتی دەمانەوە و گۆشەگیر دەکران، بەو ژوور و کەژاوانەیان دەووت (حەرەملەک).

ئا لەو شوێن و کەژاوانەدا، ژنەکانی سوڵتان دوور لەبەر چاوی پیاوانی تر، دوور لە نیگای بێگانە و پیاوەکان دەژیان، تا سوڵتانەکان دەستیان بەسەر

حەرەملەک زاڵ بێت و لەبن دەسەڵاتی توندی خۆیاندا بێت، ئەندازیارانی عوسمانی کۆشکی سەرەکی سوڵتانییان لە ئەستنبۆل بە ناوی (تۆپ قاپی سەرای)، واتە کۆشکی بابی عالی، دروست دەکەن. کۆشکەکە بریتی بوو لە سێ بەش:

بەشی یەکەمی دەرەوە تایبەت بوو، بۆ سەربازەکانی کۆشک و پاسەوانانی سوڵتان.

بەشی دووەمیش بۆ ئیدارەی دەوڵەت بوو، بەشەکە بریتی بوو لە دیوانی سوڵتان، لەوێ سوڵتان، وەزیرەکانی دەبینی و بەشێکی تایبەتی بۆ کۆبوونەوە و دیمانەکانی تەرخان کرابوو.

بەشی سێیەمی، لە ناوەوە بوو، تایبەت بووە بە ژنانی سوڵتان، ناویان لەو بەشە نابوو، حەرەملەک.

حەرەملەک، وشەیەکی تورکییە، لە وشەی حەریمی عەرەبییەوە هاتووە، کە پاشناوی وشەی لەکی تورکییان پێوە لکاندووە، واتە شوێن، یان ماڵی ژنان و حەریمەکان. دروست بەرامبەر ئەو وشەیەش، وشەی سەلاملەک هاتووە، کە تایبەت بووە، بە سەلامکردن و پێشوازی میوان و پیاوان.

## مەترسییەکانی سوڵتانە خانم

لەودەمانەی حەفسەت خانم لە بانێژەکەیەوە دەیڕوانی و بیری دەکردەوە، بێگومان لە ململانێیەکەی نێوان هەردوو ژنە سوڵتانەکە خوڕەم و ماهـ دەوران دەترسا، لەو رەوشەدا، بە دابونەریتە باوەکانی رۆژەکە و بە هەڵسوکەوتی ئەوانە، رژێمەکە دادەڕما، ئەو شیرازەیەی حەفسەت خانم سازیکردبوو دەشێوا، ئەوەش کاری لە سیستەمەکە دەکرد و پشتیوانییەکانی ئەو، لەو دەسەڵاتە دەپوکایەوە. هەموو نەریتە کۆنەکانی جارییەکانی ئیسلامەتی، لەسەردەمی خەلافەتی عەباسییەکان لە بەغدا و سامەراوە گەڵاڵە ببوون، لێرە و بەو ململانێیە هەڵدەوەرا، هەموو سیستەمە توندکارەکان و پابەندبوونە پتەوەکانی

کۆنی ناوچەکە لەق دەبوون. سوڵتانە عوسمانییەکان، لەسەر ڕێبازی سوڵتانەکانی تری پێش خۆیان دەڕۆیشتن، ئەو پاشا و دەسەڵاتدارانەی جارییەیان دانابوو، کۆیلە و خزمەتکاریان هەبووە، ئەوەش سیستەمێکی کۆمەڵایەتییان داهێنابوو، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە لە جیهان پەیدا ببوو، سیستەمی کۆیلیەتی لەناو ئیسلام چەندین خەسڵەتی تایبەتی هەبووە، تێدا ژنە جارییەکان و پیاوە کۆیلەکان، بە چەندین شێوە و بەرنامە مافیان ئازادییان هەبووە، دەکرا دووبارە بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگاکە و ئاسایی بژین و ئازادییەکان وەربگرنەوە.

ئەو ژنە سوڵتانە، ئەو دایکەی ناو حەرەملەک، دەسەڵات و هەژموونی دیاری هەبووە، ئەو دەسەڵاتی نزیک بوو، لە پۆستی شاژنە دایکەکە، کە لە ئەوروپا هەبووە. حەفسەت خانم دایکی سوڵتان سلێمان بووە، بە زیرەکی و لێهاتوویی خۆییەوە، دەگاتە ئەو پۆستە و دەچێتە سەر لووتکەی هەرەمەکەی ناو حەرەملەک. لەناو دابەشبوونەکەی تری ناو کۆشکەکە، بەشی ژنانە بریتی بوو، لە ژن و خوشکەکانی سوڵتان، بەشی جارییەکانیش خزمەتکار و ئیدارەکانی ناوخۆی تێدا بوو، دایکە سوڵتانەش بێجگە لە نازناوەکەی، خۆی (لانکەی باڵا) و نازناوی (تاجی ستربوون)ەکانی هەبووە، ئەو دەیتوانی بە ناوی خاوەنداریەتی دەوڵەت و سەحابەتی عوسمەت، بە تورکییەکی دەولەت عەستملۆ پەیامەکانی بنێرێت. دایکە سوڵتانە، ئەگەرچی سەرۆکی شەرەفی حەرەملەک بوو، کە باڵاترین پێگەی دیاری ناو حەرەم بوو، جێگرێکی بە ناوی (خەزنەدار) وەستای هەبوو، کە کاروبارە ئیدارەکان و چاودێری و مەسرەفەکانی بۆ دەکرد، ئەو هاوشانی دایە سوڵتانیشی دەکرد، کە سەردانی حەرەمی دەکرد.

سوڵتانە عوسمانییەکان خۆشەویستی و ناز و ڕێزی زۆریان بۆ دایکیان دەنواند، ئەوەش دەبووە فاکتەرێکی بەهێز، تا دەسەڵات و پێگەکانیان لە کاروباری بەڕێوەبردنی وڵات جێگیر و پتەوتر بکەن، بەتایبەتی ئەگەر وڵات، لەبن دەستی سوڵتانێکی لاواز و کەم ئەزموون و بە تەمەن بچووکی ناکامڵ بوایە،

هاوبەشی ئەو ژنانە لە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی وڵات، لەناو ئەو ئیمپراتۆریەتە، هەتا سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام بووە، کە بڕیار دەدات و بە توندی دەستی ژنان، لە بەڕێوەبردنی وڵات ناهێڵێت، ئەو دەستێوەردانەی ژنان بەیەکجاری لە دەوڵەت قەدەغە دەکات.

دایکە سوڵتانە حەفسەت خانم، ئەوەی باش لەبیرە، ئەو ڕەوشە چۆن هاتۆتە پێش. ساڵێکیان لە ئەستنبۆل بەهارێکی خۆش بوو، بەهارەکە زوو هاتبوو، لەناو حەرەملەک جارییەکی نوێ هاتبووە ناو جارییەکان، جارییەکە، زۆر خۆش پێدەکەنی، قاقای پێکەنینەکەی ڕۆحی هەموویانی سەرسام دەکرد، بۆیەش هەموو نیگاکانیش لەسەر ئەو کەنیزەیە بوون. وەنەبێ ئەو جوانترین ژنانی ناو حەرەملەکەکە بووبێت، بەڵام کیژەکە شێوەیەکی زۆر نازدار و سەیری هەبوو، لە هەموویان جیاوازتر بوو. ئەو لەگەڵ هەموو جارییەکانی تر، دۆستایەتی پتەو دەکات، هەموو باسیان دەکرد، بۆیەش دایکە حەفسەت پەرۆشی دیتنی دەبێت، بەنیاز بوو کیژەکە لەگەڵ چەند جارییەی تر لەبەردەم کوڕە گەنجەکەی، سلێمان ئەلقانونی نمایشێک بکەن، چونکە دەیزانی بۆشاییەک لەنێوان کوڕەکەی ئەو و کوڕە تاقانەکەی لە ماهـ دەوران باش خاسکی سوڵتانەی هاوسەریدا هەیە، ئەگەرچی دایکەکە هەستی کردبوو، لە باخچەکەی (مانیسا) کوڕەکەی سۆزی عیشقی گرتبوو، دایکەکە ئەوەی بە چاوانی خۆی دیبوو، بۆیەش لەناخەوە و بەئارامییەوە دەڵێت:

ڕۆژەکانی مانیسا دوورکەوتنەوە، چەندین ئاو هەڵقوڵان و جۆگەی زۆریش سەریان هەڵدا، خۆزگە ئەو ڕۆژ گەشانە دەگەڕانەوە.

بەڵام ئەو باش دەیزانی ڕۆژ و سەردەمەکان دووبارە ناگەڕێنەوە، ئێستاش هەموو مەرجەکانی خۆی دەسەلمێنێت، لە پێش هەموویاندا کوڕە سوڵتانە گەنجەکە، کە بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆریەتە فراوانەکەی کەوتووتە دەست.

ژنە دەسەڵاتدارەکەی ناو حەرەملەک، داوای چاودێر و سەرپەرشتیاری حەرەملەک (سونبل ئاغا) دەکات، داوای لێ دەکات بەپەلە و بۆ کارێکی

پێویست جارییە نوێیەکەی بۆ بهێنێت، ئەو جارییەی بە جوانی و نازەکانی هەموو سەرنشینەکانی ناو کۆشکی هەراسان و سەرسام کردبوو. سونبڵ ئاغا دەڵێت:

جارییە رووسییەکە، ئەوەی ناوی (ئەلکسندار)ە، خاتوونەکەم ئەوت دەوێ؟!

ئەویش دەڵێت:

بەپەلە من ئەوم دەوێت، من ئەوم دەوێ، خێرا بۆم ساز بکە و بیهێنە.

سوڵتانەی دایک لەگەڵ قسە و داواکەی، بیر لەوە دەکاتەوە ناوەکە چەند سەیرە و دەڵێت:

ئەو ناوە نامۆیە چییە، ئەو ناوە بۆ گوێی تورکەکان ناوێکی نوێیە، گرنگ نییە ناوەکەی دەگۆڕین، بڕۆ یەکسەر بۆم بێنە، بەپەلە.

ئاغاکەی ناو حەرەملەکەکە، لەبەردەم ژنە سوڵتانەکە پاشوپاش دەکشێتەوە، هیچ قسەیەک ناکات، بە ژنەکە ناڵێت ئەو جارییە رووسییە وەک جارییەکانی تر نییە، قسەی دڵی خۆی ناکات، ناڵێت ئەو جیاوازە، ئەو بە کورترین بوارو رێگا دەگاتە ناو دڵان، بە یەک بزەی بەستەزمانانە، لە ئاکارە رازاوە جوانەکەی بنوێنێت، سوڵتانەکان مەست و حەیران دەکات.

خاتوونەکە بە دڵی گەرمەوە داوای جارییەکە دەکات، دایکە سوڵتانە جەنابی باڵاداری حەرەملەک، بەپەلە داوای ئەو کیژە دەکات، کە چەند مانگێک بوو هاتبووە ناو کۆشک، داوا دەکات بێتە بەشی سوڵتانی ناو کۆشکەکە.

## خەونەکانی جارییەکە

جارییە رووسییەکە، ئەلکسندرا، دەبێتە جەمسەرێکی زیندووی ناو کۆشکی عوسمانی. ئەو دەبێتە پاڵەوانی رۆژانی داهاتووی ئەو کۆشکە، قەدر و بەخت وا دەکەن، ئەو ببێتە عیشقە نازدارەکەی سوڵتان سلێمان ئەلقانونی. جارییەکە دەبێتە هاوسەری و دایکی منداڵەکانی. جارییەکە ناوی دەبێتە (روسلانە) و دوایی بە (سوڵتانە خوڕەم) دەناسرێت. ئەو کیژە نازدارەی ئەو کۆشکە، لەناو

بازاری کۆیلەکاندا فرۆشرابوو، ئەویش وەک هەموو کیژەکانی تری ناو کۆشکەکە خەون بەوە دەبینێت، رۆژێک ببێتە یەکێک لە کیژەکانی ناو بەشی سوڵتان لەناو کۆشکەکە، کە تێدا گوڵاڵەکانی بەهاری زۆرە و دونیا لەوێ پێی پێدەکەنێت، لە ژیانی ناهەمواری ناو ژووری جارییەکان دەربازی دەبێت، کە تژییە لە ناڕەحەتی و چەرمەسەری و ماندبوون و زەلیلکردن.

هیوا و خەونەکەی کیژە جارییە رووسییەکە دێتەدی، دەبێتە یەکێک لە دەستەی حەرەمی تایبەت بە سوڵتان سلێمان ئەلقانونی، ئەندامانی ئەو دەستەیە لە جارییەکان بە ناوی (قادین) ناویان دەهات. سوڵتانە عوسمانییەکان، هەموویان بە پەیمانی هاوسەرگیری شەرعی پابەند و بەستراو نەبوون، هەر ئەوەندەیان بەس بوو، بە زمانی خۆیان، بە ژنێک بڵێن تۆ هاوسەری منی، بەوەیان کیژەکە دەبووە ژن و هاوسەری ئەو.

دەڵێن سوڵتان بایەزیدی یەکەم، ئەوەی لە ساڵی ١٤٠٣ی زاینی مردووە، یەکەم سوڵتان بووە، کە هاوسەرگیرییەکەی شەرعی بووە، ئەوەی هێرشەکەی تەیمورلەنگ دەیشکێنێت و دیلی دەکات، لە کونی زیندانەوە دەبینێت ژنە شەرعییەکەی، چۆن بەردەستی و خزمەتی دوژمنەکانی دەکات، ئەویش بەو خەفەتە و بەو ژانەوە دەمرێت.

پاش ئەو سوڵتانە، پاش ئەو دیلکردن و زەلیلکردنەکە، هاوسەرگیری ناشەرعی لەناو هەیوان و کەژاوەکانی کۆشکی عوسمانی دەبێتە کلتوور و پەیڕەو دەکرێت، کە بە شێوەیەکی جوان سەدەیەک و نیو بەردەوام دەبێت.

جارییە رووسییەکە، خەون بەوە دەبینێت، ئەو پەیمانە بشکێنێت، رۆژێک بێت یاسای هاوسەرگیری لەناو کۆشک بهەژێنێت، بەڵام نەیدەزانی قەدەر و بەخت ئەو رووداوە لەناکاو و نامۆیەی بۆ ئەو هەڵگرتووە، بەوەیان دڵی خۆش و شادومان دەبێت، ناوەکەی بە ناوی سوڵتان سلێمان دەلکێت و هەتا مردن ئەو ناوەی لێ نابێتەوە.

جارییەکە، ئەلکسندرا لە سوڵتانە حەفسەت دەچێتە ژوورەوە، وەک گەڵای دارێکی توورەی بەیانییەکی پایزە، هەموو گیانی دەلەرزی، کە لە ماڵ و وڵاتی خۆی و ناوە ئۆکرانییەکەی دابڕابوو، بەڵام لەودەمانە هیچی لە خەیاڵدا نەبوو، بێجگە لەوەی ستر و ئارام بژیت، قەرەبووی ژیانی ساڵانی دیلییەکەی بکاتەوە و ئارام بخەوێت و بژیت.

کە خاتوونەکە ئەو دەبینێت، بەڕاستی هەست دەکات کایە و هەستێکی جیاواز لەو کیژە جارییەدا هەیە، چاوە سەوزەکانی تیرۆژێکی تایبەتی رۆشنیان تێدایە، هەرگیز حەفسەت خانم چاوی وا جوان و سیحراوی نەبینیبوو، ناز و لەنجەی وای هەست پێ نەکردبوو، لەدڵەوە دەڵێت، ئایا سیحرە مەزنەکەی ئەو جارییە، ئەو دوو چاوە کەژاڵانە چەند سەیر و باڵکێشن!؟ دووبارە خانمەکە سەیرێکی وردی جوانییەکەی ئەو دەکاتەوە، ئەو هەرگیز جوانی وا ناوازەی نەدیبوو، ئەگەرچی ئەو زۆر زۆریش جوان نەبوو، جوانییەکەی مام ناوەندی بوو، بەڵام سەرەنج و باڵکێشییەکەی نەدەکرا کەس بەرگری بکات، سوڵتانە دایکەکەی کۆشک، لەناخەوە دەڵێت:

دیارە کە زۆر زۆر جوان نییە، بەڵام سیحرەکەی ناوازەیە و بەرگری ناکرێت، بەستەزمانییەکەی دووڕوویی تێدا نابینرێت، من باش دەزانم کوڕەکەم بە قووڵی و زۆریش دەکەوێتە ناو بیرە قووڵەکەی ئەڤینی ئەو کیژە تەڕە مەکربازە.

سوڵتانە دایکەکە دەڵێت:

سونبڵ ئاغا ئەم جارییە، ناوی چییە ؟ لەکام وڵاتەوە هێنراوە؟

ئاغاکە بەپەلە وەڵامی خاتوونەکەی دەداتەوە:

جەنابی پایەدارمان... ئەو جارییە ناوی ئەلکسندرایە، لە وڵاتی رووس هاتووە.

ناوەکە لەسەر بیستنی ژنەکە گران بوو، ناوەکە بۆ جڤاتی عوسمانی نوێ بوو، بۆیە دەڵێت:

ناوەکەی لەسەر زمانمان زەحمەتە، ئێمەی تورک، ناتوانین ناوەکە بڵێینەوە، بۆ بیستنیش ناوەکەی گران و قوورسە، ناوەکەی با ببێتە رۆسلانە (ئەوەش بە زمانی تورکی واتە رووسی)، ئەو ناوە باشترە، سووکە لەسەر زار و گوێیەکانمان خۆشترە.

ئاغاکە وتی:

فەرمانی ئێوەیە خانمەکەم، بڕیار و فەرمان بکە و ئێمەش جێبەجێی دەکەین، فەرمانتە، با لەو رۆژەوە ناوی ببیتە رۆسلانە.

سونبڵ ئاغا لەسەر بڕیار و فەرمانەکەی حەفسەت خانم، ساتێک مەند و بێدەنگ دەبێت، لە دەرئەنجامی بڕیارەکەی ئەو دەترسێت دەمی بکاتەوە، یان ماوەیەک چاوەڕوان بکات.

ژنەکەش بەلووتبەرزییەوە بڕیارەکە دەدات و دەڵێت:

ئاغای حەریم سونبڵ ئاغا، بڕیارەکەم جێبەجێ بکە و ئەو کیژە ببە ناو منداڵەکان، زۆر جوانە، با لە کەژاوەکەمان ببێتە منداڵێکی سوڵتانی پایەدارمان، ئەوەم بەسازی و ئامادەکراوییەوە لە هەفتەی داهاتوو دەوێت.

سونبڵ ئاغا بەو بڕیارە بەپەلەی خانمەکەی سەرسام دەبێت، هەست دەکات ئەوە بە ئارامی تێناپەڕێت، لەودەمانەش بزەیەکی ناسک لەسەر گۆنا ناسکەکەی رۆسلانە دەنیشێت، دیارە کیژە ناسکەکە لە گەیشتن بە خەونەکەی نزیک دەبێتەوە، ئەو خەونەشی بەئەستەم دەزانی، سونبڵ ئاغا هیچی بۆ نامینێتەوە هەر ئەوەندەی بڵێت:

فەرمانەکەت یەکسەر جێبەجێ دەبێت.

ئەو لە کەژاوەکەی سوڵتانەی دایک دەچێتە دەرەوە، جارییە رۆسلانەش لەدوای دەڕوات، ئاغاش زۆر دڵنیا دەبێت، چارەنووسی ئەو کیژە دەگۆڕێت و زەمەنەکە چارەنووسێکی سەیر و نوێی بۆ هەڵبژاردووە، دایکەکەش بە نیگایەکی بەگومانەوە، بە دەنگێکی کز و مەندەوە دەڵێت:

سوڵتانە ماهـ دەوران! باش بزانە چ جۆرە ژان و خەفەت و دڵپیسییەکت لێ دەنیشێت.

## دایکی شازادەکە

ماهـ دەوران، دایکی شازادە مستەفای جێنشینی (وەلی عەهد) سوڵتانی عوسمانی بوو، لەودەمانە ئەو کوڕە تاقانەکەی سلێمان ئەلقانونی بوو، بۆیەش ئەو ژنە لەناو کۆشکدا پێگە و هەوارێکی باڵا و تایبەتی لەناو حەرەملەک هەبوو. پاش سوڵتانە حەفسەت خاتوون، ئەو دووەم ژنی ناو کۆشکەکە بوو، لەبەر کردەوە و رقکارییەکانی حەفسەت خانم خۆشی نەدەویست، ئەو خاتوونە داوای دەکرد لەگەڵ جارییەکانی ناو کۆشک توند و بەدکار نەبێت، چونکە دایکە گەورەکە دەیویست دایکی جێنشینی پاشایەتی، ژنێک لەو پلە و پایەدا بێت، خۆشەویست بێت، لووتبەرز نەبێت، لەگەڵ جارییەکان و ژنەکانی تری ناو کۆشکەکە، نەرم و نیان و نازدار بێت، کە سەدان جارییەی تێدا دەژیا، ئەوەش دەستووری ناو حەرەملەک بوو، نەدەکرا پەیوەندییەکان وشک و لاسارانە و کەشەکە زۆردارانە بێت، بۆیەش هەموو جارییەکان رقیان لەو ژنە بوو.

ماهـ دەوران باشی دەزانی بەپێی دابونەریتی حەرەملەکی عوسمانی باشترین قادینە (قادینە ئەو کەنیزەیە کە خزمەتی سوڵتان دەکەن) ئەوەیە کە کوڕێکی لە سوڵتان ببێت، هەر جارییەک پاش ئەوەی لە سوڵتان ئاوس دەبێت، ئەگەر کوڕێکی ببێت، پلەی بەرز دەبێتەوە و دەبێتە (باش قادین) یان (خاسکی سوڵتانە)، بەوەش لە پلەی خانمە سوڵتان نزیک دەبێتەوە، پاش مردنی دایکی سوڵتان، ئەو دەبێتە خاتوونی یەکەم، کوڕەکەشی دەبێتە وەلی عەهد و جێنشینی عەرش، ئەگەر ئەو کوڕەش کوڕە گەورەی سوڵتان بێت.

جارییەکان، کەسانی بێ رەوشت و بێ دەسەڵات و کاڵفام نەبوون، بەپێی دابونەریتی باوی شەریعەتی ئیسلامی هەڵسوکەوتیان دەکرد، ئەوان خاوەن پلەی بەرز بوون، لە ئاستی خوێندن و پەروەدەییەوە کامڵ بوون، هەموو وانە و

خوێندنەکانیان فێر دەکردن، مامۆستای تایبەتییان هەبووە، بۆ فێربوونیش چاودێریان لەسەر بووە، لەرەوشتە کۆمەڵایەتییە باڵاکانیش شارەزاییان هەبوو، ئینجا ئەوانە دەچوونە ناو حەرەمی سوڵتان، هەموو سرووت و پرنسیپە عوسمانییەکانیان فێر دەکردن، زۆربەی جارییەکانیش کریستیان بوون، کە دەچوونە ناو حەرەملەکەکە پێیان دەوتن (عەجەمی)، لە یەکەم ساتی چوونە ناو کۆشک، دەبوونە موسڵمان، هەموو پرۆتۆکۆڵ عوسمانییەکانیان فێر دەکردن، لەناو هەیوان و کەژاوەکانی کۆشکەکە وانەکانی کلتووری ئیسلامی و رۆشنبیری گشتی و رەوشتی کۆمەڵایەتی و زمانی تورکی فێر دەبوون، لەو قۆناخەدا بەهرە و لێزانی کیژە جارییەکان دەردەکەوت و دەیانزانی بوار هەیە، ئەوانە لە بوارەکانی خوێندن و پێگەیاندن گەشەدارتر بن، لەوانە فێربوونی زمانەکانی فارسی و عەرەبی و فەرەنسی و ئینگلیزی و بابەتی مێژووی ئیسلام و جوگرافیاش، پاش ئەوەی بۆیان روون دەبێتەوە، کە کەنیزەکە ئاستی فێربوون و وەرگرتنی باشە، خوێندن و فێربوونەکەیان بۆ ئاستی بەرزتر دەبردن. کە دەزانرا کیژەکە دەستی رەنگینە و لە بوارەکانی پراکتیکدا کارامەیە، لە نەخشاندن و تەون و موزیک و گۆرانی و سەماش لێهاتوو و شارەزایە، دەستە دەستە دادەنران، هەر دەستەیەکیان دە کەنیزە بوون، هەر دەستەیەکیش سەرۆکێکیان تێدا دەستنیشان دەکرا، لەگەڵ مانەوەیان لە کۆشک و ژیانی رۆژانەیان لەو کەشە نوێیەدا، جوانتر و نازدارتر و ئاوەدانتر و زۆرزانتر دەبوون، کە تەمەنیان دەگەیشتە بیست و پێنج ساڵ، پاشا فەرمانی دەدا ئەوانە مافی ئەوەیان هەیە شوو بکەن، ببنە هاوسەری پیاوێکی کاربەدەستی دەوڵەت، دەستنیشانکردنەش بۆ شووکردن و ئازادبوونەکەش بە فەرمان و راسپاردەی پاشا بووە، بەوەش کەنیزەکە شووی دەکرد و لە کۆشک دەچووە دەرەوە و دەبووە ژنێکی بەکەڵکی کۆمەڵگەکە.

بەڵام دایکی کوڕە جێنشینەکە، ئەو دابونەریتە پەیڕەو ناکات، ئەوە ئاشکرا دەکات ئەو چاوی لە خاتوونی حەرەملەکە و نایەوێ کەسی تر لەو نازناو و

پۆستەدا ڕکابەرایەتی بکات، بەوەش حەفسەت خاتوون، لەو ژنە نیگەران و تووڕە ببوو، پەرۆشیش بوو دڵی ئەو ژنە، دوارۆژی ئەو ژنە ماهـ دەوران داخ بکات و کەنیزەیەکی نوێ لە دڵی سوڵتانە گەنجەکە بڕوێنێت، شازادە گەنجەکە بەو کیژە نازدارە دامرکێت و سەرەنجی ڕابکێشێت، بەو پەیوەندییەش کوڕێک لەو کەنیزە دروست بکات، بەوەش کەنیزەکە بگاتە ئاستی ژنەکە و بگاتە پایەی ماهـ دەوران.

دایک و بووکەکە بەربەرەکانێیەکەیان درێژە دەخایەنێت، ماوەیەکی باش ململانێ دەکەن، تا دەرئەنجام دایکەکە سەردەکەوێت، ژنەکە کەنیزە رووسییەکەی ناوی نابوو رۆسلانە بەو کارە دەسپێرێت، بەڵام قەدەرەکە بۆ هەمووان چەندین ڕێکەوتی تێدا حەشار دابوو.

رۆسلانە، کە دوایی بە خوڕەم خاتوون دەناسرێت، دەگاتە ناو دڵی سوڵتان سلێمان، هەموو شیرازەکانی حەرەملەک وەردەگێڕێت، شوێنەواری دەست و کردەوەکانی لەسەر هەموو پاشماوەکانی مێژووی دەوڵەتی عوسمانی جێدەهێڵێت. حەفسەت خانم لەسەر بانێژەکە بیردەکاتەوە و کەوتوتە ناو قووڵایی خەونەکانی، نازانێت ململانێیەکەی نێوان ژنەکانی سوڵتان سلێمانی کوڕی لەسەر تەقینەوەن، بەتەواوبوونی ئەو ململانێیە توند و ژەهراوییە، ئینجا ڕەوشێکی ئارام لە حەرەملەک بۆ چەند ساڵێک دەخەملێت.

## بنەماڵەی عوسمانییەکان

لە سەروبەندی ساڵی ١٣٠٠ی زاینی ئەمارەتی بنەماڵەی عوسمانییەکان، وەک ئەمارەتێکی تورکی لە ناوچەی ئەنادۆڵ لەئاسیای ناوەڕاست جێگیر دەبەن، خۆیان دەکەنە هێزێکی چەسپیووی دیار، بنەماڵە و دەسەڵاتەکە بەو سەرەتایە لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو دەردەکەوێت، ئەوەش لە کاروانی کۆچە گەورەکەی تورکەکانەوە لە سەدەکانی ناوەڕاست دەست پێ دەکات، دەتوانن دەوڵەتی بیزنتی (دەوڵەتی ڕۆمانی خۆرهەڵات، یان دەوڵەتی ڕۆم) لەخۆرئاوا ببەزێنن،

ئەمارەتەکەی بنەماڵەی عوسمانییەکان، توانیان بەدرێژایی سەدەیەک، هەموو ئەمارەتە تورکییەکان بڕوخێنن و لەناویان بەرن. کە سوڵتانەکانی عوسمانییەکان دەسەڵات لەچەندین ناوچەی ئەوروپا دەگرنە دەست و شاری قوستەنتینەی پایەختی دەوڵەتی بیزنتی، بارەگای مێژوویی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی و کریستیان ئەرسەزۆکسە خۆرهەڵاتییەکان دەگرن، ناو و پێگەیان دیار و باڵا دەبێت و دەبنە سونبلێکی سیاسی و ئاینی ناوچەکە و جیهانیش.

هێرش و پەلامارەکەی تەیمورلەنگ، لە ناوەڕاستی ئاسیاوە وەک باهۆز هەڵدەکات و هەموو سینگ و سنوورەکانی دەوڵەتەکان هەڵدەتەکێنێت، دەگاتە سەر لێواری ناوچەکانی ئەنادۆڵ، بۆ رووبەڕووبونەوەی ئەو هێرشە دژوارە، هەموو ئەمارەتە تورکییەکان بەناچاری و بۆ مان و ژیانیان هاوشانی سوڵتانی عوسمانی بایەزید دەوەستن، بەڵام تەیمورلەنگ لە شەڕێکی نزیک ئەنقەرە لە ساڵی ١٤٠٢ی زاینی دەیانشکێنێت، سوڵتانەکەش بەدیلی دەگرن و بنەماڵەکە پەریشان دەکەن. بەڵام عوسمانییەکان وەک فونیکس (باڵندەی سیحراوی عەنقا) لەناو خۆڵەمێش و پاشماوەکاندا هەڵدەستنەوە، دووبارە دەوڵەتی عوسمانی خۆی کۆدەکاتەوە، بەپەلە و بەخێرایی خۆیان دەگرنەوە و هاوڕێیەکانی سوڵتان بایەزید، دەتوانن هەموو ئاستەنگەکان ببڕن و بەربەستەکانی ئەوروپا و ئەنادۆڵ ببەزێنن و گەشە بکەن، سوڵتان موحەمەد ئەلفاتح دەتوانێت لە ساڵی ١٤٥٣ی زاینی پایەختی قوستەنتینە بگرێت، بیکاتە پایەختی دەوڵەتێک، هەزار ساڵ حوکمرانی بکات و ناوەکەی بکاتە ئەستنبۆڵ، بەو هێز و بەرنامەیە، دەتوانن هەموو ئەمارەتە تورک و تورکمانییەکانی ئەنادۆڵ تەفرتونا بکات، وڵاتانی بەلقان لە هەنگاریاوە هەتا بولگاریا ناچار بکات، دان بەو دەسەڵاتە دابنێن، سوڵتان بایەزیدی دووەمی کوڕی دەکەنە پاشا و سوڵتان، ئەویش کار دەکات ناوچە و دەسەڵاتەکانی لە ناوچەکە فراوان و تۆکمە بکات و ترس و دڵەڕاوکێ بخاتە دڵی هەموو ئەوروپییەکان و داواشیان لێ دەکات بێنە ناو ئاینی ئیسلام، ئەگەر ئەو مەرجەش قبوڵ نەکەن و لارییان هەبێت، دەبێ

ساڵانە سەرانە و پارەیەکی دیاریکراو، بدەنە دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە ئەستنبۆڵ.

# بەشی دووەم

## سوڵتان سەلیم کودەتا دەکات و براکانی دەکوژێت و دەوڵەتەکەش کۆنترۆڵ دەکات

## دایکە سوڵتانەکە

لەسەر دەستی حەفسەت خاتوونی هاوسەری سوڵتان سەلیم و دایکی سوڵتان سلێمان ئەلقانونی، سەرەتای دەسەڵاتی حەریم دەست پێدەکات، تێدا دایک و هاوسەری سوڵتان بەشداری دەکەن و دەست لە حوکم وەردەدەن، لەگەڵ پەیدابوونی نازناوی (دایکە سوڵتانەکە)، بۆ یەکەمجار دایکی سوڵتانەکان، دەسەڵاتی حەرەملەک دەگرنە دەست، ئیتر لەوێیەوە حەرەملەک دەگاتە ناو دەسەڵاتی سەلاملەکیش و رۆڵی باڵاش لە سیاسەتی باڵای وڵات دەگێڕن.

ژنە سوڵتانەکان زۆرجار و لە چەندین رووداو و بۆنەدا، فاکتەری نەگبەتی و کارەسات و بەدکارییەکان بووە، لە سەدەکانی شازدە و حەڤدەی زاینی رووبەڕووی دەوڵەتی عوسمانی دەبونەوە، بە بۆچوونی مێژوونووسی ئینگلیزی جرانت ڤان:

(ژنی سوڵتانەکان لغاویان لە دەمی پیاوەکانیان کردووە، بۆیە دەرکەوتنی سوڵتانێکی بەهەیبەت و بەهێز جۆریکە لە پەرجوو).

سوڵتانە حەفسەت خاتوون لە سەردەمی دەسەڵاتی مێردەکەی و کوڕەکەی و هەتا مردنەکەی لە ساڵی ١٥٣٤ی زاینی، بەهێزترین ژنی دەسەڵاتداری عوسمانی ئەژمارد دەکرێت، بە نمونە و کردەوەکانی خۆی، توانی رۆڵی سەڵتەنەتی حەریم بەرجەستە بکات، لەو دەسەڵاتەی لە سەردەمی سلێمانی کوڕی بە دەستی دەهێنێت، بناغە و سەرەتایەکی پتەو بۆ دەسەڵاتی حەرەملەک دادەڕێژێت، نەریتە دێرینە کۆنەکەی حەرەملەکە پەرەپێدەدات و جێ پەنجەی خۆی لەسەر کۆشکی سوڵتانی (تۆپ قاپی سەرای) دیار دەبێت. حەفسەت خانم لەگەڵ بەڕێکردنی کاروبارە زۆرەکانی، لەگەڵ بەرنامە چڕەکانی، کە رۆژانە پێوەیان سەرقاڵ دەبوو، هەموو دەسەڵات و ئەگەرەکانی دەخستە کار بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و کەشەکانی ساز دەکرد، تا کوڕەکەی بتوانێت بە باشی و بە دروستی پەیامە سوڵتانییەکانی راپەڕێنێت، خۆشی هەموو کارەکانی

حەرەملەکیشی بە جوانی رادەپەڕاند، کۆششی دەکرد ناو و چالاکییەکانی کوڕەکەی چاکسازی و بەهێز بێت، ناوبانگی دەوڵەتەکەیان لەکەدار نەبێت و وڵاتەکەیان نەبێتە کەلاوە، هەموو میللەتەکانی بن دەسەڵاتی ئەوان، پەریشان نەبن و ژنانی عوسمانییش نمونەیەکی گەش و نازدار بن، بۆیەش پیتەکانی ناوی ئەو ژنە سوڵتانە لە مێژوودا بە ئاوی زێر نووسراوەتەوە.

ئەو ژنە بەرەچەڵەک دەگەڕێتەوە سەر نەتەوەی تەتەرەکانی قەرم (خوارووی ئۆکرانیای ئیمڕۆ)، ئەو میللەتە تیرەیەکن لە هۆزەکانی مەغۆل، کە جیهانی ئیسلامیان داگیرکردبوو، یەکێک لەو تیرانە، خانی قەرمەکانە، حەفسەت خانم کیژی یەکێک لە خانەکانی قەرمە، لە ساڵی ١٤٧٩ی زاینی لەدایکبووە و لەسەر رەوشت و دابونەریتی ئیسلامی گەورە بووە، کە گەورە دەبێت، لەگەڵ جێنشینی دەوڵەتی عوسمانی شازادە سەلیمی یەکەم پرۆسەی هاوسەرگیری دەکات، ئەو پرۆسەیەش بۆ پتەوکردنی دۆستایەتی هەردوولا بووە، تا خانەکانی قەرم و دەوڵەتی عوسمانی هاوسۆز و هاوشان بن، خانەوادەکەی بەناو حوکمی سوڵتانەکانی قەرمیان دەکرد، حەفسەت خانم پاش مارەکردنەکە لە وڵاتی قەرم دەگوازرێتەوە پایتەختی عوسمان و کەژاوەکەی بە ئاهەنگێکی شایستە بە پاشاکان بۆ ساز دەکەن.

حەفسەت خانم لە ساڵی ١٤٩٤ی زاینی کوڕەکەی، شازادە سلێمان لە شاری ترابزونی تورکی لەسەر کەناری دەریای رەش دەبێت. لەودەمانەدا سەلیمی یەکەمی مێردی والی ناوچەکە بوو، ئەگەرچی ئەو توانیبووی دوارۆژی خۆی و مێردەکەی دڵنیا و مسۆگەر بکات، بەڵام هێشتا ئایندەی ئەو لەرزۆک بوو. باوکی سەلیمی شازادە بایەزیدی دووەم، کەسێکی لاواز بوو، لە سەردەمی ئەودا، چەندین باڵ و سەرکردایەتی لە دەوڵەتەکە جیادەبوونەوەو کێشەی فەرمانڕەواییان هەبووە، لەناو کۆشکی عوسمانییش، بۆ پتەوکردن و گەیشتن بە دەسەڵات رووبەڕووی چەندین پیلان و دەستەگەری دەبێتەوە، بۆیەش دەرئەنجام

کێشەکان دەگاتە کۆشک و تاجەکەی سوڵتان، ئەوەش پاش کۆمەڵەیەک پیلان و فێڵ جێبەجێ دەبێت.

که سوڵتان سەلیم دەسەلات و تاجەکەی عوسمانی وەردەگرێت، وەک کەسێکی بەهێز و بەزەبر دەردەکەوێت، زوو هەموو نەیارەکانی لەناودەبات، زەبری کوشندە لە دوژمنەکانی دەوەشێنێت، ئەو رەوش و دەسەڵاتە توندەش، کاریگەری لەسەر رەوشی حەفسەت خاتوونی هاوسەری دەبێت، ئەویش دەبێتە کەسایەتییەکی بەهێز لەناو ژنەکان و دەبێتە ژنێکی دیارو ناسراو، بە کەسایەتی دووەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان دەناسرێت، لەبەر ئەوەی سوڵتان سەلیم، زۆر لە وڵات دووردەکەوێتەوە، بۆ شەڕی سەفەوییەکان دەڕوات و زۆر لە بەرەکان دەمینێتەوە، کە تێدا ئیرانییەکان دەشکێنێت، ئینجا روو لە وڵاتی شام و میسر دەکات، بۆ سەرکوتکردن و لەناوبردنی مەمالیکەکان زۆر ناپرژێتە بارەگای مەملەکەتەکەی لە ئەستنبۆل، بۆیەش کار و بەڕێوەبردنی کۆشکەکە، دەکەوێتە سەر ئەستووی حەفسەت خانمی هاوسەری، ئەویش لە ماوەی دوورکەوتنەوەی سوڵتان لە کۆشک، ئازایانە کارەکان رادەپەڕێنێت و سەنگ و پێگەیەکی مەزن لەسەر هەموو ئاستەکان دەنوێنێت.

لە سەردەمی سوڵتان سەلیم، دەوڵەتی عوسمانی چەندین دەسکەوتی مێژوویی مەزن لە مێژوو تۆمار دەکەن، سوپاکەی لە هەموو شەڕ و جەنگەکان سەردەکەوێت و زەبر و سەنگیان دەگاتە سەر سنووری وڵاتە ئەوروپییەکان، ئەوەش خەونی لەمێژینەی ئەو بووە و لە منداڵییەوە خەونی بەوە دەبینی، سنوور و سوپای مەملەکەتەکەیان تەشەنە و بڵاوە پێ بکات. سوڵتان سەلیم لە ساڵی ١٥١٢ی زاینی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان وەردەگرێت، دەوڵەتەکەیان سنووردار و بچووک بوو، دەوڵەتێکی پلە دوو بوو لەناو وڵاتە ئیسلامییەکان، لە شام و میسر مەمالیکە سونییەکان و دەوڵەتە شیعەکەی سەفەوییەکان لە ئیران، هەڕەشەی گەورەبوونیان لێ دەکرد و بۆ لاوازکردنی عوسمانییەکان و بوارەکانی گەورەبوون و دەسەڵاتی زۆرتر سنوورداریان کردبوو، بۆیە سوڵتان

سەلیم بڕیار دەدات شەڕی هەردوو دەوڵەتەکە بکات. ژمارەیەک لە شازادەکانی عوسمانی لە دەست شەڕ و ململانێیەکان بەرەو خۆرهەڵاتی ئیسلامی رادەکەن، ئەویش بۆ چەسپاندنی دەسەڵات و ناوچەکانی شەڕی گەورەی دژی هەردوو وڵاتی هاوسێی بەرپا دەکات، ئەوەش ستراتیژییەکی نوێی دەوڵەتی عوسمانی بوو، بۆ گۆڕینی جیهاد بەرووی ئەورووپییە کریستیانییەکان و گەورەبوونی دەسەڵاتەکەیان، لەسەر حیسابی ئەوان بۆ پتەوکردنی دەسەڵات و ناوچەکانی خۆی، سوپاکانی عوسمانی ئاراستەی شەڕەکانیان دەگۆڕن، لە ساڵی ١٥١٤ی زاینی هێزەکانی شاهی ئیران ئیسماعیلی یەکەم، لە چاڵدێران دەشکێنن و پایتەختی سەفەوییەکان تەبریزیش دەگرن، ئینجا روو لە وڵاتی شام دەکەن و دەوڵەتی مەمالیک لە شەڕی مرج دابق لە ساڵی ١٥١٦ی زاینی دەڕوخێنن، لە ساڵی ١٥١٧ی زاینی دەگەنە ناو قاهیرە، بەوەش سەلیم سوڵتان خۆی وەک پاشای شام و میسریش رادەگەیێنێت و دەگاتە خزمەتی هەردوو حەرەمە شەریفەکە، کە دەگەڕێتەوە ئەستنبۆل، خەلیفە عەباسییەکە لە قاهیرە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، کە هەموو بوارە بازرگانییە جیهانییش کۆنترۆڵ دەکات، بۆ گەشەسەندن و بەهێزی و وڵاتێکی شکۆمەند هەنگاو دەنێت.

شەڕ و جەنگەکە پێنج ساڵەی بەردەوام دەبێت، سوڵتان سەلیم وڵات و دەڵەوتی عوسمانی دەکاتە هێز یەکەمی جیهانی ئیسلامی و وڵاتێکی بەهێزی جیهانیش، خۆشی دەبێتە یەکێک لە ئیمپراتۆرەکانی سەردەمەکە، بۆیەش ئیبنی ئیاس لەسەر دەسکەوت و پێشهاتەکانی سەلیمی یەکەمدا نووسیویەتی:

(ئەوەی ئەو ئەنجامی دەدات و رووبەڕوویان دەبێتەوە، باوک و باپیرەکانی پێیان نەکرابوو، نە پاشاکانی خۆرهەڵات و نە پاشاکانی خۆرئاواش ئەوەیان نەکردبوو، ئەو پەلاماری شاهـ ئیسماعیل دەدات و دەیروخێنێت، وڵاتەکەی داگیردەکات و لە وڵاتیش شاربەدەری دەکات، پەلاماری سوڵتانی میسر دەدات، ئەگەرچی خۆی وا نیشان دەدا رێز و ستایشی دەکات، بەڵام بۆی رووندەبێتەوە ئەو لە دەرفەت و دەربازێک دەگەڕێت، بۆیە ئەویش دەشکێنێت).

لەگەڵ ئەو سەرکەوتن و دەسکەوتە مێژووییە گەورانەدا، سوڵتانە حەفسەتیش دەبێتە خاتوونی دەوڵەتی عوسمانی و ژنی یەکەمی هەموو جیهانی ئیسلامی.

## سوڵتانە گەنجەکە

بە سازبوون و ئامادەییەکان بۆ دەستبەکاربوونی شازادە گەنجەکە، وەک جێنشینی عەرش و تاج، خاتوون حەفسەت دەستی کوڕەکەی دەگرێت و دەچنە شاری مانیسای خۆرئاوای ئەنادۆلی هەواری مەشق و راهێنانی گەنجە جێنشینەکانی عوسمانی، دایک و کوڕەکە لە ساڵانی ١٥١٣ هەتا ١٤٢٠ی زاینی لەوێ دەمینێتەوە، بەڵام نیازی دروستی دوورکەوتنەوەکەی دایک و کوڕەکە، ترسی مەزنی دایکە دڵۆڤانەکە بوو، ئەو لە کوڕەکەی دەترسا، باشی دەزانی باوکی پیاوێکی دڵرەق و زۆردارە، نەیدەویست لەبن دەست و شیرەکەی ئەو نزیک بێت، چونکە سەلیم سوڵتان سەرکردە و پێشەوایەکی شەڕخواز بوو، توندکار و خوێنرێژ بوو، ئەو بەردەوام پیلانی دەگێڕا و دەست و بەرنامەکانی درێژ و بە ئازار بوون، هەر ئەو بوو کودەتای لەسەر باوکی خۆی کردبوو، بایەزیدی دووەم دەگرێت و دەیخاتە کونی زیندانەکان و خۆی دەکاتە سوڵتانی وڵات. لە کۆمەڵکوژییەکی بێ وێنەدا، هەموو برایەکانی دەکوژێت و مەیدانەکە بۆ خۆی ڤاڵا دەکات، چونکە نەیدەویست کەس هەڕەشە لەسەر تاج و دەسەڵاتەکەی بکات، بۆیەش بە (یاووز) ناسراو بوو، بە زمانی تورکی مانای ترسناکە.

بەڵێ حەفسەت خانم لە کوڕەکەی دەترسا، دەیزانی باوکی زۆردارە، وەک چۆن لەو دونیایە و لەناو دارستانەکان شێری وەحشی هەیە، ئاساییە شیر بێچووەکانی خۆی بکوژێت، ئاساییە باوکیش کوڕی بکوژێت، ئەگەر باوکەکە خوێنرێژ بێت، منداڵەکانیش کەسانی ترسناک و بکوژیان لێ دەردەچێت، بۆیەش سوڵتان سەلیمی دووەم، رۆژێکیان کەوایەکی ژەهراوی بە دیاری بۆ کوڕەکەی

ڕەوان دەکات، تا بەو کەوایە بیکوژێت و تاج و پاشایەتییەکەی لە مەترسی نەبێت، سەلیم دەترسا کوڕەکە کودەتای لەسەر بکات، چونکە ئەویش کودەتای لەسەر باوکی خۆی کردبوو، بۆیە حەفسەت خانم، زوو لەو پیلان و بەرنامەیە تێدەگات، پەیامنێرەکەش ئەوە بەو ژنە دەڵێت کەوا ناوازەکە بۆ کوشتنە و دیاری باوک بۆ کوڕەکەی نییە.

ئەو ماوەیەی حەفسەت خانم لە ویلایەتی مانیسا دەبێت، لەوێ مزگەوتێک دروست دەکات و دەیکاتە زانکۆیەکی ئیسلامی گەورە، مامۆستای زیرەکی بۆ فێربوونی منداڵان بۆ تەرخان دەکات، کۆشش دەکات منداڵان خوێندەوار بن، گەنجەکان بنووسن و بخوێنەوە، لەگەڵ قوتابخانەکەش، تەکیەیەک بۆ خزمەتی سۆفییەکان تەرخان دەکات، بەرنامەی ئاهەنگێکی جەماوەری دادەڕێژێت، کە ئێستاش بە ناوی مهیرجانی (مسیر) ناسراوە. ژنەکە تا دوارۆژی کوڕەکەی بە ستوون و بە هێز بکات، فەرمان دەدات کوڕەکەی فێری سوارچاکی بکەن، کوڕەکە کە بنچینەکانی سوارچاکی فێر دەبێت، شازادە دەبێتە سوارێکی بە توانا و بە هەیبەت، لەسەر دەستی زاناکانی سەردەمەکە، کلتووری ئیسلامی شارەزا دەبێت، ژنەکە باشترین مامۆستای ناوچەکە و سەردەمەکەی ئەویش حاجی توفیقە ئەفەندی بوو، بە مامۆستای سوڵتانەکان دەناسرا و منداڵی زۆربەی سوڵتانەکانی فێر کردبوو، دەیەوێت واز لەپیشەی مامۆستایەتی و ئەو بوارە بهێنێت، بەڵام ئەو داوای لێ دەکات سەرپەرستی فێربوونی کوڕەکەی بکات، چونکە دەیزانی بە وانە و ڕێنماییەکانی ئەو، کوڕەکە کامڵ دەبێت و لەرووی رۆشنبیرییەوە رووی دەسەڵات و دیوانەکانی دەبێت، بۆیەش لەگەڵ کوڕەکەی دەچنە پەنای شێخە پیرەکە و داوای لێ دەکات دەستبەرداری فێرکردن نەبێت و ئامۆژگاری بەردەوامی کوڕە گەنجەکەی بکات.

کە سەلیمی دووەم دەمرێت، سلێمانی کوڕی لە تەمەنی بیست و شەش ساڵی و لە ساڵی ١٥٢٠ی زاینی تاجی پاشایەتی عوسمانی لەسەر دەکات، لەبەر ئەوەی گەنج بووە و ئەزموونی کەم بووە، بۆیە دایکی داوای لێ دەکات

سەدری مەزن سەرۆک وەزیران موحەمەد پیری پاشا، لە پۆستەکەی بهێڵێتەوەو لەبوارەکانی بەڕێوەبردن و نەبەردییە هەستیارییەکان پرسی پێ بکات و ڕێنماییەکانی قبوڵ بکات.

کە کوڕە گەنجەکە دەبێتە سوڵتانی وڵات، هەندێک لایەن، ئەوە بە بوار و دەرفەت دەزانن، بۆ شۆڕش و یاخیبوون و سەرپێچیکردن، لەوانە ئەمیر (جان بردی ئەلغەزالی) شۆڕشێک لە وڵاتی شام بەرپا دەکات، سوڵتانە گەنجەکە بەپێی ڕێنمایی سەدری مەزن، وەک وەفایەک بۆ میللەتی عوسمانی، بەپەلە خۆی ساز دەکات، ئەو زووتر بەربەستەکانی لەبەردەم میللەت سووک کردبوو، بە ناوی میللەت کاری دەکرد و بوارەکانی بازرگانی بەرەو خۆرهەڵات ساز کردبوو، زۆریش دیاری پێشکەشی تیمە تایبەتییەکانی ئینکشاری کردبوو، هەمووش بۆ چەسپاندنی پێگەی خۆی بوو، بۆیەش بە چەند هەفتەیەکی کەم، ناو و ناوبانگی سوڵتان سلێمان، بە باشە بڵاودەبێتەوەو هەموولایەک وادەزانن دەرگای هیواو ڕەحمەتیان لێ کراوەتەوە، بۆیەش ئەو دەتوانێت دەسەڵاتی لەسەر ناوچەکان پتەو بکات و ڕووبەڕووی هەموو هێرش و پەلاماری نەیارەکان ببێتەوە، شکستەکانی سەردەمی باوکی لە خۆرهەڵات دەستنیشان دەکات، کە خۆی لە ڕاگەیاندنی والی شام لەلایەن شازادەی مەمالیک جان بردی ئەلغەزالی دەنواند و شۆڕشی بەرپاکردبوو، وەک سوڵتانی ئەشرەفیش خۆی ناساندبوو.

شازادە مەمالیکەکە، جان ئەلغەزالی یەکێک بوو لە گەورە پیاوانی مەمالیک، خیانەتی لە خانی دەوڵەتەکەیان کردبوو و هاتبووە پاڵ سوڵتان سەلیم، ئەویش خەڵاتی دەکات و دەیکاتە والی وڵاتی شام. یاخیبووەکان بە سەرکردایەتی ئەلغەزالی ناوچە و شارەکانی شام دەگرێت و دەسەڵاتی بەهێز دەکات بڕیاری جیابوونەوە و شۆڕش دەدات، دووبارە دیاردە و سیماکانی دەوڵەتی مەمالیک دەگێڕێتەوە، کە لە قەڵات دێتەخوارەوە دەهۆڵی بۆ دەکوترێت، هەروەها بۆ پێشوازی ئەو لە دەروازەکانی دیمەشقیش دەهۆڵی بۆ دەکوتن، وەک جارانیش

شاهیدەکان لە دادگا ئامادە دەکەن، هەموو بەرگری و ستوونەکانی بەر دەروازەکانی دیمشق توند و خۆراگر دەکاتەوە.

کە سلێمان دەبێتە سوڵتان، جان بردی، ئەو بە سوڵتانێکی منداڵ سەیر دەکات، ئەوەش بە بوار و دەرفەت دەزانێت، شۆڕشێک بەرپا بکات و لە دەوڵەتی عوسمانی جیاببێتەوە، چونکە ئەو مەزندەی ئەوەی کردبوو، سەرکەوتنەکانی پێشووی دەوڵەتی عوسمانی هەموو بۆ ئازایی و لێهاتوویی سوڵتان سەلیم دەگەڕێتەوە، بە مردنی ئەو، هەموو سەروەرییەکان تەواو دەبێت، سوڵتانە گچکەکەش بە بۆچوونی ئەو، یەک ساڵ سوڵتانی لەو مەملەکەتە و لەسەر ئەو عەرشە تەواو ناکات.

ئەوەی لە نیگا و رامانەکانی جان بردی رەچاو دەکرێت، نەزانین و تێنەگەیشتنە لە راستی رەوشی ئەودەمانەی عوسمانی و دیمەنە سیاسی رۆژەڤەکە، چونکە سوڵتان سلێمان ئەگەرچی کەم ئەزموون و گەنج بوو، بەڵام لەسەر پێگەیەکی توند و بناغەیەکی پتەو وەستابووە، ئەو سوڵتانی مەملەکەتیکی گەورە و خاوەن هێزێکی گەورەی جیهانی بووە، دەکرێ ئاماژە بەوە بکرێت، سوپای عوسمانی لەڕووی مەشق و سەرباز و کەرەستەوە، بە یەکەمین و بەهێزترین سوپای مەزنی جیهان ئەژمارد بکرێت. مێژووناسە میسرییەکە ئیبنی ئیاس باش پێناسەی جان بردی کردبوو کە نووسیویەتی:

غەزالی ناسک و بەستەزمانانە هەستیار بوو، کەسێکی وابوو نەیتوانیوە بۆچوونێکی دروست لەسەر رەوشەکە مەزندە بکات، هەستیار بوو و نەیتوانی پێشبینی دوارۆژی خۆی و ناوچەکە بکات.

حوکم و لێدوانەکانی ئیبنی ئیاس لەسەر ئەلغەزالی دروست و راست بوون، ئەو ئامادەکاری باش و تەندروستی بۆ شۆڕشەکەی ساز نەکردبوو، ماف و دروستی بۆ سوپای عوسمانی دانەنابوو، هەستی بەوە نەکردبوو ئەوان چەند ساز و گونجاون، نەیتوانیبوو والی میسر خایر بەگیشی رازی نەبوو بۆ شۆڕشەکە هاوکاری بێت، لەودەمانە گەورەی مەمالیکی ناوچەکە بوو، بڕیاری

دابوو لە شۆڕشەکەی پشتیوانی خان ئەلغەزالی نەکات، ئەو مەرجی بۆ دانابوو، سەرەتا لە حەلەبەوە دەست پێ بکات، کە بووە بە کلیلی باکووری وڵاتی شام، نامەیەکی بۆ دەنووسێت و پێی دەڵێت:

برۆ حەلەب بگرە، ئەگەر توانیت ئەو ناوچەیە کۆنترۆڵ بکەیت، من یارمەتی و پشتیوانیت دەکەم، بە هەموو بەڵێن و بەرنامەکانت سەرگەرم دەبم.

ئەوەی شایانی باسە قسە و وەڵامەکەی خایر بەگ، تەنها فێڵێکی شاراوە دەبێت و بەس، بۆیەش بڕیار دەدات پەیامنێرەکەی ئەلغەزالی بگرێت و بۆ مان و خۆراگرییش قەڵاتەکەی پتەو و سەنگەرێژ بکەن، ئینجا پەیامنێرەکەی ئەلغەزالی دەنێرێتەوە دیمشق، خۆشی دڵسۆزی و پشتیوانی بۆ کۆشک و سوڵتان دووپاتدەکاتەوە، بەوەش سوڵتان دەزانێت کە والییەکەی شام بە نیازی شۆڕش و جیابوونەوەیە. بەو پشتیوانییە سەرهەڵدانەکەی شام دەشکێت و میسریش بە ئارامی دەمینێتەوە.

## هەڤاڵبەندییەکی ترسناک

جان بردی ئەلغەزالی مەبەست و کۆششی لەناوبردنی سوڵتان سلێمان بوو، دەیویست بۆ ئەو مەبەستە، هاوپەیمانی لەگەڵ ئیسماعیل پاشای سەفەوی بکات، ئەویش مەبەستی بوو، تۆڵەی خۆی بکاتەوە، چونکە باوکی لووتی شکاندووە و بە دڕندەترین شێوە مەیدانی پێ چۆڵکردووە، ئەلغەزالی لە نامەیەک داوای یارمەتی لە شاهی ئیران کردووە و نووسیویەتی:

(فەرموو ئەی ئیبنی ئەردەبیل، وەرە خۆت وەرە، یان سوپایەکمان بۆ رەوانە بکە، ئێمە ئەو ئەمارەتە دەگرین، دەزانی ئەوانی وڵاتی میسریش لەگەڵ ئێمەدا هاوسۆزن).

ئەلغەزالی مەبەستی بووە هاوپەیمانییەکی فرەلایەن لەگەڵ شاهی ئیران و نائیبی میسر خایر بەگ و سوارەکانی قەدیس یوحنا لە دوورگەی رۆدۆس ببەستێت، سوارەکان، دەستەیەکی خاچپەرست و دژی سوڵتان سلێمان بوون، لە

سەرەتادا رووبەڕووی چەندین کێشە و تەنگژە دەبێتەوە، زۆری نامینێت ببەزێت و سەرەتاکەی نیشانەی لەناوچوون و شکانی پێوە بوو.

ئەلغەزالی زوو و بەخێرایی کۆنترۆڵی شاری دیمشق و قەڵاتەکەی دەکات، سەربازە عوسمانییەکان بە پرۆسەیەکی کۆمەڵکوژی لەناو دەبات و ناو لە خۆی دەنێت سوڵتانی ئەشرەف، بەوەش دەوڵەتی مەمالیک زیندوو دەکاتەوە و بڕیاری لێدان و دەرکردنی دراوی نوێیش دەدات، کە ناو و نازناوە سوڵتانییە نوێیەکەی لەسەر بێت، زانای ئاینی مزگەوتەکانیش، ناوی ئەو لە خوتبەکانیان دەهێنن، لەگەڵ ئەو هەموو سەرکەوتن و پێشهاتانە، ئەلغەزالی ناتوانێت شاری حەلەب بگرێت و دەشکێت و بەرەو دیمشق دەکشێتەوە، کە لە حەلەب دەشکێت هیوای بەیارمەتی و پشتیوانی میسریش نامینێت، هەروەها یارمەتی ئێرانییەکانیشی بە دەست ناگات، ناچارە لەدیمشق چاوەڕوانی کارکردانەوەکەی سوڵتان سلێمان بێت و بزانێت چارەنووسی بە چ دەکات.

سوڵتان سلێمان پرس بە حەفسەت خاتوونی دایکی دەکات، کە پشتیوانی دەکرد و شان بە شانی لەو تەنگژانەدا هاوکاری بوو، ئەویش ئامۆژگاری دەکات ڕێنمایی لە سەدری مەزن موحەمەد پیری پاشا وەربگرێت، پێی دەڵێت ئەو ئەزموونی زۆرە و دەتوانێت ڕێنماییت بکات، ئەویش لەگەڵ موحەمەد پیری پاشا لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون، لەناوبردن و کپکردنی یاخیبوونەکەی خان بردی پێویستە، دەبێ بەرنامەی بۆ دابرێژن و بەپەلە رووبەڕووی ببنەوە و بوار نەدەن چالاکییەکانی گەشە بستێنێت، هەر زوو فەرمان دەدەن بە سەرکردایەتی فەرحات پاشا، سوپایەکی گەورە و چەکدار بەڕێدەکەن، سوڵتان سلێمان ئەوە بە باش نازانێت داوای یارمەتی لە میسرییەکان بکات، تا لە باشوورەوە هێرش بکەنە سەر شام، چونکە زۆربەی سەربازەکانی میسر مەمالیک بوون، دەترسا نەوەک پشتیوانی و لایەنگری ئەلغەزالی لە شام بگرن و بەرەکە بگۆڕن و بەیەکەوە ببنە سوپایەکی گەورەی مەمالیک بەڕووی سوپاکەی عوسمانی.

سوپاکەی عوسمانی دەگاتە مەیدانەکە و شەڕەکە دروست دەبێت، زۆر بەپەلە و بە خێرایی هێزەکانی ئەلغەزالی لە ڕۆژی ٢٧ی مانگی ینایری ساڵی ١٥٢١ لە نزیک گوندی ئەلدویزی نزیک دیمشق دەشکێن، ئەلغەزالییش دەیویست بە جلوبەرگی دەروێشی خۆی بگۆڕێت و دەربازی ببێت، بەڵام ڕزگاری نابێت و دەگیرێت و لەوێ لە سێدارەی دەدەن و سەری بڕاوی بە دیاری بۆ سوڵتان ڕەوانەی ئەستنبۆل دەکەن، بەوەش وڵاتی شام دەگەڕێتەوە چوارچیوەی دەوڵەتی عوسمانی و سەرکەوتنەکەش پێگەی سوڵتان لەناو دەوڵەتە هەژاوەکە دەچەسپێت.

لەو شەڕ و تەنگاوییانەدا، حەفسەت خاتوون، بە هەموو هێزو بڕوا پشتیوانی کوڕەکەی دەکات، لە زۆر لە بڕیارە گرنگ و هەستیارەکاندا هاوشانی باش و بە سوود بووە، ژنەکە لەگەڵ کوڕە تاقانەکەی، سیاسەتی دەوڵەتەکە دادەڕێژن و بەو بەرنامەیەش بوو، لە داهاتوو سەردەکەون و دەوڵەتی عوسمانی گەشە دەکات.

یەکێک لە سیاسەت و گۆڕانە دیارەکانی سوڵتان ئەوە بووە، بڕیار دەدات بگەڕێتەوە ناو گۆڕەپانی ئەوروپی، دووبارە لەو مەیدانە ناو و سوپا و خەونی هەبێت، ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئیسلامی کۆنترۆڵ کردبوو، بۆیەش کار دەکات ئاینی ئیسلام لە ئەوروپا بڵاوبکاتەوە، بیانووشی ئەوە بوو کە سلێمان دەبێتە سوڵتانی وڵات و هەواڵەکە بڵاودەبێتەوە، لویسی دووەم ڕووبەڕووی سەفیرەکەی ئەستنبۆل و لەبەردەم ئەو و بە گاڵتە و بە سووکییەوە سوڵتان ریسوا دەکات. سوڵتان سلێمان ئەو هەواڵە، تەنها بە چەند کەسێکی نزیک و پیاوە دڵسۆزەکانی سوپای عوسمانی دەڵێت، کە بڕوایان پێ دەکات و نهێنییەکە دەپارێزێت، بۆیە بڕیار دەدات شەڕ دژی دەوڵەتی هەنگاریا ڕابگەیێنێت، کە لە کۆشکی سوڵتانی دەچێتە دەرەوە و بەرەو مەیدانی جەنگ بەڕێدەکەوێت، هەموو ئەرکەکانی دەخاتە سەرشانی دایکی، ئەویش بە دوورکەوتنەوەی کوڕەکەی لە کۆشک کار و فەرمانەکانی حەرەملەک بە لێزانییەوە بەڕێوە دەبات. لەودەمانەی دایکەکە لەناو

کۆشک بە ئاشتی و بە ئارامییەوە دەژیان، کار و بەرنامەی سازبوونی کەنیزە رووسییەکە رۆسلانە ئامادە دەبوو، تا بچێتە ناو کەژاوەکەی سوڵتان و بگاتە ناو دڵ و خەیاڵی، ئەوەش هەنگاوێک بوو بۆ گۆڕینی زۆر لە وردەکارییەکانی کۆشکی سوڵتان، ئیتر لەو رۆژە و بەو پێشهاتە شەری حەریم لەناو حەرەملەک دەست پێدەکات.

## خانەکانی قەرم

حەفسەت خاتوونی دایکی سلێمان ئەلقانونی، بە رەچەڵەک دەگەڕێتەوە سەر تەتەرەکانی ناوچەی قەرم، کە لە ناوچەکانی باشووری دەوڵەتی ئۆکرانیا دەژیان، ئەوانیش پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی تەتار بوون، بە ناوی تەتار قبجاق، یان هۆزە زێرینەکە دەناسران، لە ناوەندی سەدەی سێزدەی زاینییەوە دەستیان بەسەر ناوچەیەکی فراوانی ناوەڕاستی ئاسیا داگرتبوو، بۆیەش زۆر لە دۆقەکانی مۆسکۆ و ئەمارەتەکانی رووس و سلاڤەکان، ناچار بوون سەرانەیان پێ بدەن و لەڕووی سیاسییەوە دانیان پێ دابنێن و خۆیان بە پاشکۆی ئەوان بزانن. بەڵام ئیمپراتۆریەتی قبخاق بە خێرایی لە سەدەی پازدە لەناودەچێت و نامینێت، چەندین ئەمارەتی لەناوچەکانی حەوزی ڤۆلگا و باشووری ئۆکرانیا لێ دەکەوێتەوە، یەکێکیان لە ساڵی ١٤٤١ی زاینی لە ناوچەی قەرم دروست دەبێت، ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە باکووری دەریای رەش، ئەو ئەمارەتە زوو لە جیهانی مەغۆل دووردەکەوێتەوە و بە جیهانی سلاڤەکانەوە وەدەنووسێت، چەندین شەڕی گەورەش دژ بە دەوڵەتی پۆلۆنیای براگەورەی سلاڤییەکان بەرپا دەکات، هەروەها ئەمارەتەکە تا خۆی لە مەترسییەکانی رووس بپارێزێت، دەبوایە کۆشش و خەباتی بەردەوام بکەن، بۆ مان و بەردەوامیان لەسەرپێیان بن.

هەوار و پێگەی ئەمارەتی قەرم شوێنێکی ستراتیژی بوو، چونکە دەیڕوانییە سەر دەریای رەش، عوسمانییەکانیش بەپەۆرشییەوە، چاویان لەو دەریایە بوو، بۆیەش دەستیان لە کاروباری ئەمارەتی قەرم وەردەدا، یارمەتی ئەمیرێکیان

دژی یەکێکی تر دەدا، ململانێیان دروست دەکرد و پێشوازییان لە شازادە ڕاکردووەکانیان دەکرد، ئەوانەی کودەتایان دەکرد و سەرنەدەکەوت. سوڵتان بایەزیدی دووەم تێکەڵبوون بە پرۆسەی هاوسەرگیری بکاتە تێکەڵبوونێکی سیاسی لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و خانەکانی قەرم، بۆیە بڕیار دەدات شازادە سەلیمی کوڕی کیژێکی خانی قەرم بخوازێت، بەوەش پەیوەندییەکان گەرم دەبن و دانوستانەکانیان هاوسۆز و پتەو دەبێت، بەتایبەتی لەسەر دەستی سوڵتان سەلیم کە بە ڕەسمی ئەمارەتەکەی خانی قەرم دەکاتە بەشێک لە ڕاژەی عوسمانی.

# بەشی سێیەم
# ئاگرێک لەناو حەرەملەکی سوڵتانی جیهان

## حەفسەت خاتوون

ئەگەرچی حەفسەت خاتوون، باش رایەڵەکانی حەرەملەکی کۆنترۆڵ کردبوو، ئاگاداری هەموو ئاریشە و بەرنامەکان بوو، بە زیرەکییەوە چارەسەرە پێویستەکانی دەدۆزیەوە، بەڵام ئاشووبە و گێچەڵی زۆریش بەپەلە و بە خێرایی دەخزانە ناو جیهانی حەرەملەک.

کێشەکان لە ئاکامی ململانێیە بەردەوامەکان بوو، کە سەرە داوەکانیان لەنێوان هەردوو ژنەکەی سوڵتان سلێمان ئەلقانونی دەردەکەوت، سوڵتانە خورەم و سوڵتانە ماهـ دەوران، ناکۆک بوون لەسەر ئەوەی کێ لە پاش سوڵتان سلێمان تاجی سوڵتانی لەسەر بکات، کام لە کورەکانی دەبنە سوڵتان دەوڵەتە زلهێزەکەی جیهان، کورە تاقانەکەی ماهـ دەوران شازادە مستەفا، هەموو ئامادەییەکی بۆ وەرگرتنی پۆستەکە دەکرد، خۆی لەوە رادەهێنا پاش مردنی باوکی ئەو ببێتە سوڵتان، چونکە ئەو دەبێتە بەشی مەزنی گەشەداری ژیانی باوکی، دیارە ئەوەش خاتوون خورەمی نیگەران کردبوو، چونکە ئەو چوار کوری بۆ سوڵتان پەیدا کردبوو، بۆیەش پەرۆش بوو یەکێک لەو شازادانە، پاش مردنی باوکیان ببەنە سوڵتانی وڵات.

هەردوو ژنەکە، ململانێیەکانیان توند و دژوار دەبێت، گۆشەکانی حەرەملەک دەهەژێنێت، بوارساز دەکات پرۆگرامەکانی کۆشکی عوسمانی بورووژێنێت، ئەوەش ببووە نەریتێکی باوی ناو بەرەبابی عوسمانییەکان، بنچینەی ئەو پرۆگرامەش، لەسەر نەخشە و کاردانەوەیەکی دژوار و خوێناوییەوە سەرچاوەی گرتبوو، تا دەگاتە ئاستی ئەوەی لەو وڵاتە و لەناو ئەو بنەماڵەیە، ببێتە یاسا و پەیرەوکردنی ئاسایی بێت، ئەویش بریتی بوو لەوەی ئەوەی دەگاتە دەسەڵاتی بنەماڵەی عوسمانییەکان، سەرەتا دەست دەکات بە کۆمەڵکوژی و سەربرینی هەموو منداڵە نێرینەکانی ناو بنەماڵەکەی، ئەوەش لەلایەن موحەمەد ئەلفاتحەوە پەیرەو کرابوو، کە دەسەڵات لە کۆشک وەردەگرێت، هەموو براکانی، کوری سوڵتان بایەزیدی یەکەم بوون دەکوژێت و مەیدانەکە لەبەردەم خۆی پاک

دەکاتەوە، ترسی ئەوەی نامینێت، یەکێک لە براکانی کودەتای لەسەر بکات و بیکوژێت و بگاتە سەر تەختی سوڵتان، بە خوێن رشتنی براکانی دەگاتە سەر دوا پلەی دەسەلأت و بنەماکانی پتەو و سەنگین دەکات، ئیتر تۆڕ و بەرنامەی ترسناکی شەڕی ناوخۆ و دووبەرەکی و باڵ سازکردن نامینێت، دەوڵەتەکە دەکەوێتەخۆ، بۆ رووبەڕووبونەوەی مەترسییەکانی وڵاتانی کریستیان، کە تژی و جۆش کرابوون، لە گیان و وێردی شەڕەکانی خاچپەرستەکان، بەردەوام چاویان لەوە بوو، هەڵمەت ببەنە سەر سامان و سنووری وڵاتەکە و پارچە پارچەی بکەن، بەوەش نەتوانێت بەرگری و خۆی توند بکات و لەناوچوونی ئاسان و مەیسەر بێت.

ئەو پرۆگرام و بەرنامە کۆمەڵکوژییە هەبووە ، هەردوو ژنەکەش باش دەیانزانی، سوڵتانە خوڕەم و سوڵتانە ماهـ دەوران، تێدەگەیشتن کە سوڵتانەکانی بنەماڵەی عوسمانی بۆ مانەوە و پتەوکردنی تاجەکانیان چ دەکەن، ئەگەر مستەفای کوڕەکەی سوڵتانە ماهـ دەوران ببێتە سوڵتان، بێگومان هەموو براکانی لە باوکی و لە ژنانی ترەوە، نەک دایکی خۆی دەکوژێت، بەوەش هەموو کوڕەکانی سوڵتان خوڕەم سەر دەبڕێت، کوڕەکانی ئەو ژنەی خەونی بەوە دەبینی، یەکێک لە کوڕەکانی بە زەبر و بە فێڵ و پیلان شازادە مستەفا پەراوێز بکات، ئەو پاش مردنی باوکی ببێتە سوڵتان. خوڕەم خاتوون دەیویست سۆز و عیشقی گەرمی سوڵتان بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنێت، بۆیەش ئامادەبوو، هەموو ئەگەرە شەرعی و ناشەرعییەکان پەیرەو بکات، تا دڵی سوڵتان زۆر باش رازی بکات، یەکێک لە کوڕەکانی ئەو پاش مردنی ببنە سوڵتان.

ئامادەیی و بوونی دایکە حەفسەت بووە، هەنگاو و نەستی دڵنیابوون تا لەناو حەرەملەک ئاگرێک هەڵنەگیرسێت، شەڕێکی ناوخۆی دژوار بە دەستی هەردوو ژنەکەی سوڵتان بەرپانەبێت، ئەو کاری دەکرد ناکۆکییەکە بەرتەسک بکاتەوە و نەگاتە بەرگوێی سوڵتان. تا حەفسەت خاتوون ئەوە بکات و رەوشەکە نەتەقێتەوە ئیش دەکات زاواکەی، ئیبراهیم پاشا، هەموو

کاروبارەکانی بەشی سوڵتانی لە کۆشک بگرێتە دەست، بۆیە سوڵتان سلێمان رازی دەکات، ئەو پۆستی بەرپرسی بەشی سوڵتانی لە کۆشک وەربگرێت، چونکە لەگەڵ ئیبراهیم پاشا برادەری منداڵی بوون، بەوەش حەفسەت خاتوون، دەتوانێت کۆنترۆڵی تەواوی بەشەکانی ناوەوەی کۆشک بکات، ئەوەش بوارساز دەکات، سوڵتان سلێمان کار بکات بۆ گۆڕینی نەخشەی هەموو جیهان و دەوڵەتی عوسمانی هەژموونی لەسەر کیشوەرە کۆنەکانی دونیا هەبێت، خۆی وەک جیهان کشای، واتە کردنەوەی جیهان بناسێنێت.

## سوڵتانی جیهان

ماوەیەک بوو سوڵتان سەلیم سەرقاڵی شەڕەکانی خۆرهەڵات بوو، شەڕی ئیرانی سەفەوی و مەمالیکی میسری کردبوو، سوپا و سامانی وڵاتەکەی شپرزە و ماندوو ببوو، بۆیەش سوڵتان سلێمان دەیویست هەیبەت و گەورەیی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر هەیبەتی نەتەوەکانی ئەوروپا بەرچاو بکات، ئەوەش هێڵی گشتی و بەرنامەی تۆکمەی دەویست، پاش ئەوەی هەموو بەرنامەکانی ئەو پرۆژەیە ساز دەکات، روو لەوە دەکات ئامێری سوپا و جەنگە ترسناک و گەورەکەی بەرەو خۆرئاوای کریستیانی ئەوروپی ببات، چونکە دەیزانی لەو روانگەوە دەتوانیت گەشەی بەرچاو و سرووستی دەوڵەتەکەی بنیات بنێت، ئەوروپای کاسۆلیکیش لەودەمانە کێشە و شەڕی میراتیان لەسەر تاجی فەرەنسا و ئەسپانیا و ئەڵمانیا و دابەشکردنی میراتەکەی ئیتاڵیا گەرم و کوشندە بوو، هەروەها پاپاش پلان و بەرنامەی دەرەکی لەسەر وڵاتان و شەڕ و مەیدانیش لەبەرچاو بوو، لەولاشەوە تیرۆژی مەزهەبی پرۆتستانت لە ئەڵمانیاوە بەرەو هەموو ئەوروپا تەشەنەی دەکرد، ئەوەش نیشانە و ئاماژەیەک بوو، ئەوروپا لەڕووی ئاینییەوە پارچە پارچە بێت و ببێتە دوو جەمسەر، ئەوانە هەموو رێخۆشکەر بوون، سلێمان ئەلقانونی هەیبەتی دەوڵەتی عوسمانی لە گۆڕەپانی ئەوروپی پیادە بکات.

پاشای هەنگاریا لە سەردەمی سوڵتان سەلیم ئامادە نەبوو، سەرانە و باج بداتە عوسمانییەکان، ئامادەش نەبوو پێشوازی لە پەیامنێرەکەیان بکات، هەر لەوێ و لە کاتی پێشوازییەکەی فەرمانیش دەدات پەیامنێرەکە بکوژن، بە هیچ کلۆجێکیش نەیدەویست دان بە فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان بنێت. بە سوڵتان سلێمان دەڵێن پاشای هەنگاریا نوێنەرەکەتیان کوشتووە، تووڕە دەبێت و دەڵێت:

نوێنەری پاشای ئیسلام دەکوژن! پاشای هەنگاریا هەڕەشەمان لێ دەکات؟!

سوڵتان سلێمان یەکسەر بڕیار دەدات، سوپا ساز بکەن و شەڕیان بکات و خۆشی پێشەوایەتی سوپایە مەزنە گەورەکە بکات، بۆ تەمبێکردنی پاشای هەنگاریا روو لە مەیدان دەکات. هەر لەودەمانەوە کوشتنی نمایندە و باڵیۆز، یەکێک بووە لە کارە قێزەوەنەکان لە بواری دبلۆماسی دەوڵییەوە، ئەوەش ئاماژە و هیمایەکی روونە، بۆ راگەیاندنی شەڕ و جەنگ، دیارە پاشاکەی هەنگاریاش، بە پشتیوانی پاشاکانی ئەوروپا و هاندانی پاپای رۆما ئەوەی کردبوو، بۆیەش ئەو وایدەزانی هەر دەمێک عوسمانییەکان، هێرش بکەنە سەر وڵاتەکەی، هەموو وڵاتانی ئەوروپی، هاوپەیمان کۆمەکی دەکەن و سوپای بۆ رەوانە دەکەن، بەیەکەوە شەڕی عوسمانییەکان دەکەن، بەڵام لێرەدا خەیاڵی خاو بوو، نە هەنگارییەکان  و نە ئەوروپییەکان، بەوە رانەگەیشتن سوپا کۆبکەنەوە، چونکە سوڵتانە عوسمانییەکە زوو و بەپەلە، هێرشەکەی دەکاتە سەر هەنگاریا و قەڵات لەدوای قەڵاتیان خاپوور دەکات و دەیانگرێت.

سوڵتانە عوسمانییەکە، هەر لە منداڵییەوە، خەونی گرتنی وڵاتی هەنگاریای هەبووە، دەیویست ناوی لەناو تۆماری سەرکردە گەورە مەزنەکان، بە هێرش و سەرکەوتن لەسەر سوڵتان مورادی دووەم و بایەزیدی دووەمیش تۆمار بکات، ئەوانەی نەیانتوانیبوو وڵاتی هەنگاریا بگرن، زووتر ئەوەیان بە خەیاڵی موحەمەد ئەلفاتح داهاتبوو، ئەوەی شاری قوستنەتینەی داگیرکردبوو، زووتریش لە گرتنی شاری بەلگرادیش هەرەسی هێنابوو، کە ئەو زەمانە پایتەختی وڵاتی هەنگاریا بوو، ئەو وتبووی:

داواکارم خودا هێزێک بداتە کوڕەکانم، تا بتوانن ئەو شارە داگیربکەن. سلێمان ئەو قسەی زۆرجار بیستبوو، بۆیەش بەردەوام ئەو خۆزگەیەی دەخواست، ئەو کوڕە بێت، خەونی باپیرەکەی جێبەجێ بکات و شارەکە بگرێت.

بەلگرادی پایتەخت و شارە گەورەکەی کریستیانەکان، کە سوڵتانە عوسمانییەکان خەونیان بە گرتنی دەبینی، دەروازەیەکی گرنگی ئەورووپای خۆرهەڵات و ناوەڕاست بوو، پاش گرتنی شاری قوستەنتینە، شاری بەلگراد، دەبێتە بارەگای سەرەکی ئەرثۆذکسەکانی خۆرهەڵات و میراتگری قوستەنتینیە، لەناو ئەدەبیاتی ئەورووپی هاوچەرخیش، بەلگراد بە قەڵات و پێگەی کریستیانەکان دەناسرا، چونکە پاشاکانی ئەورووپا زۆر بایەخیان بە قەڵات و شوورەکانی ئەو شارە دەدا، کاریان بۆ پتەویی دەکرد و تۆپی زۆریان لەسەر دیوارەکانی ریز کردبوو، پاشای ئەسپانیا و ئیمپراتۆری رۆمانی موقەدەس شارلکان، هاوسۆز بوون، بوار نەدەن سوپاکانی عوسمانی لە گۆڕەپانی ئەورووپی نزیک ببێتەوە، بەردەوامیش بەلگراد قەڵاتێکی خۆراگر بووە، لەبەردەم هێرش و لافاوەکانی سوپای عوسمانی و بەرگری لە مانەوەی هەموو ئەورووپا کردووە، بەڵام سوڵتان سلێمان بۆچوون و رازێکی تری هەبووە.

بەر لەوەی پاشای عوسمانی سوڵتان سلێمان، بگاتە بەر شوورەکەی بەلگراد سوپاکەی بە سەرۆکایەتی سەدری مەزن موحەمەد پیری پاشا قەڵاتەکەی گەمارۆ دابوو، هەنگارییەکانیش، بە هەموو هێز و توانایەکەوە بەرگرییان لە پایتەختەکەیان دەکرد، ئەوەندە شانازییان بە پتەویی و خۆراگریی قەڵاتەکەیان دەهات، بڕوایان نەدەکرد بگیرێت، بۆیە دەیانووت:

بەلگراد هەرگیز بە هیچ هێزێکی دەرەکی ناگیرێت و رادەستی دوژمنان ناکرێت.

بەڵام سوپا ئیسلامییە عوسمانییەکە، توانیان لە رۆژی ٢٥ مانگی رەمەزانی ٩٢٧ی کۆچی بەرامبەر بە ٢٩ی مانگی ئۆگستی ساڵی ١٥٢١ی زاینی شارەکە بگرن. سەربازە هەنگارییەکان، قەڵاتەکە چۆڵ دەکەن و سوڵتان عوسمانییەکە بە

سەرکەوتوویی دەگاتە ناو قەڵاتەکە، لەناو کڵێسە گەورەکەیان، نوێژی هەینی دەکات، کە لەورۆژەوە دەکرێتە مزگەوت، ئەو شار و مەڵبەندەی ماوەیەکی زۆر، ببووە ئاستەنگێکی بەرزەفڕ لەبەردەم موسلمانەکان، دەگیرێت و لەوێیەوە سوپای عوسمانییەکان، بەرەو ناوچەکانی پشتەوەی رووباری دانوب هەڵدەکشێن و دەگەنە هەرێم و ناوچەکانی ئەو دەڤەرەش.

گرتنی بەلگراد، دەبێتە سەرەتای حوکم و دەسەڵاتی سلێمان ئەلقانونی لە ئەوروپا، ماوەیەک دەبێتە مەترسییەکی کوشندە بۆ لەناوبردن و وێرانکردنی ئەوروپای خۆرهەڵات، ئیتر لەورۆژەوە، ئەوروپییەکان بە چاوی سەلاحەدینی ئەیوبی، سەیری سوڵتان سلێمان ئەلقانوونییان دەکرد. لەو کاتەوە ئەوروپای کاسۆلیک، هەست بە بوونی مەترسییەکی بەرچاو و ئامادە لەسەر بوونی دەکات، ماوەی زۆرتر لە سەدەیەک و نیو ئەستنبۆل هەژموونی لەسەر نەتەوەکانی ئەوروپا دروست دەکات.

سوڵتان سلێمان، سەرکەوتنەکەی بەسەر هەنگارییەکان، بە پەیام و بە موژدە بەسەر هەموو والییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و پاشاکانی ئەوروپا دابەش دەکات، ئینجا بە هەست و جۆشێکی بۆنداری شادومانی سەرکەوتنەوە، دەگەڕێتەوە کۆشکی بابی عالی لە ئەستنبۆل (شاری موسلمانان بە زمانی تورکی). قەیسەری رووس بەو سەرکەوتنە پیرۆزبایی لێ دەکات و قبوڵیش ناکات نوێنەرەکەیان، کە بۆ پیرۆزبایی هاتبوو ببینێت، لەودەمانە رووسیا پارچەیەک بوو لە فەرمانڕەوایی قەرمی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها سەرۆک کۆماری ڤینیسیا و شارەکانی تری ئیتاڵییش، پیرۆزیایی ئاراستە دەکەن. پاش گرتنی بەلگراد سلێمان ئەلقانونی، بەرەو وڵاتانی بەلقان و خۆرهەڵاتی ئەوروپا دەڕوات و پەلاماریان دەدات، شارەکان یەک لەدوای یەک خۆیان بەدەستەوە دەدەن و دەگیرێن، بۆیەش بەلگار و سلاڤ و سەقلییەکان، ناچار دەبن، رادەستی عوسمانییەکان بن و هیچ بژاری تریان لەبەردەمدا نابێت، بێجگە لە تەسلیمبوون، سلێمان ئەلقانونی شاری بەلگراد دەکاتە پێگە و

سەنگەر، بۆ هەڵکشان و هێرشبردن بەرەو پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی ئەڵمانی ڤییینای ناوەڕاستی ئەوروپا.

که سوڵتان سلێمان دەگەڕێتەوە پایتەختی وڵاتەکەی، لەسەر داوا و پێشنیاری حەفسەت خاتوونی دایکی، بڕیار دەدات ئیبراهیم پاشای بەرپرسی بەشی سوڵتانی لە کۆشک، بکاتە سەرۆک وەزیران، ئەگەرچی ئەوان بە منداڵییەوە بەیەکەوە ژیابوون، بەڵام کە خوشکی سوڵتان دەخوازێت و سوڵتانە خەدیجە دەبێتە هاوسەری، زۆرتر لە سوڵتان نزیک دەبێتەوە، دەبێتە باشترین پشتیوان و هاوکاری سوڵتان، لە هەموو بڕیارەکانی و بە شاهیدی هەموو مێژوونووسە تورک و خۆرئاواییەکان، ئەو ساڵەی بەیەکەوە و بە هاوشانی حەفسەت خاتوون و زاواکەی باشتر دە ساڵی فەرمانڕەواییەکانی عوسمانییەکان بووە، سەردەمەکەش مێژوویەکی پرشنگداریش بووە لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی.

## خۆسازکردنەوە

سوڵتانە حەفسەت خاتوون، نەک هەر وەک راوێژکارێک پشتیوانی فەرمانڕەوایی کوڕەکەی کردووە و بەس، ئەو کۆشش دەکات رایەلەکانی ناو (تۆپ قاپی سەرای) ساز و ئامادە بکاتەوە، سوڵتانیش لە هیچ لە بڕیارەکانی دایکی نیگەران و دوودڵ نەبوو، چونکە شێتانە بە دایکی سەرسام بوو، ئەوەش لەلایەن سەفیری کۆماری ڤینیسیا بە جوانی هەستی پێکراوە، کە لە سەرەتای دەسەڵاتی سوڵتانەوە ئەو ژنەی ناسیووە، لە یەکێک لە راپۆرتەکانییدا نووسیویەتی:

ژنێکی تەمەن چل و هەشت ساڵانەم دەبینی، سوڵتان سلێمان زۆر رێزی دەگرت و خۆشەویستییەکی بێ پایانی بۆ ئەو ژنە نیشان دەدا.

بەو خۆشەویستییە قووڵە، ئەو رێزی گەورەی ژنەکە بە دەست دەهێنێت، بۆ یەکەم جار لە مێژووی عوسمانی نازناوی سوڵتانەی دایک وەردەگرێت، بەوەش

دەتوانێت هەموو گۆشە و بەرنامەکانی ناو حەرەملەک ساز بکاتەوە، بە مەرجێک لەگەڵ پرنسیپە توندە تورکییەکان بگونجێت، کە لەگەڵ ڕێنمایی و شەریعەتی ئیسلامی زۆر نەدەگونجا، ئەگەرچی دەوڵەتی عوسمانی لە سەرانسەری جیهان خۆی وەک پارێزەری ئیسلام لە جیهان دەزانی.

لەسەر دەستی حەفسەت خاتوون، چەندین گۆڕانکاری لەسەر بەشی حەرەملەک دەکرێت، ئەو بەشەی بە کۆشکی بایەزید دەناسرا، بەتایبەتی ئەو بەشەی بە سەرای ژنان دەناسرا و پێیان دەووت (سەرایای دوختەران)، دوایی بە (باش خاسکی) دەناسرێت، خەسڵەت و بەکارهێنانەکەشی دەگۆڕێت. حەفسەت خاتوون بەشی سوڵتانەی دایک و ژنەکانی سوڵتان و ژنە شازادەکان، دەباتە سەر باخچەی پشتەوەی کۆشکەکە، کە بە باخچەی تایبەتی دەناسرا، لەناو بەشەکەی خۆی لایەک دەکاتە شوێنی پێشوازی، ئەوەی لە بەشەکانی پێشەوە لە کۆشکی حەرەملەکەوە لە کۆڵانە تایبەتییەکانەوە، بەرەو بەشی سوڵتانەی دایک، بەیەک دەبەستێتەوە و بەوەش دەتوانێت کۆنترۆڵی تەواو، لەسەر حەرەملەک بکات و ئاگاداری هەموو چوونە ژوورەوە و هاتنە دەرەوەی ناو کۆشکەکە بکات.

سوڵتانە حەفسەت خاتوون ئەرک و فەرمانەکانی سوڵتانەی دایکی، باش و ورد دیاری کردبوو، دەیزانی دەسەڵاتی ئەو ژنە و ئەو پۆستە لەناو حەرەملەک چییە، چونکە ئەو یەکەم ژنە، ئەو پۆستە وەردەگرێت، ئەویش دەبێتە نمونە و پێشەنگ بۆ ژمارەیەکی زۆر لەو ژنانەی دوای ئەو، ئەو نازناوە وەردەگرن، هەتا ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی بیستەم، بەپێی ئەو ئەرک و دەسەڵاتەی کوڕەکەی بۆی دیاری کردبوو، ئەو بە دروستی فەرمانەکانی جێبەجێ دەکرد، سوڵتانیش لەبەر ئەوەی دایکی زۆر خۆشدەویست، بۆیە وەک ڕاوێژکاری یەکەمیش چاوی لێ دەکرد، هەموو گوفتار و پەیامەکانی لەلای سوڵتان ڕەزامەندی پێ وەردەگیرا و نکۆڵی لێ نەدەکرا، ژنەکە دەسەڵاتی هەبوو، لە هەموو بڕیارەکانی پەیوەست بە کاروبارەکانی حەرەملەک، بەتایبەتی

که سوڵتان لە مەیدانەکانی جەنگ لە ئەوروپا دووردەکەوتەوە و لە ئەوروپا ماوەیەکی زۆر دەمایەوە، قسە و بۆچوونی یەکلاکەرەوە دەرببڕێت و کێشەکانی چارەسەر بکات.

تا سوڵتان، دایکە خۆشەویستەکەی رازی بکات، پۆستی دایکی دەکاتە ژمارە دووی دەوڵەت، واتە پاش سوڵتان ئەو لە پرۆتۆکۆڵەکانی عوسمانی ناوی دەهات، پۆستەکەی دایکی، لە پێش جێنشینیش بوو، کە نازناوی شاهزادەی هەبوو، هەروەها پۆستەکە دایکی، هاوشانی پۆست و دەسەڵاتی سەدری مەزنیش بوو، کە لەو رۆژانە دەکاتە پۆستی سەرۆک وەزیران لە دەوڵەتی هاوچەرخ.

ئەو ژنە ئەو پۆستە گەورەیە وەردەگرێت، شاناز و لووتبەرز نابێت و پەیوەندییەکانی بە جیهانی دەرەوەش پتەو و چڕیش دەکات، بەڵام ئەو هەر حەز دەکات، بە نازناوە کۆنەکەی خاتوون ناوی ببەن، کە نازناوێکی کۆنی سەلجۆقی تورکی بوو، ماناکەشی ژنە بەرێزەکەیە.

ئەگەرچی ژنەکە، بە سادەیی و رۆحسووکییەوە خۆی نیشان دەدا، بەڵام لە دەسەڵاتە بەرز و دیارەکانیش بێ بەش و دوورەپەرێز نەبوو، لەوەتی ئەو پاش کوڕەکەی دەگاتە باڵاترین دەسەڵاتی عوسمانی، لە سەراییە کۆنەکەی دەگوازێتەوە سەرای سوڵتان بایەزید، واتە سەرای بابی عالی و کەژاوەیەکی شایستەی بە ناوی (دایکە ئەلایی)، واتە کەژاوەی سوڵتانەی دایک، ئیتر لەو ساتەوە ئەو دەبێتە باڵاترین ژنی دەسەڵاتدار لە درێژترین زەمەندا، ئەویش دەبێتە بەرپرسی بەشی حەرەمی عوسمانی، تا کوڕەکە باشتر پشتیوانی دایکی و ژنە گەورەکەی بکات، چەندین سەرمایە و سامانی وەک زەوی تایبەتی و بیمەی زستانە و هاوینەی بۆ تەرخان دەکات، لە خانەی پارەی عوسمانییەوە، راستەوخۆ موچەیەکی باشی بۆ بەردەستی و مەسرەفەکانی بۆ دادەنێت، بێجگە لە موچە و بودجەکەی، بەردەوامیش لە وڵاتانی دەرەوە و پیاوانی دەوڵەتی عوسمانی، دیاری و خەڵاتی زۆری بە دەست دەگەیشت، بۆ راپەڕاندنی

کاروبارەکانی دەرەوەی حەرەملەک، پیاوێک کە لەناو گەورە کارمەندانی دەوڵەتی عوسمانی دەستنیشانکرابوو، دەکرێتە نمایندەی کاروبارەکانی و پێیان دەوت کەتخودا، واتە ئەمینی والی یان نمایندەی والی.

سوڵتانە خاتوون، نەک تەنها سەرقاڵی کاروبارەکانی کۆشک و مەسەلە سیاسییەکانی ناوچەکە و دەوڵەتەکە بوو، تەنها ئامۆژگاری و رێنمایی نەدەکرد بۆ گەشەکردنی دەوڵەتەکە، ئەو روو لە پرۆژە خەیرییە چاکخوازییەکان دەکات، دەست دەکات بە سازکردن و دروستکردنی مزگەوت و قوتابخانە و قەڵەندەرخانە و چاو لە هەژارەکان دەکات و بێوەژنەکان بەشوودەداتەوە و سەرپەرشتی هەتیو و بێنەواکانی پایتەختیش دەکات، چەندین پارچە زەوی کشتوکاڵی باش دەکاتە وەقف بۆ خزمەتکردنی هەردوو حەرەمی شەریف و مزگەوتی ئەلئەقسا، ئەو ژنە بەرنامە و پرۆگرام بۆ دەسەڵاتی سوڵتانەی دایک دادەرێژێت، کار و ئەرکەکانی ئەو پۆستە بۆ داهاتووش دیار دەکات، ئەوەش دەبێتە پێوانەیەک بۆ ئەو ژنانەی لەدوای ئەو، لە کۆشک ئەو پۆستە وەردەگرن و هەمووش لەسەر رێبازی ئەو دەڕۆن و کارە چاکە و بەڕێوەبردنەکانی ناو کۆشک تەواو دەکەن، ئەوانەی لەسەر رێبازی ئەو رۆیشتوون دەبنە کەسایەتی و ژنانی خۆشەویست، میللەتی عوسمانییش، بە چاوی گەورەیی و رێزەوە سەیریان کردوون، ئەوەی لە دەسەڵاتی خۆی دەرچووە و زۆرتر دەستیان لەناو کاروباری دەوڵەت وەرداوە، بەناڕەزایی و رقی هەموولایەک، ملی شکاوە و پۆستەکەی لە دەستداوە.

ئەگەر لە مێژووی عوسمانی ناو حەفسەت خاتوون وەک یەکەم ژن هەڵگری نازناوی سوڵتانەی دایک بووە، ئەوا لە مێژووی میللی تورکییش، یادگارییەکی باش و شیاوی هەیە، هەتا ئەو رۆژانەش ناو و بیرەوەرییەکانی ماوە، ئەویش بە گێڕانی ڤیستیڤالی (مسیر) کە ساڵانە لە شاری مانیسا دەگێرێت، هەموو توێژەکانی میللەتی تورکی بەشداری دەکەن، ٤٧٠ ساڵە ئەو ڤیستیڤاڵە ساڵانە دەکرێت.

لە کتێبە مێژووییەکانی عوسمانی، چیرۆکی ئەو ڤیستیڤاڵە دەگێرنەوە بۆ شانازی و دەستپێکی حەفسەت خاتوون، گێڕانەوە مێژووییەکە دەڵێت، کە سوڵتان سلێمان گەنج بووە، لەو شارە مەشق و راهێنانی ئیدارە و سوارچاکی کردووە، لەوێ و لەودەمانە خەریکی فێربوون و مەشقکردن بووە، نەخۆش دەکەوێت، لەسەر داوای حەفسەت خانی هاوسەری سەلیمی یەکەمی کوڕی بایەزیدی دووەمی کوڕی موحەمەد ئەلفاتح چەندین دکتۆر و دەرمان بۆ چاکبوونەوەی کوڕەکەی ساز دەکەن، کۆشش زۆر دەکات، کوڕە تاقانەکەی لەو نەخۆشییە هەڵبستێتەوە و نەمرێت، لەدوای دەرمانێکی سیحراوی دەگەڕێت، دەیزانی هەتوانێکی زۆر کاریگەری دەوێت، بۆیە ژنەکە پەریشان دەبێت و سەر بەسەر هەموو دکتۆر و دەرمانخانەیەک دەکات.

بەپێی سەربردە مێژووییەکە، خەڵکی شارەکە دەگێڕنەوە، سوڵتانە حەفسەت داهێنەرێکی بە توانا و زۆرزان لە گرتنەوەی دەرمان و هەتوان دەدۆزێتەوە، ئەو دەرمانێکی سیحراوی لە ٤١ جۆرە بەهاراتی تێکەڵ و ئاوێتە بە هەنگوین دروست دەکات، بەوەش کوڕە نەخۆشەکەی سوڵتانە حەفسەت چاک دەبێتەوە، دایکەکەش بڕیار دەدات، ساڵانە لەناو گۆڕەپانی شارەکە، حەڵوا مەعجونێکی خۆش بەسەر هاوڵاتییان دابەش بکەن، گۆڕەپانی بەردەم ئەو مزگەوتەی لە ساڵی ١٥٢٢ی زاینی دروستکراوە، دەبێتە شوێنی دابەشکردن و بەخشینەوەی شیرینی و مەعجونەکە.

ئیتر لەورۆژەوە ئەو شارە ئەو ڤیستیڤاڵەی لێ دەکرێت، کە بە ناوی مەعجونی مسیر دەناسرێت، رۆژەکەش دەکەوێتە مانگی مارس، ساڵانەش حەوت رۆژ دەخایێنێت، تێدا هەموو جۆرە چالاکییەکی تایبەت، بەو دەڤەرە نمایش دەکەن، ئەوەش بە کۆنترین ڤیستیڤاڵی تورکیا ئەژمارد دەکرێت.

هەر لە سەردەمی ئەو، لەناو حەرەملەک، بەرەبەرەکانێ و ململانێیەکانی نێوان سوڵتانە خوڕەم و سوڵتانە ماهـ دەوران روودەدات، دڵی سوڵتان سلێمان دەهەژێنن، لەو ناکۆکییەدا، حەفسەت خاتوون دەبێتە هێلکە هاوسەنگەکەی ناو

قەپانەکە، بەڵام ئەو نەیدەزانی کەلە سەدەکانی داهاتوودا، سەردەمی ئەو سەرەتاییەک دەبێت بۆ پەیدابوون و سەرهەڵدانی سەڵتەنەتی حەریم لەناو مێژووی دەوڵەتی عوسمانی.

## هەڵوەشانەوەی ئەوروپا

دەوڵەتی عوسمانی لە سەردەمی حوکمی سلێمان ئەلقانونی لە ساڵانی ١٥٢٠ تا ١٥٦٦ی زاینی گەشەدار و بە هەیبەت بوو، لەودەمانە ئەوروپا رەوشی ئاڵۆز و شپرزە بوو، لەڕووی مەزهەبی و ئایینەوە و لەگەڵ سەرهەڵدانی باهۆزی شۆڕش و پەیدابوونی چاکخوازی ئاینی مارتن لۆسەر، لێشاوی ناڕەزایی دژ بە دەزگا و پیرۆزییەکانی کریستیانیەتی ئەوروپا دەهەژێت و پاپای کاسۆلیکیش دەگرێتەوە. ئەو رەوشە نوێیەش، شەڕی چاکسازییە ئاینییەکەی لێ دەکەوێتەوە، کە چەندین ساڵ دەخایەنێت، بەوەش هزر و رەوتی پروتستانتی لێ دەکەوێتەوە، ئەوروپای خۆرهەڵاتیش دەگرێتەوە، ئەوەش بەخێرایی دەسەڵاتی پاپا لە ئەوروپا تەسک و سنووردار دەکات.

لە ئینگلتەرا پاشا هنریی هەشتەم، بڕیار دەدات، لە کڵێسە رۆما دابڕێت، کڵێسەیەکی ئینگلیزی دادەمەزرێنێت، دوایی بە کڵێسەی ئەنجیلکانی ناو دەردەکات و دەناسرێت و پەیڕەوانی زۆر دەبێت، مەزهەبی کاسۆلیک هەر ئەوەندەیان لەدەست دێت، کە بە ناوی مولحد و لادەر ناوی ببەن و لە کڵێسەکەیان بێبەری بکەن، بەڵام پاشا هنریی هەشتەم، ئەو کارەیان بە گرنگ نازانێت، بۆیە لە هەنگاو و بەرنامەکانی بەردەوام دەبێت، ئینگلتەرا لەرووی سیاسی و ئایینی لە ئەوروپای کاسۆلیک دادەبڕێت.

لەناو کۆمەڵگەی کاسۆلیکی، چەندین کێشە و قەیران دەبریسکایەوە، ئەگەرچی پاشای ئەسپانی دەتوانێت ئەوروپا، لەبن کەواکەی خۆی وەک ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پیرۆز کۆ بکاتەوە، باشووری ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و بەلژیکا و هۆلەندا کۆنترۆڵ دەکات، بەڵام پلان و هیواکانی، بۆ یەکێتی ئەوروپا، لەناو

دەوڵەتێکی کاسۆلیکدا سەرناگرێت، رووبەڕووی کۆسپەی گەورەی زۆر دەبێتەوە، لەوانە پاشای فەرەنسا فرانسوای یەکەم، ئەوەی دەیویست نازناوی ئیمپراتۆر بۆ خۆی دەستەبەر بکات، لەلایەن دوژمنە دێرینەکەی شارلی پێنجەم، لە سنوورەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا و باشوورەوە گەمارۆ دەدرێت، بۆیە دەرئەنجام شەڕێکی دژوار روودەدات، هەر چەند پاپا بۆ راگرتنی شەڕەکە، لەنێوان دوو جەمسەری کاسۆلیکی مەزنی جیهان، کۆشش و پێناوی دەکات، بەڵام کۆششەکانی سەرناگرێت. لە ئاکامی هەڵوەشانەوەی سیاسی و مەزهەبی ئەوروپا، تیشکی رووناکی خۆری سلێمان ئەلقانونی دەدرەوشێتەوە. بۆ قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانیان پشتیوانی پرۆتستانتەکان دەکات، دەستی پاشای فەرەنسا دەگرێت و بەئاشکرا پشتیوانی دەکات، بۆ ئەوەی ببێتە تاکە زلهێزەکەی ئەوروپا و نەیارەکانی لاواز بن و بەئاسانی سنوورەکانیان ببەزێنێت و سەرانەیان لێ وەربگرێت، بەوەش دەوڵەتەکەی مەزن و شکۆدار دەمینێتەوە.

# بەشی چوارەم
# زلهێزەکەی ئەوروپا لەناو فێڵەکانی رووسی

## سوڵتانی هەموو جیهان

سنووری دەوڵەتی عوسمانی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سلێمان ئەلقانونی (١٥٢٠_١٥٦٦)، بەڕاستی سەردەمی زێرینی و شکۆداری بووە، وەک گەورەترین و بەهێزترین دەوڵەت لە جیهان دەناسرا، دەسەڵاتی دەوڵەتەکە، لە وڵاتی جەزائیر لە خۆرئاوای ئەفریقیا، هەتا سنووری عیراق و ئەزرەبیجان، لە خۆرهەڵاتەوە لە ئیران و لە باکوورەوە لەسەر رووباری دانوبەوە، هەتا سنوورەکانی وڵاتی یەمەن لە باشوورەوە پانوبەرین دەبوو. دەوڵەتەکە دەسەڵاتی بەسەر وڵاتەکانی شوێنەواری کۆن و دێرین لە میسر و سوریا و عیراق و یوناندا هەبووە، هەروەها هەر سێ شاری موقەدەسی موسلمانان، مەکە و مەدینە و قودسی ئەلشەریف پێگە و سێبەریان هەبوو، لەو شارانەی زووتر حوکمی موسلمانان و خەلافەتی ئیسلامییان دیبوو، وەک دیمەشق و بەغدا و قاهیرە دەوڵەتەکە شکۆ و بەڕێوەبردنی دانابوو، بۆیەش رەوایە بڵێین بە حەق سوڵتان سلێمان سوڵتانی هەموو جیهان بوون.

سوڵتان بەشانازییەوە لە ژوورەکەی خۆی دانیشتبوو، دڵی خۆش بوو، خەریکی نووسینی شیعرێکی نوێ بوو، دانیشتبوو و بیری لەوە دەکردەوە، کە چۆن کیشوەری ئەوروپا، بە هەموو شکۆمەندیی خۆییەوە، لە ترسی ناوی ئەو دەلەرزێت، ئەلقانونی خۆی بە گەورەی ئەوروپا و قەیسەری رووسیا دەزانی، هەر ئەوەندە بەس بوو، کە فرانسوای یەکەم پاشای فەرەنسا، بە چاوی باوک سەیری دەکات، بەڵام دوژمن و نەیارە سەرەکییەکەی سوڵتانی عوسمانی لە ئەوروپا، ئیمپراتۆر شارلکان، ئیمپراتۆری رۆمانیای موقەدەس و پاشای ئەسپانیا دان بەوە دەنێن و پەیمانێک لەگەڵ سوڵتان مۆر دەکەن، کە ئەوان، واتە شارلکان، قەیسەرێکی بن دەست و پاشکۆی ئەوە، هەموو سەرچاوە ئەوروپییەکان سوڵتان سلێمان بە ناوی سلێمانی مەزن یان گەورە، ناوی دەهێنن، نازناوی ئەلقانونیش، واتە دادپەروەر، پاش ئەوە هاتبوو، کە ناودارترین و گرنگترین کارەکانی بە ناوی (قانوون نامەی سوڵتان سلێمان) دەردەکات،

تێدا بۆ یەکەم جار، یاساکان لە بواری یاسای سزادان و کۆکردنەوەی باج و دیارکردنی موڵکداری و هەڵسوکەوت لەگەڵ نەتەوە و ئاینە کەمینەکانی تێدا بەرجەستە کردبوو، یاساکانی دانابوو، بەڵام بە مەرجێک بەندەکانی لەگەڵ بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی و دابونەریتی گشتی دەوڵەتی عوسمانی بگونجێت. کتێبەکە بە هاوکاری شێخ ئەلئیسلام ئەلموفتی ئەبو ئەلسعود ئەفەندیی، توێژەری گەورە نووسرابوو، ئەو کارەش نەمری و مەزنی بۆ سوڵتان تۆمار دەکات، بەوە دەناسرا، لە سەردەمی ئەو، هەموو بنەماکانی دادپەروەری پەیڕەو دەکرا و هەموو توێژەکانی هاوڵاتیانی دەوڵەتەکەیان یەکسان بوون. سوڵتانە شاعیرەکە سلێمان، سەرپەرشتی گەشەپێدانێکی زانستی و ئەدەبی و بیناسازی دەکرد، لە سەردەمی ئەودا، هەموو بوارەکان دەگەنە لووتکە، سوڵتان بەوەش دەناسرا، حەز بە موزیک و نەخشەسازی خشڵ دەکات، دیوانە شیعرەکەی لەدوای بەجێماوە، پڕیەتی لە هەستی ناسک و پەند و ئامۆژگاری.

## عیشق لە حەرەملەک

لەگەڵ هەموو شکۆ و سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی، کە لە ئەنجامی نەبەردییەکانی سوڵتان سلێمان هاتبوونە بەردەست، لە سەردەمی ئەو، سەرەتای دیاردەیەکی مێژوویی بە ناوی (سەڵتەنەتی حەریم) پەیدا دەبێت، لەگەڵ ململانێیە توند و گەرمەکەی نێوان دوو ژنەکەی سوڵتان، سوڵتان خوڕەم و ماهـ دەوران، لەسەر دوو بابەت و کێشە بوو، مەبەستیان بوو پێشبڕکێ و کۆشش بکەن بۆ زۆرترین دەسەڵات لە حەرەملەکی سوڵتان سلێمان و دابینکردنی کورسی جێنشینی بۆ کوڕەکانی خۆیان.

ئەو دوو ژنە لەو شەڕەدا، هەموو شێوە و کەرەستە و بوارەکان بەکاردەهێنن، تێدا سوڵتانە خوڕەم، لەو شەڕەدا سەردەکەوێت و دەسەڵاتی توندی خۆی لەناو کۆشک دادەنێت، کوڕەکەی خۆشی دەکاتە جێنشینی سوڵتان، بەڵام دەپرسین خوڕەم خانم کێیە؟ چۆن گەیشتووتە ئەو پایە؟ کێ ڕکابەرایەتی

کردووە؟ هەڵوێستی سلێمان ئەلقانونی لەو ڕەوشە و لەو ململانێیەی ناو سنوور و کەژاوەکانی چ بووە؟

کەسایەتی سوڵتانە خوڕەم، لە لاپەڕەکانی مێژووی عوسمانی، پێگەیەکی باڵا و دیاری هەبووە، هەتا ئەودەمانەش بە گەرمی باس لە ڕۆڵی ئەو ژنە، لە کات و ڕەوشێکی هەستیاری مێژووی دەوڵەتی عوسمانی دەکرێت، کە بە حەق سەردەمی زێرین بوو لە هێز و شکۆداری. تاوانی زۆر ڕووبەڕووی ئەو ژنە کراوەتەوە، هەر لە پیلانی دەرەکی بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتەکە، هەتا کارکردن بۆ دەسەڵات پەیداکردن لەناو حەرەملەک، دەستدرێژیکردن لەسەر کاروبارەکانی ناو دەوڵەت. ئەوانە بەخێرایی دەوڵەتەکەیان ڕووخاند، پێگە نێودەوڵەتییەکەی لەدەستدا، هەندێکیش دەڵێن، ئەو ژنە پەرۆش بوو، دوارۆژی منداڵەکانی برەخسێنێت، لەناو ڕەوشەکە دڵنیایان بکاتەوە. لە ململانێیە دژوار و ترسناکە بیانپارێزێت، پاش نەمانی ئەو هۆکارانە، فاکتەر و هۆکاری تر نەمابوون بۆ لاوازبوونی دەوڵەتەکە و دواییش ڕووخاندنی.

لە سەرەتای گوتارەکەمان، لەسەر شەڕەکانی حەرەملەک، دەبێ ئاماژەیەک بە ناوەکانی سوڵتانە خوڕەم بدەین، ئەو بە ناوی ڕۆکسانا یان ئەلکسندرا لەدایکبووە، بەڵام لە سەرچاوە عوسمانییەکان بە ناوی خوڕەم، کە بە تورکی مانای (دەم بەخەندە) یان (گەشاوە)یە ناسراو بوو، بە گەیشتنی ئەو، وەک جارییەک بۆ ناو کۆشک، لەلایەن سوڵتانە ماهـ دەورانی ژنی سوڵتان، ئەو ناوەی لێ نراوە و بەوە ناوە دەناسرێت، بەڵام لەناو تۆمارەکانی حەرەملەک ناوی (حوریم) بووە، لە سەرچاوە ئەوروپییەکان سوڵتانە خوڕەم، بە (ڕۆکسولینا) و (ڕۆکسولانا) و هەتا (ڕۆزیکا)ش ناسراوە. ئەو ژنە لەناو ئەدەبیاتی ئۆکرانی بە ئەلکساندرا ناسراوە، بەڵام لەناو سەرچاوە عەرەبییەکان، بە ناوی سوڵتانە (کریمە) ناسراوە، ئەگەرچی ئەو ژنە چەندین ناوی هەبوو، بەڵام لە سەدەی بیست و یەکیش، ناوێکی نوێی لێ دەنێن و لەناو دراما تورکییەکە، کە بە زمانی عەرەبی دۆبلاژکراوە ناوی بە (هویام) هاتووە، لێرەش ناویان گۆڕیوە.

سوڵتانە خوڕەم لە شاری روهاتینی خۆرهەڵاتی ئۆکرانیان لەدایکبووە، باوکی راهیبێکی رووسی بووە و ناوی دی روجالینو بوو، لە ئاکامی هێرشە بەردەوامەکانی تەتەرەکان بۆ سەر ناوچەی قەرم ئەو کیژە دەرفێندرێت و دەفرۆشرێت، دوایی بە خەڵات و دیاری دەدرێتە کۆشکی عوسمانی، دەڵێن سەدری مەزن ئیبراهیم پاشای هاوڕێی سوڵتان سلێمان، ئەو کیژە دیلەی کڕیوە، هەر ئەویش بە دیاری پێشکەشی کۆشکی (بابی عالی) کردووە.

لە یەکەم نیگاوە، کە سوڵتان سلێمان ئەو کیژە دەبینێت حەزی لێ دەکات، سوڵتان دڵە زامدارەکەی رادەستی کیژە جارییەکە دەکات، بۆیەش یەکسەر بڕیار دەدات ئەو کەنیزەیە لەناو کەنیزەکانی تر شیاوتر و شایستەتر دابنرێت، ئەگەرچی خوڕەم لە هەموو کیژە جارییەکانی تری ناو کۆشکەکە جوانتر و نازدارتریش نەبوو، بەڵام خودان کەسایەتییەکی سەرنجراکێش و باڵکێشی مەزنی بووە، بۆیەش سوڵتان سلێمان زۆر بەخێرایی بەندی دەبێت، لەگەڵ رۆژگارا خۆشەویستی سوڵتان بۆ کیژەکە قووڵتر و سۆزدارتر دەبێت، پاش یەک ساڵ مانەوەی لەناو کۆشک، وەک جارییەک دەژێت، کوڕێکی بە ناوی موحەمەد لە سوڵتان دەبێت، بۆیەش خوڕەم پلەی بەرزتر دەبێت و لەناو حەرەملەک دەگاتە پلەی سێیەم، واتە پاش سوڵتانە دایک حەفسەت خاتوون و ژنی سوڵتان ماهـ دەوران خاتوون، کە دەکاتە دایکی کوڕە گەورە و نۆبەرەکەی سوڵتان مستەفا.

لەناو کۆشکی سوڵتان دەنگۆیەک بڵاودەبێتەوە، کە سوڵتان تەنها سەرجێگا و نووستن لەگەڵ سوڵتانە خوڕەم بەس نییە و تێری ناکات، بۆیەش چەندین سەعات بەیەکەوە دەمانەوە و لەسەر رەوشی دەوڵەت قسەیان کردووە، دانوستانی گەرم و بە سوودیان کردووە، ئەگەر ئەوەش بۆ سوڵتانێکی عوسمانی نوێیش بێت، ئەوە هەموو خەڵکەکەی ناو کۆشکەکە، ئەوانەی دەرەوەی کۆشکیش دەزانن و هەست بەوە دەکەن، کە سوڵتانە خوڕەم، ژنە بژار و هەڵبژاردەکەی سوڵتانە و هەموو مافەکانی لەناو کۆشک بۆ فەراهەم کراوە، لەگەڵ ژنی یەکەمی

سوڵتان یەکسانە و هەموو مافەکانی پێ دراوە، ئەگەر لەویش پایەدار و باڵاتریش سەیری نەکرابێت.

لەو رەوش و پێشهاتەدا ئاسایی بوو، سوڵتانە خوڕەم داوا لە سلێمان سوڵتان بکات، بە رەسمی و بە شەرعی شووی پێ بکات و هاوسەرگیری بکەن، بەیەکەوە لەسەر بانێژەی کۆشکی بابی عالی کە دەڕوانێتە ئاوی دەریای مەڕمەڕە، سەیری ئەستێرەکانیان دەکرد، خوڕەم بە سوڵتان دەڵێت:

مەولا و گەورەم... داوایەکم هەیە و هیوام وایە قبوڵی بکەیت و دڵم نەشکێنیت، من دەمەوێ بە شەرعی ببمە هاوسەری سوڵتانی زەمان، دەمەوێ ناوی من بە ناوی تۆوە بلکێت، هەتا دونیا ماوە ناومان بەیەکەوە ببەسترێتەوە، هەموولایەک بڵێن سوڵتانە خوڕەم ژنی سوڵتانی سوڵتانەکان سلێمان ئەلقانونییە و دایکی شازادەکانە.

دیارە سوڵتان سلێمان داواکەی قبوڵ دەکات و دڵی نازدارەکەی ناشکێنێت، چونکە ئەوی لە هەموو ژنەکانی تری ناو کۆشکەکە بەنازتر دەزانی، ئەڤینەکەی بۆ ئەو، زۆر تایبەتی و جیاواز بوو، بۆیە لە دیلی ئازادی دەکات و دواییش بەپێی شەرع مارەی دەکات، فەرمان بە دیوانی گشتی دەدات ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەن و هەواڵەکەش لە سەرانسەری وڵات بە موژدەوە بڵاوبکەنەوە، بە مەرجێک هەواڵەکە لە گۆشەی هەموو وڵاتان ببیسترێت، ئەو هاوسەرگیرییە رەسمییەش، لە ماوەی یەک سەدەش، لادانێکی روون و بەرچاوی دابونەریت و سرووتەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوو، چونکە سوڵتانە عوسمانییەکان لە سەرەتای سەدەی پازدەی زاینییەوە هاوسەرگیری شەرعییان نەدەکرد، ئەوەش پاش ئەو ریسواکردن و سووکایەتییە بوو کە سوڵتان بایەزیدی یەکەم، پاش نسکۆ و شکانەکەی ئەنقەرە لە ساڵی ١٤٠٢ی زاینی بەرامبەر سوپا و هەڵمەتەکەی سوڵتانی مەغۆل تەیمورلەنگ رووبەڕووی دەبێتەوە، ژنە سربییەکەی ماریا دسیینا بە دیل دەگیرێت، لە ئاهەنگی سەرکەوتنەکاندا، بەڕووتی خزمەتی سەرکردە سەرکەوتووەکانی لەبەردەم مێردە دیلەکەی کردبوو، بۆیەش سوڵتانە

دیلەکەی بەردەستی تەیمورلەنگ کە خاتوونەکەی بەڕووتی دەبینێت خزمەتی تەیمورلەنگ دەکات، بەو خەفەتەوە دەمرێت، ئیتر لەورۆژەوە سوڵتانە عوسمانییەکان، لەگەڵ ژن و هاوسەرەکانیان هاوسەرگیری شەرعییان نەدەکرد، بە رەسمی خۆیان بە هیچ ژنێکەوە نەدەبەستایەوە، تا جارێکی تر ژنەکانیان بەو شێوەیە ئیهانە و ریسوا نەکرێن، بەڵام عیشقی سوڵتان سلێمان، بۆ خوڕەم یاسا و بنچینەکەی کۆشک و بنەماڵەکە دەشکێنێت و هاوسەرگیری لەگەڵدا دەکات، دبلۆماتی نەمساوی هانز دیرنشاوم، ئەوەی ماوەیەک لە ئەستنبۆل ژیاوە و لە ساڵی ١٥٥٥ی زاینی لە بیرەوەرییەکانی خۆییدا نووسیویەتی:

سلێمان، کەوتە داوی عیشقی کیژێکی رەچەڵەک نادیار و نەناسراو، هەندێک دەڵێن بەڕەچەڵەک رووسە، کیژەکەی خۆشدەوێت و مارەی دەکات و بواریش دەدات لەناو کۆشکدا بژیت.

سوڵتانە خوڕەم، هەتا کۆتاییەکانی تەمەنی دەیویست دەسەڵاتێکی بەهێز و بە هەژموونی هەبێت، بەڵام ئەو خەونە مەترسی لەسەر ژیان و مانەوەی هەبوو، ئەو گەنج بوو، سوڵتانیش پیر ببوو، بۆیەش زۆر بەیەکەوە نابن و سوڵتان دەمرێت و تاجەکەش دەدرێتە کوڕە تاقانەکەی سوڵتانە ماهـ دەوران، شازادەی جێنشین مستەفای کوڕی هەوێیە نەیارە سەرسەختەکەی، لەودەمانە دەسەڵاتی بەسەر هەموو وردەکارییەکانی ناو کۆشکی عوسمانی و دەرەوەی هەبوو، هیچ کەس لە زەبری تۆڵە و سزاکانی ماهـ دەوران دەربازی نەدەبوو، ئاساییش بوو تۆڵە لەو ژنە بکاتەوە، ماوەیەک دەستی بەسەری سوڵتان داهێنابوو و هەموو فەرمان و راسپاردەکانی سوڵتان، لەبەر رۆشنایی و داواکانی خوڕەم لە حەرەملەک دەردەچوو.

سوڵتان سلێمان بەردەوام خەریکی شەڕ و لە مەیدانەکانی جەنگ بووە، لە ناو ئەوروپا بووە، خوڕەم خاتوون ئازادانە، دەسەڵاتی خۆی ساز دەکرد و لەناو کۆشکدا بە ئارەزووی خۆی دەخولایەوە، دەستی لەناو هەموو کون و گۆشەیەکی کۆشک وەردەدا، سوڵتانیش لە جیهاد بووە، ژنەکە بەردەوام نامەی

بۆ دەنووسی و سۆز و نازەکانی بۆ نوێ و ساز دەکردەوە، جارێکیان بۆی نووسیبوو:

گەورەم، دەزانی دووری تۆ ئاگری لە هەناوم بەرداوە، بە ئاسانی ئەو سۆز و ئاگرە کپ نابێتەوە، بە دلۆڤانییەوە دڵە بە ئازارەکەم هێور بکەرەوە و وەڵامم بدەرەوە، تکایە.

## گەورەی ئەوروپا

دەرکەوتنی دەوڵەتی عوسمانی وەک زلهێزێک، پارسەنگی لەسەر مەیدانی ئەورووپی دانابوو، لەسەر سیاسەتی جیهانیش رۆڵیان هەبوو، لەناو کیشوەری ئەورووپاش سوپا و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکران، بۆیەش ئەورووپییەکان دەکەونەخۆ بۆ سازبوونەوە و نوێکردنەوەی پەیمان و بەرنامەکانیان، چونکە ناوچەکە لەناو ئاڵۆزی و ململانێیەکی سیاسی و ئاینی ترسناک دەژیا، شارلی پێنجەم یان شارلکانی پاشای ئیمپراتۆریەتی رۆمانیای موقەدەس و فرانسوای یەکەم پاشای فەرەنسا ململانێیان بوو لەسەر کورسی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی و پێشەوایەتی ئەوروپا، هەروەها پاپا لیوی دەیەم، پاش پەیدابوون و سەرهەڵدانی بزاڤەکەی مارتن لۆسەری دامەزرێنەری هزر و رەوتی پرۆتستانت، لەناو کێشەیەکی مەزن دەخولایەوە، شارەکانی ئیتاڵیاش لەنێوان خۆیاندا ناکۆک و نەیار بوون.

سوڵتان سلێمان، داوا و پێشنیارەکەی پاشای فەرەنسا قبوڵ دەکات بۆ دژایەتی و رووبەڕووبونەوەی شارلکان، کە شەڕێکی کراوەی دژ بە دەوڵەتی عوسمانی لە باکووری ئەفریقیا راگەیاندبوو، سلێمان ئەلقانونی سەفیری فەرەنسی لە رۆژی ٦ی دیسمبەری ساڵی ١٥٢٥ی زاینی دەبینێت، لەکاتی پێشوازییەکەی، ئاهەنگی قەشەنگ و شادومانی بۆ ساز دەکات، جوانترین دیارییشی پێشکەش دەکات و هەموو داواکانی پاشاکە قبوڵ دەکات، بەڵێنیش دەدات، شەڕی هەنگارییەکانیش بکات، بەوەش باری سەرشانی شارلکان

سووک دەبێت بۆ هێرشکردنە سەر فەرەنسا، فرانسوا هیوای دەخواست، بتوانێت پێگەو هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی بقۆزێتەوە و دۆستایەتییان پتەوتر بێت، تا دۆستایەتییان گونجاو بێت و خۆیان لە دوژمنەکانی پاریس بپارێزن، بۆیە هەڵویستیان لەگەڵ سوڵتان بەسۆز و ئارەزوومەندانە و سازان دەبێت، تا هەموو خەون و ئارەزوو بەدکارییەکانی پاشای ئەسپانیا پووچەڵ بکەنەوە.

فرانسوا دەکەوێتە ناو چەپۆکی پاشا شارلکان، نامەیەک بۆ سوڵتان ئەلقانونی دەنێرێت، تا ناوبژیوانیان لەنێواندا بکات و ئازادی بکەن، سوڵتان سلێمانیش ئەو نامەیە لەسەر داوای پاشای فەرەنسا دەنووسێت، ئەوەش هێمایەکە کە دەوڵەتی عوسمانی، لە سەردەمی سلێمان ئەلقانونییدا چەند بەهێز و شکۆدار بووە.

ئەوەش دەقی نامەکەیە:

خودای کردگار و بەهاداری باڵادار

بە چاودێری خۆشەویستی خودای پایەدار، پەیڤداری شکۆمەندی یەزدان، گەورەی هەموو پێغمبەرەکان، پێشڕەوی تیمی سەردارەکان موحەمەدی مستەفا د.خ خاوەنی زۆرترین بەرەکات، بە هاوڕێیەتی قودسیەتی رۆحە پیرۆزەکان ئەبوبکر و عومەر و عوسمان و عەلی رەزوانی خودایان لێ بێت، ئەوانە و هەموو نوێنەرەکانی خودا، منم سوڵتانی سوڵتانەکان و بورهانی خواقەکان و تاجداری پاشاکان سێبەری خوداکانی لەسەر بەردەوام بێت، منم سوڵتانی دەریای سپی، دەریای رەش، ئەنادۆل و روملی و قەرمانی رۆمەکان، ولایەتی قەدریە، دیاربکر، کوردستان، ئەزرەبیجان، عەجەم، شام، حەلەب، میسر، مکە، مەدینە، قودس، هەموو هەوارە عەرەبییەکان، یەمەن، هەموو مەمالیکەکانیش، ئەوانەی باب و باپیرە مەزنەکانم بە هێز و بە زەبر داگیریانکردن، ئەوانەی خودا ئاوەدانی کردیتەوە، وڵاتانی تریش، کە ژمارەیان زۆرە و بە شیرە سەرکەوتووەکەم داگیرکران.

منم سوڵتان سلێمان خانی کوڕی سوڵتان سەلیم خانی کوڕی سوڵتان بایەزید خان، بۆ فرنسیس، پاشای فەرەنسا، نامەکەتان گەیشتە مەقام و نوای سوڵتانەکان، نامەکەتان ئەوەی بە دەستی پەیامنێرەکەتان (فرانقبان)ی چالاک، لەگەڵ چەند هەواڵێکی زارەکی ئێوەم بە دەست گەیشت، زانیمان کە دوژمنەکانتان وڵاتەکەیان داگیرکردویت، ئێوەش گیراون، داوای یارمەتی و پشتیوانی دەکەن، دەتانەوێ ئازاد بکرێن، ئەوەی داواتان کردووە و باستان کردووە، گەیشتنە بەر دیدی پاشایەتییمان و هەموو وردەکارییەکانمان پێگەیشت، هەموو شتەکانمان بۆ روون و ئاشکرا دەبێتەوە، سەیریش نییە پاشاکان بگیرێن، بۆیە دەڵێم پشووتان درێژ بێت، زۆر تەنگاو و سەخڵەت مەبن، باپیرە مەزنەکانم گۆڕیان پڕ رووناکی بێت ئەوانیش گیراون، هیچ وڵاتێک دوورە شەڕ نابێت، هەموو هەوارێک داگیر دەکرێت و دوژمن رووی تێدەکات، ئێمەش بە هەمان رێگای ئەواندا دەڕۆین و توانیمان وڵاتە سەرسەختەکانیش داگیر بکەین، قەڵاتە توندەکان بگرین، ئەسپەکانمان شەو و رۆژ ئامادە و زینکراون، شیرەکانمان راکێشراون، خودای گەورە و کردگار بە ئیرادەیە بە سەرپەرشتی ئەو حەق دەگەڕێتەوە، سەبارەت بە حاڵ و هەواڵ و راسپاردەکان، هەمووم بە پەیامنێرەکەتان راگەیاندووە و لەوەوە وەڵامەکەم وەربگرن، بزانن ئەوە نیاز و مەبەستان بێت.

ئەو نامەیە لە سەرەتاکانی مانگی ربیعی ئاخر ساڵی ۹۲۲ی کۆچی نووسراوە.

مەقامی سەڵتەنەتی باڵا

قوستەنتینیەی پارێزراوی پاسکراو

به پێناوی دەوڵەتی عوسمانی، پاشای فەرەنسی دەگەڕێتەوە و کۆشک و تاجەکەی وەردەگرێتەوە و هاوپەیمانی عوسمانی فەرەنسی زۆر گەشە دەکات، بەیەکەوە بیر لە داگیرکردنی ئیتاڵیا دەکەنەوە، چونکە پاشای فەرەنسا زۆر

باسی مەزنی و دەوڵەمەندی شارە ئیتاڵییەکانی بۆ کردبوو، پێی وتبوو، شارەکان لەڕووی کلتوورییەوە زۆر پێشکەوتوون، بەڵام سوڵتان سلێمان زۆر پەرۆشی هاتنەناوەی رۆما بوو، دەیویست مەڵبەندی بوون و دەسەڵاتی پاپای کاسۆلیک و پێشەوای کریستیانی ئەوروپی داگیر بکات.

سلێمانی یەکەم بە سەرۆکایەتی سەد هەزار سەربازەوە لە خۆرهەڵاتەوە هێرش دەکاتە سەر ئیتاڵیا، خەیرئەلدین بربروس، لە بەرەکانی باشوورەوە بەرەو بەنداوی ئوترانەی ئیتاڵی هێرش دەکات، فەرەنسییەکانیش لە بەرەی خۆرئاواوە بەرەو ئیتاڵیا دەخشێن، مەبەستیان بوو لە سێ بەرەوە هێرشەکەیان بکەن، بەڵام پاشاکەی فەرەنسا نەوەک بە تاوانبار و لادەر ناوی بڕوات و کریستیانەکان دژایەتی بکەن، کە هاوکاری سەربازی لەگەڵ دەوڵەتێکی موسلمان کردووە، نەبەردییە سەربازییەکەی رادەگرێت، ئەگەرنا هەموو وڵاتی ئیتاڵیا دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی.

سەرکەوتنەکانی سوپای عوسمانی لە ئەوروپا، رۆژ بەرۆژ پێگە و پایەی سەدری مەزن ئیبراهیم پاشای بەرزتر دەکردەوە، سوڵتانیش لەلایەن خۆییەوە بەردەوام دەسەڵات و هەیبەتی زۆرتر دەکرد و ببووە کەسایەتی دووەمی دەوڵەتی عوسمانی، بەو پێشهاتەش سوڵتانە خوڕەم، زۆرتر هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکات، چونکە ئیبراهیم پاشا بەوە دەناسرا، کە لەناو کۆشک سەرپەرشتی و ئامۆژگاری شازادە مستەفا پاشای جێنشین دەکات، بەوەش دەسەڵات و هەیبەتی سوڵتانە خوڕەم لاواز دەبێت و منداڵەکانی بەئاسانی ناگەنە دەسەڵات و دوورەپەرێز دەبن، ئاساییە کە ژیانیشیان لە داهاتوو بکەوێتە مەترسی و بشکوژرێن. تاکە بوار و بەرنامەش بۆ راڤە و چارەسەری ئەو رەوشە، دەبوایە سوڵتانە خوڕەم دڵی سوڵتان زۆرتر بۆ لای خۆی رابکێشێت و ببێتە نازدارەکەی ئەو، تا یەکێک لە کوڕەکانی ئەو بگاتە تاج و کۆشکەکە، دەبوایە ئەو ژنە، شەڕی سێ لایەنی کردبوایە، کە هەڤاڵبەندییەکی پتەوی سێ بەرەی بەهێز بوون، ئەویش سوڵتانەی دایک حەفسەت خاتوون و سەدری مەزن

ئیبراهیم پاشا و سوڵتانە ماهـ دەوران، کە بەنیاز بوون و کاریان دەکرد شازادە مستەفا بگاتە تاجەکەی عوسمانی، بەڵام دەپرسین چۆن ئیبراهیم پاشا گەیشتە ئەو هێز و پۆست و بڕوایە؟!

## کەنیزەکان

سوڵتانە عوسمانییەکان ماوە ماوە دەیانویست ژمارەیەکی نوێی کەنیزە بهێننە ناو حەرەملەک، یەکێک لە ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی کۆشک ئەوە بوو، کە پرۆسەی کەنیزە و حەریمی ساز کردبوو، دەبوایە کەنیزەکە، لە نۆ ساڵ زۆرتر لەناو کۆشکی تۆپ قاپی نەمینێتەوە، لەو ماوەیەدا چارەنووسی دیار بکرێت، کە تەمەنیان دەگەیشتە بیست و پێنج ساڵ، ئەگەر لەو ماوەیەدا سوڵتان لەگەڵ یەکێکیان خەوتبوایە، ئەوە کەنیزەکە دەبووە دۆستی ئەو و نەدەفرۆشراوە، هەتا مردنی لەناو کۆشک بۆ خزمەتکردن دەمایەوە، ئەگەر لەو پرۆسەیەدا لە سوڵتان دووگیان بوایە، ئەوە پێگەیەکی تایبەتی لەناو کۆشک پەیدا دەکرد.

هەر کەنیزەیەک هەتا تەمەنی خانەنشینی بەختیار نەبوایە بەوەی ببێتە دۆست و ژنێکی دووگیان بە یەکێک لە کوڕەکانی سوڵتان، دەیتوانی و ئازاد بوو، ئەگەر ئارەزووی هەبووایە، شوو بکات. بەڕێوەبەرانی حەرەملەک، دەبوایە بۆ دۆزینەوەی مێردێکی گونجاو بۆ ئەو کەنیزانە ئیش بکەن و ئاسانکارییان بۆ بکەن، ئەوانەی لەناو کۆشک، هەموو جۆرەکانی ڕەوشت و خزمەتگوزارییەکان لە کۆشکی عوسمانی فێر ببوون، ئەوەش خەسڵەتێکی پایەدار بوو بۆ کەنیزەکان، بۆیە ئەوانە بۆ خوازبێنی و داوای زۆریان لەسەر بوو، سوڵتانیش دەبوایە هەموو پێداویستییەکانی هاوسەرییان بۆ ساز بکات.

کە بڕیاریش دەدرا کەنیزەکە بەشوو بدەن، پسولەی خانەنشینیان بۆ دەکرد، بەو پەیمانەیان دەووت، عەتقنامە، واتە مۆرکردن و ئازادبوون، بەڵام هەندێک لەو کەنیزانە، دەیانویست لەوێ بمینێنەوە و لە کۆشک دوورنەکەونەوە و پسولەی عەتقەکەیان دەدڕاند، بەوەش لەناو حەرەملەک دەمانەوە، هەموو جۆرە ڕێز و

پاداشتێکیان هەبوو و لەلایەن کەنیزە نوێیە گەنجەکان رێزیان دەگیرا و نازیان دەکێشرا، هەروەها سوڵتانیش دەبوایە چاوی لەوانە بوایە و سەرپەرشتی گوزەرانی دەکردن، بەتایبەتی کە گەورە و پیر دەبوون، ماوە ماوەش لە تەندروستی و رەوشی دەپرسین و پێیان دەوتن پێویستییەکانتان رەوایە.

# بەشی پێنجەم
# هەڵوەشانەوەی پەیمانە سێ قۆڵییەکەی حەرەملەک

## سیستەمی دوشیرمیەت

هەموو کۆشش و خەونەکانی سوڵتانە خوڕەم، رووبەڕووی هەڤاڵبەندییەکی بەهێز دەبێتەوە، یەکێک لەوانە سەدری مەزن ئیبراهیم پاشا بوو، کە سوڵتانە ماهـ دەوران و سوڵتانەی دایک حەفسەت خاتوون پشتیوانییان دەکرد، لەبەر رۆشناییەکانی دابونەریتی باوی حەرەملەک، شازادە مستەفای کوڕی سوڵتان سلێمان لە ژنەکەی ماهـ دەورانی کوڕە گەورەی سوڵتان، تاجەکە وەردەگرێت و ئەوەش مەترسییەک لەسەر پرۆژە گەورەکەی سوڵتانە خوڕەم پەیدا دەکات، کە هەر چوار کوڕەکەی لە پۆستی جێنشینی دوور دەکەوێتەوە.

ئیبراهیم پاشا کە بە پاشا فەرەنگی دەناسرا، خوشکی سوڵتان، خەدیجە خاتوون دەخوازێت، دەسەڵاتێکی زۆر پەیدا دەکات و بوارەکانی گەیشتنی کوڕەکانی سوڵتانە خوڕەم بۆ تاجی سوڵتان کەم دەکاتەوە. رەچەڵەکی ئیبراهیم پاشا، دەگەڕێتەوە شاری براگا، بۆیەش بە ئیبراهیم براگایی دەناسرا، ئەو شارە، دەکەوێتە سەر کەنارەکانی یونان، ئەو لە بنەماڵەیەکی کریستیانی لەدایکبووە و باوکی راوە ماسی کردووە و بەو پیشەیە ژیاوە، بەپێی نەریت و سیستەمی دوشیرمیەت، منداڵ لە تەمەنی دە ساڵییەوە، لە خێزانەکەی دووردەخرێتەوە و رەوانەی کۆشکی عوسمانی دەکەن بۆ خزمەتکردنی سەڵتەنەکە، بەڵام هەندێ سەرچاوەکان، باس لەوە دەکەن، کە ئەو لەلایەن چەتەکانەوە رفێندراوە و لە بازاڕی بەدناوی هەراجکردنا فرۆشراوە، بە دەستی قەدەریش دەگاتە ئەنادۆل و بەدروستی شاری مانیسا، پیرەژنێکی بێکەس دەیکرێت و پەروەردەی دەکات، لەوێ فێری موزیکژەنی دەبێت و مامۆستای زمانی تورکی و زمانە لاتینییەکان و یونانی بۆ فێربوونی زمان دەستەبەر دەکات.

رۆژێکیان کەژاوەی شازادە سلێمانی کوڕی سوڵتان سەلیم، کە والی ئەودەمانەی شارەکە بوو، بە کۆڵانێکدا دەڕوات، ئیبراهیمیش لەبەر ماڵی پیرەژنەکەی دایکی موزیکی دەژەنی، سلێمان بە موزیکی کوڕەکە سەرسام

دەبێت، زۆر سەرمەستانە شەیدای هونەری موزیک و هونەرەکانی تریش بوو، داوا دەکات کوڕەکەی بۆ بانگ بکەن، دارودەستەکەی بەپەلە دەگەنە ماڵی پیرەژنەکە و منداڵەکە بۆ والی دەهێنن، لە کۆشکەکەی والی ئەو دانوستانە ساز دەبێت:

سلێمان: ناوت چییە؟

ئیبراهیم: گەورەم ناوم ئیبراهیمە.

سلێمان: من دەناسیت؟!

ئیبراهیم: کێ هەیە مانگی کوڕی خۆر نەناسێت، تۆ شازادە سلێمانی کوڕی سوڵتانی مەزن سەلیم خانی.

سلێمان: کێ ئەو ئاوازە خەمگینەی فێرکردیت؟

ئیبراهیم: خاتوونەکەمان، خاوەنی ئەو کۆشکە منی فێرکردووە، ئەو منی گەورە کرد، منی لاواز و کەساسی پێگەیاند و خودا خێر و چاکەی بداتەوە.

سلێمان: من نایناسم، دیارە رەوشتی بەرزی فێرکردیت... ئەدی خێزانەکەت کێیە ؟

ئیبراهیم: ئەوان لە شارێکی دووری یونانن، بە شارەکە دەڵێن براگا.

سلێمان: کەواتە تۆ ئیبراهیم براگای، پێم بڵێ کوڕەکەی براگایی ئارەزووی خێزانەکەت دەکەیت؟!

ئیبراهیم: کێ هەیە پەرۆشی دایکوباوک و کەسوکارەکانی نەکات؟

سلێمان: چ دەڵێیت بۆ لەگەڵ من نابیت، وەرە لە هەموو گەشت و سەیران و کاروانەکانم هاوڕێ و سێبەرم بە، دیارە کوڕێکی بەرەوشتی؟

ئیبراهیم: فەرمانی جەنابتە گەورەم، من دەبێ گوێرایەڵی فەرمانتان بم، بەڵام دەبێ بچم بە دایکم بڵێم، ئەو ژنەی بەخێوم دەکات.

سلێمان: کەواتە بووینە هاوڕێ، ئەگەر ئەو بزانێت تۆ لەگەڵ من دەردەچیت رازی دەبێت و لە بەرژەوەندی ئەویش دەبێت.

لەورۆژەوە ئیبراهیم دەبێتە ئەندامێکی دەستەی حاشیەی ئەو، هەر لە تەمەنێکی زووەوە هاوڕێیەتی دەکات و پەیوەندییەکانیان گەرم و بەجۆش دەبێت، بەیەکەوەش دەخوێنن و لە چەندین بواردا خۆیان فێر دەکەن، وەک زمانی بێگانە و دەسترەنگینی و کارامەیی لە بوارەکانی پیشەسازی و هونەر، ئەو قۆناخانە تەواو دەکات، پیرەژنەکە بەرنامەی بۆ دادەنێت، ئەوانەی سەرپەرشتی پەروەردەیی و فێربوونی شازادە دەکەن، دەزانن ئەو هاوڕێیەتییە بە چاکە دەکەوێتەوە، لەو رۆژەوە کوڕەکە دەبێتە کەسی هاندەر و هاوکاری شازادە سلێمان هەتا دەبێتە خەلیفەش.

## سەرکەوتن و پێگەیشتن

پەیوەندیی و برادەرایەتی نێوان شازادە و کوڕە خزمەتکارەکەی پتەو و خۆش دەبێت، کە سلێمان سەڵتەنەتی عوسمانیش لە ساڵی ١٥٢٠ی زاینی وەردەگرێت، پلەی هاوڕێیەکەی لە دەوڵەتی عوسمانی بەرز دەکات، ئەویش بەهرە و کارامەیەکی باش دەنوێنێت، بۆ خزمەت و راژەی گەورەکەی سلێمان ئەلقانونی، کە ئیبراهیم پاشا، دەبێتە بەرپرسی ئیدارەی بەشە تایبەتەکی سوڵتان ( خاس ئۆدە باشی) لێهاتوویی بەڕێوەبردن و رێکخستنی تێدا بەدی دەکرێت، بە شێوەیەک هەموو خەڵکە نزیکەکانی سەرسام دەکات، بەتایبەتی لەو پۆستەی کە سەرپەرشتی هەموو پێداویستییەکانی سوڵتان دەکات، لە خواردن و خواردنەوەکانی، ئەو پۆستەش پێگەیەکی ناسک و هەستیار بوو لەناو کۆشک، هەر ئەویش بەرنامەی دیمانەکانی سوڵتانیش دادەنێت. لەناو کۆشک، ئیبراهیم پاشا دۆستایەتی لەگەڵ سوڵتانەی دایک حەفسەت خاتوون گەرم دەکات، ئەو لە منداڵییەوە دەیناسی، لەودەمانەی لە مانیسا ئەوی بە گچکەیی دیبوو، کە ئەو لەو بازنە تەسکەی کۆشک دەژیا، لەنزیکەوە ئاگاداری هەموو پیلان و ململانێیەکانی نێوان خوڕەم و ماهـ دەورانیش بوو.

ئیبراهیم زۆر بەپەلە، لەو پۆستەی بەشە تایبەتییەکەی سوڵتان لەناو کۆشک سەردەکەوێت، لە هێرشەکانی داگیرکردنی دوورگەی رۆدۆسیش دەردەکەوێت، ئیبراهیم پاشا کارامەییەکی بە توانای لە راژە و هزری سەربازییش دەبێت، بۆیە سوڵتان سلێمان بە فەرمانێکی لەناکاو و چاوەڕوان نەکراو ئیبراهیم پاشا دەکاتە سەدری مەزنی وڵات، پۆستەکەش پاش پۆستی سوڵتان گرنگترین پێگە بوو لە دەوڵەتی عوسمانی، پۆستێکە هاوشانی جێگری سەرۆک و سەرۆک وەزیران بوو، ئیبراهیم دەگاتە ئەو پلەیە تەمەنی تەنها بیست و هەشت ساڵ بوو، ئەوەش بۆ پۆستەی سەدری مەزن بچووک و پێشوەخت بوو، بۆیەش ئەو پۆستە و ئەو فەرمانە بۆ ئیبراهیم، زۆر لە پیاوە دیارەکانی دەوڵەت تووڕە و نیگەران دەکات، کە خۆیان بە شایستەی ئەو پۆستە دەزانی و زۆریان لا سەیر دەبێت، گەنجێکی نەشارەزا و نەناسراو بگاتە ئەو پۆستە، ئەو فەرمانە مەزنەی پێ بسپێرن، کاربەدەستە کۆن و دیارەکانی کۆشک بە وەرگرتنی ئەو پۆستە، تووڕە ببوون، چونکە ئیبراهیم بە پلەکانی ئیداری هەڵنەکشابوو، ئەحمەد پاشای وەزیر ئەو رازەی بەئاشکرا دەربڕیبوو، زۆر لە ئیبراهیم پاشا خۆی بەگونجاو و موستەحەقتر دەزانی، بۆیەش سوڵتان تا ئارامی بکاتەوە و دڵی بداتەوە وەزیرە تووڕەکە دەکاتە والی میسر، بەڵام ئەو بەوە سارد نابێتەوە و چاوی هەر لە پۆستی سەدری مەزنی دەوڵەت بوو، بۆیە لە میسرەوە یاخی دەبێت، بەناچاری سوڵتان سلێمان ئیبراهیم پاشا رادەسپێرێت، یاخیبوونەکەی ئەو لە میسر کپ بکاتەوە، ئەویش بە لێهاتوویی فەرمانەکە جێبەجێ دەکات، لەو ماوەیەی لە وڵاتی میسر دەمینێتەوە، ئیش دەکات بۆ دانانی ریزبەندی یاسایی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ناوخۆیی میسر، ماوەی سێ سەدە کاری پێ دەکرێت و ناوی دەنرێت قانوون نامەی میسر، ئەو لە ٣٠ی سپتەمبەری ساڵی ١٥٢٤ هەتا ٥ی سپتەمبەری ساڵی ١٥٢٥ی زاینی لە میسر دەمینێتەوە، لەوێ باجی سەر خەڵکەکە سووکتر دەکات، گوێ لە گلەیی و شکایەتەکانیان دەگرێت، فەرمان

دەدات چەندین گۆڕان و چاکسازی بکەن، لەوانە نۆژەنکردنەوە مزگەوتی عومەری کوڕی ئەلعاس.

ئەو ماوەیەکی کەم لە پۆستی سەدری مەزن دەمینێتەوە، سوڵتان سلێمان تێدەگات لە دانانی ئەو، لەو پۆستە هەستیارە راست و دروستبووە، چونکە کارامەییەکانی لە بوارەکانی دبلۆماسی و سەربازییەوە زۆربوون، بەتایبەتی ئاراستەکانی سیاسەتی دەرەوەی سەبارەت بە رامانەکانی بۆ کاروباری ئەوروپی، بۆیەش سوڵتان سلێمان چەندین دۆسیەی هەستیاری تری دەخاتە بەردەست، دەبێتە بەرپرس و چاودێری زۆر لە دەسەڵاتە هەستیارەکان، لە سەردەمی ئەو، سەدری مەزن سەردەمی زێرینی لەناو دەوڵەتی عوسمانی تۆمار دەکات و پرشنگداری دەکات.

ئیبراهیم پاشا لە زۆر لە بڕیارە هەستیار و ترسناکەکان بەشدار دەبێت، تێدا بەرنامەی سەربازی بۆ شەڕەکەی موهاکس دادەرێژێت، تێدا سوپای عوسمانی تەنها بە یەک سەعات و نیو، سوپای هەنگاری دەشکێنێت، هێرشەکەیان بەردەوام دەکەن تا بوداپستی پایتەختەکەیان دەگرن، دەروازەکانی بۆ سوڵتان سلێمان دەکەنەوە، سوڵتانیش ئەو سەرکەوتنە بە مەزنترین سەرکەوتن لە مێژووی ئیسلامی دەزانێت. لەو سالأنە، لە سەردەمی سوڵتان سلێمان نیوەی شار و قەلأتەکانی دەگیرێن، هەموویان بە سەرپەرشتی ئیبراهیم پاشا بووە و کاریگەری ئەویان پێوە بووە، هەموو پەیوەندییە سیاسی و دبلۆماسییەکانی عوسمانی و ولأتانی ئەوروپی، ئیبراهیم پاشا کارەکتەری سەرەکی دانوستان و پێشنیارەکان دەبێت، هەر بە زیرەکی ئەو بووە، شارلی پێنجەم رازی دەکات، دان بە سەروەری عوسمانییەکان لەسەر حوکمڕانی هەنگاریا بنێت.

سەرکەوتن و لێهاتووییەکانی ئیبراهیم لەناو حەرەملەک، بە چاوێکی ژیرانە و چاودێرانە سەیر دەکرا، سوڵتانە خوڕەم، لەگەڵ پایەداربوونی ئیبراهیم پاشا، ئەویش پلە و ناودارییەکەی گەشە دەکات، لەگەڵ سەدری مەزن سازان نەبوو،

چونکە سەدری مەزن زۆرتر لەگەڵ سوڵتانە حەفسەت خاتوون و سوڵتانە ماهـ دەوران سازببوو، تا شازادە مستەفا بەپێی پرنسیپەکانی کۆشکی عوسمانی بگاتە جێنشینی تاجی عوسمانی، ئەوەش بۆ خورەم خاتوون مەترسییەکی مەزن بوو، چونکە کوڕەکانی لە کۆشک و پۆستەکانی باڵاکانی دووردەکەونەوە، بۆیە ژنەکە کار دەکات پەیوەندییەکان و دۆستایەتییەکان شلۆق بکات و هەڵیانتەکێنێت، کار بۆ ئەوە دەکات، کەسە نەیارەکەی ئیبراهیم پاشا دووربکاتەوە، ئەویش زۆر دژایەتی ئەو ژنەی دەکرد بەتایبەتی دەیزانی سوڵتان سلێمان، زۆر شەیدا و عاشقی ئەو ژنە بووە، بۆیە دەترسا سوڵتان پەراوێزی بکات و دڵی ژنەکە خۆش بکات.

## لووتکەی سەروەرییەکان

ڕەوشەکە بەپێچەوانەی هیوا و نیازەکانی سوڵتانە خورەم دەکەوێتەوە، ئیبراهیم پاشا دەبێتە زاوای سوڵتان و خەدیجەی خوشکی مارە دەکات، دیارە ئەوەش بەرەزامەندی و ویستی حەفسەت خاتوونیش بووە، چونکە دایکەکە هەست دەکات بەوەیان زۆرتر پێگەی کوڕەکەی توندتر و ئەستوورتر دەبێت، سوڵتانە خورەمیان لەو ئاهەنگەدا بینیبوو ئاگری لە چاوانی دەباری، لە ئاهەنگە ئەفسوناوییەکەی لە مێژووی بنەماڵەی پاشایەتی عوسمانی بێ وێنە بووە، کە زۆرتر لە دوو هەفتەش دەخایێنێت، سوڵتانە خورەم ڕازییش نەبوو، سوڵتان کۆشکی منیفا بۆ ئەو بووک و زاوایەش تەرخان دەکات، خەمگین و ناڕەحەتیش دەبوو، سوڵتان پێی دەڵێت ئیبراهیم ئەوەندە بەرێز و سوپاسگوزارە، لە بووکەکە چوویتە ژوورەوە کرنۆشی بۆ دەبات و دیوەتی لچکی کەواکەی ماچکردووە، کە ناوی دەهێنێت و یان بانگی دەکات هەر پێی وتووە سوڵتانەکەم، یان سوڵتانە، بۆیەش سوڵتان سلێمان، بەوە دڵشاد بوو، ئیبراهیم پاشا زۆر ڕێزی خوشکەکەی دەگرێت.

ئیبراهیم پاشا دەبێتە زاوای سوڵتان، دەسەڵات و پاوەرەکەی دەگاتە لووتکە، بەتایبەتی کە نازناوی (داماد) وەردەگرێت و لە هەموو کار و پرسەکاندا دەبێتە دەستەراستی سوڵتان، لە هەموو هەڵمەت و شەڕەکانی سوڵتانیش بەشدار دەبێت، زۆریش سەرۆکایەتی ئەو هەڵمەتانەی کردووە کەسوڵتان خۆی بەشداری نەکردووە، هەروەها لەسەر پێشنیاری سوڵتان، سەرۆکایەتی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی دیوانیشی کردووە، ئەوەش لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی نەبووە و نەکراوە، چونکە بەردەوام و بێ پچڕان، تەنها سوڵتانەکان سەرۆکایەتی دیوانی دەوڵەتیان کردووە.

## کەوتنی ئەستێرەکە

بەرزبوونەوە و گەیشتنی هەر باڵندەیەک بۆ سەرووی هەور، کەوتنێکی توندی بەدواوەیە. ئیبراهیم پاشایەک، کە بە فەرەنگییەک و تورکێک و براگایەک و داماد پاشا، پاشان بە ئیبراهیم پاشا دەناسرێت، لەدوای چەندین بەڵگە لەسەر شێلوویی رەوش و پێشهاتەکانی دەردەکەوێت، ئاساییە و دەکرێ ناوی پاشایە کوژراوەکەشی پێ بڵێن. ناکۆکییەکانی ئەو و سوڵتانە خوڕەم، هەر لەسەر ئەوە بوو، کام لە منداڵەکانی سوڵتان ببنە جێنشینی سوڵتان و پاش مردنی سوڵتان بگەنە باڵادەستی دەوڵەتەکە، کێشەکەیان بەرەو کۆتایی دەچوو، ئیبراهیم بە هەموو بەڵگە و دەرخستەکان دیاربوو، پشتیوانی بەرەکەی دژ بە سوڵتانە خوڕەم دەکات، ژنەکەش، پەرۆش بوو یەکێک لە کوڕە شازادەکانی، موحەمەد و سەلیم و بایەزید ببنە جێنشین، بۆیە دەست دەکات بە پیلانگێری و دەستەکاری بۆ هەڵوەشاندنەوە و زاڵ بوون، بەسەر هاوپەیمانی نەیارەکانی. بەپێی ئەو سەربردەیەی گوتراوە، ژنەکە لەسەر بەرنامەی لەکەدارکردنی ناو و پێگەی سوڵتان، دەیویست بڕوا و متمانەی سلێمان بە ئیبراهیم پاشا لەق بکات، کە چۆن ئەو بۆتە هاوبەش و بەشدار سەروەرییەکانی سوڵتان، چونکە دیار بوو، کە بەرپرسانی ڤینیسیا لەجیاتی سەدری عالی، ناویان لە ئیبراهیم پاشا نابوو

(ئیبراهیمی مەزن)، ئەوەش هاوشێوەیە لەگەڵ نازناوە مەزنەکەی سوڵتان سلێمان، بەردەوام خوڕەم خاتوون بیری لەوە دەکردەوە، لەو نیگایەوە بابەتەکانی دەورووژاند، ئیبراهیم لەسەر ئاستەکانی مەزنی و شکۆداری هاوشانی سوڵتانە، ئەوەش مەترسییەک لەسەر ژیان و دەوڵەتەکە دروست دەکات. دیار نییە و نازاندرێت، کە خوڕەم خاتوون، چ دەربارەی ئیبراهیم پاشا بە سوڵتان سلێمان وتووە، بەڵام سوڵتان لە یەکێک لە هەڵمەتەکانی داگیرکردن بووە، لە نامەیەکدا خوڕەم خاتوون ئەو چەند دێرەی بۆ نووسیوە:

دەپرسیت من لەسەر چ لە ئیبراهیم پاشا تووڕەم، ئەگەر بە پشتیوانی خودا بەیەک شادبووینەوە و کۆبوینەوە، من هۆیەکانت پێ دەڵێم و ئینجا تێدەگەیت. ئەوەش دەروازە، لەبەردەم رامان و ئەگەرەکان دەکاتەوە، بۆ رووبەڕووبونەوە سوڵتانە خوڕەم لەگەڵ ئیبراهیم پاشا.

سوڵتانە حەفسەت خاتوون لە ساڵی ١٥٣٤ی زاینی دەمرێت، بوارەکانی ئەو رووبەڕووبونەوە و دژایەتیکردنی ئەو دوو جەمسەرە، گەورە ئاسانتر دەبێت و خوڕەم خاتوون هەڵوێستی بەو مردنە بەهێزتر دەبێت و چیتر هەڤاڵبەندییە سێ قۆڵییەکە جێگیری و پتەوییەکەی نامینێت، حەفسەت خاتوون دەزانێت، خوڕەم خاتوون لەناو حەرەملەک پتەو و زاڵ دەبێت، پشتی ماهـ دەوران دەگرێت و ئەوەش چەندین جار هەستی پێکراوە و زانراوە، بۆیەش پاسەوانی زۆرتر بۆ زاواکەی ئیبراهیم پاشا دادەنێت، لەبەردەم سوڵتان سلێمان بە گەرمی و بەڕوونی بەرگری لێ دەکات، بەڵام بە مردنی ئەو، بوار بۆ خوڕەم خاتوون ساز دەبێت، لەناو حەرەملەک پێگەی بەهێزتر بکات و دەسەڵاتەکانی فراوانتر بێت، هاوڕێیە وەفادارەکەی سوڵتانیش سەرکۆنە بکات.

ئیبراهیم پاشا چەند هەڵەیەک دەکات، بوارساز دەبێت کۆتاییەکانی نزیک ببێتەوە، یەکێک لەوانە، بەنهێنی یەکێک لە ژنە خزمەتکارەکانی کۆشکی سوڵتان بە ناوی موحسنە دەهێنێت، کە ئەوە ئاشکرا دەبێت، هەر بەپەلە پەیوەندی و هاوسۆزییەکانی لەگەڵ ژنەکەی سوڵتانە خەدیجە لاواز و سارد دەبێت، لەڕووی

کەسایەتییەوە سوڵتانیش ئەو هاوسەرگیرییە بە خیانەت دەزانێت و زۆر تووڕە دەبێت، ئەوەیان فاکتەرێکی بەهێز و دیار بوو، بۆ دەرکردنی فەرمانی لە سێدارەدانی ئیبراهیم پاشای کۆنە برادەر و پشتیوانە هەر مەزن و قایمەکەی.

هەموو فێڵ و پیلانەکانی خوڕەم خاتوون، هێنانی ژنی دووەمیش، بیانووی سادە بوون بۆ ئەوەی سوڵتان سلێمان گومانی لێ بکات و لە کردەوە و چالاکییەکانی هەست بە نیگەرانی بکات، دەیزانی کۆنە برادەرەکەی، وا لەناو سوپا دەسەڵاتی بەرز و زۆر دەبێت، لەدوا شەڕەکاندا دژ بە ئیران، ئیبراهیم پاشا سەرکردەی گشتی هێزە عوسمانییەکان بووە، لەوێ هەڵەیەکی مەزن دەکات، هەندێ فەرمان بە ناوی (سەرعەسکەری سوڵتان) مۆر دەکات، ئەو نازناوەش تەنها لەلایەن سوڵتان بەکاردێت و کەسی تریش مافی ئەوەی نییە، ئەو دەستەواژە وەک ناو و نازناو هەڵبگرێت، بۆیە سوڵتان هەست دەکات سەرۆک وەزیرانەکەی، وا خەریکە مەقامە سوڵتانییەکان دەبەزێنێت، بەرەو پشتی پۆستەکەی هەنگاو دەنێت، بۆیە بیرۆکەی رەشبین، لەناو هزری سوڵتان دەخولێتەوە، ئیبراهیم پاشا بەنیازە کودەتایەک لەسەر هەموو دەزگاکانی دەوڵەت بکات، جەمسەرەکانی فەرمانڕەوایی بگرێتە دەست، شازادە منداڵەکە مستەفاش بکاتە سوڵتان، بەوەش ئیبراهیم پاشا هەموو کاروبارەکانی دەوڵەتی دەکەوێتە بن دەست و سەڵتەنەتەکە کۆنترۆڵ دەکات.

ئەو هزر و بیرۆکانە، لەناو مێشکی سوڵتان دەخولایەوە، لەگەڵ ئەوەش بەردەوام خوڕەم خاتوون، لەسەر قەبەکردنی دەسەڵاتەکانی ئیبراهیم پاشا لەبەری دەخوێند، ئەو زۆر بەناڕەوا دەستی کردۆتەوە و چەندین جاریش بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر سوڵتان و پرس نەکردن بەو، بڕیاری دەردەکرد و لە سەرکردایەتی سوپاش دەسەڵاتەکانی تێپەڕاندووە، لە عیراق بەرپرسی بودجە ئەسکەندەر چەلەبی لە سێدارە دەدات، ئەوانە بەس بوون وێنەیەکی تر لەناو هزری سوڵتان سلێمان بخوڵقێت.

ڕەخنە و قسەکردن لەسەر ئیبراهیم پاشا دەگاتە ناو کۆمەڵانی خەڵکیش، قسە دەکەن لە بیروباوەڕ و ئیمانەکەی، بۆچوونەکەش لەوە سەرهەڵدەدات کە ئیبراهیم پاشا، لە یەکێک لە هەڵمەتە گەورەکانی بۆ سەر وڵاتی هەنگاریا، بە سەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە، لە پایتەختە شکاوەکەی ئەوان لە ساڵی ١٥٢٦ی زاینی سێ سەد پەیکەری کەسایەتییەکانی کۆنی جیهان بەتاڵان دەهێنێت، هەموویان پەیکەری ڕۆمانی بوون، وەک ئەپۆلۆ و هەرقل و دیانا، ئەوانەش لەبەر دەروازەی کۆشکە گەورەکانی پایتەختێکی ئیسلامی دادەنێت، بۆیە ڕەعیەتە موسلمانەکە، بەوە نیگەران دەبن و دەڵێن دیارە ئیبراهیم پاشا سۆزی بۆ ئاینە کۆنەکەی هەر ماوە، بەو پەیکەرانە ئاینەکەی زیندوو دەکاتەوە و لەبیری ماوە بەڕەچەڵەک کریستیانە، ئینجا لەبەر ئەو کردەوەیە، لە ئەستنبۆل ئەو شیعرەی شاعیر فیجانی دەڵێنەوە ماناکەی بەو شێوەیە بوو:

لەو گەردوونە دوو ئیبراهیم هەڵکەوتووە، یەکێکیان بتەکانی شکاندووە و دووەمیشیان دووبارە پەیکەرەکان دادەنێتەوە و بەرزیان ڕادەگرێتەوە.

ئەگەرچی گلەیی و ڕەخنە و گومانی زۆر لەسەر ئەو کرابوو، بەڵام ئەو فەرموودەیەی شاعیرێکی گەورەی فەرەنسی بەسە کە وتوویەتی:

کۆتایی ژیانی ئیبراهیم تاوان و هۆکاریش نییە، چونکە هەر بە مەزنی دەمینێتەوە.

ئەگەر ناوداری و مەزنی وەک ئەستێرەکانیش بگاتە ئاسمانیش، دەبێ هەر بکوژێتەوە و لە لووتکەکانەوە دابەزێتە خوارەوە، ئەوەیان لەگەڵ ڕۆژانە و ژیان و سەرکەوتوویی ئیبراهیم گونجاوە. سوڵتان بڕیاری لە سێدارەدانی ئیبراهیم پاشا دەدات، شێخی ئیسلام ئەلموفتی ئەبو ئەلسعود ئەفەندی، بۆ پاکبوونەوەی سوڵتان لەو کردەوەیە فتوایەک دەردەکات، سوڵتان تا گوناهبار نەبێت و لەبەر بەڵێنەکەی هەرگیز دەست بۆ کوشتنی ئیبراهیم پاشا درێژ ناکات و ناپاکی لەگەڵدا ناکات، دەبێ مزگەوتێک دروست بکات.

سوپاکانی عوسمانی بەسەر دەوڵەتی سەفەویی زاڵ دەبێت و دەگەڕێتەوە ئەستنبۆل، سوڵتان سلێمان هاوڕێی منداڵی و سەدری مەزن و زاواکەی لە سێدارە دەدات، لە شەوی ٢٢ی رەمەزانی ساڵی ٩٤٢ی کۆچی رێکەوتی ٥ی مارسی ساڵی ١٥٣٦ی زاینی تەرمەکەی لە ژوورەکەی دەدۆزنەوە، بەوەش سێزدە ساڵی تەمەنی سەدری مەزنی عوسمانی ئیبراهیم پاشا کۆتایی دێت.

لە سێدارەدان و نەمانی ئیبراهیم پاشا لە رووکاری سیاسی عوسمانی، کاردانەوەی مەزن و زۆری لەسەر ململانێیەکانی ناو حەرەملەک دەبێت، بۆیەش سوڵتانە خورەم هەواڵی کوشتنەکە بە خۆشحاڵییەوە وەردەگرێت، چونکە ئەو یەکێک بوو لە بەرهەڵستە هەر بەرز و دیارەکانی دانانی شازادە موحەمەدی کوڕی بە جێنشینی دەوڵەتی عوسمانی، لەولاشەوە بۆ ماهـ دەوران کوشتنی ئەو و مردنی سوڵتانە حەفسەت، کاردانەوەیەکی خراپی بۆ ئەو لەناو حەرەملەک هەبوو، هەروەها هەڕەشەیەکی بەرچاو و روونیش بوو، بۆ ئەوەی شازادە مستەفای کوڕی نەگاتە دەسەڵات، ئەوەش سەرەتای سەرهەڵدانی توندترین و دژوارترین ناکۆکی بوون لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی.

## ژنەکانی سوڵتان

بە ژنەکانی سوڵتانی عوسمانی دەگوترا (قادین)، ئەوەش دواپلە و پایەی بەرزی ژنەکانی سوڵتانە، نازناوە رەسمییەکەش (خاسکی سوڵتان)بوو، لە سەدەی هەژدەمەوە نازناوەکە دەبێتە (قادین ئەفەندی)، حەرەملەکی سوڵتانی عوسمانی سیستەمێکی ورد و هەستیاری هەبووە، پلە و پایەی ژنەکان پەیوەست بووە بە نزیکبوونە و پەیوەندی ژنەکان بە سوڵتان و بە بوونی کوڕی زۆرتر بۆ سوڵتان و بنەماڵەکەیان.

ئەو ژنەی زۆرترین کوڕ بۆ سوڵتان پەیدا دەکات، نازناوی (باش قادین)ی پێ رەوا دەبینن، کە دایکی سوڵتان دەمرێت، ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەو ژنە دەدرێتە باش قادین، ئەویش دایکی جێنشینە و گەورەترین پلەی ژنانەیە لەناو

حەرەملەک. لەپاش باش قادین، پلەی ژنی دووەم (ئیکنجی قادین) سێیەمیش (ئوجنجی قادین) دێت، دیارە ژنەکانی سوڵتان لە کەنیزەکانی ناو کۆشکەوە بوون، یان لەو کیژانە بوون، بنەماڵە دیارەکانی عوسمانی، بە دیاری و خەڵات پێشکەشی کۆشکیان دەکردن، کیژ و کەنیزەکان سەرەتا نمایش دەکران، تێدا و لەو نمایشەدا کیژەکانیان جوان دەرازاندەوە سوڵتان یەکێکیان بۆ هاوسەری هەڵدەبژێرێت، ئینجا کەنیزەکان، دەکەونە ناو ئیش و فەرمانەکانی کۆشک، لە سەردەمی سوڵتان سلێمان ئەلقانونیەوە، هاوسەریەتی بەو شێوەیە بووە هەتا رووخانی دەوڵەتەکە، بەڵام تاکە سوڵتان بەو جۆرە هاوسەرگیری نەکردووە سوڵتان عوسمانی دووەم (١٦١٨-١٦٢٣)ە.

ژنانی سوڵتان کۆرپەکانیان بەخێو دەکەن، تا لە شیرپێدان و لەو خەمە دەردەچن و گەورە دەبن، ئینجا کوڕەکان دەگوازنەوە بەشی تایبەتی کوڕان و سەدری مەزن سەرپەرشتییان دەکات، ئەویش رێنمایی لە سوڵتان وەردەگرێت، بەڵام کیژەکان لەلای دایکیان دەمینێنەوە و سوڵتانیش بۆ مانەوەی نەوەی بنەماڵەکەیان سەرپەرشتییان دەکات.

# بەشی شەشەم
# کودەتاکەی ناو حەرەملەک

## گوڵی بەهار

پاش مردنی سوڵتانە حەفسەت و کوژرانی سەدری مەزن ئیبراهیم پاشا و گۆشەگیری سوڵتانە خەدیجە، ململانێیەکە تەنها لەنێوان سوڵتانە خوڕەم و سوڵتانە ماهـ دەوران، لەبەر نەمانی هاوپەیمانەکانی کەسایەتی دووەم هەست بە لاوازی و پەراوێز دەمینێتەوە، لەو رەوشەدا خوڕەم پێگەکانی لەناو حەرەملەک پتەو و گیر دەکرد، خۆشەویستی و سۆزە گەرمەکەی سوڵتانیش بۆ ئەو باشترین پشتیوانی و هیوا بوون، هەروەها سوڵتانە خوڕەم، سوڵتانیش ئیقناع دەکات زاواکەی رۆستم پاشا بکاتە سەدری مەزن، بەبوونی بووکەشووشەکەی وەک رۆستم پاشا، سوڵتانە خوڕەم راستەوخۆ لە دارشتنی سیاسەتی باڵای دەوڵەتی عوسمانی بەشداری دەکات.

سوڵتانە ماهـ دەوران هەست دەکات کە رۆژانەکەی کەم ماوە و مانەوە و دەسەڵاتەکەی سنووردارە، ئومێدی سەرکەوتنی کوڕەکەی شازادە مستەفاش لاواز دەبێت، سوڵتانیش بایەخی زۆری بە موحەمەدی کوڕە گەورەکەی خوڕەمی هەوێی دەدا، پاش ئەوەی موحەمەدی کوڕی دەکاتە والی مانیسای نزیک پایتەخت، بیر لەوە دەکاتەوە بیکاتە جێنشینی خۆی، لەولاشەوە مستەفا دەکاتە والی ئاماسیا کە شوێنێکی بایەخدار و ستراتیژی نەبوو، ماهـ دەروانیش زیرەک بوو، دەیزانی لە گۆڕان و دامەزراندنەکە مەبەستی سوڵتان چییە، دڵی بەوە ئاوی نەدەخواردەوە کە سوڵتان مەبەستیەتی موحەمەدی کوڕی لە زۆرتر شوێن فەرمانڕەوایەتی بکات، ئەو وەک رووناکی خۆرەکە مەسەلەکەی بەڕوونی دەبینی، دەیزانی بوونی موحەمەد بە والی ولایەتی مانیسا هەنگاوێکە تایبەت بۆ گەیشتن بە جێنشینی دەوڵەت، چونکە هەموو دەیانزانی ئەو پۆستە نزیکبوونەوەیە لە پۆستی باڵاتر، بە دانانی و دیاریکردنی برا بچووکەکەی، موحەمەدی کوڕی خوڕەم خاتوون لەجیاتی مستەفا دوا دیمەنی شەڕەکەی دانا و ژنی سەرکەوتووش لەو جەنگە درێژەی ناو بنەماڵەکە بەئاشکرا بۆ هەموولایەک دەرکەوت.

ژنەکە لە ململانێیەکە دەشکێت، دادەنیشێت بیر لە ڕۆژانی ڕابردووی خۆی دەکاتەوە و هەڵسوکەوت و چالاکییەکانی هەڵدەسەنگێنێت و تێڕامانێک لەسەر هەڵە و کارە بزێوەکانی دەکات، بیر لە ڕەچەڵەکە ئەلبانییەکەی خۆی دەکاتەوە، منداڵییەکەی لە ماڵی باوکە موزیکژەنە دەوڵەمەندەکەی عەبدوڵا ڕجای، کە پێیان دەووت، بۆیە ناومان لە تۆ ناوە ماهـ دەوران، یان مهدفران واتە گوڵی بەهار، چونکە تۆ لە وەرزێک لەدایکبوویت، کەژ و وەشتەکە بەهار بووە، ناوچەکە بە گوڵ و گوڵزار داپۆشرابوو. ئەو سەردەمی منداڵی باش بەبیردێتەوە، کە لەگەڵ برا تاقانەکەی نقاشان ئادەم گەمەیان دەکرد.

ژنەکە باشی لەبیرە، کە چۆن پێشکەشی سوڵتان سەلیمیان کردبوو، کە دەگاتە کۆشک، سوڵتانە حەفسەت دەیکاتە یەکێک لە کەنیزەکانی شازادە گەنجەکە سلێمانی جێنشین، بەوەش دیارە کە کیژەکە بەختیار بووە، چونکە سلێمان کوڕە تاقانەکەی سوڵتان سەلیم لە تاج نزیک بوویتەوە، ئێستاش والی مانیسایە. لە ساڵی ١٥١٥ی زاینی کوڕێک بۆ سوڵتان سلێمان پەیدا دەکات و دڵی دەکرێتەوە و لە شادومانی و بەختیارییەکانی ژیان و کۆشک نزیک دەبێتەوە، کوڕەکەش ناودەنێن مستەفا، ئینجا ژنەکە دەگاتە پلەی خاسکی لەناو کەنیزە هەڵبژێردراوەکان. سلێمان پاش مردنی باوکی لە ١٥٢٠ی زاینی دەگاتە عەرشی سەڵتەنەت، ماهـ دەوران لەگەڵ کوڕە گچکەکەی و مێردە سوڵتانەکەی و دایکی، دەگەنە پایتەختی ئەستنبۆل، لە حەرەملەک، ماهـ دەوران لە سنووری دەسەڵاتەکانی خۆی شارەزا دەبێت و وەک ژنی سوڵتانی مەزن فەرمان بەسەر کەنیزەکان دابەش دەکات، بەڵام زوو هوشیاری دەکەنەوە سوڵتانە حەفسەت خاتوون کە دەسەڵاتی زۆرە لەناو حەرەملەک، ئیستفزاز نەکات، ئینجا ماهـ دەوران لە بەشەکەی ئەو، دەکەوێتە بن فەرمان و ڕێنماییەکان خاتوونەکە. سوڵتانە حەفسەت حەز دەکات بووکە بچووکە گەنجەکەی، لەبن ڕۆشنایی ئەو هەندێک لە دەسەڵاتەکانی بەکاربهێنێت، چونکە باش دەیزانی هەر دەبێ بچێتە

بن گڵ و دونیا و حەرەملەکیش جێدەهێڵێت، هەموو دەسەڵات و شانازییەکان دەکەونە بن دەستی ئەو گەنجانە.

ماهـ دەوران ئەوەندە بەهرە و شارەزایی هەبوو، بتوانێت بەڕێوەبردنی حەرەمی سوڵتانی بسازێنێت، ژنێک بە مەکر و زیرەکییەکەی هاوشانی جوانییەکەی و خۆشەویستی سوڵتانیش، هاندەر بوون بتوانێت خۆی بە باشی و بە تواناوە بنوێنێت، بەڵام زۆرجار نەیدەتوانی کۆنترۆڵی تووڕەبوون و دڵپیسییەکانی بکات. سەرەتا سوڵتان ژنی تری نەبوو، هەر لەبەر ئەو و بۆ رێزگرتن لەو، چاوی لەسەر هیچ کەنیزەی تر نەبوو، چونکە ئەو زۆرتر هاوشانی سوڵتان دەمایەوە و چاودێری وردی دەکرد، بەردەوام لە کاروان و سەفەرەکانی هاوڕێیەتی دەکرد، لەو کار و خزمەتگوزارییانەدا کەنیزە دڵسۆزەکەی کەوسەر یارمەتی دەدا، چونکە ئەوانە زووتر و پێش ئەوەی ماهـ دەوران، شوو بە سوڵتان بکات بەیەکەوە بوون و هاوڕێیەتی گەرمیان هەبووە.

کەوسەر کیژێکی بێ دایکوباوک بوو، سوڵتانە ماهـ دەوران بایەخی پێ دەدات و دەیکاتە یەکێک لە دەستەخوشک و هاوڕێیە زۆر نزیکەکانی خۆی، تا نازیان بکێشێت و دڵیان بداتەوە، کەوسەر و دەستەخوشکەکانی تر لە کەنیزەکان، زوو و بەپەلە ئاگاداری سوڵتانە ماهـ دەورانیان دەکردەوە، کە دەستەیەکی نوێ لە جارییە دەگەیشتنە ناو حەرەملەک. سوڵتانە، جارییە زۆر جوانەکانی رەوانەی وڵاتەکانی خۆیان دەکردوە و نەیدەویست سوڵتان ناز و جوانییەکانیان ببینێت، بەڵام ئەو جارییە و کەنیزانەی زۆر سەرەنجراکێش و جوان نەبوون، خاتوون دەیگێڕانەوە و دەیزانی سوڵتان ئەوانەی وەک دۆست و هاوسەر ناوێت و دەبوونە یەکێک لە دەستەی کەنیزەکانی حەرەملەک، ئەگەرچی ماهـ دەوران لەو پرۆسەیەدا زۆر ورد و بەنیگا بوو، بەڵام ئەگەر یەکجار دەرزێک بکەوتبوایە ئەو پرۆسەیە، ئەوە ئاسان بوو ئەوەش بتوانێت شوێن بەو لەق بکات و جیهانەکەی لێ تاریک بکات.

ڕەوشەکە هەر بەو شێوەیە نەما، نەکرا بەردەوام ڕێگا لە هاتنی کەنیزەی نوێی جوان لە حەرەملەک بگیرێت، بۆیە ساڵێکیان دەستەیەک کەنیزە دەگەنە ناو حەرەملەک، لەوانە کیژێکی ئۆکرانی بە ناوی روکسلانا، ئەوەی دواتر دەبێتە سوڵتانە خوڕەم، لەبەر ئەوەی جارییە نوێیەکە، زۆر جوان و بەرچاو نەبوو، بۆیە سوڵتانە ماهـ دەوران مەرج و کۆششەکەی دژ بەو جارییە بەکارناهێنێت، زۆریش سەیری چاو و نیگاکەی ناکات تا بزانێت، لەو نیگایە بەستەزمانە چەند زیرەکی و لێزانی شاراوە هەیە، بەڵام سوڵتانە هەر دەپرسێت، دەیەوێ باش لە ماهیەتی کیژە نوێیەکە تێ بگات، ژنەکە لەو نزیک دەبێتەوە و لێی دەپرسێت:

ناوت چییە؟ کیژەکە لەکام وڵاتەوە هاتوویت؟

لە وەڵامدا کیژە چاو کەژاڵەکە، رۆکسلانا دەڵێت:

خاتوونەکەم، من ناوم رۆکسلانایە و لە وڵاتێکی دوورەوە، لە ئۆکرانیای ناو رووسیاوە هاتووم.

ماهـ دەوران: چ جۆرە پیشە و بەهرەیەک دەزانیت؟

رۆکسلانا: لە گوندە دوورەکەمان فێری جوانکاری و لێدانی تەپڵ و سەما بووم، هێشتا گچکە بووم، منداڵیان بە من دەسپارد و چاودێریم دەکردن، خاتوونەکەم زۆریش یارمەتی دایکم دەدا و لەناو ماڵدا ئیشم بۆ کردووە.

ماهـ دەوران: ئێمە کارمان بە سەما و ئاوازەکانی تۆ نییە، کەنیزەی سەماکەری زۆرمان هەیە، بەڵام بۆ هەندێ لە کاروباری ناو حەرەملەک بەکەڵکمان دێیت، بۆنەکانمان زۆرە و کەنیزەی زۆرمان دەوێت.

رۆکسلانا: بەڵێ خاتوونەکەم لەبەر رۆشنایی فەرمانەکانتم.

ماهـ دەوران: باشە، دەستەیەک ژنانی زانا فێری سەرەتاکانی خزمەتگوزارییت دەکەن، تا بتوانیت لەناو کۆشکی سوڵتان سازییەکانی ئاهەنگەکانمان بکەیت، دەبێ بزانیت، ئێمە ئاهەنگی هەمەجۆرمان هەیە، ئاهەنگەکان شێوە و سرووتەکانیان جیاوازە و دەگۆڕێن، ئاهەنگی زەماوەند لەگەڵ ئاهەنگی منداڵەکانمان و ئاهەنگی جەژنی قوربان و رەمەزانمان هەیە،

سوڵتان دەچێتە مەیدانی شەڕ ئاهەنگی خۆی هەیە، بە سەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە، ئاهەنگی گەڕانەوەکەی جۆرێکی ترە.

ڕۆکسلانا: من لە خزمەتم و ئامادەی هەموو فەرمانەکانم.

ماهـ دەوران: وتم ناوت چییە؟

ڕۆکسلانا: بە زمانی ڕووسی ڕۆکسلانا خاتوونەکەم.

ماهـ دەوران: ناوەکە زەحمەتە، لەسەر زمانان گرانە، من بە ناوی (خوڕەم) بانگت دەکەم، واتە ڕووخۆش، دەم بە خەندە، چونکە پێکەنینی تۆم بیستووە و کۆشکی دەهەژاند.

لەسەر دەستی دوژمن و نەیارەکەی، سوڵتانە خوڕەم دەگاتە ناو کۆشکی عوسمانی و دەبێتە ڕکابەری یەکەم ئەو ژنەی دەیباتە ناو حەرەملەک، ئەوەی زۆر جێگای ڕامان و سەرسامییە، خوڕەم لەلایەن هۆزە تەتەرەکان دەرفێندرێت لەلایەن هاوڕێی سوڵتان سلێمان و سەدری مەزن ئیبراهیم پاشاوە کڕابوو، هەر ئەویش پێشکەش و خەڵاتی کۆشکی دەکات، هەر یەک لە ماهـ دەوران و ئیبراهیم پاشا دەروازەی کۆشکەکەی بۆ دەکەنەوە، ئەو کەنیزەیە دەبێتە دەسەڵاتدارێکی هەستیار و چالاک لەناو دەسەڵاتی عوسمانییدا.

سوڵتان سلێمان ئەو کەنیزەیە دەبینێت یەکسەر عاشقی دەبێت، داواش دەکات کەنیزە نوێیەکەی بۆ ببەنە ناو بەشە تایبەتییەکەی خۆی، ئیتر لەو ساتەوە بۆ یەک ساتیش لەیەک جیانابنەوە و دەبێتە کەنیزەی خواستراو و نازداری دڵی سوڵتان، لە ساڵی ١٥٢١ی زایینی موحەمەدی بۆ پەیدا دەکات، لە ساڵی ١٥٢٣ی زایینی دووەم کوڕی بە ناوی سەلیم دەبێت، بەوەش ڕکابەرایەتی نێوان خوڕەم و مهدفران دروست دەبێت، دایکە حەفسەتیش، ڕۆڵی هەبووە لە کۆنترۆڵ و هێورکردنەوەی ئەو ململانێیەی کە لەناو حەرەملەک ڕق و بوغزی چاندبوو، ئەو ژمارەی پێوانەی بوونی کوڕ بۆ سوڵتان دەشکێنێت و چوار کوڕ و کیژێکیشی دەبێت ناوی دەنێن مەریم، پێش ئەو هیچ لە جارییەکانی ناو کۆشک ئەوەندە کوڕەیان بۆ سوڵتانەکان نەببوو، بۆیەش ئەو زۆر بە هەست و بە نازەوە

دەکەوێتە ناخی سوڵتان، لەولاشەوە سوڵتانە ماهـ دەوران، تەنها شازادە مستەفای بۆ سوڵتان ببوو، چونکە زووتر کوڕێکی بە ناوی مەحموود ببوو بەڵام ئەو زوو دەمرێت.

ڕۆژانە عیشقی خوڕەم لەناو دڵی سوڵتان سلێمان ئەلقانونی زۆر و گەشەدارتر دەبوو، زۆرتر سوڵتان دەکەوتە ناو دەریای مەند و نازداری چاوەکانی، هەموو سەرچاوە مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنن، ئەو کاریگەرییەکی ئەفسوناوی هەبووە، بۆیەش دیبلۆماسی نەمساوی دیرنشاوم هەستی بەوە کردووە و بەو جۆرە پێناسەی سوڵتانەی کردووە و نووسیویەتی:

دەسەڵاتی ئەو مەزن بوو، قسەش هەبوو دەیانووت ڕەنگە کاردانەوە و دەسەڵاتە زۆرەکەی ئەو ژنە، لەسەر سوڵتان، بە کاریگەری سیحر و ئەفسانەیەکەوە ببووبێت.

## گواستنەوەی حەرەملەک

سوڵتانە خوڕەم داوا لە سوڵتان سلێمان دەکات، بەپێی شەرع مارەی بکات و بەرەسمی ببێتە ژنی، دەیەوێت کارێک بکات لەمێژە لە دابونەریتی سوڵتانەکانی عوسمانی نەماوە و چەندین ساڵیشە پەیڕەو نەکراوە، دەیەوێت بە دروستی و بە هێزەوە بێتە ناو دەسەڵات، داواکە لە سوڵتان دەکات و سوڵتانش لەبەر ئەوەی زۆری خۆشدەوێت، نایەوێ دڵی بشکێنێت داواکەی قبوڵ دەکات، ئەوەش دڵ و مەزاج و هەموو بەرنامەکانی سوڵتانە ماهـ دەوران، کە دایکی جێنشینی تاجیش بوو سەخڵەت دەکات، دایکە سوڵتانیش حەفسەت خاتوون نیگەران و تووڕە دەکات، ئەوەش دەبێتە سەرەتای کودەتایەک لە پێکهاتەی حەرەملەک و گۆڕینی هاوکێشەی هێزە بە کارەکانی مەیدانەکە.

سوڵتانە نوێیەکە، نەک هەر داوای بەرجەستە و بە کارکردنی دەسەڵاتەکەی بە کردەوە دەکات و بەس، داوا لە سوڵتانیش دەکات بارەگای حەرەملەک لەناو کۆشکی بایەزید، کە بە کۆشکە کۆنەکە دەناسرا، بگۆڕێت بۆ ناو کۆشکی

سەرەکییەی سوڵتان، واتە بگوازنەوە ناو کۆشکی بابی عالی، تۆپ قاپی سەرای، سوڵتانە خوڕەم بە سوڵتان دەڵێت:

سوڵتانەکەم ئاگری دوورکەوتنەوەم لە تۆ، دەمارەکانم دەسووتێنێت، شەوانە خەو ناچێتە چاوەکانم کە لە تۆ دوورم، تکا دەکەم و دەپاڕێمەوە بفەرموون داواکەم قبوڵ بکەن، من لە خۆتان نزیک بکەنەوە و دەمەوێ ڕۆژانە لەنزیکەوە چاوم بە چاوەکانت بکەوێت و تۆ ببینم، لەوە بێبەشم مەکە.

سلێمان: نازدارەکەی دڵم، ئەوە چۆن دەکرێت؟ من لەبەر کاروبارەکانی کۆشک ناپرژێمە سەر ئەوەی ڕۆژانە تۆ ببینم و بێمە کۆشکە کۆنەکەمان و دیمانەمان ببێت، ناکرێ ئازیزەکەم.

خوڕەم: باشە چ دەڵێیت ئەگەر حەرەملەک بگوازینەوە تۆپ قاپی سرای، بەوەش بەردەوام لەنزیکت دەبم، کەی ویستت من ئامادە دەبم.

سەرەتا سوڵتان بیرۆکەکە قبوڵ ناکات، چونکە شوێنی حەرەملەک جێگیر و نەگۆڕ بووە، ئەو شوێنە لەو ڕۆژەی سوڵتان موحەمەد ئەلفاتح شاری قوستەنتینیە لە ساڵی ١٤٥٣ی زاینی دەگرێت، بارەگای حەرەملەک لەوێ بووە، گواستنەوەی حەرەملەک لە کۆشکە کۆنەکە لە کۆشکەکەی بایەزید، قسە و دەنگۆی زۆرمان بۆ دەخوڵقێنێت، بەڵام بەردەوام قەدەرەکان هەر هاوشانی سوڵتانە خوڕەم بووە، لە ساڵی ١٥٤١ی زاینی لە پایتەختی عوسمانی ئاگرێک دەکەوێتەوە، بەشێکی زۆری سەرایە کۆنەکە دەسووتێنێت، بەو ئاگرە مەترسی زۆر لەسەر گیانی کەنیزەکانی ناو کۆشکەکە دەکات، دووبارە خوڕەم داوای گواستنەوەی حەرەملەک لە سوڵتان دەکاتەوە، بۆیە سوڵتان سلێمان لە گۆڕینەکە، هیچ سازش و بیانووێک نادۆزێتەوە، لەوەدا دەستی دەکرێتەوە، دەتوانێت بەئاسانی بڕیارێک بدات، بە کەژاوەیەکی ئاهەنگسازییەوە، سوڵتانە خوڕەم دەگوازێتەوە ناو بارەگای حوکمی عوسمانی و دەگاتە ناو کۆشکی بابی عالی، بەوەش ژنەکە، لە سوڵتان نزیک دەبێتەوە و ڕۆژانە چاوی بە سوڵتان دەکەوێت و خەونەکەی دێتەدی، ئەوەی شایانی ئاماژەیە، کە حەرەملەک

دەگوازنەوە ناو کۆشک، سوڵتان سلێمان بڕیاریش دەدات دەرگایەک لەنێوان هەوارە سوڵتانییەکەی ئەو و هەواری سوڵتانە خوڕەم بکرێتەوە، ئیتر لەورۆژەوە هەتا مردن لەیەکتری دوورناکەونەوە و جیانابنەوە.

## تۆڵەکردنەوە

بەو گۆڕانە لەناکاو و چارەنووسسازە، سوڵتانە ماهـ دەوران بەرامبەر سوڵتان و سوڵتانە خوڕەم دەستەوەستان نابێت، دیارە دەسەڵاتی خوڕەم گەشە دەکات و ژنەکە زۆرتر و بە قووڵی دەچێتە ناو دڵی سوڵتان، بەوەش ئاساییە خوڕەم شازادە موحەمەدی کوڕی زۆرتر لە سوڵتان و لە تاجەکە دەباتە پێش، بۆیە دەبوایە هەوێیەکەی ماهـ دەوران، دوا گورزی خۆی بوەشێنێت، زیرەکانە شەڕ دژ بە سوڵتانە خوڕەم رابگەیێنێت، چونکە ژنەکە ماوەیەکی زۆر بە چەندین بوار بەنیازی تۆڵەکردنەوە بوو، بەڵام هیچیان بەرهەمی نەبووە، بۆیە دەیەوێت بە دەستی خۆی زەبرێک بوەشێنێت و بە یەکجاری خوڕەم لەناوببات.

سوڵتان قبوڵ ناکات ماهـ دەوران ببینێت، بەردەوامیش دەرگای هەوارەکەی لەناو کۆشک بۆ ژوور و هەوارەکەی سوڵتانە خوڕەم کراوەتەوە دڵی دەتەقێت، ناتوانێت بەرگەی ئەو کۆستە بگرێت، ئەو بەردەوام و هەموو کاتێک و کەی بیەوێت دەگاتە نزیک سوڵتان، ماهـ دەورانیش داوای دیمانەیەک لەگەڵ سوڵتان بکات و بۆی مەیسەر نەبێت، کەچی ئەو دایکی جێنشینی تاجیشە. زۆرتر تووڕە و سەرسەخت دەبێت کە دەزانێت کەنیزەیەک لە سوڵتان خوڕەم دەپرسێت:

تۆ لە خاسکی ماهـ دەوران ناترسیت؟!

سوڵتانە خوڕەم بەپێکەنین و بە بەزمی گاڵتەوە وەڵامی کەنیزەکەی داوەتەوە:

من لە کێ بترسم!؟ بۆ بترسم! من گەنجم، ئەویش لە تەمەنی سوڵتانە، بە قەد ئەو دەبێت، ئەگەر چەند ساڵێک، دایک و باوکم منیان نەبوایە و لەدایکبوونەکەی من چەند ساڵیک دوا دەکەوت، ئەوە ئێستا تەمەنم بە قەد تەمەنی شازادە مستەفای کوڕی خاسکی ماهـ دەوران دەبوو، وایە یان نا...

سوڵتانه ماهـ دەوران، که ئەو قسەیە دەبیستێتەوە وەک شێت، ژنێکی هار و گڕگرتوو لەناو کەژاوەکەی، له ژوورەکەی دێته دەرەوە و له خوڕەم سوڵتانه دەگەڕێت، وەک باهۆزێکی زستانی دەریای مەڕمەڕە هێرش دەکاته ژوورەکەی، لەناو کەنیزەکان که بەیەکەوە قسەیان دەکرد دەخولێتەوە، به دار عەساکەی دەستی، پەلاماری سوڵتانه خوڕەم دەدات و لەسەر سەری دەدات و هاوار دەکات و دەڵێت:

بگره ئەی جارییه رووسییەکە... ئاه و داد، تۆ چ مارێکی لەعنەتکراوی ئای له دەستی... تۆ پارچەیەک گۆشتی دەکڕییت و دەفرۆشرێیت.

سوڵتانه خوڕەم لەو پێکەوتنەدا بەرگری ناکات، دیار بوو رق و بوغزێکی زۆری له هەناودا بوو، له لێدان و زەبرەکانییەوە دیار بوو. هەندێک له کەنیزە نزیکەکان نێوانیان دەکەن، بەڵام ماهـ دەوران وەک گایەکی شێت و هار هێرشی دەبرد و هەموو کەنیزەکان دووردەخاتەوە و هێرش دەکاتەوە سەر سوڵتانه خوڕەم، ئەوەندەی دارکاری دەکات تا خوێن له دەموچاوی فیچکەی دەکرد، دووباره کەنیزەکان دووردەخاتەوە و پاڵیان دەدات و قژی ژنەکه دەگرێت و لەسەر ئەرزەکه رایدەکێشێت، به هەموو هێزەوە شەقی لێ دەدات، توند بسک و کەزییەکانی له دەستی دەئاڵێنێت، به نینۆکه تیژەکانی رووومەتی هەڵدەزرێنێت، سوڵتانه خوڕەم هیچ قسەیەک ناکات، هەر ئەوەنده دەڵێت:

پەشیمان دەبیتەوە لەو رۆژەی منت تێدا ناسی، پەشیمان دەبیتەوە.

که شەڕە ژنەکه تەواو دەبێت، سوڵتانه ماهـ دەوران بەپەله دەگەڕێتەوە ژوورەکەی خۆی، بەو سەرکەوتنەش دڵشاد و کەیفسازیش دەبێت، به مەزندەی خۆی به یەکجاری دیوەزمەی خوڕەمیش کۆتایی هات، ئیتر چیتر سوڵتان ئەو ژنه دەموچاو و ئاکار هەڵتۆقیوەی ناوێت، لەبەر خۆییەوە دەڵێت:

زۆری نەماوە، ئەو ژنه ژیانی لەو کۆشکه و لەگەڵ سوڵتان، کۆتایی هات، سوڵتان دەریدەکات، لەو نزیکانەوە له کۆشک دەریدەپەڕێنن.

لەولاشەوە سوڵتانە خوڕەم، خەریکی تیمارکردنی برینەکانی بوو، لە ژوورەکەی دەمینێتەوە و نایەوێت کەس ببینێت، هەتا سوڵتان سلێمانیش نابینێت، لەناو تۆپ قاپی سەرای دەرگا لەسەر خۆی دادەخات، بەڵام سوڵتان دڵی هەر لەلای سوڵتانە خوڕەم بووە و پەرۆش بووە بزانێت رەوشی چۆنە، بۆیە ئاغای ناو حەریمەکان سونبڵ ئاغا رادەسپێرێت رەوشی سوڵتانە خوڕەم بپرسێت.

سونبڵ ئاغا زۆر دواناکەوێت و دەگەڕێتەوە و هەواڵی کارەساتەکە بە سوڵتان رادەگەیێنێت و پێی دەڵێت: سوڵتانە ئامادە نییە بێتە دەرەوە و تۆ ببینێت!

سوڵتان سلێمان بەو هەواڵە تووڕە دەبێت، کەنیزەیەک، با هەر کەسێک بێت، قسەم بشکێنێت، چۆن ئەوە دەبێت، هەموو جارییە و حەریمەکانی ناو کۆشک ئامادەن هەموو جوانی و سات و کاتەکانیان بکەنە قوربانی یەک داوای سوڵتان، ئینجا خوڕەم بۆ دووەم جار ئامادە نییە، بێتە دیمانەی سوڵتان، بەڵێ لە ژوورەکە ناهێتە دەرەوە و ئەو نامەیە ئاراستەی سوڵتان دەکات، کە بە دەستی سونبڵ ئاغا بۆی رەوانە دەکات تێدا نووسیبووی:

من شایستە و شیاوی ئەوە نیم، بێمە دیمانەی تۆ، سوڵتانی هەموو جیهان، چونکە سوڵتانە ماهـ دەوران پێی وتووم من پارچە گۆشتێکم دەکڕێم و دەفرۆشرێمەوە، بۆیە شایستەی مەقامی باڵای تۆ نیم!

کە سوڵتان بەو هەواڵە دەزانێت شێت و هار دەبێت. بەڵام سوڵتان دەیەوێ راستی رووداوەکە لە دەمی سونبڵ ئاغاوە بزانێت، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت:

مەولانا، گەورەم... خاسکی ماهـ دەوران هێرشی کردوتە سەر سوڵتانە خوڕەم و بریندااری کردووە و ئازاری زۆری داوە.

سلێمان دەڵێت: بەشەڕ هاتوون؟!

سونبڵ ئاغا دەڵێت: نەخێر گەورەم شەڕ نەبووە، سوڵتانە خوڕەم دەستی بەرز نەکردۆتەوە، ئەو وتویەتی من چۆن دەست لەسەر ژنێک بەرز دەکەمەوە دایکی شازادە مستەفای کوڕی سوڵتانمان بێت.

سوڵتان سلێمان بەو دانوستانە ساتێک مەند دەبێت و ئینجا دەڵێت:

سونبڵ تۆ ئەوەت بە چاوەکانی خۆت دیوە؟

سونبڵ ئاغا: بەڵی مەولام، من ئەوەم بە چاوی خۆم بینی، من و هەموو کەنیزەکانی ناو حەرەملەک ئەوەمان بە چاوی خۆمان دیت.

سوڵتان سلێمان یەکسەر بڕیار و حکومەکەی دەردەکات، بەڵام داوە مووێک لەگەڵ سوڵتانە ماهـ دەوران دەهەڵێتەوە، چونکە ئەو ژنە دایکی مستەفای کوڕیەتی، بۆیە بڕیار دەدات ژنەکە لە کۆشکەکەی خۆی لە ئەستنبۆل دووربخاتەوە، بەڵام پاشماوەکانی تری کەرامەتی ژنەکە دەپارێزێت، بۆیەش داوا دەکات دەرکردن و دەرچوونەکەی با بە بیانوو و بە هاوشانی ڕۆیشتنی کوڕەکەی بێت بۆ ویلایەتی ئاماسیا، چونکە دەیویست کوڕەکە لەوێ خوێندەواری و قۆناخەکانی فێربوون تەواو بکات، ئەوەش بەندێکە لە ڕێنمایی و پرنسیپەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام سوڵتانە ماهـ دەوران و هەموو ئەندامەکانی ناو کۆشکەکە دەزانن ئەو بڕیارە سەرکەوتنی سوڵتانە خوڕەم بەسەر هەوێیەکەیەتی، ئیتر ئەو دەبێتە تاکە ژنە باڵادەستی ناو حەرەملەک.

ماهـ دەوران بە شکاویی و شەرمەزارییەوە لە دەروازەی کۆشکی بابی عالی دەچێتە دەرەوە، لە دەرچوونا ئاوڕێکیش ناداتەوە، چونکە ئاکاری تووڕەبوونی خەڵکەکە لەو دەبینێت، لە ئەنجامی کردەوە و دڵڕەقییەکانی هەموو دەسەڵات و شکۆکەی ناو حەرەملەک لەدەست دەدات، هەموو کەنیزەکانیش دەستەوەستان بۆ سوڵتانەی حەرەملەک سوڵتانە خوڕەم دەوەستن و دەزانن ئەو تاکە خۆشەویست و نازداری سوڵتانە، بەڵام ماهـ دەوران هەموو چەکەکانی دەستی فڕێ نادات، لەناو هزری خۆیدا بیر لە گەڕانەوە ناو کۆشک دەکاتەوە، بەڵام بە

سەرکەوتوویی و شکۆوە، بۆیەش سەیری شازادە مستەفای کوڕی دەکات، کە جێنشینی سوڵتان و تاجی عوسمانییە و پێدەکەنێت.

## ڕەوشتەکانی حەرەملەک

لێدان و ئازاردانی سوڵتانە خوڕەم، لەلایەن سوڵتانە ماهـ دەوران پێشێلکردنێکی روون و ئاشکرای دابونەریت و ئەتەکێتەکانی باوی ناو حەرەملەک بوو، چونکە ژیان لەناو حەرەملەک پابەند بوو بە چەندین رێنمایی و رەوشتی بەرزی تاک و تایبەتی کەنیزەکان، دەبوایە هەموویان رێز و ستایشی هاوڕێیەکانیان بگرن، هەموو رێنماییەکانی سەبارەت بە رەوشت و تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی پابەندبوون بە شەریعەتی ئیسلامی، تێدا ناکرێ کەس دەنگی لەسەر خەڵک بەرز بکاتەوە و رێزی هەموولایەک بگرێت، لەناو حەرەملەک کەس بۆی نەبوو دەنگی بەرز بکاتەوە، شەڕەژنی نێوان کەنیزەکان واتە دەرکردنیان لەناو کۆشک، ئیتر بە هیچ کلۆجێک گوێ لە بیانووەکانیان ناگرن و ناپرسن کامیان دەستپێشخەر بووە.

مەرجەکانی مانەوە و ژیان لەناو حەرەملەکی عوسمانی توند و چەسپاو بوون، دەبوایە هەموو رێنماییەکانی پاک و خاوێنی پەیڕەو بکەن، قەدەغە بوو کەنیزەیەک باوەشک بکات، تف لەسەر زەوی روو بکات، بە پێخواسی بڕوات، جلوبەرگی پۆشتە و شایستە و رێکپۆش نەبێت، لەناو جارییەکان خاوێنی پێویستە بووە و لادان لەوە قبوڵ نەبووە، کیژەکان دەبێ نینۆکیان بە جوانی و بە بەردەوامی بکەن، هەفتانە خۆیان بشۆن، لەودەمانە شازادە ژنە ئەوروپییەکان شانازییان بەوە دەکرد، کە کەم خۆیان دەشۆن، جارییەکانی حەرەملەک هەموو بەیانییان و پێش ئەوەی دەستنوێژ بۆ نوێژی بەیانی بشۆن، دەبوایە دەموچاویان بە ئاو و سابوون بشۆن، دەستماڵی تایبەتی دەستنوێژ بەکاربهێنن، دەستەماڵێکیان تایبەت بوو بە دەموچاویان، یەکێکیش بۆ سڕینەوەی پێیەکانیان بوو، هەفتانەش ئەو دەستماڵ و خاولییانە دەبوایە بشۆردرێت، هەروەها بۆ

کاروباری رۆژانەیان دەستماڵی تریان هەبوو. کەنیزە نوێیەکان، ئەوانەی بەردەستی جارییەکانیان دەکرد، سەرەتای هەموو مانگێک، دەبوایە هەموو گۆشەکانی حەرەمەکە و بوارەکان و قادرمەکان و نهۆمەکانی بنەوە خاوێن بکرێتەوە، هەروەها لە بۆنە و جەژنەکان حەسیرەکان بە ئاو و سابوون بشۆن، کە کەنیزەیەک بە هەر شوێنێکی ناو حەرەملەک بڕوات، دەبێ شوێن پێیەکانی پاک بکرێتەوە، بەر لە رۆیشتنیش داوای (دەستوور) بکات واتە بواری بدەن بڕوات.

# بەشی حەوتەم
# رژانی خوێن لەناو کۆشک

## مەترسییەکانی شازادەی جێنشین

سوڵتانە خوڕەم پاش مردنی دایکە سوڵتانە و دوورخستنەوەی سوڵتانەی ماهـ دەوران بۆ ئاماسیای دوورە دەست، دەبێتە سوڵتانە بە دەسەڵات و دەسترۆیشتووەکەی ناو دڵی سوڵتان سلێمان و باڵادەستی ناو کۆشکی عوسمانی، هەموو پێداویستییەکانی بۆ مەیسەر و ئاسان دەبێت، تەنها ئەوەی دەمینێت یەکێک لە کوڕەکانی بۆ تاج و جێنشینی سوڵتان دەستەبەر بکات.

سوڵتانە خوڕەم، باش دەیزانی مانەوەی و ژینی شازادە مستەفای کوڕە گەورەکەی سوڵتان سلێمان لە سوڵتانە ماهـ دەوران، کۆسپێکی گەورە و زەقە لە بەردەم هاتنەدی خەونەکانی، ئەوەش مەترسییە بۆ نەمان و نەهێشتنی هەموو دەسکەوتەکانی لە ساڵانی رابردوو بە دەستی خستوون، لە هەر کاتێک سوڵتان سلێمان بمرێت، یەکسەر هەموو دەسکەوتەکانی لەناو کۆشکی عوسمانی نامێنێت، دووبارە سوڵتانە ماهـ دەوران دەبێتەوە پێشەنگ، ئاساییە کە کوڕەکەی دەبێتە سوڵتان، ئینجا بە بیانوو و بێ بیانوو منداڵەکانی ئەو دەکوژێت.

ململانێی و ناکۆکییەکانی نێوان شازادە مستەفای کوڕی سوڵتانە ماهـ دەوران و شازادە موحەمەد کوڕی سوڵتانە خوڕەم، گەرم و بەزەبر بوو بۆ ئەوەی کامیان زۆرتر ببنە کەسە بەرچاوەکەی سوڵتانی زەمان سلێمان ئەلقانونی، لەگەڵ رۆژگاردا دەردەکەوت، کە سوڵتان سلێمان بە نیازە و دەیەوێت شازادە موحەمەد لە تاج و سوڵتانی نزیک بکاتەوە، هەموو ئەوانەی لەناو کۆشکی تۆپ قاپی سەرای بوون، هەستیان بەوە کردبوو، سوڵتان سلێمان لە شازادە موحەمەد نزیکترە و ئەویش دەبێتە هەڵبژاردەی ئەو، بۆ سوڵتانی دەوڵەتەکەیان.

بە ئاراستەکەی تریشەوە، شازادە مستەفا، تێدەگات لە ئەستنبۆل هیچ هاوپەیمان و دڵسۆزێکی نییە، باوکی بە هیچ شێوەیەک بە باشە ناوی سوڵتانەی دایکی و ژنی ناهێنێت، هەروەها پاش مردنی داپیرەکەی سوڵتانە حەفسەت خاتوون و کوشتنی سەدری مەزن ئیبراهیم پاشا و دوورکەوتنەوە و دەرکردنی

دایکی لە حەرەملەک بەڕاستی هەتیم و بێکەس ببوو، لە هەمووش ترسناکتر و دژوارتر بۆ ئەو کوڕە، دانانی ڕۆستم پاشای زاوای شازادە مهرماهی کیژەکەی سوڵتانە خوڕەم لە پۆستی سەدری مەزن بوو، کە کار دەکات بۆ لادان و پەراوێزکردنی شازادە مستەفا، لە دید و رووماڵی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی، هەموو ئەو پێشهاتانە، بوارساز بوون، پەیوەندی و هەمئاهەنگی سوڵتان و کوڕە گەورەکەی سوڵتانە خوڕەم ساز و ڕێکخراو بێت، کە سوڵتانیش، شازادە موحەمەد دەکاتە والی مانیسا، هەموو بنەما و نیشانەکانی گەمەکە بەڕوونی دەردەکەوێت.

دانانی شازادە موحەمەد، بە والی مانیسا، ئاماژە و دڵنیابوون کە سوڵتان ئەو دەکاتە جێنشین، کوڕە گەورەکەی شازادە مستەفا لەو پۆستە لادەدرێت، لەناو سیستەمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عوسمانی ئەوەش هەبوو، هەر شازادەیەک ببێتە والی مانیسای نزیک ئەستنبۆلی پایتەخت، بێ کێشە و دانوستان لە پاشەرۆژ دەبێتە سوڵتانی دەوڵەت، چونکە سوڵتان سلێمانیش بەر لەوەی ببێتە سوڵتانی عوسمانی ئەو قۆناخەی بڕیبوو. کە دایک و کوڕەکە ئەو هەواڵە دەزانن، زۆر تووڕە دەبن، رقیان بۆ سوڵتانە خوڕەم ئەستوور دەبێت و دەزانن خەونەکانی ئەوان بەبا دەفڕێت و ناگەنەوە کۆشکی عوسمانی، بۆیە هەردووکیان بیر لەوە دەکەنەوە، کۆشش و بەرنامەڕێژی بکەن، بۆ نەمانی شازادەکەی کوڕی و لەسەر رووی زەوی ونی بکەن.

## پلانە خوێناوییەکان

شازادە موحەمەد زۆرتر لە هەموو براکانی لە باوکییەوە نزیک بوو، زۆریش پەرۆشی رۆژانە و کاروبارەکانی بوو، بۆیە سوڵتان سلێمانیش پێگەیەکی باڵاتری لەچاو کوڕەکانی تر بۆ دادەنا، هەموو پیاوەکانی کۆشکیش هەستیان بەوە کردبوو، سوڵتان سلێمان دوودڵ نییە، لە دانانی شازادە موحەمەد وەک جێنشینی دەوڵەت و عەرش، بۆیەش رەوانەی مانیسای دەکات، هەمووش دەیانووت:

موحەمەدی سێیەم چونکە ناوی پێغمبەر موحەمەد د،خ هەڵگرتووە، پاش موحەمەدی یەکەم و موحەمەدی ئەلفاتح ئەو دەبێتە سوڵتان. شازادە موحەمەد لەگەڵ هاوسەرەکەی بەهارناز خانم لە ویلایەتی مانیسا ژیانێکی ئاسوودە و خۆش بەڕێدەکات، لەوێ لە ساڵی ١٥٤٣ی زاینی کیژە تاقانەکەیان بە ناوی هوماشا دەبێت، پاش دوو مانگ لەبوونی کیژە جوانەکەیان، لەناو کۆشکەکەی لە مانیسا، هاوار و قیژەقیژێک دروست دەبێت، دەبێتە دەنگەدەنگ و فیغان، هەواڵێکی جەرگبڕ بڵاودەبێتەوە و دەڵێن شازادە موحەمەد مردووە...

هەواڵەکە بۆ سوڵتان جەرگبڕ و کوشندە بوو، هەموو هاوسەنگییەکان دەشڵەژێنێت، لووتبەرزییەکەی دەشکێنێت، سەرکەوتنەکانی لە ئاسترگونی ئەستەم و عاسی لێی تاڵ دەکات، دەگەڕێتەوە سەر عەرشەکەی و بۆ مەرگی کوڕەکەی دەڵێت:

هاوار بۆ تۆ ئەی ئەزیزترین شازادەکانی ناو دڵم... ئای موحەمەد.

بە جۆریک سوڵتان سلێمان بۆ موحەمەد کوڕی دەگرێت، وەک ئەوەی پێشتر هەرگیز نەگریابێت، فەرمانیش بە ئەندازیارە بەناوبانگەکەی سنان پاشا دەکات، بۆ کوڕە نازدارەکەی گۆڕستانێک لە مزگەوتی ئەستنبۆل دروست بکات، دوایی ناوی دەبێتە مزگەوتی موحەمەد شاهزادە، سوڵتانە خوڕەمی دایکی جوانەمەرگیش، بڕوا ناکات کوڕێکی تەمەن بیست و سێ ساڵە لەناکاو بمرێت، بیر لەوە دەکاتەوە لە پشت مردنی کوڕەکەی، پیلان و دەستێک هەبووە، بێگومان سوڵتانە ماهـ دەوران و شازادە مستەفای کوڕی دەستیان تێدایە، بەوەش ڕێگای عەرش بۆ مستەفای کوڕی ئاسان و خۆش دەکەن، بێجگە لە بۆچوون و مەزندەکەی دایکی لە پیلانی کووشتنەکە، مێژوونووسانی دەوڵەتی عوسمانیش بۆچوونی لەو جۆرەیان هەبوو.

هۆکاری مردنی شازادە موحەمەدی جێنشینی والی سەردەمی عوسمانی نەزانراوە، لەنێوان نەخۆشی وەرم و زوهری یان هەردووکیان دیار نییە، بەڵام ڕاستییەک لە ئارادایە، کە دەوڵەتی عوسمانی یەکێک لە کەسە دیارەکانی بۆ

تاجی عوسمانییەکان لەدەست دەدات، کە بۆ جێگرتنەوەی سوڵتان سلێمان باشترین کەس بوو.

پاش مردنی کوڕەکە، سوڵتانە خوڕەم زۆر دەگۆڕێت، لە پرسەکە دڵیان داوەتەوە و بەشداری خەم و کۆستە گەورەکەیان کردووە ئەو وتوویەتی:

من سێ شازادەی ترم ماوە، با ئەو دایکانەی تەنها یەک کوڕی هەیە ئەوان سەرگەرم و پەریشان بن.

دیارە لەو قسە و لێدوانە مەبەستی ماهـ دەورانە، چونکە خوڕەم تۆڵەکردنەوەی لەناخدا هەبوو، بەرپرسی یەکەمی مردنە لەناکاوەکەی کوڕی لە ئەستۆی ئەو دەزانێت.

پەیوەندییەکانی نێوان سوڵتان سلێمان و کوڕە گەورەکەی مستەفا، ئاڵۆز و نارێک دەبێت، سوڵتان سلێمان نەخۆش بوو، لە دوارۆژێکی خوێناوی دەترسا، ترسی لەوە بوو، دوارۆژ بنەماڵەکەی وەک نەوەکانی سوڵتان سەلیمی لێ بێتەوە، سوڵتان سەلیم کە بایەزیدی دووەمی باوکی خۆی، لەسەر عەرش دادەگرێت و هەموو براکانی دەکوژێت، ئەو ناخوازێت کارەسات و براکوژییەکە دووبارە بێتەوە، چونکە ئەو هەستی دەکرد، بە هەموو هەنگاو و چالاکییەکانی شازادە مستەفا براکوژییەکە دووبارە دەبێتەوە، لە هەموو شەڕ و هەڵمەتەکانی سوڵتان سلێمان شازادە مستەفای کوڕی دەبرد، پیاوانی ئینکشاری بەزیندوویی و لێهاتوویی کوڕەکە وەک سوارێکی نەبەرد و شیروەشێنێکی بەتوانا سەرسام بوون، لە هەڵسوکەوتەکانی سوڵتان سەلیمی باپیری بەبیردەهاتەوە، ئەو وەک باپیری سواری ئەسپەکەی دەبوو، وەک ئەو شیری دەوەشاند، وەک ئەوە تیروکەوانی دەهاویشت، بۆیەش شازادە مستەفا، لەناو سەرکردەکانی سوپاکە خۆشەویست و لەبەردڵان بوو، لە بەڕێوەبردنی ویلایەتەکانیش، والییەکی بە توانا بوو، هەموو نەبەردییەکانی بە وردی و بە سەرکەوتوویی ئەنجام دەدا، بۆیەش بوارەکان بۆ گەیشتن بە تاج بە عەرشەکە ساز و ئامادە بوو.

باڵوێزەکەی نەمساوی لە ئەستنبۆل لە یەکێک لە نامەکانییدا نووسیبوی:

سلێمان چەندین کوڕی هەیە، بەڵام ئەو کوڕەی ناوی مستەفایە، باش فێرکراوە و زۆریش بەکارە بۆ دەسەڵات، ئێستاش تەمەنی بیست و پێنج ساڵە، لە خوداش دەپاڕێمەوە ئەو سەرکردە و کوڕە بەربەرە، نەبێتە سەرکردەیەک و سوپاکەی بەرەو سنوورەکانی ئێمە نەهێنێت.

سوڵتان دەزانێت کوڕەکەی زۆر لە خەسڵەتەکانی سوڵتان سەلیم نزیکە، زۆر نیگەران و سەرگەرم بوو، لەدڵەوە رقی لە بڕیارە توندەکانی سوڵتان سەلیم بوو، دەترسا کوڕەکەشی وەک ئەو بێت، سوپاکەی بۆ ئەو مەبەستە دەستەمۆ بکات، رەعیەتەکەش کۆبکاتەوە و کودەتایەکی لەسەر بکات و هەموو براکانی بکوژێت، وەک سوڵتان سەلیم بکات، بۆیە سوڵتان سلێمان لەبەرخۆییەوە دەیووت:

باپیرم، بایەزیدی دووەمی بەرەو مردن دەنارد بۆ دەسەڵات و سەڵتەنەت، باوکم سەلیم، لەبەر عەرش خیانەتی لێ دەکات، نەک هەر خیانەتەکە، بەڵکو هەموو براکانی دەکوژێت، ئەحمەد و قورقورت دەکوژێت، ئایا قەدەر دووبارە ئەوەی بۆم هەڵگرتووە و کوڕەکەم کودەتام لەسەر بکات و میراتەکەمان بگرێتە دەست و هەموومان بکوژێت؟

سوڵتانە خوڕەم لەسەر ئەو پێشهاتە سوڵتان سلێمانی دەترساند و مەترسییەکەی قەبەتر دەکرد، سەدری مەزنیش رۆستم پاشا هاوکار و پشتیوان بوو بۆ گەورەکردن و ناوهێنانی کێشە و مەترسییەکە، مەترسییەکان گەورە دەبن، بۆشاییەکانی نێوان کوڕە گەورەکە و سوڵتان زۆرتر و دیارتر دەبوون.

شازادە مستەفاش هەستی دەکرد بەخت بەگرژییەوە رووی بۆ دەکاتەوە، پاش مردنی شازادە موحەمەد، زۆرترین بەختیار بوو بۆ عەرش و سوڵتانیش زۆر دڵی بەو دەکرایەوە، دووبارە ناوی شازادە مستەفا هەڵدەداتەوە و دەبێتە یەقینێکی چەسپاوی نەگۆڕ و بوارەکانی لە پێشدا دەکرێتەوە، بەتایبەتی زۆر لە کەسایەتییەکانی ناو دەوڵەت، پشتیوانیان دەکرد و سەرکردەکانی سوپاش خۆشیان دەویست و بەگیانی ئەو سوێندیان دەخوارد، بەڵام کوڕەکە، دەزانێت بۆشاییەک لەگەڵ باوکی سەرهەڵدەدات، شازادەکە سارد دەبێتەوە، هەروەها

زربراکەشی شازادە بایەزید لەو ناوەدا دەردەکەوێت، لە گۆڕەپانەکە ناو دەردەکات و دەبێتە رکابەرێکی بەتوانا و شایستە، چونکە سوڵتانە خوڕەمیش پشتیوانی دەکرد بۆ دەسەڵاتی وڵات.

سوڵتان بایەزید رکابەرێکی ئاسان نەبوو، ئەو شازادەیەی لەساڵی ١٥٢٥ی زاینی لەدایکببوو، گەنجێکی بەتوانا و سوارێکی بەهەیبەت و سەربازێکی بەهێزیش بوو، بۆیەش ئاسایی بوو، ئەو بۆ وەرگرتنی عەرش و جێنشینی پێشنیار بکرێت، سوڵتان سلێمانیش فەرمانی بۆ دەردەکات ببێتە والی سنجقی کوتاهیای نزیک پایتەخت، هەروەها براکەشی شازادە سەلیمیش دەکاتە والی شاری مانیسا، ئەوانە هەموو ترس، لەناو دڵی شازادە مستەفا دەخوڵقێنن و دەزانێت ژنەکەی باوکی سوڵتانە خوڕەم، هەموو ئەگەرەکان رەچاو دەکات، بۆ لادانی ئەو لە پۆستی جێنشینی دەوڵەت و عەرش.

## خەلافەت

لەڕاستییدا جێگرتنەوە و خەلافەتی سوڵتان سلێمان، هەتا رادەیەکی زۆر ئاڵۆز و سەرەداوی زۆر بوو، سوڵتان سلێمان زوو نامرێت و تەمەنی درێژ دەبێت، بۆیەش زۆرترین رق و رکابەرایەتی لەو ساڵانە کۆدەبنەوە و پیلان و دەستگەریی زۆر دەبن، براکانی زۆر لەسەر میرات و جێنشینییەکە ناکۆک دەبن، پیاوەکان لەسەر عەرش زۆر کۆشش دەکەن، بەپێی ترادیسیۆنی عوسمانییش وابوو، هەر یەک لەوانە بگاتە عەرش، واتە وەفاتنامەی ئەوانەی تر مۆر دەکرێت، کێشە و قەیرانەکان بەوە زۆرتر ئاڵۆز دەبێت، کە هەردوو شازادە سەلیم و بایەزید دەگەنە ویلایەتەکانیان، لە ئەنادۆل سێ شازادەکە، کۆشش دەکەن و چاویان لە ویلایەتی عەرشی عوسمانییە، لەوانە شازادە مستەفا و هەردوو کوڕەکەی سوڵتانە خوڕەم، بەربەستی سەرەکی گەیشتنی شازادەکان، بۆ عەرشەکە شازادە مستەفایە، ژنەکە بەئاشکرا دژایەتی و شەڕی دەکرد، چونکە سەرکەوتنی ئەو، واتە لەناوبردنی بەرەی دووەم بوو.

سوڵتان سلێمان پەیوەندیی و دۆستایەتییە گەرمەکەی نێوان هەردوو شازادە مستەفا و جیهانگیر دەبینێت، هەست دەکات خۆشەویستییە برایانەکەی ئەو دوو برایە، دەتوانێت هەموو رق و بوغزەکانی حەرەملەک بتوێنێتەوە، ئەو باش دەیزانی سوڵتانە ماهـ دەوران، بە شازادە مستەفا دەڵێت لە منداڵەکانی خوڕەم دووربکەوێتەوە، بەڵام شازادە مستەفا لەبەر چاوی شازادە جیهانگیر گوێ لە قسە و داواکانی دایکی ناگرێت، بەیەکەوە سەفەر و گەشتیان دەکرد، مستەفا وەک کوڕێکی شیرین سەیری جیهانگیری دەکرد، دڵی بەو دەکرایەوە، بەڵام ناکۆکی و درزی نێوان مستەفا و سەلیم و بایەزیدیشی دەبینی.

سوڵتان سلێمان بە دۆستایەتی هەردوو شازادە مستەفا و جیهانگیر دڵی خۆش و کامەران بوو، لەوەدا هەڵە و چەواشە بوو، چونکە بەو دۆستایەتییە، شازادە مستەفا کۆشک و عەرشی لەبیر دەرنەدەچوو، کە بۆی پەرۆش بوو، چونکە باهۆزی رق و ناڕەزاییەکان بە جۆرێک حەرەملەکی هەژاندبوو، هەموو سەرچاوە و سروەی ئەڤین و نازی دەتۆراند. شازادە مستەفاش لەبیری نەدەچوو، چۆن ماهـ دەورانی دایکیان لە کۆشک دەرکردووە، دەیزانی چۆن سوڵتانە خوڕەم، دەستی بەسەر حەرەملەک داگرتووە و سوڵتانی سلێمانی باوکی کەمۆ کردووە، یەکێک لە کوڕەکانی بۆ جێنشینی سوڵتان بەرزکردۆتەوە، زاواکەشی کردووە بە سەدری مەزن، بەوەش دەسەڵاتی گەیشتووتە ناو هەموو کەلەن و گۆشەکانی کۆشک، باوکی لەو دووردەکەوێتەوە و یەکێک لە براکانی لە خۆی نزیک دەکاتەوە.

شازادە مستەفا کۆشش دەکات لەناو سەربازەکانی سوپاکەیان و گەورە پیاوانی دەوڵەت، دۆست و هاپەیمان بۆ کێشەکەی زۆرتر بکات، چونکە باش دەیزانی هەموو دۆسیە و بەرنامەیەک بێ هاوشان و دەست و هاوکاری هەرەس دەهێنێت و سەرناگرێت، دەیویست بزانێت و ئاگادار بێت، لەناو کۆشک چ روودەدات، ئاگای لە دانوستانی سوڵتان و گەورە دەسەڵاتدارەکان بێت، دەبوایە هوشیار بێت لەسەر تاج و عەرشەکەیان، کام بەرنامە و پیلان بەڕێوەیە،

شازادە دەتوانێت سوارەکانی ئەنادۆل و هێزەکانی سەر بەو دەستانە هۆگری خۆی بکات، دەیزانی هەر باوکە پیرە کەنەفتەکەی بمرێت، ئەو ئیشی بەوانە دەبێت، هەر بە هێز و سوپا دەیتوانی پیلانی ژنەکەی باوکی سوڵتانە خوڕەم، لە دانانی یەکێک لە کوڕەکانی بۆ عەرشی عوسمانی هەڵوەشێنێتەوە و مافە زەوتکراوەکەی وەربگرێتەوە.

لەو رەوشە ئاڵۆز و تەماوییەدا، لەو کەشە بەگومانە ترسناکەی نێوان باوکە سوڵتانەکە و کوڕە شازادەکەی، ئاسایی بوو، سەدری مەزن رۆستم پاشا سوڵتان ئیقناع بکات، شازادە مستەفا کۆشش دەکات هاوسۆزی سەربازە ئینکشارییەکان گەرمتر و خۆشتر بکات، ئەوەش بەرنامە و پیلانە بۆ کودەتایەکی سەربازی بۆ گەیشتن بە عەرش، هەر ئەویش بوو، بەردەوام سوڵتانی لە دووبارەبوونەوەی کارەساتەکەی بایەزیدی باپیری دەیترسێنێت، لە ئەنادۆلەوە قسە و هەواڵی وا دەگەیشتە ئەستنبۆل، شازادە مستەفا چەند تیمی عوسمانی لە چواردەورەی خۆی کۆدەکاتەوە، ئەوانە و چەندین هۆزی تورکمان و رێگرەکانی بە پارەی زۆر کڕیوە، تا لە هێرشەکەی بۆ سەر کۆشکی عوسمانی هاوکار و هاوڕێی بن و دەسەڵاتەکەی باوکی بروخێنن.

لەودەمانەش سوڵتان سلێمان لە ساتە هەر خۆشەکان دەژیا، هەستی بە سەرکەوتنەکانی لە وڵاتەکانی بەلقان دەکرد، هێرشەکانیان وا لە شاری ڤیینا نزیک دەبێتەوە، پایتەختی مەملەکەتی نەمسا و بارەگای سەرەکی و رەسمی ئیمپراتۆریەتی رۆمای موقەدەس، عوسمانییەکان گەورەترین قەوارەی سیاسی دونیای دەهەژاند، رێکەوتنەکەی ئەستنبۆلی رۆژی ١٩ی یولیوی ١٥٤٧ی زاینی تازە بە نوێنەرایەتی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن سەدری مەزن رۆستم پاشا مۆر کرابوو، تێدا دان بە هەموو سەرکەوتن و گرتنی وڵاتەکان دەنێت، سوڵتان سلێمان لە وڵاتانی بەلقان و هەنگاریا بە دەستی هێنابوون، ساڵانەش هەنگاریا سەرانە و پارەش دەدەنە دەوڵەتەکەیان، سوڵتانیش لەلایەن هەنگارییەکان وەک باوک و براگەورە سەیر بکرێت، پاشای ئیسپانیا شارلکانیش ناچار دەکەن،

چیتر نازناوی ئیمپراتۆری رۆمانی موقەدەس، لەسەر ئەو نامە و پەیامانە بەکارنەهێنێت، کە ئاراستەی سوڵتان سلێمان دەکرێن، ئەو نامانەی بۆ ئەویش رەوانە دەکرێن، نازناوی پادشای جیهان سوڵتانی مەزن سلێمان ئەلقانونی بۆ بەکاربهێنن، ئیمپراتۆریەکەش، بریتی بوو لەو وڵاتانە، ئەسپانیا و ئیتاڵیا و هۆلەندا و بەلژیکا و نەمسا و ئەڵمانیای دەگرتەوە.

ئیتر لەورۆژەوە، سوڵتان سلێمان بەرەسمی دەبێتە حاکمی گەورەی هەموو ئەوروپا، ئەو پەیمانەش بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەبێتە هێمای سەرکەوتن و شکۆ بەدرێژایی مانەوەیان لە ئەوروپا، هەموو دەوڵەتە ئەوروپییەکانیش، دان بە شکۆی سوڵتان سلێمان و دەوڵەتەکەی دەنێن، دەڵێن سوڵتان سلێمان نازناوی مەزن و گەورەی لەلایەن نەتەوەکانی ئەوروپاوە پێ گوتراوە، پاش شەڕێکی سی ساڵە و لە سەردەمی ئەودا، عوسمانییەکان بەسەر دوژمنە دێرینەکەیان ئیمپراتۆر شارلکان زاڵ دەبێت، بۆیە سوڵتان سلێمان، پاش چەسپاندنی دەسەڵاتی لە عیراق و شکاندنی هێرشی ئیرانییەکان لەناو خاکی عەرەبییدا، سوڵتان ئاراستەی شەڕ و هەڵمەتەکانی لە ئەوروپاوە دەگۆڕێت و روو لە شەڕی سەفەوییە شیعەکان لە ئیران دەکات.

لەودەمانەدا و لەسەر دەستی سەدری مەزن رۆستم پاشا، چەند بەڵگەنامەیەکی ساختە ساز دەکرێت، کە شازادە مستەفا و پاشای ئیران تهماسپ پەیمانێکیان مۆرکردووە، تا شازادە بگاتە دەسەڵات، لە بەرامبەر ئەو پشتیوانییەش، شازادە کیژێکی پاشای ئیرانییەکان بخوازێت، ئەویش هەموو موڵکەکانی عوسمانی لە عیراق رادەستی ئیرانییەکان دەکات، نامە و پەیمانە ساختەکەش، دەگاتە دەست سوڵتانی مەزن، کە دەزانێت کوڕە گەورەکەی دەیەوێت کارەساتێک بەسەر دەوڵەتەکەیان بهێنێت، شێت و هار دەبێت، چونکە ئەوە سەرەتای گەشە و پەرینەوەی مەزهەبی شیعەگەریی دەبێت، کە گەورەترین دێوەزمەی ئەلقانونی بوو، ئیتر بەو جۆرە شازادە مستەفا، بە پیلان و دەستی

سوڵتانە خوڕەم و سەدری مەزنی ڕۆستەم ئاغای زاوا سوڵتانە خوڕەم، بە فەرمانی سوڵتان سلێمان کە گەورەترین کوڕی بوو، لەناو دەبات.

## جیهانی کەنیزەکان

ئەو بەشەی جارییەکانی لەناو حەرەملەک تێدا پەروەدە دەکرا، بەشێکی تایبەتی سەربەخۆ بوو، لە سازکردنی زۆر سوودیان لە کەشەکانی هەزار و یەک شەوە وەرگرتبوو، هەموو کەنیزەیەک، کە دەگەیشتە کۆشکی عوسمانی بەچڕی بەرنامەیان بۆ فێربوون و ڕاهاتنیان بۆ دەکردنەوە، هەندێکیان بە فێرکردنی چەند مانگێک زۆرتر لە زمانێکیان فێر دەکردن، ئامێری موزیک فێر دەبوون، شیعریان دەگووت، ئایەتی قورئانی پیرۆزیان پێ لەبەر دەکردن، ترادیسیۆنە ئیسلامییەکانیان فێر دەکردن، بۆیەش جارییەکانی کۆشکی عوسمانی، ناویان لە پەند و شیعر و ناز و خۆشییەکان زۆر بەشۆخییەوە هاتووە.

سەرچاوەکانی پەیداکردن و هێنانی کەنیزەکان زۆر بوون، کە زۆرترینیان لە بازرگانەکانی کۆیلە دەکڕان، لە بازاڕەکان هەڵیاندەبژاردن، ئەوانەی لە مەیدانەکانی شەڕدا دیل دەکران، لەوێ هەموو پێداویستییەکانی کۆشکیان دابین دەکرد، کڕینی کەنیزەکان، بە پلەی یەکەم دەهات، پلەی دووەمیش ئەو کیژان بوون کە ڕێگرەکان دەیانفڕاندن، بەتایبەتی کیژە تەمەن بچووکەکانی شارەکانی ئەوروپا، دەڵاڵەکان ئەوانەیان دەگەیاندە کۆشک و حەرەملەک.

سەرچاوەی تری پەیداکردنی کەنیزەکان دیاری بوو، گەورە بەرپرسەکان، باڵوێزی وڵاتە ئەوروپییەکان، بۆ خزمەتکردن و بایەخدان بە سوڵتانەکان پێشکەشی سوڵتانە عوسمانییەکانیان دەکردن، ئەو دیارییانەش بۆ دڵنیایی لە پتەویی و باشی پەیوەندییەکان و قازانجی دوارۆژیان بوو. هەر کەنیزەیەک دەکەوتە ناو بەشە تایبەتییەکەی سوڵتان هیچ کاری تری لەناو حەرەملەک پێ نەدەسپێردرا، بە چڕی و بە زۆرزانییەوە فێردەکران، هەموو مەرج و

سەرەتاییەکانی ئاینی ئیسلامییان فێر دەکرد، تا بزانێت چۆن لەناو حەرەملەک بجولێتەوە و هەموو بنچینەکانی رەوشتی باو و ترادیسیۆنەکانی لێدوان و ئاخاوتن فێر دەبوون، ئەگەر جارییەک زمان و موزیک و سەما و خوێندەوارییەکەی باشتربوایە، زووتر و باشتر دەکەوتە ناو دڵی سوڵتان و لەناو کۆشک و حەرەملەک جێگیرتر دەبوو.

# بەشی هەشتەم

## ململانێیەکان سوڵتانەکەی جیهان دەروخێنێت

## سوڵتان کوڕەکەی دەکوژێت

ململانێیەکانی نێوان کوڕەکانی سوڵتان سلێمان ئاشکرا دەبێت، هەموو کەس هەستیان پێ دەکات، شازادە مستەفا و سەلیم و بایەزید یەکتری دەشکێنن، لە عەرش و تاجەکە دووردەکەونەوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکە، پیرۆزییەکانی ناو بنەماڵەکە ناتوانێت برینەکان سارێژ بکات و براکان بخاتەوە یەکریزی، ئەو سوڵتانە ئەفسوناوییەی کە دەسەڵات و هەژموونی لەسەر ئەوروپا و ئیران و جیهان هەبوو، ناتوانێت کوڕە ناکۆکییەکان ئیقناع بکات، ململانێیە درێژەکەی نێوان هەردوو ژنە سوڵتانەکە، هۆکار و فاکتەری سەرەکی ئەو براکوژی و ناکۆکییە بوو چارەسەر بکات، کە دەرئەنجام ژنە گەورەکە لە کۆشک و لە پایتەخت دووردەخاتەوە.

سوڵتانە خوڕەم بەرنامەرێژی پتەوی دانابوو، بۆ رووخاندنی خەونەکانی شازادە مستەفا کوڕە گەورەکەی سوڵتان سلێمان، هەموو دەسەڵاتەکانی سەدری مەزنی زاوای بەکاردەهێنا، هەموویان سوڵتان ئیقناع دەکەن، کە شازادە گەنجەکەی کوڕی پیلانگێڕی دەکات بۆ رووخاندنی تاجی پاشایەتی، سوڵتان زوو بەو قسەیە بڕوا دەکات، چونکە هەستی کردبوو ئاکار و شێوەی کوڕەکەی زۆر لە سوڵتان سەلیمی باوکی دەچوو، کە کودەتای لەسەر سوڵتان بایەزیدی باوکی دەکات و براکانی دەکوژێت، بۆیەش رازی دەبێت یەک لە کوڕەکانی سوڵتانە خوڕەم لەجیاتی ئەو بکاتە جێنشین.

لەگەڵ ئەو رەوشە تەماوییە بەپیلانە، سوڵتان لە رۆژانی چل ساڵەی حوکمی ترسناکترین و کوشندەترین بڕیار دەردەکات، ئەویش لە سێدارەدانی کوڕە گەورەکەی شازادە مستەفا بوو.

سوڵتان بڕیارەکە ئاشکرا ناکات و لە بوارێکی گونجاویش دەگەڕێت بۆ جێبەجێکردنی، دەترسا هەواڵەکە بگاتە ئەنادۆل و لەوێش سەرکردە و شازادە گەنجەکە کودەتایەک بکات و یاخی بێت، چونکە ئەو لەوێ سەرباز و سەرکردەکانی رێزیان دەگرت و لە فەرمانەکانی دەرنەدەچوون.

له ساڵی ١٥٥١ی زاینی سوڵتان سلێمان فەرمان دەدات سوپایەکی مەزن ساز و ئامادە بکەن و بەرەو ناوچە و سنوورەکانی دەوڵەتی سەفەویی ئیرانی بڕۆن، دیارە مەبەستە دیار و روونەکە شەڕی سەفەوییەکان دەبێت، بەڵام مەبەستی نهێنی لەو هەڵمەتەدا هەبوو، لە رێگا شازادە مستەفاش لە سێدارە بدات، بۆیەش ئاسایی بوو، شازادە مستەفاش لەو هەڵمەتە بەشداری بکات، ئەو لە هەموو هەڵمەت و شەڕەکاندا، کوڕەکانی لە هەردوو ژنەکەی سوڵتانە خوڕەم، سەلیم و بایەزید و جیهانگیر و مستەفاش لە ژنەکەی تردا لەگەڵ خۆییدا دەبرد، لەگەڵ سەرکەوتنیان لە چەند بەرەیەک، سوڵتان لە ساڵی ١٥٥٢ی زاینی فەرمان دەدات سوپاکەی لە کەندی ئیریجلی پشوویێک بدات، لەوێ داوای کوڕەکەی دەکات تا رووبەڕووی قەدەری خۆی ببێتەوە.

بەڵام لە هەندێ سەرچاوەی مێژووییدا، ئەو رووداوە بەو شێوەیە دەگێڕنەوە، گوایە سەدری مەزن رۆستم پاشا، بۆ ئەو کوشتنە بەرنامەیەک لە هەڵمەتەکە دادەرێژێت، سەرەتا شازادە مستەفا بەشدار ناکەن بۆ هێرشبردنەوە سەر ئیران، بەڵام دوایی رۆستم پاشا، بە ناوی سەرۆکی هێزەکانی عوسمانی بانگی دەکات، کە سوپا و چەکدارەکانی لە شوێن و کاتێکی نەگونجاو، دەگەنە نزیک سوپاکەی سوڵتان پێی دەڵێن، شازادە مستەفا بۆ ئەنجامدانی کودەتایەک بەرەو مولگەکانمان دێت، سوڵتان هەست دەکات کوڕەکە نیازی باش نییە، فەرمانی گرتن و لە سێدارەدانی دەدات.

## پلانی کوشتنەکە

شازادە مستەفا لە کات و شێوەی ناردنەکە، تێدەگات باوکی سوڵتانی سوڵتانەکان کردەیەکی شاراوەی لەبن سەردا هەیە، لەبەر خۆییەوە وتبووی:

ئەگەر نەچم و داواکەی باوکم قبوڵ نەکەم، ئەوە گومان و تاوانەکەم لەسەر دەبێتە ماڵ، ئینجا ناتوانم بەئاسانی بەرۆکی خۆم پاک بکەمەوە، بەڵام کە دەچم ژیانم دەکەوێتە مەترسی.

هەردوو بژارەکە، بۆ شازادەکە ترسناک بوون، یان بە خیانەتی مەزن تاوانبار دەکرێت، یان دەکەوێتە بن شیرە تووڕەکەی باوکی، شازادە نیازپاکی باوکی بە دروست تێدەگات، نەک بە نیازی نەیاری و کوشتن تێ بگات، بۆیە دەچێتە ناو خیوەتەکەی سوڵتان، پاسەوانەکانی دەرگای لێ دەگرن، داوای لێ دەکەن بێ چەک بچێتە ناو خیوەتەکە، چونکە هەرگیز کەس بە چەکەوە لە سوڵتان نەچوویتە ژوورەوە، بۆیەش کوڕەکەشی بۆی نییە چەک بباتە ژوورەوە.

شازادەکە دەچێتە ناو خیوەتەکە، چاو لە باوکی دەگێڕێت، باوکی نابینێت، پەردەکە بەسەر عەرشەکەی دادرابوو، لەبەر تاریکی نەیتوانی بزانێت چ لە پەنا پەردەکەوە هەیە، سوڵتانیش بە دڵێکی تژی لە رقەوە، لەسەر عەرشەکەیەوە و لەپشتی پەردەوە، سەیری کوڕەکەی دەکرد، لەودەمانەدا حەوت کۆیلەی کەڕ و لاڵ هێرش دەکەنە سەر شازادە مستەفا، شازادە گەنجەکە، ئازایانە دەیەوێت بەرگری لە خۆی بکات، سوڵتانیش ئاماژەیەک بۆ پاسەوانەکان دەکات و لە بڕیارەکە دوودڵ نەبن، کوڕەکە لە ئەرز دەدەن، یەکێکیان داوێکی توندی کەوانێکی چەورکراو، لە گەردەنی دەئاڵێنێت و دەیخنکێنێت.

مێژوونووسان ئەوە دەسەلمێنن، کە کوشتنەکەی شازادە مستەفا هۆڤیانەترین کوشتن بووە لە تەمەنە درێژەکەی فەرمانڕەوایی سوڵتان سلێمان، کە شازادەکە دەکوژرێت تەمەنی سی و هەشت ساڵان بووە، بە درێژایی سی و دوو ساڵ جێنشینی عەرش بووە، هەموو پێداویستی و مەرجەکانی عەرشی تێدا مەیسەر بوو، پیاوێکی سوارچاک و بە ئەزموون بوو، لە بواری سەربازییش بە توانا و ئازاش بوو، ئەو دەستی شیعر و هێڵکاریشی هەبوو، بەڕاستی خۆشەویستی سوپای عوسمانی بوو، بەڵام هەموو ئەو خەسڵەتە پۆزەتیڤانە، لەکن باوکی پاکانەی بۆ نەکرد، کە کەوتبووە ناو بەرنامەیەکی دارێژراو بۆ کوشتنی کوڕە گەورەکەی.

کوشتنی شازادە مستەفا بێ کاردانەوە بەسەرنەچوو، کوشتنەکەی باهۆزێک بوو ئارامییەکەی جڤاتی عوسمانی شەقاند، لەلایەن کوڕە گچکەکەی سوڵتان

سلێمان شازادە جیهانگیر تەمەن بیست و دوو ساڵییەکەی ناڕەزایی دەنوێنێت، بۆیە بەتووڕەییەوە لە باوکی دەچێتە ژوورەوە و بە توندکار و دڵڕەق ناوی دەبات، مان لە خواردنیش دەگرێت، پاش چەند رۆژێک، ئەویش دەگاتە کاروانی زڕبراکەی، هەندێ لە سەرچاوە مێژووییە عوسمانییەکان نووسیویانە، شازادە جیهانگیر لەبەردەم باوکی بۆ نارەزایی دەربڕین خۆی دەکوژێت.

سوپای عوسمانی بەو تاوانە و بە کوشتنی سەرکردە خۆشەویستەکەیان شازادە مستەفا ئارام و بێلایەن نەبوون، چەندین ئاژاوە دروست دەبێت، چەندین تیمی ئینکشاری بەتوندییەوە ناڕەزایی دەردەبڕن، چونکە ئەوان شازادە مستەفایان بە موستەحەقی عەرشی عوسمانی دەزانی، لە چەندین ناوچەی ئەنادۆل بەتایبەتی لە ئاماسیا، کە شازادە بۆ چەند ساڵێک تێدا والی بووە، ناڕەزایی سەرهەڵدەدات، لەوێ بە ناوی سوڵتان مستەفا بانگیان دەکرد، بۆیەش ژیان و سەربردەکانی شازادە مستەفا، لەناو ئەدەبی تورکی لە ئەنادۆل دەنگ دەداتەوە، چەندین چامە شیعری شیوەن و ماتەمینی بۆ دەنووسن، لە بەرامبەر ئەو ناڕەزایی و تووڕەبوونەکاندا، سوڵتان سلێمان بۆ کپکردنەوەیان، رۆستم پاشا لادەدات و ئەو بەو تاوانە گوناهبار دەکات، چونکە ئینکشارییەکان دەیانزانی کوشتنەکە بە پیلانی ئەو بووە.

سوڵتان سلێمان خۆی وا دەنواند، ئەو کوڕەکەی نەکوشتووە، هیچ ئاماژەیەکی پەشیمانی و بەزەیی لێ دیار نەبوو، دەگەڕێتەوە پایتەختیش، بە هیچ شێوەیەک باس لە کوشتنەکە ناکات، چاوەڕوان دەکات نامەیەکی لە دیوان بە حوبری سپی لەسەر کاغەزێکی رەشی بەدەست بگات، تێدا هەواڵی مردنەکەی تێدا بوو، پەیامەکە دەخوێنێتەوە، کەشیدەکەی سەری فڕێ دەداتە سەر زەوی و فەرمان دەدات پرسە لە وڵات رابگەێنن، بەڵام قبوڵ ناکات، تەرمەکەی لە گۆڕستانی سوڵتان بنێژن و لە شوێنی گۆڕە پێشنیارەکەی خۆیشی نزیک نەبێت، شتەکان ڕووندەبێتەوە، بڕیاریش دەدەن، تەرمەکەی لە شاری بۆرسە بنێژن،

بەڵام بۆ کوڕە گچکەکەی فەرمان دەدات گۆڕستان و مەزارێکی شکۆدار، لەنزیک مزگەوتی شاری ئەستنبۆل ساز بکەن و لەوێش دەینێژن.

سوڵتانە خوڕەمیش بەخۆشحاڵییەوە هەواڵەکە وەردەگرێت، بۆ مەرگی کوڕە گچکەی رەشپۆش دەبێت، بەڵام خەم و کارەساتەکە، ژنەکە لە بەرنامەکانی بۆ هاتنەدی خەونەکانی پەشیمان، یان ساردی ناکاتەوە، دەیەوێت ببێتە ژنە مەزنە تاقانەکەی کۆشک و عەرشەکە و سەروەرییەکان و دەسەڵاتەکان بۆ یەکێک لە کوڕەکانی مسۆگەر بکات، لەولاشەوە سوڵتانە ماهـ دەوران، کارەساتی لە سێدارەدانی کوڕە تاقانەکەی دەیروخێنێت و دەگەڕێتەوە بۆرسە، لەوێ لەنزیک گۆڕی کوڕەکەی دەنوزێتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی داراییشی لەلایەن سوڵتانەوە بۆ دابین بکرێت، بە خەم و ئازارەوە دەتلێتەوە، بەڵام کە سوڵتان دەمرێت، کوڕی هەوێیەکەی سوڵتان سەلیمی دووەم، هەتا کاتی مردنەکەی لە ساڵی ١٥٨١ی زاینی مووچەیەکی بۆ دەبڕێتەوە.

بە کوشتن و نەمانی شازادە مستەفا، دیمەن و کارەساتە ناخۆشەکان لەناو کۆشک تەواو نابێت، ماوەی چارەگە سەدەیەک، وڵاتەکە دەهەژێنێت، چونکە کوشتن و پیلانەکانی ناو کۆشک، دەگاتە هەردوو کوڕەکەی سوڵتانە خوڕەم، شازادە سەلیم و بایەزید، هەردووکیان چاویان لە پۆستە باڵاکە و سەرکردایەتی دەوڵەتی عوسمانی بوو، باوکیان وڵاتێکی بەهێزی گەورە و فراوان و بە سەرچاوە و بنەمایەکی یاسایی بۆیان دامەزراندبوو.

شازادە سەلیم برا گەورەکە بوو، بەپێی ترادیسیۆنی پاشایەتی عەرشی عوسمانی، ئەو بەختیار دەکات بۆ پۆستی سوڵتان، بەڵام هەندێ لە خەسڵەتە تایبەتییەکانی سەلیم وا دەکات، سەرکردایەتی سوپا ئەویان قبوڵ نەبێت، چونکە هەستیان دەکرد ئەو هیچ ئەزموون و لێهاتوویی سەربازی نییە، لە هیچ شەڕێکیش سەرکردایەتی نەکردووە، قسەش هەبوو، ئەو زۆر دەخواتەوە و زۆرتر خەریکی مێبازییە، ئەوانەش بوارساز ناکات، کوڕە گەورەکەی ببێتە سوڵتان. بایەزید شازدە مانگ لە براکەی بچووکتر بوو، لە بوارەکانی سەربازی

و ئیدارەدا کارامە و بە ئەزموونتر بووە، لە چوار مەیدانی جەنگدا ناوی بە ئازایەتی و لێزانییەوە دەرکردبوو، بۆیە هەموولایەک ئەو، بۆ عەرشی عوسمانی لە برا گەورەکەی بە شایستەتر دەزانن.

بەڵام! سوڵتان سلێمان شازادە سەلیم دەکاتە جێشینی خۆی، هەموولایەک بەو بڕیارە چاوەڕوان نەکراوە شۆک دەبن، لەوانە سوڵتانە خوڕەمی دایکیشی، حەزی دەکرد شازادە بایەزید بکرێتە جێنشین، زۆر خەڵک بە پیلانەکانی سوڵتانە خوڕەم وەرگەڕابوون، بەڵام ئەمجارە پیلانەکان ئەو دەگرێتەوە و کەسانی نوێی تێ دەکەوێت، ئەگەرچی رۆستم پاشای زاوای دەباتەوە سەر پۆستەکەی خۆی و دەبێتەوە سەدری مەزن، هەڤاڵبەندییەکی تری لەناکاو، بەبوونی وەزیر مستەفا پاشا و وەزیری ترسناک موحەمەد سوقوللو کە ناوی لە ئاسمانی ئەستنبۆل دەدرەوشایەوە سەرهەڵدەدات. ئەوانیش مەبەستیان بوو، شازادە سەلیم لە عەرشی عوسمانی دووربخەوە، چونکە لەگەڵ ئەوەی کەسێکی شیاو و لاوازیش بوو، بە کەسێکی سەرخۆش و مەست لەناو خەڵکەکە دەناسرا.

لەناو باخچە و هەیوان و بەشەکانی کۆشکی بابی عالی شادمانی نەما، چونکە ململانێی کوڕەکانی خوڕەم لەسەر عەرش گەرم دەبێت، وەزیرەکانیش بۆ پۆستی باش و پێگەی دیاریش دووڕوویی و ماستاویان بۆ شازادە دەکرد، دایکەکەش نەیتوانی شازادە سەلیم لە وەرگرتنی عەرش دووربخاتەوە، تا ئەو ململانێیە دەگاتە ئەو رادەیەی، سوڵتانە خوڕەم ژەهرخواردوو بکرێت، دکتۆرەکان ناتوانن چارەسەری بکەن بەو ژانەوە دەمرێت، مێژوونووسان دەڵێن:

شازادە سەلیم و یاریدەری یەکەمەکەی وەزیر مستەفای زەنبق پاشا ژەهریان دەرخوارد دابوو.

بەڵام هەندێ لە سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن:

ژنەکە بە نەخۆشی سل مردووە. ئەوەی شایانی باسە، ئەو ناودارترین ژنە سوڵتان بووە لە مێژووی حەرەملەک و دەوڵەتی عوسمانی.

سوڵتانە خوڕەم لە ساڵی ١٥٥٨ی زاینی و پاش دابینکردنی عەرشی عوسمانی بۆ کوڕەکانی و سەرکەوتن بەسەر دوژمن و نەیارەکانی و ڕێبەرایەتی چەندین پیلانی فرەجەمسەر و تۆڕەکان دەکات، دەمرێت. ئەو بناغە و سیستەمێکی تایبەت بە ناوی سەڵتەنەتی حەریم دادەنێت، کە چەند ساڵێک پەیڕەو دەبێت، ئەویش یەکەم ژن بووە، بنەماکانی دەسەڵاتی حەرەملەک لەناو کاروباری دەوڵەت دادەنێت، ئەوەش لەگەڵ کەسایەتی لاوازی سوڵتان کەم و زۆر بووە.

بە مردنی سوڵتانە خوڕەم، سوڵتان سلێمان خەمێکی زۆری بۆ دەخوات هەرگیز کەسی تر خەمی وای بە مردنی هاوسەرەکەی نەخواردبێت، بە مردنی ژنەکە سوڵتان فەرمان دەدات، ئەو دەرگایەی نێوان بەشی ژوورەکەی ئەو و ژووری ژنەکە بگرن، لەبەر حورمەت و ڕێزی هاوسەرەکەی، چیتر ژنان نابینێت و هاموشۆیان ناکات، نانیش بەتەنها دەخوات و کورسییەکەی سوڵتانەش لە شوێنەکەی خۆی جێدەهڵێت، ڕۆژە جوانەکانی بە پیرییەکی تاڵ و تەنیایی بەڕێدەکات.

## ململانێی دوو برایەکە

شازادە سەلیم پەنا دەباتە بەر چەکی دایکە ڕەحمەتییەکەی بۆ نانەوەی دووبەرەکی، لەنێوان سوڵتانی باوکی و شازادە گچکەکەی برای بایەزید، بۆیەش بەرنامەکەی وەزیر مستەفا پاشای زەنبق جێبەجێ دەکات، کە پۆستێکی بۆ دەدۆزێتەوە تا لە سوڵتان سلێمان نزیک ببێتەوە، ئەویش گەمەیەکی لەنێوان سوڵتان و شازادە گەنجەکە ساز دەکات، نامەیەکی پێ دەنووسێت کە شازادە بایەزید وتوویەتی چۆن باوکم براکەم دەکاتە جێنشین، کەس لێی ڕازی نییە و بەردەوام خەریکی ڕابواردنە، سوڵتان بەو نامەیە دەزانێت، لە کوڕە گەنجەکە تووڕە دەبێت و لە والی ئاماسیای دووردەخاتەوە، بە بیانووی ئەوەی قسە لە فەرمانەکانی باوکی دەکات تۆڵەی لێ دەکاتەوە.

شازادە لە پۆستەکەی لادەدرێت، هەست بە گومان و پیلانەکە دەکات و دەزانێت ئەوە سەرەتای لەناوبردنیەتی، بۆیەش شۆڕش و یاخیبوون دژ بە سوڵتان رادەگەیەنێت، چەندین تیمی سەربازی کۆدەکاتەوە، ژمارەیان دەگاتە بیست هەزار سەرباز. سوڵتان سوپایەک دەنێرێت بۆ شکاندنی سوپای کوڕەکە و لە رۆژانی ۳۰و ۳۱ی مایوی ساڵی ١٥١٦ی زاینی هەردوو سوپا رووبەڕوو دەبنەوە، کوڕەکە دەشکێت و بەرەو ئیران رادەکات، بە بوونی کوڕەکەی سوڵتان سەلیم، ئیرانییەکان داوا دەکەن سلێمان دەست لەسەر ناوچەکانی عیراق و ئازەربایجان هەڵبگرێت. بەڵام سوڵتان سازش ناکات، نوێنەرەکانی سوڵتان دەگەنە قەزوین و لەوێ شازادە بایەزید و هەر چوار کوڕەکەی دەکوژن و تەرمەکانیان دەهێننەوە سیواس، لەوێ دەنێژرێن، کە بایەزید بە فەرمانی باوکی دەکوژرێت، تەمەنی سی و حەوت ساڵ بوو.

هەموو بوارەکان خۆش دەبن، بۆ ئەوەی شازادە سەلیم ببێتە سوڵتان، براکەی نەما و باوکیشی نەخۆشی نقرسی هەبوو و نەیدەتوانی سواری ئەسپ بێت، ئەگەرچی ئەو لە تەمەنی ٧٤ ساڵیش سوپای ساز دەکرد شەڕی نەمسا بکات، گوێ ناداتە راوێژی دکتۆرەکان و پێیان دەڵێت:

من دەمەوێ لە پێناوی خودا لە غەزاکاندا بمرم.

سوڵتان بە گەورەیی و لەو تەمەنەدا بە سەرکردایەتی سوپایەک لە رۆژی ۲۹ی ئەپریلی ساڵی ١٥٦٦ی زاینی دەگاتە شاری سیکتواری هەنگاری، کە سەختترین و قایمترین قەڵاتی سەربازی تێدا بوو. لە رۆژانی گەمارۆدانەکەدا، لە رۆژی ٥ی سپتەمبەری ساڵی ١٥٦٦ی زاینی و لە تەمەنی ٧٤ ساڵی دەمرێت، ٤٨ ساڵی تەمەنی بۆ هەڵمەت و جەنگەکان تەرخان دەکات و دەوڵەتەکە گەشەدار و فراوان دەکات، لە سەردەمی ئەویش دەوڵەتەکە دەگاتە ئەوپەڕی گەورەبوون و پتەویی، کە لەبەردەم سەنگەرەکان دەمرێت، تا سوپاکە و سەربازەکان چۆکیان نەشکێت و ورەیان نەڕوخێت، وەزیرەکە هەواڵی مردنەکە بڵاوناکاتەوە و نامەیەک بۆ شازادەی کوڕی دەنێرێت، کە لە شاری کوتاهیە

بووە، داوای لێ دەکات بگاتەوە پایتەخت، تا کەسیش گومان لە مردنەکەی نەکات، هەواڵی گرتنی قەڵاتەکە بە سەرۆکایەتی و ڕێبەرایەتی سوڵتان سلێمان بڵاودەکەنەوە، چاوەڕوان دەکەن کوڕەکەی بگاتەوەو عەرشەکە وەربگرێت.

سەلیمی دووەم، تاجەکە وەردەگرێت و ئاسۆکانی دەوڵەتی عوسمانی ئاراستەیەکی تر وەردەگرێت، سەردەمی ئەویش بە سەڵتەنەتی حەریم دەناسرێت، تێدا حەرەملەک، ڕۆڵێکی مەزن و ئەکتیڤی لە بەڕێوەبردنی سەڵتەنەتی عوسمانی لەڕووی سیاسی گشتی دەگێڕێت، سوڵتانەکان، دەکەونە بن ئارەزوو و ویستی ژنە سوڵتانەکان، ئەو سەردەمەش بەسەرەتای لاوازبوون و رووخانی سیاسییەکە ئەژمار دەکرێت، سەردەمی سوڵتانە خوڕەمیش کۆتایی دێت، کۆشکەکەش چاوەڕوانی هاتنی سوڵتانەی تر دەکات، ئیتر ڕۆژانە و دەسەڵاتی سوڵتانە نوێیەکە، نوربانو دەست پێدەکات.

## وەقفەکانی خوڕەم

لەگەڵ چالاکییە سیاسییەکانی سوڵتانە خوڕەم، کارە خێرخوازییەکانی دەگەیشتە هەموو گۆشەیەکی وڵاتەکە، ئەو یەکەم ژن بووە، لەناو حەرەملەک بۆ کاروباری چاکە و یارمەتییەکان ڕۆڵی هەبووە، ئاغادار سەعادەت لەناو کۆشکی عوسمانی بەرپرس بووە لە وەقفەکانی ئەو لە دەرەوەی ئەستنبۆل.

ئەو مزگەوت و چێشتخانەی خەیری بۆ هەژاران و قوتابخانە و نووسراوخانەی دروستکردووە، لە شاری ئەدرنەش چەندین خێراتی و شێرەی ئاوی خواردنەوە داناوە، لە قودسیش وەقفی هەبووە و خزمەتی زۆری هەردوو حەرەمە پیرۆزەکانی کردووە، لە شاری ئامرت، چەندین دامەزراوی خەیری بۆ هەژار و لێقەوماوان داناوە، کاروانسەرای بۆ حاجی و فەقێیەکان دانابوو، بۆ هەژارانیش خان و هەواری نووستنی دروستکردبوو، هەر لەو شارەدا مزگەوت و قوتابخانەی دروستکردبوو، وەقفی زۆریشی بۆ خزمەتی ئەوان تەرخانکردبوو، بۆ سازکردنی ئەوانە، بە زمانی عەرەبی تۆمارێکی نووسیبوو، تێدا چۆنیەتی

وەقفەکان و شوێن و کرێکارەکان و دەستەی بەڕێوەبردن و مووچە و مەرج و کەسایەتی کارمەندەکانی دیاری کردبوو، بۆ هەموو ئیش و فەرمانەکان و سرووشتی پرۆژەکان بە وردی بەرنامەی دانابوو، هەموو ئەوانەی لە کتێبەکەدا باسکرابوون.

# بەشی نۆیەم
## خاتوونەکەی رووناکی ژیانی سەلیمی دووەم دەکوژێنێتەوە

## سوڵتان دەمرێت

لەگەڵ دەسەڵاتی سەلیمی دووەم (لە ساڵی ١٥٦٦ هەتا ١٥٧٤ی زاینی) دەسەڵات و هەژموونی حەرەملەک گەورەتر دەبێت، ئەوروپییەکانیش بەوە دەزانن، بۆیە زۆر لە پەیام و راسپاردەکانیان، ئەوانەی تایبەتیش بوون بە کاروباری دەوڵەت رەوانەی حەرەملەکیان دەکرد، هاوسەرەکەی سەلیمی دووەم سوڵتانە نوربانو، بۆ چەند ساڵ رۆڵێکی مەزن دەگێڕێت لە سیاسەتی عوسمانی.

بۆ وەرگرتنی عەرشەکە، شازادە سەلیم دەگاتەوە ئەستنبۆل، بۆ پێشوازی لە سوپاکە روو لە بەرەکانی نەمسا دەکات، تێدا عوسمانییەکان سەرکەوتنی مەزن بە دەست دەهێنن، ئینجا سوڵتانە نوێیەکە پێشڕەویی کەژاوە و کاروانی بەڕێکردنی تەرمی سوڵتانە گەورەکەیان، سوڵتان سلێمان ئەلقانونی دەکات، کەلەگەڵ سوپاکە هەڵگیرابوو و دەگەڕایەوە. کاروانەکە دەگاتە بەردەم سوڵتان و سەدری مەزن موحەمەد پاشا سوقوللو سەلامی سەڵتەنەتی لێ دەکات، لە بیابانەکەی سیرم لە دەرەوەی بەلگراد سوپای عوسمانی شکۆداری عوسمانی دەبەخشنە جێنشینەکەیان، ئینجا سوڵتانە نوێیەکە، سوێندی یاسایی سەڵتەنەت دەخوات، سوپاکەش لەدوای ئەو نوێژی مردوو لەسەر ئەلقانونی دەکەن، خواجەی سوڵتانی عەتوللە ئەفەندی مامۆستای سەلیمی دووەم لە سوپا دەڵێت:

نوێژ بۆ مردووەکەمان داببەستن.

نوێژەکە دەکەن، کاروانێکی شیاو بە هەیبەت و مەقامی سوڵتانی کوچکردوو بەڕێدەکەن، لە شاری ئەستنبۆلیش مەراسیمێکی گەورەی پرسەی شایستە بە پێگە و گەورەیی سوڵتان ساز دەکەن، هەزارەها کەس لە هاوڵاتیانی ئەو شارە تەرمەکەیان لەسەر شانیان راگرتبوو، بەرەو دوا هەوارەکەی لە خەڵوەتگەی مزگەوتی سلێمانییەیان دەبرد، هەمووش بۆ چاکەدانەوەی ئەو سوڵتانە بوو، ماوەیەکی درێژ داد‌پەوەرانە حوکمی مەملەکەتەکەی کردبوو. سوڵتان سەلیم سەدری مەزن موحەمەد پاشا سوقوللو لە پۆستەکەی دەهێڵێتەوە. ئەو پیاوە بە زیرەکی و لێهاتووییەوە بە درێژایی سەردەمی حوکمی سوڵتان سەلیم

فەرمانەکانی رادەپەڕێنێت، سوڵتان دەچێتە شاری ئەدرنە، لە زستانی ساڵی ١٥٦٧ی زاینی لەوێ دەبێت و سەفیرەکانی ئیران و ئەڵمانیاش بۆ پرسەی باوکی سەردانی دەکەن، داواش دەکەن، پەیمانە ئاشتییەکەیان نوێ بکەنەوە، چونکە سوڵتان سەلیم مەبەستی نەبوو شەڕەکان سەرلەنوێ هەڵبگیرسێنێتەوە، مانەوەی لەوێش بە بوارێکی گونجاو دەزانێت، بەردی بناغەی مزگەتی ئەلسلیمییە دابنێت.

ململانێیە سیاسییەکە لە سەردەمی سوڵتان سەلیم دەبێتە دوو لایەن، یەکەمیان لەنێوان پیاوەکانی ناو دیوان، سەدری مەزن موحەمەد پاشا سوقوللو مێردی ئەسمهانی کیژەکەی سوڵتانە بوو، دەستی توندیشی لەسەر هەموو جەمسەرەکانی دەوڵەت گرتبوو و سەرۆکایەتی دەکرد. لەبەر بێدەسەڵاتی و لاوازی کەسایەتی سوڵتان سەلیم، پیاوانی کۆشک بە چاوی دیکتاتۆر سەیری سوقوللویان دەکرد، ئەویش سوود لەوە وەردەگرێت، سوڵتان هەموو کاروبارەکانی دەوڵەت رادەستی حکومەت دەکات، بەردەوامیش سوقوللو سوڵتانی لە هەوەستبازی و خۆشییەکانی ژیان دووردەخستەوە، پشتی بەوەش ئەستوور بوو کە تیمە تایبەتییەکانی سوپای ئینکشاری هاوشانی بوو.

کەسایەتی دووەمیش مستەفا پاشا (لالا)ی وەزیر بوو، دەسەڵاتە زۆرەکەی لەوەوە هاتبوو، ئەو زۆر هاوڕێ و دۆستی سوڵتان بووە، بە گێڕانی چەندین پیلان دژ بە شازادە بایەزید کۆششی دەکرد شازادە سەلیم ببێتە سوڵتان. وەزیری سێیەمیش داماد بیالەی پاشا بوو، کە زاوای سوڵتان سەلیم بوو، بەوەش دەتوانێت زۆرتر لەناو کۆشک و دەوڵەت هەژموون پەیدا بکات. ئەو سێ وەزیرە سیاسەتی دەوڵەتەکەیان بەڕێوە دەبرد، بەتایبەتی موحەمەد پاشا سوقوللو، ئەو بواری نەداوە لاوازییەکانی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی سوڵتان بزاندرێت و جەستەی دەوڵەتەکە لاواز و شکست بێت.

ململانێی دووەم لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی دووەم لەناو حەرەملەک بوو، ئەوەش لە ململانێیەکەی ناو وەزیرەکان کەمتر نەبوو، پاش دەسەڵاتی سوڵتانە

خوڕەم لە حەرەملەک سوڵتانە موحەریم، لەناو عەرەبەکان بە سوڵتانە مریەم دەناسرا، رووبەری دەسەڵاتی جارانی سوڵتانە خوڕەم دەگرێتەوە، چونکە ئەو ژنی کۆنە سەدری مەزن رۆستم پاشا بوو، بەڵام لە سەردەمی سوڵتان سەلیم دەسەڵاتی ئەو ژنە کەم دەبێتەوە و دایکی سوڵتان زۆرتر دەسەڵاتی دەبێت، بەڵام لەو کەشە نوێیەدا ژنێکی تر پەیدا دەبێت، دەپرسین ئەو ژنە کێیە و چۆن پەیدابوو؟

## خاتوونەکەی کۆشک

حەرەملەک دەسەڵات و هێزی سوڵتانە خوڕەمی لەبیرناچێت، ئەو ژنەی تۆڕی چەندین پیلانی دادەڕشت و ئەنجامەکانی بە قازانجی ئەو دەکەوتنەوە، بۆیەش ئاساییە، لە حەرەملەک ئەو پیشهاتە دووبارە ببێتەوە و کەسایەتی تر و ژنانی تر، بێنە مەیدان و بەزمەکەی ئەو نۆژەن بکەنەوە، یەکێک لەوانەی ناو و دەسەڵاتی هەبووە، لە ڤینیسیاوە هاتبوو، ئەو بە وردییەوە هەستی لە بەرنامە و ژیانی سوڵتانەکەی پێشووی کۆشک راگرتبوو، ئەویش کەنیزە بووە و ناوی (نوربانو) بوو، یەکێک بوو لەو کیژانەی دەبنە ئەندامی دەستی خزمەتی شازادە سەلیم، نوربانو دەتوانێت هۆش و هەستی شازادەکە ببات، دەڵێن ئەگەر باوکی سوڵتان سلێمان ئەلقانونی داوای کردبوایە، ئەگەرنا هەرگیز کەژاوە و ناو باوەشی ئەوی بەرنەدەدا.

نوربانو پاش ئەوەی چوار منداڵی بۆ شازادە گەنجەکە دەبێت، لەوانە یەکێکیان کوڕ دەبێت و ئەویش شازادە موراد بوو، دوایی دەسەڵات دەگرێتە دەست و ناوی بە سوڵتان موراد سێیەم دەڕوات، سەلیم پاش باوکی عەرشەکە وەردەگرێت، نوربانو دەبێتە کەنیزەی هەر نازدار و بەرچاوی کۆشک، لە پشت پەردەکانی حەرەملەک دەسەڵات و پاوەری بەهێز گەمە دەکات، دووبارە ئەو دەسەڵاتی سوڵتانە خوڕەم، لەناو حەرەملەک زیندوو دەکاتەوە، ماوەیەک بوو ئەو دەسەڵاتە لە جەوهەردا نەمابوو، یان سست ببوو، چونکە سوڵتانە خوڕەم

هاوڕێیەتی یەکێک لە سوڵتانە هەر مەزنەکانی کردبوو، ئەویش سوڵتان سلێمان ئەلقانونی بوو، لەو دەوڵەتە رکابەرایەتی نەبوو، بەڵام سوڵتانە نوربانو بەپێچەوانەی ژنە سوڵتانەکەی تر، هاوڕێیەتی سوڵتانێکی بێدەسەڵاتی لاواز دەکات، بۆیەش هەژموونی ئەو لە حەرەملەکەوە دەگاتە ناو سەلاملەکیش.

لەسەر رەچەڵەکی نوربانو مێژوونووسان فرە بۆچوونیان هەیە، بەپێی تۆمارەکانی شاری ڤینیسیای ئیتاڵی، دەبێ سیسیلیا یان ئۆلیڤیا کیژی ڤیریینە نیکولوسی بەگزادەی شاری بروسا بووبێت، یان کیژی دۆقی ڤینیسیا سیباستیانو ڤینییە بووە و لە هەڵمەتەکانی عوسمانییەکان، بۆ سەر دوورگەی سیلادیز باروس دیلکراوە، لەو شارە لەساڵی ١٥٣٧ی زایینی لە رۆژانەی شەڕەکاندا لەدایکبووە، بەرەو حەرەملەک وەک کەنیزەیەک رەوانەی حەریمی سوڵتان ئەلقانونی کراوە و شازادە سەلیم حەزی لێ کردووە و ناوی ناوە نوربانو، واتە خاتوونی رووناهی، بۆیەش ئەو ناوەی لێ ناوە، چونکە ئەو کیژە ژیانی پڕ رووناکی کردووە و تاریکەکانی لە ژیاندا بۆ رەواندوتەوە.

هەندێک لە مێژوونووسان دەبێژن، نوربانو بەڕەچەڵەک دەگەڕێتەوە سەر جوولەکەی ئەسپانەکان، ناوی راستی راشیل و کیژی جوزیف ناسی بووە. بەڵام گێڕانەوە مێژووییە زۆر باوەکە دەڵێت، نوربانو بەڕەچەڵەک دەگەڕێتەوە بۆ دوورگەی کرکیرای سەر بە ئیدارەی ڤینیسیا، ماوەیەکی زۆر بەرووی هەڵمەتی عوسمانییەکان بەرگری دەکات و کەشتییەکانی داگیرکردنەکە رادەگرێت و چەند جارێکیش دەشکێن، بەڵام گەمارۆکەی ساڵی ١٥٣٧ی زایینی دژوار و توند دەبێت، بۆیە دوورگەکە دەکەوێتە بن دەستی عوسمانییەکان، بەڵام ناتوانن بەرگەی کەشوهەواکە و نەبەردییەکانی هێزەکانی بەرگری بکەن و دەکشێنەوە، لەگەڵ کشانەوەیان چەندین دیلیش دەبەن، لەوانە نوربانوشی تێدا بووە، ئەو کەنیزەیە لە بازاڕەکانی قستەنتینیە بە مەزادی ئاشکرا دەفرۆشرێت، لەو فرۆشتنەدا ژنانی تری جوانیش دەفرۆشرێن، لەوانە کالی و دایکی و براکەشی. نوربانو لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە، دەگاتە ناو کۆشکی سوڵتان، دایکەکەی

دوایی دەتوانێت بگەڕێتەوە وڵاتەکەی و براکەشی ئازاد دەبێت، کۆششی زۆریش دەکات، خوشکەکەشی ئازاد بکات و لەگەڵ خۆییدا بیباتەوە، بەڵام عوسمانییەکان کیژەکە بەرنادەن و ئەویش بە نائومێدی دەگەڕێتەوە دوورگەی کراکیرا. ئەو سەربردەیە لەسەر رەچەڵەکی نوربانو لە هەموو چیرۆکەکانی تر راستر بووە، چونکە لەناو کتێبخانەکەی میلان نامەیەک دەدۆزنەوە، دایکی سوڵتانە بۆ کیژەکەی نووسیوە و پێ وتووە من دەتوانم لە ئەستنبۆل بتبینم، بەڵام نازاندرێت ئایا دایکەکە کیژەکەی دیوە یان نا.

ئەو کیژە نازدارە لە کوێ هاتبێت، کەی هاتووتە ناو کۆشک گرنگ نییە، ئەوەی شایانی باسە، کیژەکە دەکەوێتە بەر دڵی شازادە سەلیمی تەمەن بیست ساڵە و لە ساڵی ١٥٤٥ی زاینی دەگاتە ناو کەنیزەکانی کۆشک، کیژەکە لەودەمانە تەمەنی پازدە ساڵان بووە، لە ساڵی ١٥٤٦ی زاینی لە هاوینەهەوارە شاخاوییەکەی بوزداگی سەر بە ویلایەتی مانیسا، تێدا شازادە والی بووە، کوڕێکی بە ناوی موراد بۆ شازادە دەبێت و ژنەکە دەگاتە پۆستی باش خاسکی، لە پێگەی ژنی یەکەمی دەبێت، ئەویش پێگەیەکی باڵایە لەناو کەنیزەکانی شازادە سەلیم.

سوڵتانە نوربانو لەناو حەرەملەک لەگەڵ سوڵتانە موحەریمەی کیژی سوڵتان سلێمان، نازناوی سوڵتانەی دایکی هەبووە، دەکەوێتە ناکۆکی و هەتا مردنەکەی لە ساڵی ١٥٧٨ی زاینی بەردەوام دەبێت، بە مردنی ئەو ژنە، نوربانو دەبێتە خاتوونی یەکەمی بێ رکابەر لەناو حەرەملەک، لەناو کۆشکی عوسمانیش دەبێتە ژنێکی دەسەڵاتدار، بەوەش دەسەڵاتی حەریم لەناو دەوڵەت گەشە دەکات و دەگاتە دەسەڵاتێکی پایەداری سەربەخۆ لە جەمسەرەکانی دەسەڵاتدا، بڕیار و فەرمانەکانی هێزی دەسەڵاتی سوڵتانیان هەبووە، بەتایبەتی کوڕەکەشی مورادی سێیەم دەبێتە سوڵتان، لە بیست ساڵەکەی حوکمی ئەویش، نوربانو ژنی یەکەم و کەسی دەسەڵاتدار بووە، کەسیش بێ پرسکردن بەو بڕیاریان دەرنەکردووە.

## سوڵتانە مێبازەکە

بە بوونی دەسەڵاتە لاوازەکەی سوڵتان سەلیم، بە سەلیمی مەست، واتە سەلیمی سەرخۆش دەناسرا، کەسایەتی و هەژموونی ژنەکەی گەشە دەکات. دکتۆر عەبدولعەزیز ئەلشناوی شارەزا لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی وتوویەتی:

سەلیم بەوە ناسراوە ئاکاری ناشیرینی زۆری لەناو کۆشکدا کردووە، بەوەش ناسراو بووە بەردەوام دەیخواردەوە و خەریکی ژنەکانی ناو کۆشک بووە، هەموو مێژوونووسان، کۆکن لەسەر ئەوەی ئەو خراپترین سوڵتانی عوسمانی بووە، سەردەمی ئەویش سەرەتای رووخان و پەککەوتنی دەوڵەتەکە بووە، یەکەم کەسیش بووە شیاوی ئەوە بووە نازناوی (تەمبەڵ)ی لێ بنێن، سەرۆکی سوڵتانە تەمبەڵەکانیش بووە، دەستی لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت بەرداوە، هەموو بڕیارەکان لەبن دەستی ژنەکانی ناو کۆشک و وەزیرەکان بووە، خۆشی هەر سەرقاڵی رابواردنە شەرعی و ناشەرعییەکانی بووە.

سوڵتان سەلیم هەرگیز بەشداری شەڕەکانی نەکردووە و نەچووە بۆ مەیدانەکان، ئەگەرچی لە سەردەمی ئەو عوسمانییەکان، هەڵمەتیان بۆ گرتنی یەمەن و قوبرس ناوە، سوپاکەشیان زۆر پڕچەک و بە تواناش بووە. هەندێ لە مێژوونووسان دەڵێن:

فاکتەری سەرەکی گرتنی دوورگەی قوبرس بۆ هێنانی مەشروب بووە، راوێژکارە جوولەکەی سوڵتان، ماجن جۆزیف ناسی، سوڵتان ئیقناع دەکات قوبرس باشترین مەشروبی دونیای تێدا بەرهەم دەهێندرێت، بۆیە سوڵتان بە ئارەزوو و بە مەزاجێکی خۆشەوە هاواری کردووە:

برۆ، من تۆم لەوێ کردە پاشا، تۆ پاشای قوبرس بە.

بەخت و یاوەری ئەو جوولەکەیە لەسەر سوڵتان سەلیمی دووەم ئەوەندە زۆر بووە کە دوورگەی ناکسوس دەگرن، دوورگەکە پێشکەش بەو جوولەکەیە دەکات، کە وڵاتانی ئەورووپی دەزانن، سوڵتانە عوسمانییەکە ئەوەندە سەرگەرم و لاوازە، پەیمانێکی پیرۆز دەبەستن و پاپای رۆماش سەرۆکایەتی هەڤاڵبەندییەکە

دەکات، پاشای ئەسپانیا و دۆقی ڤینیسیا و چەند ویلایەتی بچووکی تری ئەوروپیشی تێدا بوو.

پاپا بیوسی پێنجەم نامەیەک بۆ پاشای ئەسپانیا دەنووسێت، تێدا دەڵێت:

لە جیهانی کریستیانیدا، دەوڵەتێک نییە بەتەنها بەڕووی دەوڵەتی عوسمانی بوەستێت، بۆیە دەبێ دەوڵەتە کریستیانییەکان یەک بگرن، بەوەش دەتوانن هەڵمەت و هێرشەکانی عوسمانی تێکبشکێنن.

کەشتیگەلی عوسمانی دەیزانی، ئەوروپییەکان بەنیازن جوڵەیەک بکەن، بۆیە عوسمانییەکان فەرمان بە کەشتیگەلەکەیان دەدەن، لە خۆرهەڵاتی دەریای سپی بخولێنەوە، بۆ دۆزینەوەی کەشتییە ئەورووییەکان پشکنین بکەن، بۆیەش کەشتیگەلییە عوسمانییەکە، پێویستی بە ئامۆژگاری و هاندانی سوڵتان هەبوو بەرەو جیهاد هانیان بدات، بەڵام ئەو گوێی لە ئامۆژگارییەکانی سەدری مەزن موحەمەد پاشا و وەزیرەکان و تکاکانی نوربانو دەگرێت، فەرمانی دەرچوون و هەڵمەتەکە نەدات، بەوەش پیاوە کەشتیوانەکان جۆش و ورەیان نامینێت، چونکە خۆشیان کەم ئەزموون بوون و لە هونەرەکانی دەریا و کەشتیوانیدا شارەزا نەبوون، فەرمانیش دەدەن کەشتییەکانیان لە بەنداوی لیباتو، لە نزیک کەنداوی کورنسەی یونان رابگرن، کە دەزانن کەشتیگەلی ئەوروپی وا لەناو دەریا دەسوڕێتەوە، داوا لە سەرۆکی کەشتیگەلی عوسمانی دەکەن، لە کەنارەکان دووربکەونەوە و بچنە قووڵایی دەریاکە، شارەزاکانی ئەو بوارە، ئەو داوایە لە سەرکردەی دەریایی عوسمانی پرتو پاشا دەکەن، بەڵام ئەو داواکەیان رەفز دەکاتەوە و لووتبەرزییەکەی کوێری دەکات و فەرمان دەدات بجوڵێنەوە و دەڵێت:

ئەو سەگە کافرە کێیە هەتا ئێمە لێی بترسێین؟ من لە پۆستەکەم ترسم نییە، لە سەرپەڕاندنیش ناترسم، فەرمانی دیوان بە هەڵمەتبردن داوامان لێ دەکات، هیچ نییە، با هەر کەشتییەکیش چەند کەسێکی کەم بێت، با ژمارەشمان کەم

بێت، کەی موسلمانان وا بێ غیرەت بوونە، دەبێ کۆشش بکەین شەرەفی پاشامان بپارێزین.

ئولوج پاشا، یەکێک بوو لە باشترین کەشتیوانانی عوسمانی ویستویەتی پرتو پاشا رازی بکات، هەر لە شوێنەکەی خۆییەوە هاوار دەکات و دەڵێت:

کێ بوون هاوشانی خەیروڵا پاشا و تەرگدوجە پاشا شەڕیان دەکرد، بۆ قسەیەک ناکەن، ئایا شەڕ لەو کەنارەدا دەکرێت؟!

شەڕەکەی لیبانتوی دەریایی، بە یەکێک لە نیشانەکانی سەدەی ناوەڕاست دەژمێردرێت، دەقەومێت، تێدا کەشتیگەلی عوسمانی دەشکێت، بەڵام بەشی لای راستی بەرەکە، ئولوج پاشا سەرکردایەتی دەکرد، یەک کەشتیشی تێدا نەشکابوو، بەڵام هەردوولا زیانی زۆریان بەردەکەوێت. لەو شەڕەدا دەوڵەتی عوسمانی هیچ پارچە زەوییەکی کەزووتر لە شەڕەکانی تردا داگیریان کردبوو، لە دەست نادەن. بەڵام شکانە مەعنەوییەکە، بۆ سەر سوپای عوسمانی و ناوبانگی ئەستنبۆل لە ئەورووپا مەزن بوو، بۆ یەکەمجار هەیبەتی دەوڵەتی عوسمانی شکان و پووکانەوەی نەدەزانی، بهەژێت، ئەوەش هیمایەک بوو، هەیبەت و توندکارییەکانی ئەو دەوڵەتە ئەگەری ئەوە هەیە بشکێت، ئەگەر هیمەت و هەڵمەتی مەزنی یەکگرتووی بۆ بکرێت، زیانە مادیەکانی دەوڵەتەکەش زۆر بوون، لەوپەڕی کەیفسازی و خۆشییەوە دەژیان، بۆیە توانیان لە ماوەی کەمتر لە ساڵێک کەشتیگەلییەکەی ساز و دروست بکاتەوە.

لەسەر شکان و فەرمان سەرنەگرتووەکانی وەزیر پرتو پاشا، بۆ سزادانی خۆی واز لە کاروباری سیاسی دەهێنێت، بەڵام سوڵتان سەلیم، بۆ رێزگرتن و ستایشی ئەو و لەبەر لێهاتوویی لە بوارەکانی دەریاوانی و زیرەکی لە سەرکردایەتی کەشتییەکان، پۆستی وەزیری دەریای دەداتێ و نازناوەکەی بۆ (قیلیج عەلی) واتە تیژ عەلی دەگۆڕێت، ئەویش دەتوانێت دەسەڵاتی عوسمانی لەسەر قوبرس بچەسپێنێت و تونسیش لە داگیرکەرانی ئەسپانیا پاک بکاتەوە.

سوڵتان سەلیم دەبوایە هەموو بڕیار و کاروبارەکانی رادەستی سەدری مەزن موحەمەد پاشا سوقوللو بکات، بەڕاستی ئەویش سەرکردەیەکی بەتوانا بوو، بەڵام ئەو بەپێچەوانەی هەموو راستییەکان و دروستی بابەتییانە، دەسەڵاتەکەی، رادەستی ژنە خۆشەویستەکەی نوربانو دەکات، چیتر لە مەجلیس و کۆبونەوەکانی دەوڵەتیش سوڵتان نەدەبینرا، هەر ئەوەندە و لەسەر داوای سەدری مەزن و تا بزانن سوڵتان نەمردووە و لە ژیاندا ماوە، خۆی نیشانی رەعیەت دەدا. جیاوازی مردنەکەی ئەو و باوکی ئەوە بوو، باوکی لە تەمەنی حەفتا ساڵییدا و لە کاتی گەمارۆدانی قەڵاتەکانی نەمسا دەمرێت، کوڕەکەشی سەلیمی دووەم لەناو گەرماودا قاچی هەڵدەخلیسکێت و بەردەبێتەوە، پاش چەند رۆژێک لە ئەنجامی خوێنرژانی مێشکەوە لە رۆژی ١٥ی دیسمبەری ساڵی ١٥٧٤ی زاینی و لە تەمەنی پەنجا ساڵییدا دەمرێت.

سوڵتان سەلیم، یەکەم سوڵتان بووە لە ئەستنبۆل لەدایکبووە و لەوێش دەمرێت و لە حەوشەکەی مزگەوتی ئایا سۆفیاش دەنێژرێت، لەلایەن بیناسازی مەزن سنان پاشا دیزاینی بۆ کرابوو، ئەو بەوە دەناسرا شەیدای مەشروب و شیعر بوو، دەڵێن شیعرەکانی ئەو جوانترین شیعرن لە ئەدەبی تورکییدا، ئەو وتویەتی:

ئێمە بولبولین و بە ئاگری فیرقەت دەسوتێین، بە سروەیەکی ناو مێرگەکان گوڵەکانمان دەبنە ئاگر.

سوڵتانە جێنشینەکە موراد ئولو شەهزادەش والی مانیسا بوو، کە دەزانێت باوکی دەمرێت، یەکسەر و لەسەر داوا و بانگکردنی نوربانوی دایکی خاسکی سوڵتان بۆ وەرگرتنی عەرشەکە، دەگاتە ئەستنبۆل. سوڵتان موراد ماوەی سێ ساڵ، والی ئاکشەهر بووە و نزیکەی چواردە ساڵیش والی مانیسا بووە، لەگەڵ دانیشتنی باوکی لەسەر عەرشی عوسمانی، ئەو دەبێتە جێنشینی سوڵتان، کە کوڕەکە دەبێتە سوڵتان دایکیشی نازناوی سوڵتانەی دایک وەردەگرێت، دووبارە

شکۆ و پایەداری سوڵتانە حەفسەت خاتوون لە کەسایەتی ژنێکی تری ناو حەرەملەک نوێ دەبێتەوە.

## ئەنکشارییەکان

ئینکشاریەت بە زمانی تورکی واتە سەربازە نوێیەکان، کە بریتی بوون لە چەند تیمێکی سەربازی تایبەت، ئەوان پشتیوان و ستوونی سوپای عوسمانی بوون، لە سەرەتای سەدەی چواردەمی زاینی دامەزرابوون، فەلسەفەی ئەو تیمە سەربازیانەش، بەرنامەرێژی بوو، بۆ دیلی شەڕەکان لە کوڕ و گەنجەکانیان، تا بەیەکجاری لە رەچەڵەک و نەتەوە و وڵاتەکانیان دابڕن، بە پەروەردە و رێنماییەکانی ئیسلامی گۆشیان دەکردن، سوڵتان باوکی رۆحیان بوو، شەڕەکان ئامانج و فاکتەری مانەوە و بوونیان بوو، ئەندامەکانیان بە بەرنامەی تەجنیدکردن بوو، کە بە دوشرمە یا دویشرمە دەناسرا، ئەوان لەناو خێزانە کریستیانەکان وەردەگیران، سێ یان چوار پێنجساڵێک دەستەیەکیان دەبردن و ئینکشاریی نوێیان لێ دادەمەزراندن، ژمارەیان دەگەیشتە هەشت هەتا دوازدە هەزار کەس.

ئینکشارییەکان هەر لە سەرەتای دەوڵەتی عوسمانییەوە، دەستیان لە سیاسەتی دەوڵەت وەرداوە و هەژموونیان هەبووە، هەتا لە سەردەمی سوڵتانە مەزنەکانیان وەک موحەمەد ئەلفاتح و سەلیمی یەکەم و سلێمان ئەلقانونیش رۆڵیان هەبووە، بەڵام ئەوان دەستەمۆیان کردبوون، کە دەوڵەتەکە لاواز و پووکدەبێتەوە دەسەڵاتی ئەنکشارییەکان گەشە دەکات و بەڕوونی دەردەکەوێت، هەر ئەوان سوڵتانەکانیان لادەدا، هەندێکیان کوشتوون، سوڵتانە بێدەسەڵاتەکان نەیاندەتوانی خۆیان لە زەبری ئەوانە بپارێزن، زۆر راورووت و تالانیان بێپەروا لەناو پایتەختیش دەکرد.

# بەشی دەیەم
# نوربانو سوڵتانەکەی پشت پەردە

## سەدری مەزن موحەمەد پاشا سوقوللو

بە مردنی سوڵتان سەلیمی دووەم و دانانی سوڵتان مورادی سێیەم، لە ساڵی ١٥٧٤ی زاینی لەسەر عەرش، ناکۆکی و ململانێ نێوان نوربانو و کەنیزەی سوڵتان سەفیە خاتوون، جارییە زۆر بەردڵەکەی سوڵتان، گەرم و توند دەبێت. دایکەکە دەست دەخاتە ناو هەموو کاروبارە باڵاکانی دەوڵەتەکە، کە لەوپەڕی شکۆ و مەزنییدا بوو، سەرەتاکانی گەندەڵی و رووخان بوو کە حەرەملەک و سوڵتانەکانیش رۆڵیان تێدا هەبوو، گەشەی نەکردبوو. سوڵتان موراد سەرەتای حوکمەکەی لە دیمەنێکی زۆر ئاسایی و باوی ناو جەمسەرەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بە کوشتنی هەر پێنج براکەی دەست پێدەکات، بەوەش عەرشەکەی لە کودەتا و یاخیبوون دڵنیا دەکات، کە نوربانوی دایکی پشتیوانی لێ دەکرد، ئەگەر حەفسەت خاتوون دەسەڵاتی بەکاردەهێنا بۆ یەکریزی و ئارامی ناو حەرەملەک، نوربانو دەسەڵاتی تەنها بۆ پشتیوانیکردن لە کوڕە گەنجەکەی و حەرەملەک بەکاردەهێنا.

کوڕەکەی عەرشەکە وەردەگرێت، نوربانو بۆ سازکردنی رەوشەکانی سەڵتەنەتەکەیان، داوای دیتنی سەدری مەزن موحەمەد پاشا سوقوللو دەکات، سوقوللویش دەیزانی خاتوونەکە چ دەخوازێت، بۆیە بێ دواکەوتن دەگاتە خزمەتی و ئەویش لە هۆڵی پێشوازی حەرەملەک چاوەڕوانی دەکرد، سەدری مەزن دەڵێت:

جەنابی گەورەمان، دایکی سوڵتانمان سەلامتان لێ بێت، لە خوداش داواکارم پرسەکەتان قبوڵ بێت.

نوربانو: سوپاس بۆ کردگار ئەی سەدری مەزن، خوداش یارمەتیتان بدات لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتە شکۆدارەکەمان.

سوقوللو: خاتوونەکەم من یەکێکم لە خزمەتکارەکانی گەورەمان، شیرێکم لە شیرەکانی ئەو، کەی بڵێن دەریدەهێنم، کەی فەرمان بدەن دایدەنێمەوە ناو

کەلانەکەی، هەموو شتمان لە فەزڵی سوڵتانە، هەموو شتێکیش بە ڕەزامەندی ئەو دەکەین.

نوربانو: دەزانی پاش ئەوەی کوڕەکەم سوڵتان موراد، دەگاتە سەر عەرش، چ لەناو کۆشک دەگۆڕیت، هەموو بەرنامەیەک مەیسەر و ڕەچاو دەکەین نەوەک لاواز دیار بین.

سوقوللو: خاتوونەکەم بەرەزامەندی خودا، تۆ نازناوی سوڵتانەی دایک وەردەگریت، هەموو قۆناخەکان وەک سەردەمی سوڵتانە حەفسەت خاتوون خودا لێی رازی بێت، دەبێت. بیمەکانی سوڵتانەی دایکیش وەردەگریت، تۆش سەرپەرشتی تەواوی حەرەملەک دەکەیت، ئاغای حەرەملەک هەموو بیمەکانی حەرەملەکت بۆ تەرخان دەکات، سەری مانگەکان پێویستییەکان دەگەنە فەخامەتی بەرزتان.

نوربانو: باشە... چ بکەین بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانی دەوڵەت؟

سوقوللو: ئەوەی جەنابی بالآتان پەسەندی دەکات یەکسەر جێبەجێ دەبن.

نوربانو: کوڕەکەم دەبێتە سوڵتانی دەوڵەت، وا باشە سەدری مەزن بە شارەزایی و لێهاتووییەکان پشتیوانی بکات، بەوەش کوڕەکەم پتەو و قایم دەبێت و با سوود لە حیکمەتەکانی تۆ ببینێت.

سوقوللو: راستە خاتوونەکەم... بەتایبەتی خاچپەرستە کافرەکان و شیعەکان دوژمنی دەوڵەتە پایەدارەکەمانن، وا خەریکە دژمان ئیش دەکەن، بۆیە دەبێ پەلە بکەین لە خۆکۆکردنەوە.

نوربانو: کەسمان لە تۆ شیاوتر دەست ناکەوێت هاوشانی سوڵتان بیت، داوا دەکەم کوڕەکەمان بڕوابوون بە تۆوە نوێ بکاتەوە، هەروەها دەمەوێ ئەوەش بڵێم نامەوێ لە هیچ کار و فەرمانێکی دەوڵەت، بێ پرسی ئێمە بڕیاری لەسەر بدەیت، هەموو بەرنامەکان پێشتر بە ئێمە نیشان بدەن، بەوەش مەسەلەکانمان لەسەر بنچینەیەکی روونی دروست دەبێت و لاریمان ناکەوێتە بەر، ئێستاش بڕۆ ئامادەباشییەکان بکە، دیوانی گشتی بۆ پێشوازی سوڵتانە نوێیەکە ساز بکەن.

بزەیەکی شیرین لەسەر لێوەکانی سوقوللو دەنیشێت و دەڵێت:

جەنابی لانکەی باڵامان، فەرمانتە، بوارمان بدە برۆین.

سەدری مەزن لەلای خاتوونەکە، بە دەسەڵاتێکی زۆر و بەپشتیوانییەکی گەورەوە دەچێتە دەرەوە، شادمانە لەگەڵ ژنە گەورەکەی ناو کۆشک پەیمانێکی مۆر کردووە، ئیتر ئەو ژنەی لە پشتی پەردەکانەوە، بە بەندەکانی ئەو پەیمانە، دەوڵەتەکە هەتا رۆژی مردنی لە رۆژی ١٧ی دیسمبەری ساڵی ١٥٨٣ی زاینی بەڕێوە دەبات، وەک کاترین دی مدتشی شاژنە دایکەکەی فەرەنسا، کە بەڕەچەڵەک هەردووکیان ئیتالیین، توانیان لەناو کۆشکەکانی پاشایەتی دەسەڵاتی باڵایان لە سەردەمە هەستیار و مەزنەکاندا هەبێت، بەڵام شاژنە فەرەنسییەکە توندکار و زۆردار بووە.

هەموو بیانووەکانی ژنەکەی حەرەملەک، ئەوە بوو کوڕە تەمەن بیست و نۆ ساڵییەکەی، کەسایەتییەکی لاوازی هەیە و نایەوێت ژوورەکانی حەرەملەک و باوەشی نازی ژنان جێبهێڵێت، ئەو لەکاتی نوێژەکانی هەینییش لەلایەن رەعیەتەوە لە ئەستنبۆل نەدەبینرا، بەردەوام لەناو ژوورە گەرم و سازەکانییەوە سەرگەرمی ژن و شیعر و پێهەڵدان بە شیر و سەرکردایەتی سوپا و گەرمی شەڕ و خوێناوی جەنگەکانی بوو، ئەوانەی لە دەوڵەت بەڕێوەبردن پێ سازتر بوو.

سوڵتان موورادی سێیەم، شەیدای ناز و لووتبەرزی بوو، داوا دەکات عەرشەکەی بۆ بکەن بە زێڕ، نایەوێت ئەو عەرشەی لە ساڵی ١٥٨٥ی زاینی لەسەری دانیشتووە ئاسایی بێت، ئەو عەرشەش هەتا ساڵی ١٩٢٤ی زاینی ساڵی رووخانی دەوڵەتی عوسمانی سوڵتانە مەزنەکان، لە ساتە گەورە و شایستەکاندا لە سەری دادەنیشتن، وەک ئاهەنگەکانی دانیشتن و جەژنەکانی ئیسلامی، عەرشێکی ئاسایی بێت و دەیەوێ بیگۆڕێت و بە زێڕ و جوانکارییەکانی شکۆداری بکات و بەس.

سوڵتانه خوڕەم، بە کەسایەتی نوربانو سەرسام بوو، دەیبینی چۆن ئەو ژنە پەرۆشە کوڕەکەی شازادە سەلیم پەروەردە بکات، دواتر دەبێتە سوڵتان و زیرەکییەکەی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەتەکە بەکاربهێنێت. بەحەق، ئەو یەکەم ژن بووە، حوکمی دەوڵەت عوسمانی لە پشتی پەردەکانەوە دەکرد، دواتر ناویان لەو دەسەڵاتە نابوو سەڵتەنەتی حەریم، چەند ساڵێک ئەو دەسەڵاتە لەبەر رۆشنایی سوڵتانە لاواز و کاڵفام و منداڵەکان درێژەیان هەبوو.

سوقوللوش لەلایەن خۆییەوە، لەناو جەبەروتی سوپایە تایبەتەکانی ئینکشارییەکان، دەسەڵاتەکانی جێبەجێ دەکات، دەتوانێت بە زیرەکییەوە سیاسەتی باڵای دەوڵەتەکە لەگەڵ ئەوروپاش بنەخشێنێت، لە بەشی یەکەمی سەڵتەنەتی موڕادی سێیەم، بە درێژایی چواردە ساڵ، سەدری مەزن توانی هەموو دەسەڵاتەکانی بەرەهایی بەکاربهێنێت، بۆیەش ببووە مایەی ئیرەیی و چاوی وەزیرەکانی دیوان، وەزیر ئەحمەد پاشا، وەزیر مستەفا پاشا (لالا)، وەزیر سنان پاشا، کە دوایی بە یارمەتی کەسە نزیکەکانی سوڵتان، ئەو دووردەخەنەوە، دیارە سوڵتان نەیتوانیوە بێ رەزامەندی دایکی سوڵتانە نوربانو، ئەو جۆرە بڕیارە ترسناکە بدات، چونکە ئەو دەیزانی مانەوەی سوقوللو لەو پۆستە، زۆر گرنگە، نەدەکرا بێ پیلانێک کە بە نهێنی و دوور لە چاوان و گوێیەکانی سوڵتانەی دایک دایبرێژن و سوقوللو دووربخەنەوە، چونکە ئەو هەستی بەو جۆرە پیلانانە دەکرد، بەڵام دەرئەنجام بە پیلانێک سەدری مەزن سوقوللو لە ساڵی ١٥٧٨ی زاینی دەکوژن، بەوەش دایکەکە زۆر لە کوڕەکەی تووڕە دەبێت، رووبەڕوو بە دەموچاوی کوڕەکەی دادەتەوە و هوشیاری دەکاتەوە، ئەو تاوانە دەرحەق بەو پیاوێک کراوە، زۆر بە لێهاتوویی و زیرەکی خزمەتی دەوڵەتەکەی کردبوو.

ئەگەرچی هەردوو سوڵتان سەلیم و موراد، بەشداریان لە هێرش و شەڕەکانیش نەدەکرد، سوپا عوسمانییەکە لەسەر ئاستی ئەوروپاش سەرکەوتنی مەزنی بە دەست دەهێنا، بەتایبەتی لە ساڵی ١٥٩٤ی زاینی

پۆلۆنیا، ئەو وڵاتەی هەژموون و پێگەکەی لە رووسیا کەمتر نەبوو، دان بە دەوڵەتی عوسمانی دادەنێت.

## دایک و کەنیزەکە

مەترسییە سەرەکییەکەی سەر سوڵتانە نوربانو، لەراستییدا لەناو حەرەملەکەوە سەرهەڵدەدات، کوڕەکەشی سوڵتان موراد، دەڵێن سێکسی لەگەڵ زۆرتر لە چل ژنە جارییەی ناو کۆشک کردووە، بۆیەش دەڵێن نەوەکانی، یان ئەو منداڵانەی لەو بوون گەیشتونەتە زۆرتر لە سەد منداڵ، بەڵام یەک لەو کەنیزانە کە زۆر شەیدای بووە کیژێکی بەڕەچەڵەک ئیتاڵی بە ناوی سەفیە خاتوون بوو، رەنگە سوڵتان موراد خەسڵەتەکانی دایکە ئیتاڵییەکەی خۆی، لەو کەنیزەیە دۆزیوەتەوە، دیارە ئاساییە لەناو حەرەملەک دووبارە ململانێی لەنێوان دایکە بەدەسەڵاتەکە و جارییە گەنجەکەی مێشکی کوڕەکەی بردبوو، دەست پێ بکات، دایکەکە نەک هەر بە کردەوەکانی دەیویست، شوێن و پێگەکەی دیار بێت، مەبەستی بوو، دیزاینی حەرەملەکیش بگۆڕێت، بۆیە کوڕەکەی و لەسەر داوای ژنە دۆستەکەی، راوێژ بە بیناسازی ناوداری هەموو شارستانیەتی ئیسلامی سنان پاشا دەکات بۆ نەخشاندنی کۆشکەکە بە شیرازە و هونەری نوێی نازدار. دایکەکە لەو شەڕە دەباتەوە و بەشە بەجێماوەکەی بەشی حەرەملەکی داوێتە سەر حەرەملەک، ئەوەش رێپێدراو نەبوو، بەوەش ژوورەکانی بنەوەی سوڵتانەی دایک دەڕوانێتە سەر بەشی سەرەوەی حەرەملەکەکە، پێگە و شوێنەکەی ئەو، لە هەموویان دیارتر دەبێت، هەتا حەفسەت خاتوونیش، ئەو شوێنەی بۆ خۆی دانەنابوو.

سوڵتانەکە تەنها دیزاینی ژوورەکانی نەگۆڕی، لەبەر ئەوەی ئەو بەڕەچەڵەک ئیتاڵی بووە، بۆیە کاریگەری هونەری قوتی و هونەری باروکی بەسەرەوە بوو، لەودەمانە لە ئەوروپا دیاردەیەکی بڵاو و ویستراو بوو، بۆیەش ئەو هونەرە لە بەشە نازدارەکانی (هوتکار حماملاری) واتە حەمامەکانی سوڵتان و (هوتکار

سوفاسی) واتە هەیوانەکانی سوڵتان و سالۆنی ئاهەنگەکان و سالۆنی پێشوازی لە کۆشکی سوڵتانی، کە تێدا هونەری نەخشەسازی گومبەتەکانی عوسمانییان پێوەیە، سیماکانی ئەو هونەرە بەڕوونی دەردەکەوێت.

یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی ململانێی نێوان سوڵتانە نوربانو و سەفیە خاتوون، شوێنی حەوانە و ژیانی جێنشین شاهزادە موحەمەدی کوڕی سوڵتان موراد‌ی کوڕی حەفسەت خاتوون لەناو حەرەملەک بوو، سوڵتانە دایکەکە، دەیویست کوڕەکە لەبن دەستی و لەنزیک خۆییەوە پەروەردە بکات و نازی بکێشێت، ئەوەش بۆ ئەوە بوو، ئەگەر کوڕەکە بووە پاشا، دان بە دەسەڵات و دڵسۆزییەکانی داپیری دابنێت و پۆستەکەی لار نەکاتەوە.

نوربانو دەزانێت کوڕەکە لەگەڵ وەزیرەکانی سەرایا لەسەر شەڕیان بەڕووی ئێران، ناکۆک دەبێت، ئەوە بە دەرفەت دەزانێت، دەست لە ژیانی تایبەتی شازادە وەربدات، چونکە لە سەردەمی سوڵتان موحەمەد ئەلفاتحەوە بنەمایەک بۆ جێنشینی عەرش دانرابوو، تا ئەو نەکوژرێت و نەکەوێتە ناو پلانگێرییەکان، جێنشین بۆی نییە راستەوخۆ دەست لە کاروباری سەڵتەنەت وەربدات، بۆیەش جێشینەکە، لەناو حەرەملەک لەبن چاودێری دادەنێن و دەکەوێتە ناو ژنانی حەرەملەک و لە ئەنجومەنەکانی پیاوانی دەوڵەت دووردەکەوێتەوە. لە سۆنگەی ئەو مەترسییە، لەنزیک بەشەکەی ژووری سوڵتانەی دایک نوربانو، ژوورێک بۆ جێنشین دادەمەزرێنن.

لەگەڵ هەموو دەسەڵاتەکانی سوڵتانەی دایک لەسەر حەرەملەک، ئەو بایەخی بە تەلارە بیناسازییەکانی ئەستنبۆل داوە، لە گەڕەکی ئوسکوداری ناودار و ئاوەدان و گەورەی ئەو شارە، کۆڕێکی ئاینی زانستی دەکاتەوە، کە بریتی بوو لە مزگەوت و قوتابخانەی ئاینی و خانەقای سۆفیگەری و خانێک، هەروەها فەرمان دەدات حەمامی شامبارلی تاش لەسەر دەستی بیناساز سنان پاشا دروست بکرێت، پاش مردنەکەی لە ساڵی ١٥٨٤ی زاینی تەواو دەبێت.

سوڵتانە نوربانو لە سیاسەتی دەرەوەش ڕۆڵی ئەکتیڤی هەبووە، لەبەر ئەوەی خۆی بەڕەچەڵەک ئیتاڵی بووە، بۆیە کۆشش دەکات پەیوەندییەکانی عوسمانی و کۆماری ڤینیسیا پتەو و جێگیر بکات، کە ڤینیسیا لەگەڵ کۆماری ژەنیوی ئیتاڵی ناکۆک بووە، ئەوەش کار دەکاتە سەر سیاسەتی عوسمانییەکان و ژەنیو، نوربانو بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سوود لە کەسایەتییە ناودارەکەی ژنە جوولەکە (ئەستیر کیرا) دەبینێت، لە نەخشەسازی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەکی جێ پەنجەی دیار بووە، بۆیەش ئەو ژنە، بە فەرمانێکی سوڵتان موورادی سێیەم، دەبێتە گەورە بەرپرسی گومرگی ئەستنبۆڵ، فەرمانڕەوایەتییەکەی ماوەی نیو سەدە دەخایێنێت. هەندێ لە مێژوونووسان وتوویانە، ئەو ژنە جوولەکەیە، ڕۆڵی تێکدەرانەی لەناو دەوڵەتی عوسمانی هەبووە، چونکە ئەو پارەی عوسمانی تەزویر دەکات، ئەوەش کاردانەوەیەکی نەگتیڤی لەسەر دراو و دارایی دەوڵەت دەبێت، هەروەها بە پارە، پۆستەکانی فرۆشتووە و گەندەڵی ئیداری و بەرتیلی لەناو فەرمانبەرانی دارایی بڵاوکردیتەوە، هەردوو کوڕەکەی ئیلیا و یوسف هاوشانی دایکیان، ئەو کارانەیان کردووە، ئەگەرچی دەفتەردارەکەش، کە مووچەکەی بەسەر سەربازەکان دابەشکردووە زانیویەتی پارەکان تەزویرە، بەڵام لەبەر زەبری ژنە جوولەکەکە قسەیان نەکردووە و نهێنییەکەیان ئاشکرا نەکردووە، بەڵام سەربازەکان دەزانن پارەکەیان ڕەواج و بەهایەکی نییە، یاخی دەبن و لە چەندین سەربازگە و پێگەوە یاخیبوون بەرپا دەبێت، چەندین وەزیریش، تێدا لە سێدارە دەدرێن، ئەوەش درێژە دەکێشێت، هەتا یەکێک لە تیمەکانی ئینکشاریەت ژنە جوولەکە ئەستیر کیرا، لەناودەبەن.

سوڵتانە نوربانوش بەوە تاوانبار دەکرا کە بەڕەچەڵەک جوولەکە بووە، بۆیەش بواری بە جوولەکەکان داوە، لەناو دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی لەناو کۆشک گەشە بکەن. هەر بە فەرمان و داوای ئەویش بووە، سوڵتان سەلیمی دووەم ئیبراهیم کاسترۆ جوولەکە دەکاتە وەزیری دارایی، ئەو لەگەڵ پێنج سەد

جوولەکەی تر لە سەردەمی سوڵتان سلێمان ئەلقانونی بەرەو دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٥٥٣ی زاینی کۆچیان کردبوو، کاسترۆ بەرپرسیش بووە، لە لێدانی دراو لە میسر، هەموو والییە عوسمانییەکان کەسایەتی جوولەکەیان کردووە بە بەرپرسی دارایی، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە جوولەکە لە هەموو خەڵکی تر لەو بوارە شارەزاتر و لێزانتر بوون.

سوڵتانە نوربانو لە ساڵی ١٥٨٣ی زاینی کۆچی دوایی دەکات، ئەویش دانەری دەسەڵات حەریم بووە، لە پشت پەردەکانەوە، دەسەڵاتەکەی گێڕاوە و هێڵە مەزنەکانی سیاسەتی دەوڵەتی دەنەخشاند، کەنیزەکانی ناو کۆشک و حەرەملەک دەهاتنە پێشەوە و دەستیان گەیشتووتە هەموو بوارە هەستیارەکان، ئەویش بوارساز بووە، دەوڵەتە بەرەو رووخان بڕوات، ئیتر کلیلەکانی دەسەڵاتی نوربانو دەکەوێتە بن دەستی ژنە نەیارەکانی ئەو، سەفیە خاتوون ماوەیەکی زۆر دژایەتی دەکات.

پۆست و وەزیفەی سەدری مەزن (کە دەکاتە پۆستی سەرۆک وەزیرانی ئێستا)، بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتەکە بالاترین پۆست بووە، ئەویش لەدوای کەسایەتی سوڵتان، دووەم کەسایەتی بووە لە ئەستنبۆل، هەر ئەویش ختم و مۆرە تایبەتییەکەی سوڵتانی بۆ راپەڕاندنی کار و فەرمانەکان هەڵگرتووە، ئەو سەرپەرشتی دانیشتنەکانی دیوانی دەکرد و وەزیرەکانی بە سوڵتان دەناساند، کە سوڵتانیش بەشدار و سەرۆکایەتی سوپاکانی لەکاتی شەڕەکاندا نەدەکرد، ئەو دەبووە گەورە سوار و سەرۆکی سوپاکە، بەوەش پێگەیەکی مەزن بەو پۆستە دراوە. کە سوڵتانەکانیش لاواز و کەسایەتی بێ تواناش دەبوون، ئەو جێگەی ئەوانیان دەگرتەوە، سەدری مەزنیش دەسەڵاتی وەزیر و والی و بەڕێوەبەری میزانیەی دەوڵەتی هەبووە، بەڵام بە مۆرکردنی پروتۆکۆلەکان، سوڵتانە و جێنشین لەدوای سوڵتان دەوەستان، ئینجا سەدری مەزن، چەندین ناو و نازناو و پێگەیان هەبووە وەک: وەزیری مەزن، وەزیری یەکەم، سەدری بالا، خودی بالا، نمایندەی رەها، خاوەنی دەوڵەت، سەرداری موکەرەم،

سەرداری مەزن ئەوەش نازناوی ئەو دەبوو سەرۆکایەتی سوپای دەکرد لە مەیدانی شەرەکاندا.

## ململانێی دایک و کەنیزەکە لەسەر سوڵتان

سوڵتانەی دایک نوربانو، بەتەنها دەسەڵاتی بەسەر کوڕەکەی مورادی سێیەم نەبوو، لەناو حەرەملەک یەکێکی تریش هاوشانی بوو، ژنەکە نەیدەتوانی ئەو دەستە بچەمێنێتەوە، ئەویش باش قادین سەفیە خاتوون بوو، ژنە نازدارەکەی سوڵتان و دایکی جێنشینەکەی سوڵتان، بەدڕندەیی دژایەتی ئەو و خوشکی سوڵتانی (ئاسمات)ی دەکرد، بەڵام هەتا مردنی نوربانو نەیتوانی سەربکەوێت، بەپێکەنینەوە لە رۆژی مردنەکەی، دەسەڵاتی حەرەملەک لەبن دەسەڵاتە لاوازەکەی سوڵتان دەگرێتە دەست.

ئەستێرە نوێیەکەی ناو حەرەملەک، ئەو جارە سەفیە خاتوونی جارییە بوو، ئەویش بەڕەچەڵەک ئیتاڵی بووە، لە بنەماڵەی باڤو لە کۆماری ڤینیسیاوە هاتبوو، ئەگەرچی ئەویش وەک سوڵتانەی دایک نوربانو لە ئیتاڵیاوە هاتبوو، بەڵام سەفیە خاتوون لە بنەماڵەیەکی نەجیبزادەوە لە دوورگەی قورفووە هاتبوو، ئەویش وەک شازادەکانی خۆرئاوای ئەوروپا گەورە ببوو، جارێکیان لەگەڵ کیژە شازادەکانی هاوڕێی، لەسەر کەنارەکانی دوورگەکە سەیرانیان دەکرد، چەند چەتەیەک دەیانرەفێنن، بۆیە ئەو، لە تەمەنی چواردەساڵییەوە، دەگاتە ناو حەرەملەکی سوڵتانی عوسمانی سەلیمی دووەم وەک جارییەکی زێدە جوانی ناسک، هەندێکیش دەڵێن خزمایەتی نێوان سەفیە خاتوون و سوڵتانەی دایک نوربانو هەبووە، گوایە سوڵتانە، بەرێکەوتن لەگەڵ کۆشک ئەو کیژەی هێنابوو، ئەویش کیژەکە هاندەدات زۆرتر لەگەڵ کوڕەکەی هاموشۆ بکات و بتوانێت دەستەمۆی بکات، بەڵام سەرچاوە رەسمییە باوەڕپێکراوەکان دەڵێن، ئەو کیژە لەلایەن چەتەکانەوە رفێنراوە و فرۆشراوەتە کۆشک.

جوانییەکەی ئەو کیژە وادەکات، ببێتە هەواڵ و قسە و هیوای هەموو شازادەکانی ناو کۆشکەکان، بەر لەوەی بێتە سەر عەرش شازادە مورادی کوڕی سوڵتان سەلیمی دووەم، کە والی مانیسا بووە، هاوسەرگیری لەگەڵ کیژە تەمەن شازادە ساڵییەکە دەکات، هەر لە شاری مانیسا بوون، ژنەکە شازادە موحەمەدی دەبێت و دواییش ئەو کوڕەکەی دەبێتە سوڵتان، کە مێردەکەی دەبێتە سوڵتان و دەگەنە پایتەخت، ژنەکە پێگە و مەقامی لە جارییە دەبێتە قادین و دوایی باش قادین، پاشان دایکی جێنشین، پاش سوڵتانەی دایک نوربانو و ئاسماتی خوشکی سوڵتان، ئەو دەبێتە کەسایەتی سێیەم لەناو حەرەملەک.

بەڵام سوڵتانەی دایک دەیەوێت و کۆشش دەکات، هەژموون و پاوەری ئەو ژنە بەرتەسک و سنووردار بکات، ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی ئەو ململانێیەی لەناو حەرەملەک، کە ببووە ترادیسیۆنێکی ئاسایی نێوان دایکی سوڵتان و جارییە نازدارەکەی کوڕەکەی، بۆیەش سوڵتانە نوربانو چەکی عیشقی کوڕەکەی بۆ ژنان دژ بە ژنەکە بەکاردەهێنێت، جارییەی زۆر جوان و سیحرباز بۆ ژووری کوڕەکەی ساز دەکات، تا بە یەکێک لەوانە، کوڕەکەی سەفیەی خاتوونی لەبەرچاوان بکەوێت.

نوربانو دەزانێت کوڕە کەسایەتییە لاواز و کاڵفامەکەی زۆر پەرۆش و شەیدای ژنانە، زۆر بەدوای جارییەکانەوەیە، باشی لەبیرە کوڕەکەی لە یەکەم نیگاوە عاشقی بافوی جارییە دەبێت، ئەوەی دوایی ناوی دەبێتە سەفیە خاتوون، کە تازە لە ڤینیسیاوە هاتبوو، بەڵام دایکەکە، بەئاسانی بواری کوڕەکەی نادات، دەسەڵاتی جارییە نوێیەکە کەم دەکاتەوە، کۆشش دەکات یەکێکی تری پێ نیشان بدات، کوڕەکەش، هەر حەزی دەکرد زۆرترین جارییەی لێ نزیک بکەنەوە و حەرەملەک بەردەوام کەنیزەی نوێی بۆ دابنرێت، بۆیەش سەفیە خاتوون لە گۆشەیەکی حەرەملەک بەدیار خەم و حەسرەتەکانییەوە دەیناڵاند، خەمی لە سوڵتانە گێلەکە دەخوارد، دەیویست بە هەموو شێوەیەک، ژنە دۆستەکانی

لەبەرچاوی بخات. سەرەڕای ئەوانەش، سەفیە خاتوون پیاوە دۆستەکەی خۆشدەویست و مەبەستی بوو شازادە تەنها موڵکی ئەو بێت و بەردەوام لەو نزیک بێت، زووش جارییەکە پێی دەووت:

ئەو بۆ من دروست بووە، منیش بۆ ئەو خوڵقاوم.

دەڵێن یەکەم جار جارییەکە لە ژوورە تایبەتییەکەی موراد دەچێتە ژوورەوە پێی دەڵێت:

تۆ پارچەی دووەمی منی، کە بەدوای شەیدا ببووم.

هەر لەو شەوەدا، چیرۆکێکی بۆ دەکات و پێی دەڵێت، سەرەتا کە مرۆڤ دروست بووە، هاوسەری لەناو جەستەدا دروستبووە، لە ژیاندا هەر کەسە و لە بەشەکەی تری خۆی دەگەڕێت و پەرۆشە بۆ دۆزینەوەی، بە دۆزینەوەی بەشەکەی تری ژیانیان تەواو دەبێت، سەفیە ئەو قسەی هەر دەکرد، ئەگەرچی سەدان ژن و جارییە لە مورادی سێیەم دەچوونە ژوورە و رایاندەبوارد و لە بەشە تایبەتییەکەی ئەو زۆریش دەمانەوە.

سەفیە لە بەرامبەر گەمە و فێڵەکانی دایکە نوربانو نەدەسڵمیەوە و نەدەشکا، بەگوێری توانا و وزەوە بەرهەڵستی دژواری دەکرد، دەیویست ئەو ژنە لە سەرۆکایەتی حەرەملەک بخزێنێتە دەرەوە، بەڵام نەیدەتوانی، دەڵێن سەفیە خاتوون پەیوەندی بە وەزیرەکانیش دەکات، بۆ ئەوەی پشتیوانی بکەن تا سەدری مەزن موحەمەد پاشا سوقوللو دووربخەنەوە و هەتا پیلانی کوشتنیشی دادەنا، ئەوەش دەبووە زەبرێکی توند بەڕوو و دەسەڵاتی نوربانوی سوڵتانەی دایک، چونکە سوقوللو دەستەراستی بەهێزی ئەو ژنە بوو.

چیرۆکی ناو کۆشکی سوڵتانەکان کۆتاییان نییە، هەندێ لە جارییەکان دەگێڕنەوە لەناو حەرەملەک لە ساڵی ١٥٨٣ی زاینی تاوانێک دەکرێت و تێدا سوڵتانەی دایکی دەکوژرێت. هەندێ لە جارییەکان دەڵێن ئەو ژنە بەقەد خۆی ژیابوو، ژنەکە تەمەنی دەگاتە شێست و شەش ساڵ، ئەو تەمەنەش بۆ کەسێک

له سەدەی شازدەهەم زۆر بووە، ئینجا دەڵێن ئەو ژەهرخواردوو کراوە. یەکێک له جارییەکان دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

من به چاوانی خۆم دیتم، یەکێک له جارییە نزیکەکان له سەفیە خاتوون بەر له مردنەکەی به پەشێوکاویی و بەترسەوە دەهاتە دەرەوە.

سوڵتان مورادی سێیەمیش نەیدەویست لێکۆڵینەوە له مردنی دایکی بکەن. پاش کوشتنی سەدری مەزنیش، دەسەلاتی ژنەکەشی که دەکاتە سوڵتانە ئاسمات سنووردار و کەم دەبێتەوە، بەڵام دووبارە سەفیە خاتوون ڕووبەڕووی ژنێکی تر دەبێتەوە، ئەویش کایا (جافید) خاتوون بوو.

## جافید خاتوون

جافید خاتوون دەستەراستی سوڵتانەی دایک بووە، بۆ بەرنامەڕێژی وەرگرتنی دەسەلاتی حەرەملەک، زۆرترین جارییەی بۆ سوڵتان مورادی سێیەم ئامادە دەکرد، تا زۆرتر سەرگەرم بێت، سازکردنی جارییەکانیش، لەلایەن کویخا جافید خاتوون بوو، حەرەملەک بەوردییەوە، لەلایەن باش خزنەدار سەرپەرشتی دەکرا، ئەوەی نازناوی باش قالفە واتە سەرۆکی وەسیفەکان و سەرای ئوستە لق واتە بەرپرسی کۆشکەکە و بەڕێوەبەری کاروباری خزمەتکارەکانی سوڵتان و ئیدارەی بەشی سوڵتان بوو، ئەو کلیلەکانی قاسە تایبەتییەکان هەڵدەگرت و بەرپرسی هەموو جارییەکانیش بوو، ئیتر ئەو سەرۆکە ئیدارییەکەی بەشی حەرەم بوو، نازناوی کویخا قادینیشی هەبوو، پلەکەشی له ڕێکخستنی مەدەنی وەزیر بوو، له ڕێکخستنەکانی سەربازییش پلەی موشیری هەبوو، هەروەها ناویان نابوو ئاغای کیژەکانیش، چەندین یاریدەری به ناوی خزنەدار هەبوو، لەناو جارییەکانی حەرەم بەباشی هەڵدەبژێردرا. باش خەزنەداریش، یەکێک له مۆرەکانی سوڵتانی هەڵدەگرت، که تایبەت بوو، به بۆنە ڕەسمییەکانی ناو حەرەم، یەکێک به دەست سەدری مەزن و ئەوی تریان به دەست سەرۆکی ژوورە تایبەتییەکە (خاس ئوتە باشی) بوو، باش خەزنەدارەکە،

مۆرەکەی بە زەنجیرەیەکی زێڕ بەملی وەدەکرد، نازناوەکەشی لە پرۆتۆکۆلەکانی عوسمانییەوە بە ناوی ساحیبی دەوڵەت ساحەبەتی سەعادەت (دلتلو سعادتلو) بوو، ئەوەش هەمان نازناوەکانی  کیژە ئاغاکانە، هەروەها ئەو لە مەراسیمە رەسمییەکاندا، لەناو کۆشک پلەکەی لە ئاستی سەدری مەزن بوو، مەدالیاکەشی بە ناوی مەدالیای بەزەیی پلە یەک بوو، گۆپاڵێکی دروستکراوی لە ددانی فیلی  نەخشینکراو لە ئەلماس و زەمرود و یاقوتی لە دەستدا بوو، قورساییەکەشی بە گوێرەی تاقەت و توانای هەڵگرتنی بوو، فستانەکەی بەری کلکی درێژی لەسەر ئەرز دەخشا و سەردەستەکانیشی بە داوی زێڕ نەخشێندرابوون، نەدەکرا ئەو فەروو لەبەر بکات، چونکە فەروو تەنها شیاوی ژن و هاوسەرەکانی سوڵتان بوون، پشدێنێکی نەخشین بە بەردی گرانبەهای دەبەستا، کڵاوێکی لە وێنەی کڵاوی ژنانەی، لەسەر دەنا و کڵاوەکەش دوو قردێڵەی کەزی رەنگ زەردیان پێوە بوو، تا ناوقەدی دەهاتە خوارەوە، هەردوو کەزییەکەش لە مووی ئەسپ دروست دەکرا. لەناو بەشی حەرەمیش خەزینەدار قسەی کردووە، هیچ ژنێک و هەتا ژنەکانی سوڵتان و کیژەکانیشی بێ ژووان و کاتی پێشوەخت نەدەکرا ئەو خانمە دەسەڵاتدارە ببینن، ئەو حەقیشی بوو بچێتە ناو ژوورەکەی سوڵتان، ئەگەر خەویشی لێکەوتبێت و لەکاتی پێویست بانگی بکات و لە خەو هەڵیبستێنیت.

حیکمەت و هەیبەت و دڵسۆز و رێزگرتن خەسڵەتەکانی هەڵگری ئەو پۆستە بووە، شازادە شادیەی کیژی عەبدولحەمیدی دووەم لە بیرەوەرییەکانییدا بەو شێوەیە باس لە باش خزینەدار دەکات:

خزینەدار ئوستا گەورەترین ژنە فەرمانبەر بووە لەناو حەرەم، ئەو ژنێکی بە تەمەن و راستگۆ و خاوێن بوو، باوکم ئەوەندە رێزی دەگرت دەستەکانی ماچ دەکرد، ئەوەی دەگەیشتە ئەو پۆستە، دەبوایە هەموو قۆناخەکانی پەروەردەیی لەناو حەرەم ببڕێت و پلە بە پلە سەربکەوێت. کۆنترین و بە ئەزموونترین فەرمانبەر لەناو کۆشک دەبێتە خەزینەدار و کلیلەکانی هەموو گەنجینەکانی

دەکەوێتە بن دەستی. کار و بەرنامەی ڕۆژانەی ئەویش خزمەتی ڕاستەوخۆی سوڵتانە بوو، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کارانەش چەندین ژن هاوشانی دەبوون. سوڵتانیش دەیتوانی یەکێک لەوانە، بۆ شەوچەرە و ڕابواردنی شەوەکەی گلی بداتەوە، بەو شەوە و بە یەکەمین مانەوەی لەلای سوڵتان، کەنیزەکە دەگاتە پلەی کوزدە، ئەویش بوارساز دەبێت ببێتە قادین واتە هاوسەری سوڵتان و بەشێکی تایبەتی بۆ تەرخان دەکات. ژنە پسپۆرەکانیش ناویان (ئوستا)بوو، هەر یەکێک ئیشێکی تایبەتی هەبوو، ئەوەی لە خواردن سازکردن بەرپرسە، پێی دەڵێن (جاشنکیر ئوستا)، ئەوەی لە جلوبەرگیش بەرپرسە، پێی دەڵێن (جماشیر ئوستا) و بەرپرسی قاوە و هەڵگرتنی مەسینە و ئازوقە و هتد... ئەوانەش هەندێک لە ژنان یارمەتیان دەدەن و پێیان دەڵێن (قالفە)، جلە درێژەکەی بەریان پێی دەڵێن (عەنتەری) و بسکی دەستکردیش لەسەر دەکەن. بەرپرسی پێشوازییەکانیش زۆر بوون، بەو پیشەیان وتووە (کاتبە قالفە) و لەناو حەرەم بەرپرسی بۆنە و پێشوازییەکان هەبووە، سەرۆکەکەیان ناوی (باش کاتبە) بووە، ئەوانەش لە ژنە فەرمانبەرە کۆنەکانی کۆشک هەڵدەبژێردران، کار و پیشەیان چاودێری و بەڕێوەبردنی مەراسیمەکان بوو، بەردەوامیش لەناو سالۆن و کۆڵانەکانیش دەگەڕان و جلی تایبەتی فشی کراوە و پشتەوە درێژ و پانوپۆریان لەبەر دەکرد، سوخمەیەکی کورتیان لەبەر دەکرد و قژیان دەبەستا، گۆپاڵێکی نەخشینکراو بە بەردی گرانبەهایان لەدەست دابووە.

جافید خاتوون لە سەرەوەی هەرەمەکەی سیستەمی حەرەملەک بوو، بە ئاسانییش بۆ سوڵتانە دانەدەبەزی و ئارەزووی بوو بگاتە ناو گەمەی کۆنترۆڵکردنی سوڵتان موڕادی سێیەم، بەردەوام سەرگەمی ئارەزوو و ڕابواردنەکانی بوو، هەروەها ئەو ژنە بۆ نوربانو خاتوون بەوەفا بوو، چەند جار تۆڕی پیلانەکانی سەفیە خاتوونی بۆ سوڵتانەی دایک دۆزوەتەوە و ئاشکرای کردووە، بۆیەش ململانێیەکان لەناو کۆشک بەو کارەکتەرانە گەرم دەبوو.

جافید خاتوون جارییەی زۆری بۆ خزمەت و رازیکردنی دڵی سوڵتانەکەی دەدۆزیەوە، بەوەش نرخی جارییەی لەناو دەلاڵەکانیش بەرزکردبووە، هەر ئەویش خەریکی جارییەکان دەبوو، تا فێریان بکات بەناز و زراڤ و چالاک و ناسک و شیرین بن، فێری دەکردن بە ناز و بە جوانییەوە، لە بەردەم سوڵتان دەربکەون، هەر ئەویش لەوە شارەزا بوو سوڵتان دڵی بە چ ئاو دەخواتەوە و مورتاح دەبێت.

پیلانەکانی جافید خاتوون لەلایەن سوڵتانە سەفیە پوچەڵ دەکرایەوە، زۆریش کۆششی دەکرد دەسەڵاتی جافید کەم بکاتەوە. کە دەتوانێت لەناو قەفەسی ژوورەکەی بێتە دەرەوە، چەند ساڵ بوو لێی قەدەغە کرابوو، ئینجا بە توندی تۆڵەی خۆی دەکاتەوە، زۆریش بەوە دەناسرا ئارەزووی دەسەڵاتی هەیە و حەز دەکات بە توندیی لەڕووی نەیارەکانی بدات، جارییەکانی ناو کۆشک دووربخاتەوە، کە منداڵیشی دەبێت، دەتوانێت زۆر پاوەر بەدەست بهێنێت و جارییەکان بباتە دوا گۆشە دوورەکانی حەرەملەک، سیستەمی توندکاریش پەیرەو دەکات، بۆ هاتنە ناوەوەی جارییەکان و نزیکبوونەوەیان لە بەشە تایبەتییەکانی سوڵتان. کە مێردەکەشی لە ساڵی ١٥٩٥ی زاینی دەمرێت، دەسەڵاتی ئەو ژنە گەشە دەکات، بە دانیشتنی کوڕەکەی موحەمەد لەسەر عەرش دڕەندترین کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدات.

## سوقوللو

سەدری مەزن موحەمەد پاشا سوقوللو، یەکێک بوو لە کەسایەتییە هەر ناودارەکانی مێژووی عوسمانی. سوقوللو بەڕەچەڵەک خەڵکی دوورگەی سیسیلیای ئیتاڵی بووە، لەوێ دەرفێندرێت و سیستەمی دوشیرمەش وەردەگرێت، دەگاتە ناو تیمی ئینکشاری و سەرەتاکانی فێربوون و شارەزابوونی ئاینی ئیسلامی وەردەگرێت، هەموو پلەکانی ئیداری و سەربازی بەسەرکەوتوویی دەبڕێت.

لە سەردەمی سوڵتان سلێمان ئەلقانونی، ئەو دەبێتە وەزیرێک لە ئەنجومەنی وەزیران، لەدوا ساڵەکانی  حوکمی ئەودا، پۆستی سەدری مەزنیش وەردەگرێت، لە سەردەمی سوڵتان سەلیم و سوڵتان مورادی سێیەم و هەتا کوشتنەکەی، لەو پۆستە دەمینێتەوە، لەبەر داهێنان و لێهاتووەکانی، ناوی خۆی لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی بە زێر دەنووسێت. کە سوڵتانەکان بەتوانا بوون، یان کە لاوازیش دەبوون ئەو بواری نەدەدا، شکۆی دەوڵەتەکە بشکێت، لە سەردەمی ئەودا ئارەزووی ئەوروپییەکان بۆ داگیرکردنی موڵکی عوسمانییەکان رادەگرێت، ئیرانییەکان لە سنووری خۆیانەوە رادەگرێت، لە سەردەمی ئەویش دوورگە نزیکەکەی قوبرس دەگرێت و شاری ڤینیسیای ئیتاڵی دەکاتە پێگەیەک بۆ ئەو پێشکەوتن و سەرکەوتنانە.

سوقوللو لە ئەنجامی پیلانەکانی ناو کۆشک و دیوان دەکوژرێت، بەوەش بوارەکانی خراپەکارییەکان لەناو دەوڵەتەکە دەکرێتەوە، دەسەڵاتی حەرەملەک گەشە و ترسناک دەبێت، دەستی درێژی ئینکشارییەکان کورت دەبێتەوە، هەتا حەفتاساڵی تر، پاش ئەو پیاوە، کەسی تر لەناو سەڵتەنەتی عوسمانی پەیدا نابێتەوە، تا ئال کوبریلی لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدە دەبێتە سەدری مەزن.

# بەشی یازدەهەم
# سەربڕینی شازادەکان بە دەستی سوڵتانەی دایک

## سەفیە خاتوون

نەمانی کەسێکی بەتوانا و بەهێزی وەک سەدری مەزن موحەمەد پاشا سوقوللو، لەناو کۆشک، فاکتەری سەرەکی بوو قەوارە دەوڵەتەکە لاوازی پێوە دەربکەوێت، بۆیەش سەفیە خاتوونیش دەتوانێت سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بە ئارەزووی خۆییەوە ئاراستە بکات و هەموو جەمسەرەکانی دەوڵەتەکە، لە کۆماری ڤینیسیا نزیک بکاتەوە، چونکە خۆی بەرەچەڵەک ئیتاڵی بووە، بۆیەش پەیوەندییەکان لەسەر ئەو ڕێبازە دەبرد، کە بەرژەوەندییەکانی ڤینیسیای تێدا بێت، سوڵتان موراديش لەسەر بڕیارەکانی جارییە نازدارەکەی لاری نەبوو و هەموو فەرمان و بڕیارەکانی پەسەند دەکرد.

هەموو بوارەکان سازبوون، سەفیە خاتوون ببێتە کەسی بڕیاردەر و خاوەن پاوەرێکی بەتوانا، چونکە مورادی سێیەم لە گۆشەکانی ناو کۆشک خەریکی مێبازی بوو، سوڵتانە نوربانوش لە ژیاندا نەمابوو، سوڵتانە ئاسماتیش دەسەڵاتەکەی بەرتەسک کرابوو، دەسەڵاتی کایا جافتد خاتوونیش وەک ئاسمات بوو، بۆ سەلماندنی رۆڵی سەفیە خاتوونیش لە ئیدارەی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی لە سەردەمی مورادی سێیەم لە ئینگلترای دوور و پشتی دەریاکانەوە، بویتە گەواهییەک، کە ئەو دەوڵەتە باڵادەست بووە لە گۆڕینی هاوسەنگەکان. لە شەڕەکەی دۆڵی ئەلماخزنی ساڵی ١٥٧٨ی زاینی، هێزە عوسمانییەکانی هاوپەیمان، لەگەڵ هێزە خۆرئاواییەکان، بەسەر هێزەکانی پورتگال و هاوپەیمانە خۆرئاواییەکانیان زاڵ دەبن، دەرئەنجام شەڕەکەش کوشتنی پاشای پورتگال سبستیان و رووخانی ئیمپراتۆریەتی دەریاییەکی پرتوگاڵی لێ دەکەوێتەوە، ئەوەش بوارساز دەبێت پاشای ئەسپانیا فیلیپی دووەم، تەواو خاکی پورتگاڵ بگرێتەوە و دەکەوێتە بن سێبەری تاجی ئەسپانی، هەنگاوی دووەمیش پاشاکەی ئەسپانیا، هێرش دەکاتە سەر مەملەکەتی ئینگلترا بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر مەزهەبی کاسۆلیک، پاش ئەوەی پاشاکەی ئینگلترا شۆڕشیان لەسەر دەکات و مەزهەبی ئینگیلی دادەمەزرێنێت، بەرنامەی مەدرید

و رۆمای پاپایی بۆ یەکرێزی ئەوروپای خۆرئاوا و رووبەڕووبونەوەی هەژموون و مەترسییەکانی فراوانبوونی بەردەوامی عوسمانییەکان نامینێت. کە شاژنی ئینگلیزی ئیلیزابیت، هەست بە مەترسییەکانی ئەسپانیا دەکات، چارە و دەسەڵاتی نامینێت و پەنا دەباتە بەر سوڵتانی عوسمانی، دوژمنە سەرسەختەکەی پاشای ئەسپانی، شاژن ئیلیزابیت، لە نامەیەکدا داوای یارمەتی لە سوڵتان مورادی سێیەم کردووە، نووسیویەتی ئێمە بڕوامان بە پەرستنی جەستەیی و وێناکردن لە مەزهەبی پروتستانت نییە، وەک چۆن لە ئاینی ئیسلامیش ئەوە هەیە، بۆ وەستان بەڕووی کاسۆلیکە ئەسپانەکان داوای هاوپەیمانی کردووە، نەیارەکانی بە بتپەرستن ناوبردوون. سوڵتانەکەی جیهانیش وەڵامی دەداتەوە و پێشوازی لەو هەڤاڵبەندییە دەکات بۆ لاوازکردنی دەسەڵات و هەژموونی ئەسپانی، لەناو ماڵی ئەوروپییدا، بەڵام لەو قبوڵکردنەدا، ئەو مەرجە بۆ شاژنی ئینگلترا دادەنێت و دەڵێت:

بەڵام دەبێ ئێوەش بۆ بابی عالییمان شکۆمەند و گوێرایەلی بنووێنن. لەگەڵ ئەو داوایەش بەڵێنی یارمەتی دارایی و سەربازی پێ دەدات.

شاژن ئیلیزابیت دەیزانی سەنتەرەکانی هێز لەناو دەسەڵاتی ئەستنبۆل چۆنە، بۆیە نامەیەکی تایبەتییش بۆ سەفیە خاتوونیش دەنووسێت، ئەوەش ئاماژەیە ئەو ژنە چ پێگەیەکی لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەش هەبووە، دیارە سەفیە خاتوون لە زۆر مەیدان و بوارە سیاسی و ئابوورییەکاندا نامەی نووسیوە و نامەشی بۆ هاتووە و پرسی پێکراوە.

## کۆمەڵکوژییەکە

سەفیە خاتوون، بەو هەموو سەرکەوتن و شکۆیەی کەلە ئیدارەی دەوڵەتی عوسمانی هەیبوو، دڵی ئاوی نەدەخواردەوە، فەرمانێک بە سوڵتان موڕادی سێیەمی مێردی دەردەکات، بە دانانی کوڕەکەی موحەمەد خان، وەک جێنشینی دەوڵەتی عوسمانی، بەوەش جێگە و پێگەی کوڕەکەی دابین دەکات، بەڵام زڕ

کوڕەکانی، بۆ ئەو و کوڕەکەی جێگەی گومان و ترس بوون، دەیزانی سوپای عوسمانی بە دەسەڵاتی ئەو ژنە، بەسەر وڵاتەکە لەبەر رۆشنایی سوڵتانە لاوازەکە رازی نابن، بۆ چارەسەرکردنی ئەو رەوشەش، هەموو سات و کاتێک هەڵگیرسانی شۆڕش لەئارادا بوو، بۆیە سەفیە خاتوون تا هاوسەنگییەکە بۆ قازانجی کوڕەکەی و خۆی ساغ بکاتەوە، دەبوایە منداڵەکانی مێردەکەی لەناو ببات، لەودەمانە هەر خەمساردی و دوودڵییەک بۆ کۆمەڵکوژییەک، هەموو بەرنامە و خەونەکانی بۆ دەسەڵاتی خۆی و کوڕەکەی هەڵدەوەشایەوە.

لە رۆی ١٩ی ینایری ساڵی ١٥٩٥ی زاینی مردنی سوڵتان مورادی سێیەم رادەگەیەنن، سەفیە خاتوون دەست بە دانانی پیلانەکانی دەکات، کۆشکی تۆپ قاپی سەرای سەرقاڵی ئامادەکردنی ناشتنی سوڵتان و سازکردنی پرسەکە بوون، دەبوایە سوڵتانە نوێیەکەیان موحەمەدی سێیەم پێشڕەوایەتی بکات، سەفیە لە چەندین ئاراستەوە دەست بە بەرنامەکانی دەکات. ژنەکە زوو بە کوڕەکە دەڵێت باوکت مردووە و بەپەلە بەرەو دیوانی سوڵتانی بەڕێ بکەرەوە و وەزیرەکان چاوەڕوانت دەکەن، پەلە بکە نەوەک براکانت، یان وەزیرێک پیلانێکت بۆ دابرێژن، پێی دەڵێت بڕۆ لەسەر کورسییەکەی عەرش دابنیشە و سەرپەرشتی پرسە و پێشوازی میوانەکان بکەن، بەڵام ئەویش وەک باوکی سوڵتانێکی لاواز و کۆڵەوار بوو، بووکەشووشەیەکی دەستی دایکی و جارییەکان بوو، ئەو زوو لە دایکی دەپرسێت:

دایە براکانم بۆ لەناو پرسەکە ون بوون و دیار نەمان؟!

ژنەکە سەخڵەت نابێت و بە کوڕەکەی دەڵێت:

ئازیزەکەم نیگەران مەبە، تۆ بەتەنهاش بیت، تۆ سوڵتانە نوێیەکەی وڵاتەکەمانی، تۆ پرسەکە بەڕێوە دەبەیت، براکانت هێشتا لەناو مەزارەکە ماون و چاوەڕوانی وەرگرتنی تەرمەکەی باوکت دەکەن.

کوڕەکە قسەکانی دایکی بەئاساییەوە وەردەگرێت و هیچ راڤەیەکی بۆ ناکات، بەڕاستی هەژدە کوڕەکەی سوڵتان لەوێ بوون، بەر لە خۆرهەڵاتن و هەر

بە تاریکی هەموومان دەکوژرێن و جەستەکانیان دەگاتە گۆڕستانەکە، کۆیلەکانی سەفیە خاتوون فەرمانەکان جێبەجێ دەکەن، یەکە یەک شازادەکان دەکوژن، هەژدە کۆیلەکە دەستی خۆیان دەوەشێنن و هەژدە شازادەکە دەکوژن، دەست بەتیرەوە دەگەنە ژوورەکانیان، لەسەر جێگاکانیانەوە بە داوی تیرەکانیان دەیانخنکێنن، لە کۆمەڵکوژییەکی زۆر هۆڤیانە دەیانکوژن، بێجگە لە کۆیلە بکوژەکان کەس ئاگاداری ئەو کۆمەڵکوژییە نەبوو، هەمووشیان بەپەلە و بەر لە باوکیان نێژران.

سوڵتانە گەنجەکە، موحەمەدی سێیەم دووبارە لە براکانی دەپرسێتەوە، کەسیان نابینێت، دوایی راستییەکانی بۆ دەردەکەوێت، کە ژنەکە نازناوی سوڵتانەی دایک وەردەگرێت، بە شێوەیەک وەڵامیان دەداتەوە، وەڵامەکەی لە کەسانی خوێنرێژ بوەشێتەوە دەڵێت:

هەمووم بۆت لەناوبرد، کەس نەما رکابەرایەتی تۆ بکات، تۆ ئێستا بوویتە سوڵتانی بێ رکابەر، باوکت چی لە هەر پێنج براکانی کرد، منیش وامکرد، ئەو مامەکانی تۆی کوشت، شازادەکان موحەمەد، سلێمان، مستەفا، جیهانگیر، عەبدوڵا، تۆ ئەوانەت نەدیبوو، باوکە سوڵتانەکەت فەرمانی کوشتنی هەموویان دابوو، تا کەسیان لەسەر عەرش ململانێی لەگەڵ نەکەن، من تۆم لەو بڕیارە کوشندەیە دوورخستەوە، دڵم ئارام نەدەبوو، ئەگەر تۆ بەو شێوەیە لەسەر عەرش دانەنیشیت، نەدەکرا دوایی خۆت فەرمانی کوشتنیان دەربکەیت، دەمزانی سەرکردایەتی سوپا نە بە من و نە بە تۆ رازی نەدەبوون، چارەنووسی من و تۆش کوشتن دەبوو، بۆیە من دەستی خۆم بە پێش ئەوان خست و زەبری خۆمان وەشاند.

سوڵتان موحەمەدی سێیەم تووڕە نەبوو، لەناخەوە هەستی بە بیانووەکانی دایکی دەکرد، دەیزانی لەو رۆژەی فەرمانی ئەو بۆ جێنشینەکەی دەرچووە، بڕیاری کوشتنی ئەوانیش پەسەند کراوە، ئەوەش لە دەوڵەتی عوسمانی ئاسایی و باو بووە، لە ئازایەتی و سەرگەرمی دایکی گومانی نەبوو، ئەو لە بنەماڵەی

بافوی ئیتاڵی بووە، ئەوان فێرن دوژمنەکانیان لەناو زیندانە تاریک و پیسەکانیان دەخنکاند و تەرمەکانیان فڕێدەدانە ناو ئاوی رووبارەکان و بەیانییانیش بە بزە و خۆشییەوە دەردەچوون، وایاندەزانی ئاوی رووبارەکان تاوانەکانیان ون دەکات، بۆیەش سەرسام و شۆک نەدەبوو، دایکی توانی هەموو براکانی بکوژێت و بەرنامەیەکی وا دابرێژێت، بەبێ ئەوەی لەناو حەرەملەک کەس گومانی لێ بکات. ئەگەرچی ئەو چاو و گوێیەکان کراوە بوون، ئەو رێزی زۆری دایکی دەگرت و خۆشیدەویست، بەڵام هەست دەکات لەبەر دایکی بە قەد چرپەیەک ترسی لێ نیشتووە.

هەواڵەکە لەناو سوپا و خەڵکەکە بڵاودەبێتەوە، دایکەکە بەرنامەیەک بۆ کپکردنی ناڕەزایی و گەورەیی کۆمەڵکوژییەکە دادەنێت، قسەیەک بڵاودەبێتەوە براکانی جێنشین ویستویانە کودەتاکە لەسەر موحەمەد خانی کوڕی سوڵتان بکەن و بیکوژن، پیلانەکەیان ئاشکرا دەبێت، بە کوشتنیان سزای عادیلانەی خۆیان وەردەگرن، بەوەش دایکەکە دەزانێت، چۆن پێگەی کوڕەکەی لە عەرشەکە پتەو بکات.

شازادە کوژراوەکان ناویان لەناو تۆمارەکانی کۆشک بەو ناوانە پارێزراوە: عوسمان، سەلیم، بایەزید، جیهانگیر، مستەفا، عەبدولرەحمان، عەبدوڵا، کرکود، عومەر، عەلی، حەسەن، حوسێن، ئەحمەد، یاقوب، علمشاە، یوسف، ئیسحاق، عەلائەدین، تەرمەکانیان لەناو کۆشکی ئایا سۆفیا لە تەنیشت باوکیان نێژراون.

## سوڵتانەی دەوڵەت

ئەو کۆمەڵکوژییەی سوڵتانەی دایک سەفیە خاتوون، دەرحەق بە شازادەکان بۆ بەهێزبوونی دەسەڵاتەکەی بوو بەسەر دەوڵەتی عوسمانی، لە ساڵانی ١٥٩٥ هەتا ١٦٠٣ی زاینی سەردەمی حوکمی موحەمەدی سێیەمی کوڕی، هەموو دەسەڵاتەکان بە دەست دایکی بووە، کوڕەکەشی وەک باوکی کەسێکی لاواز و مێباز و شەیدای جارییەکان بوو، بۆیەش سوڵتان زۆر ئاگاداری کاروبارەکانی

نەبوو، دەوڵەتەکەیان لاواز دەبوو، ئیرانییەکان لە عیراق گەشەیان دەکرد، نەمسا لە بەلقان دەهاتە پێش، لە چەندین شەڕدا سوپا عوسمانییەکە دەشکێنن، یاخیبوونی سباهییەکان دژ بە ئینکشارییەکان هەڵدەگیرسێت، هەموو جەمسەرەکانی دەوڵەت، لەبن گەندەڵی و ئاژاوە و باڵباڵێن دەناڵێنێت، بۆیەش لەناو حەرەملەک دایکی کاروبارەکان بەڕێوە دەبات، ئەورووپییەکان بە سەفیرەکانیان هەڵسوکەوت و پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو دەکەن، لە راپۆرتە رەسمییەکاندا باس لە دەسەلاتەکەی دەکەن، سەفیری فەرەنسی لە راپۆرتێکی بۆ پاریس نووسیویەتی:

حەریم لە حوکمی دەوڵەتی عوسمانی بالادەستن، سوڵتانە دایک، پێشڕەوایەتییان دەکات، ئەو دەسەلاتی بەسەر پاشاکان، واتە وەزیرەکاندا هەیە و وەک خەڵکی ئاسایی سەیریان دەکات. سوڵتان موحەمەدی سێیەمیش رادەستی دەسەلاتی دایکی بووە، زۆر شەیدا و پەرۆشی دەسەلاتە، بە شێوەیەک هەرگیز نەکراوە و نەبیستراوە، ژنەکە بەتوندی دەستی بەسەر هەموو جەمسەرەکاندا گرتووە، بۆیەش بە بۆچوونی مێژوونووسانی دەوڵەتی عوسمانی، دەسەلاتی ئەو لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی ناوازە و دەگمەنە، تاکە ژنە لەناو ژنانی حەرەملەک لە هەژموون و فراوانی دەسەلاتەکە، هەرگیز لەناو حەرەملەک، ژنی وا هەڵنەکەوتووە. لەبەر ئەوەی کوڕەکەی بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری کاروبارەکانی دەوڵەت نییە و سەرگەرمی ژنان و رابواردنە، بۆیەش دایکەکە هەر بڕیارەکان بە بوون و بە نەبوون لەبن دەستی ئەو دایە، وەزیرەکانیش دەزانن هەر سەرپێچی و لارییەک مانای مردن و کوشتنە، بۆیە بێدەنگ و لاواز دیار دەکەون.

لەبەر نەبوونی هەژموونی سوڵتانێکی بە توانا و ئاگادار، تیمەکانی ئینکشارییش راست و چەپ لەناو ئەستنبۆل بەناو رەعیەت کەوتوون، لەبەر چاوی هەموولایەک هێرش دەکەنە سەر تۆپ قاپی سەرای و دەستدرێژییش دەکەنە سەر پیرۆزییەکانی دەوڵەت. تیمەکانی ئینکشاری، بەپەلە داوا دەکەن

هەموو مووچەکانیان بدەن، داواش دەکەن، چاکسازییەکانی سەدری مەزن لەسەر دراوەکان کردویەتی هەڵگیرێت، بەوەش بەهای پارەکە دادەبەزێت و لە ئەنجامی گەمەی بازار و دەستی چەپڵەی دەلاڵەکان، پارەکە و بازاڕەکەیان دەشێوێت، سوڵتانیش دەسەلاتی نییە مووچەکانیان دابین بکات، تا سەربازە تووڕەکان هێمن بکاتەوە، بەوەش سوڵتانەی دایک، زۆرتر هەژموون و پێگەی خۆی توندتر دەکات، بە یەکێک لە نمایندەی تیمەکانی ئینکشاری وتووە:

سوڵتان هاوشانی ئێوەیە و لە تووڕەبوون و یاخیبوونەکانتان تێدەگات، ئەویش لە سەدری مەزن تووڕە و نیگەرانە، چونکە ئارێشە و قەیرانەکە بە دەستی ئەو خوڵقاوە.

هەروەها ژنەکە نامەیەک بۆ سەرکردەی شۆڕشەکە دەنووسێت و تێدا بەڵێنیان پێ دەدات، سوڵتان مووچە و زیادەکەشتان بۆ سەرف دەکات، ئەگەر توانیتان سەدری مەزن بکوژن و سەری لە جەستەکەی بکەنەوە.

ئیتر بەو شێوەیە و دەرئەنجامی ئەو پیلانە سوڵتانەی دایک سەفیە خاتوون سەدری مەزن بە کوشتن دەدات.

هەر چەند بە هێز و بە دەسەلاتیش بیت، مردن لێت ناترسێت و دەمریت، بۆیە مردن دەرەقەتی پاوەری سەفیە خاتوونیش دەبێتەوە، ماوەیەکی زۆریش ناخاینێت، لە ساڵی ١٦٠٣ی زاینی بەرۆکی کوڕە سوڵتانەکەشی دەگرێت، لە تەمەنی سی و شەش ساڵیدا ئەویش دەمرێت، کوڕە تەمەن چواردە ساڵییەکەی شازادە ئەحمەدی یەکەم دەبێتە سوڵتانی ئیدارەی دەوڵەتی عوسمانی، بەوەش دەسەلاتی سوڵتانەی دایک سەفیە دەگاتە دایکی سوڵتانە نوێیەکە، ئەویش خەندان خاتوونی بەڕەچەڵەک یونان بوو، ئەو ژنە هەڵگری بارە مێژووییەکە بوو، ژنێکی رەوشت بەرز بوو، داوا لە کوڕەکەی سوڵتان ئەحمەد دەکات، شازادە مستەفای برای ببوورێت و سزای لە سێدارەدانەکەی هەڵوەشێنێتەوە و پەیڕەوی سوڵتانە عوسمانییەکان نەکات بۆ کوشتنی براکانی، نەوەک پیلانی کوشتن و لابردنی بگێڕن، سوڵتانە سەفیە ئەو بەرنامە و داوایەی پێ خۆش نەبووە، بەلام

سوڵتانە خەندان بوار نادات کۆمەڵکوژیی بکرێت و کوڕەکەی براکانی بکوژێت. تا سەفیە خاتوونیش لەوە دووربخاتەوە و دەستی توند و گلاوی وەک سەردەمی مێردەکەی و هەردوو کوڕەکەی سوڵتان موورادی سێیەم و موحەمەدی سێیەم نەڕوات، داوا لە کوڕەکەی دەکات لەسەر کەنارەکانی پوسفۆر کۆشکی منیفی بۆ ئاوەدان بکاتەوە و داپیرەکەی رەوانەی ئەوێندەرێ بکات و لەوێ بژیت، لەناو حەرەملەک و بارەگاکەی لەناو کۆشکی بابی عالی دووربکەوێتەوە، ئەو ژیانەی ماوەتی لەوێ بەسەرببات، ئەوەش بۆ ساڵە کۆتاییەکانی ژیانی گونجاو و سازبوون.

سەفیە خاتوون دووردەکەوێتەوە و هەتا پەیامنێری مردن لە ساڵی ١٦٠٥ی زاینی بەرۆکی دەگرێت و دەمرێت، بەڵام ناو و ناوداریەکەی وەک ژنێکی پۆلایی و بەزەبری ناو حەرەملەک دەمێنێتەوە، تا سوڵتانەیەکی تری باڵاتر و توندتر لە دەسەڵات و هەژموون دەگاتە ناو کۆشک، ئینجا نۆرەی (کوسم سوڵتان)ی ناسراو بە (ماهـ بیکر) دێت، ئەویش دەگاتە ئەو پۆستە و بەرەسمی دەبێتە یەکەم ژنە جێگری سوڵتان لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی.

## قەفەسەکان

کە سەفیە خاتوون و سوڵتان موحەمەدی سێیەمی کوڕی، دەسەڵاتە توندەکەیان لەسەر کۆشک و دەسەڵات گیر دەکەن و شازادەکانی برای سوڵتان دەکوژن، بەرنامەی قەفەسکردن و گرتنی شازادەکانی تری بنەماڵەی عوسمانەکان دەگرنەبەر و هەموویان لە قەفەس دەکەن، بەو پرۆسەیەش وتراوە قەفەسەکان.

قەفەسەکان بیرۆکەیەکی شەیتانی سوڵتانە سەفیە خاتوون بوو، کاردانەوەیەکی نەگەتیڤیشی لەسەر ئایندەی دەوڵەتی عوسمانییش هەبوو. یەکێک لە بنەما و بەرنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ پێگەیاندنی کوڕە شازادەکانیان، ئەوە بوو کوڕەکان دەکرانە والی لە سەرانسەری دەوڵەتەکە، تا

لەوێ لەگەڵ رەعیەت و خەڵکەکە و سوپاکەیان ئاوێتە بن و ئەزموون وەربگرن و ساز بکرێن بۆ داهاتوویەکی پرشنگداری دەوڵەت، بەڵام سەفیە خاتوون ئەوەی بۆ دوورخستنەوە پەراوێزکردنیان دەکرد، هەر شازادەیەکیش هەڵدەکەوت و سیمای کامیلبوونی لێ دەردەکەوت، راپێچی یەکێک لە ژوورەکانی حەرەملەکی دەکرد، لەوێ ئەو دەگیرا و نەدەبوایە تێکەڵی کەس ببێت، بەتایبەتی شازادە و هاوتەمەن و کەسە نزیکەکانی خۆی، لەناو ژوورەکەش تەنها پیاوە خەسێنراو و کۆیلەکانی دەبینی و هاموشۆی لەگەڵ دەکردن.

بنچینەکانی ئەو سیستەمەش دیار بوو، شازادە گیراوەکانی ناو ئەو قەفەسانە بە هیچ بیانووێک نەدەبوو بێنە دەرەوە، بۆیان نەبوو لەگەڵ ژنانیش هاموشۆ و تێکەڵبوونێکیان هەبێت، مەبەستیش لەوە بوو، تۆ و رەچەڵەکیان ببڕنەوە و مەترسییان لەسەر سوڵتانی داهاتوویان نەبێت، دوو کەس لێیان دەچووە ژوورەوە، ئەو کۆیلەی خواردنی بۆ دەبرد، ئەو جەلادە دەست بە شیرەی دەیکوشت و سەرەکەی بۆ نیشاندان دەبردە دەرەوە، لەوێ و لەناو ئەو قەفەسانە شازادەکان زۆریان تووشی نەخۆشی دەروونی دەبوون، چونکە ماوەیەکی درێژ لە تەنهایی و تاریکییدا ژیانیان دەبردە سەر و دەمانەوە، چاوەڕوانی مەرگ و سزاکانیان دەکرد.

شازادەکان لەجیاتی سوارچاکی و سوڕانەوە لە مەیدان و شەڕەکاندا، لەجیاتی تێکەڵبوون بە سوپاکەیان و بەشدارییان لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتەکەیان، لەو قەفەسانە، وەک ئاژەڵ دەمانەوە و نەدەبوو تێکەڵی کەس بین، ئەو بڕیارەش سەرەتایەک بوو، بۆ لاوازبوون و رووخانی دەوڵەتی عوسمانی، چونکە دەرئەنجامی ئەو حەپسکردنە، زۆر لە سوڵتانەکان کەسانی لاواز و نەخۆشیان لێ دەردەچوو، ئەوانەی دەمانەوە و نەدەکوژران دەکەوتنە بن دەستی گەورە فەرمانبەرەکانی دەوڵەت، بەوەش کەسایەتی بێ توانا و ئەزموون دەبینران و دەسەڵاتی نەدەبوو.

# بەشی دوازدەهەم
# سوڵتانە کارتۆنییەکان

کەسایەتی سوڵتانە خەندان ڕۆڵی هەبوو، لە بەرقەراربوونی ئاشتی و هێورکردنەوە ڕەوشە ناڵەبارە و پڕقینەکەی ناو کۆشک، سوڵتانە سەفیە خاتوون هۆکاری سەرەکی هەموو قەیران و نیگەرانی و کوشتنەکان بوو، بەڵام فاکتەری سەرەکی کەمکردنەوە و لاوازکردنی دەسەڵاتی حەرەملەک، کەسایەتی سوڵتان ئەحمەدی یەکەم بوو، ئەگەرچی ئەو لە تەمەنی چواردە ساڵیشەوە، دەبێتە سوڵتان بەڵام کەسێکی بە توانا و زانا بوو بۆ هەڵگرتنەوە و دەربازکردنی دەوڵەتی عوسمانی لەناو قەیران و لاوازییەکانی. ئەو کار دەکات هەژموونی داپیرەکەی حەفسەت خاتوون و دواییش دایکی سوڵتانە خەندان، لەناو حەرەملەک بە دەستیان خستبوو کەم دەکاتەوە، مێژوونووسە هاوچەرخەکانی دەڵێن سوڵتان ئامۆگاریی و ڕێنماییەکان سەبارەت بە کاروبارە باڵاکانی دەوڵەت پشتگوێ دەخست، ئەوەندە ڕێزی دایکی دەگرت، ڕێنماییەکانی ئاینی ئیسلامی ڕێپێدراوی بۆ دەسەلماند، ئەوەندەی بۆ دەکرد خودای گەورە بەرەوای زانیوە، بڕیار دەدات مووچەی مانگانەکەی دایکی لە هەزار پارچە زێڕ زۆرتر نەبێت، کە حەفسەت خاتوون سێ هەزار پارچە زێری وەردەگرت، ئەگەرچی هەڵگری هیچ نازناوێکی ڕەسمییش نەبوو. سوڵتانە خەندان تەمەنی درێژ نابێت و لە ساڵی ١٦٠٥ی زاینی دەمرێت و لەناو مزگەوتەکەی کە سوڵتان ئەحمەدی کوڕی دروستی کردبوو دەنێژرێت.

ئیتر بەو شێوەیە سوڵتان ئەحمەد دەسەڵات و زەبری حەرەملەک ناهێڵێت، هاوسەرەکەی خەدیجە ماهـ فەیروز یان جارییە نازدارەکەی ماهـ بیکر کوسم، هەردووکیان بە تەمەن بچووک بوون و بوار و ئەزموونی ئەوەیان نەبوو، لە مێژووی دەوڵەتەکەیان ڕۆڵی بەرچاو و دیاریان هەبێت، سوڵتان ئەحمەدی یەکەم دەسەڵاتی حەرەملەک کەم دەکاتەوە، ڕەوشە ئارام نابێت، چونکە تیمە سەربازییەکان، دەستدرێژییەکانی ئینکشارییەت ڕووبەڕووی دەوڵەت دەبنەوە، ئەوان دەست بەسەر سەرکردایەتی کۆشک دادەگرن، سوڵتان ناچار دەکەن

ملکەچی فەرمانی ئەوان ببێت، بەوەش دەکەوێتە ناو گێژاوی ئاشوبە و گێچەڵەکان.

ئینکشاریەت (بەتورکییەکەی ینی جری، واتە سەربازە نوێیەکان) ئەوان چەند تیمێکی تایبەتی و ستوونی مەزنی سوپای عوسمانی بوون، لە سەرەتاکانی دامەزراندنی دەوڵەتەکە لە سەدەی چواردەی زایینییەوە دروست دەکرێن، فەلسەفەی ئەو تیمە سەربازییانەش، جۆشدان و سازکردنی دیلی شەڕەکان بوو، بەوەش دەیانویست کوڕ و گەنجەکان لە ئاین و نەتەوە و رەچەڵەکی خۆیان دابڕن، لە ئاین و دابونەریتی ئیسلامیان رابهێنن و سوڵتانیشیان کردبووە باوکی گەورەیان، شەڕیش تاکە پیشەیان بووە، بەڵام شێوە و بەرنامەکانیان لەلایەن سوڵتانەکانەوە دەگۆڕێت، لەناو بنەماڵە کریستیانەکان کوڕەکانیان دەبردن و پێیان دەووت (دوشرمە)، سێ چوارساڵێک جارێک، هەشت هەتا دوازدە هەزار کەسیان بەو هەڵمەتانە کۆ دەکردەوە.

دیاردەی ئینکشاریەت هەر زوو لەناو سیاسەتی دەوڵەت پەیڕەو دەبێت، ئیتر ئەوانە دەستیان لە کاروبارەکانی دەوڵەت وەردەدا، نەک هەر لە سەردەمی سوڵتانە لاوازە بێ دەسەڵاتەکان، لە سەردەمی سوڵتانە مەزنەکانیش، وەک موحەمەد ئەلفاتح و سلێمان ئەلقانونیش دەستیان هەبووە، کە دەستیان زۆر دەڕۆیشت دەسەڵاتی گۆڕینی سوڵتانیشیان پەیدا کردبوو، نەک سوڵتانیان گۆڕیوە، ئەوان سوڵتانیان کوشتووە، چونکە سوڵتانە بێهێزە و بێ ئەزموونەکان دەرەقەتیان نەهاتوون و نەیانتوانیوە رووبەڕووی سەرکردە و فەرماندە مەزنەکانیان ببنەوە، لەوانە سوڵتان ئەحمەد بەڕووی دەسەڵاتی ئینکشارییەکان دەستەوەستان بووە، ئەوانیش دەستیان بە ڕاووڕووت و تاڵانکردووە و پایتەختەکەیان شپرزە کردبوو.

لە سەردەمی سوڵتان ئەحمەد دەوڵەت هیچ دەسکەوت و سەرکەوتنی نەبوو، بۆیەش سوڵتان رووبەڕووی خەم و دڵتەنگی دەبێتەوە، لە چارەسەرکردنی

دەردەکانی دەوڵەت هەرەس دەهێنێت و ناتوانێت جەمسەرەکانی بەڕێوەبردن بباتەوە ئاستی جارانی بەڕێوەبردن و سازان، سەرکردەکانی سوپاش کێشە و گەندەڵییەکان زۆرتر دەکەن، لە خەفەتی هەرەس و شکانەکانی، رۆژێکیان سوڵتان ئەو سەعاتەی شاژنی ئینگلترا ئیلیزابێت بە دیاری پیشکەشی سەفیە خاتوونی کردووە، سومبڵی گەشەی خۆرئاوای کریستیانی بووە وردوخاش دەکات.

ئەو لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵیی و لە ساڵی ١٦١٧ی زاینی بە نەخۆشی تیفۆ دەمرێت، ناو و پێگەکەی تەنها لەو مزگەوتەوە ماوە، پارچەیەکە لە باڵایی هونەر و نەخشەسازیی تورکی لە ئەستنبۆل. سوڵتان لەناکاو دەمرێت، دەوڵەتەکە ئاژاوە و کێشمەکێشەیەکی ئەستوور و ئاڵۆزی دەکەوێتە ناو دەوڵەت، دووبارە ململانێیەکان دەکەوێتەوە ناو حەرەملەک، بۆ ئەوەی کێ ببێتە سوڵتانی دەوڵەت، چونکە کوڕەکانی ئەو منداڵ بوون، کێشەکەش لەنێوان خەدیجە ماهـ فەیروز و ماهـ بیکر کوسم خاتوون دەبێت بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتەکانی ناو حەرەمەلەک، ئەو کەسەی شوێنی سوڵتانە مردووەکەیان بگرێتەوە، بەناچاری ماهـ بیکر کوسم بیر لەوە دەکاتەوە برایەکی سوڵتان شازادە مستەفا، کە لە کۆشکە کۆنەکە دەژیا سەرکردایەتی دەوڵەت بکات، هەتا کوڕەکەی گەورە دەبێت و دەتوانێت ئیدارەکەی بگرێتە ئەستۆ، بۆچوونی خاتوونەکە هاوسۆز بوو، لەگەڵ سەرکردەکانی ئینکشارییەکان کە خاوەنی بڕیارە باڵاکانی ئەستنبۆل بوون، بەوەش سوپا دەبێتە بڕیاردەر و سوڵتانە نوێیەکەش گۆشەگیر دەکەن، ماهـ بیکر کوسمیش لەناو حەرەملەک دەبێتە خاتوونی یەکەمی بێ رکابەر، ئەو ژنەی ماوەی نیو سەدە دانەر و سازکەری رەوشە سیاسییە باڵاکەی دەوڵەتی عوسمانی بووە.

## رووی مانگ

کوسم سوڵتانە، بە دیلی و بە دیاری و بە ناوی ئاناستاسیاوە هاتووتە ناو حەرەملەک، ئەو کیژی قەدیسێکی یونانی بووە لە دوورگەی تینوس، لە کلربیکی

بۆسنە دیلکراوە، چەتەکان و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە بە دیاری رەوانەی ئەستنبۆلی دەکەن، کە سوڵتان ئەحمەد ئەو کیژە نازدارە دەبینێت، بۆی حەیران و شەیدا دەبێت و یەکسەر بڕیار دەدات ببێتە جارییەکی تایبەت بە خزمەتکردنی بەشە تایبەتییەکەی خۆی لەناو کۆشک، کیژە قەشەکە دەبێتە موسلمان ناوی دەکەنە (کوسم)، لەبەر جوانییەکەشی نازناوی (ماهـ بیکر) واتە رووی مانگی پێ دەبەخشن، ئەویش زیرەکانە دەتوانێت خۆشەویستی رەعیەتەکە بۆ لای خۆی رابکێشێت و بەردەوام چاکە و خێرات دەکات، یارمەتی لێقەوماوان دەدات، کیژە هەژارەکان بەشوو دەدات، مێرد و هاوسەر بۆ کیژە کەنیزەکانیشی ناو حەرەملەک پەیدا دەکات، ئێستاش لە گەڕەکی (ئاسکودار) مزگەوتەکەی بە ناوی مزگەوتی بەنەخشەکە هەر ماوە، کە ئەو فەرمانی دروستکردنی دابوو، مزگەوتەکە بە چەندین بورسلین و خەزف داپۆشراوە و یەکێک بووە لە هونەرە نازدارەکانی پایتەخت، خانێکیش بە ناوی (خانی دایکەکە) ماوە، کە کرابووە وەقفی مزگەوتەکە، هەر لەو شارەدا، حەمامێک و قوتابخانەیەک بۆ منداڵان و سەرچاوە و کانیاوێکی ئاو خواردنە و سەبیلێک دروست دەکات، وەقفێک ماوە کە لە ساڵی ١٦٤٠ی زایینییەوە بە ناوی ئەو نراوە، تێدا پارەیەکی زۆری بۆ مەسرەفکردن هەژاران لەسەر رێگای مەکە داناوە، هەروەها چاکە و خێراتی زۆری لە مەکە و مەدینەش دانابوو.

لە سەردەمی دەسەڵاتی سوڵتان ئەحمەدی یەکەمی هاوسەری، ماهـ بیکر راستەوخۆ بەشداری لە کاروبارە سیاسییەکانی دەوڵەتی نەدەکرد، بەڵام پاش مردنی مێردەکەی، نەک هەر بەشدار و ئەکتیڤی بەرنامە سیاسییە ئەستەمە و ناسکەکانی و هەر دژوارەکانی مێژووی دەوڵەتی عوسمانی دەبوو، بەڵکو ئەو زۆر پەرۆش و حەیرانی دەسەڵات دەبێت، بەتایبەتی کە کوڕی ژنە نەیارەکەی خەدیجە ماهـ فەیرۆز، دەیەوێت کوڕەکەی سوڵتان موراد، لە عەرش دووربخاتەوە، بۆیەش ئەو پەنا بۆ شووبراکەی شازادە مستەفا دەبات، ئەوەی هەرگیز نیازی دەسەڵات و عەرشی نەبوو، زۆریش لە کۆشک و

چەرمەسەرییەکانی دووردەکەوتەوە، چونکە زۆر لە پیاوە دەست رۆیشتووەکانی دەوڵەت بە کەسایەتی شازادە مستەفا دڵگەش نەبوون، چونکە زۆرتر بە کەسێکی کاڵفام و سەرسەخت دەناسرا، مەسەلەکەش تەنها پەیمانێک بوو، لەنێوان کوسم ماهـ بیکر و گەورە پیاوانی دەوڵەت لەسەر شازادە مستەفا، سوڵتان مستەفا دەگاتە عەرش، یەکەم برای سوڵتان بووە لە مێژووی عوسمانییەکان بکرێتە سوڵتانی دەوڵەت.

سەڵتەنەتی سوڵتان مستەفای یەکەم، تەنها سێ مانگ دەخایێنێت، ئەو ماوەیەش کاتی دانوستان بووە، بۆ دانانی کوڕە گەورەکەی سوڵتان ئەحمەد شازادە عوسمان وەک سوڵتان دەوڵەت، بەوەش خەدیجە ماهـ فەیروز، لە شەڕەکەی بەڕووی کوسم ماهـ بیکر سەردەکەوێت، سوڵتان عوسمانی دووەم لە رەوشێکی زۆر تەنگاو و شپرزەدا دەگاتە عەرش، تیمە ئینکشارییەکان خۆیان وا نیشان دەدەن گەیشتنی ئەو، بۆ ئەو پۆستە بە رەزامەندی سوپاوە بووە، بۆیەش سەرکردایەتی سوپا وای لێ هاتبوو، لە هەموو گچکە و گەورەیەکی دەوڵەت دەستیان تێکەڵ دەکرد.

بە دانیشتنی سوڵتان عوسمان لەسەر عەرش، کۆتایی ململانێیەکانی ناو توێژە باڵاکەی دەوڵەت نەبوو، بەشێکی زۆر لە کاربەدەستەکانی دەوڵەت، لەگەڵ مافی کوڕە گەورەکەی سوڵتان ئەحمەد بوون، جێنشینە شەرعییەکە، شازادە عوسمانی کوڕی جارییەکەی خەدیجە ماهـ فەیروز. لەولاشەوە توێژێکی فراوان لە پیاوانی دەوڵەت و سوپا لەپشت دانانی شازادە مورادی کوڕی سوڵتان ئەحمەدی لە جارییە کوسم ماهـ بیکر بوون، ئەوەش دەبێتە سەرەتای دانانەوەی تۆڕی پیلانی زۆر لەناو حەرەملەک، دەرئەنجام سەرکردایەتی سوپای عوسمانی شازادە عوسمان دەکەنە سوڵتان و لەسەر عەرشی عوسمانی دایدەنێن.

بەڵام سوڵتانە گەنجەکە نیمچە بەندکراوێک بوو، چونکە هاوسەرەکەی باوکی سوڵتانە ماهـ بیکر دانی بەوە بڕیارە دانەنابوو، چەندین کەسایەتی دەوڵەت و سوپاش دژایەتییان دەکرد، کوسم سوڵتانەش لەوەدا ئاغای دار ئەلسعادە

مستەفا ئاغا و شێخ ئەلئەسلام ئەسعەد ئەفەندی و قائیمام سۆفی موحەمەد پاشای بەکاردەهێنا، ئەوانەش لەلایەن گەورەی ئینکشارییەکانەوە ناچارکران بۆ لادانی سوڵتان مستەفای یەکەم، فتوایەک دەربکەن، بۆیە لە رۆژی ٢٦ی فبرایری ساڵی ١٦١٨ی زاینی پاش مانەوەی تەنها سێ مانگ سوڵتانەکە لادەدرێت، لە یەکێک لە ژوورەکانی ناو کۆشکی عوسمانیش بەند دەکرێت، سوڵتان عوسمانی دووەم کوڕە گەورەی شازادە ئەحمەد لەسەر عەرش دانرا، ئەوەش سوڵتانە کوسم تووڕە دەکات و پیاوە دڵسۆزەکانی لەبن دەستی ئینکشارییەکان دەناڵێنن.

ئینکشارییەکان دەبنە هێزە مەزنە گەورەکەی ناو دەوڵەتی عوسمانی، دەتوانن سوڵتان مستەفا لەسەر عەرش دابگرن، سوڵتانە کوسم، هیچ دەرفەتێکی لەبەر نامینێت تەنها ئەوە نەبێت، لەگەڵ ئینکشارییەکان هاوپەیمانی بکات تا سوڵتان عوسمانی دووەمی کوڕی سوڵتانە دوژمنەکەی خەدیجە ماهـ فیرۆز دووربخاتەوە، چونکە سوڵتانە گەنجەکە، سیاسەتی باوکە مردووەکەی سوڵتان ئەحمەد پەیڕەو دەکات و دەیەوێت دەسەڵاتی حەرەملەک سنووردار بکات، سوڵتانە ماهـ بیکریش ئەوەی مەبەست نەبووە و بەوەیان نیگەران و سەخڵەت دەبێت.

کوسم ماهـ بیکر کار دەکات ویژدانی سەرکردەکانی سوپا بکڕێت، ئەوانیش بەلەز پشتیوانی بۆ ئەو و دۆسیەی شازادە مورادی کوڕی دەکەن، چەندین بواری سیاسییش ساز بوو، مەبەست و هیواکانی کوسم ماهـ بیکر بێتەدی، سوڵتانە گەنجەکە عوسمانی دووەم ئەگەرچی بە تەمەنیش گچکە بوو (ئەو لە تەمەنی سێزدە ساڵییەوە دەگاتە عەرش) بەرنامە دادەرێژێت بۆ سازکردنەوەی رەوشە ئاڵۆز و داتەپیوەکەی دەوڵەتی عوسمانی، کە ئەو دەبێتە سوڵتان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییەوە دەوڵەتی عوسمانی ئاڵۆز و بەدناو بوو، ئەگەر لە هەندێ ئاراستەش سەردەکەوێت، بەڵام پاشاکانی ئەوروپا لاوازی و تەپیووی رەوشەکانی دەوڵەتەکە دەبینن، هەروەها گەشەسەندن و هەڵسانەوەی رووسیای

قەیسەری لەسەر شانۆ و دیدە سیاسییەکان، زەبرێکی کوشندە لە دوارۆژی دەوڵەتی عوسمانی دەوەشێنێت، بۆیە دەبوایە بۆ چاکسازی و هەڵسانەوەکانی دەوڵەتە لاوازەکە، سوڵتان ئەحمەد، هەندێ سیستەمی دەوڵەتەکە لە رەگەوە بگۆڕێت، سەرەتا دەیویست خەڵکی ئەستنبۆل رازی بکات، بۆ ئەوەش مەزارێک لەناو هەیوانەکەی مزگەوتە بەناوبانگەکەی ناسراو بە مزگەوتی ئەحمەدی یەکەم یان مزگەوتی شین دروست دەکات.

سوڵتان عوسمان بیر لەوە دەکاتەوە چاکسازییەکی بنەڕەتی لەناو سوپای عوسمانی بکات، کە ماوەیەک بوو دەستە دەستە یاخی دەبوون و سەرپێچییان دەکرد، بۆیە بەرنامەرێژی دەکات ئینکشارییەکان هەڵوەشێنێتەوە، چەند تیمێکی ناوەندی سەربازی دابنێت، لقێکی سەربازی بۆ والییەکانی میسر و شام و ئەستنبۆل رەوانە دەکات، بەبێ ئەوەی پرس بە سەرکردەکانی ئینکشارییەکان بکات، سوڵتان فەرمان دەدات، بەپێی بەرنامەی نوێ مەشقیان پێ بکات، سوڵتان پەلە دەکات و بەرنامەکانی بۆ گەورە راوێژکارەکانی روون دەکاتەوە، بیر لەوە ناکاتەوە ئینکشارییەکان دەسەڵات و قەوارەی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ناو پایتەخت چڕ و فرەجەمسەرە، بۆیەش دەستەیەک لەوانە بەرووی چاکسازییەکان سوڵتان دەوەستن و گۆڕانکارییەکان بەرەیەکی نەیاری توند بەرووی سوڵتان دەکاتەوە.

سوڵتان عوسمان بە مردنی دایکی خەدیجە ماهـ فەیرۆزی سوڵتانەی دایک، لەساڵی ١٦٢١ی زاینی، پشتیوانییەکی گەورە و مەزن لەناو حەرەملەک لەدەست دەدات، رەنگە مردنەکەشی بە پیلان و دەستی ژنە نەیارەکەی کوسم ماهـ بیکرەوە بوویێت. ئەو کۆشش دەکات لەناو میللەت ناوبانگییەکی باش پەیدا بکات، چونکە هەست بە بوونی پیلانێک دەکات بۆ کوشتن و دانانی برایە بچووکەکەی شازادە موحەمەد، کە تەمەنی تەنها پازدە ساڵ دەبوو، بۆیە لە کوشتنی براکەی دوودڵ نابێت و فەرمان دەدات براکەی بخنکێنن. پیاوە کۆیلەکان بۆ کوشتنی لێی بەژووری دەکەون ئەو هیچ ناڵێت، بەڵام هیوا

دەخوازێت، براکەشی بە دەردی ئەو بچێت، ڕەنگە ئەو کارەساتەش هۆکاری مردنی سوڵتانە خەدیجە بووبێت.

ئەو ڕووداوانە بوار بوون، کوڕەکانی سوڵتانە کوسم ماهـ بیکر ڕزگاریان ببێت و کوڕەکەی موراد ببێتە جێنشین، دووبارە ژنەکە، ناو و دەسەڵاتی دەگەڕێتەوە و بڕیاریش دەدات چیتر دەستبەرداری سوڵتانییەکەی نەبێت، ئەو دەتوانێت و باشیش دەزانێت و بیانووی سەرمایە سەختەکەی ئەو زستانەی لە ساڵی ١٦٢١ی زاینی، ڕووبەڕووی ئەستنبۆل دەبێتەوە بەکاربهێنێت، تێدا ئاوی دەربەندی دردەنیل، ئەوەی ئەسیا و ئەوروپا بەیەک دەبەستێتەوە، بۆ یەکەمجار لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی ببەستێت، خەڵکی ئەستنبۆل لە بەشە ئەوروپییەکەیەوە بۆ ئاسکوداری ئەسیا، بەسەر شەختە دەڕۆیشتن، خەڵکەکەش ئەو ڕووداوە بە پێشهاتێکی نیگبەت و ویشومە دەزانن، چونکە نرخی خواردەمەنیش زۆر گران دەبێت، هەرگیز بازارەکانی عوسمانی گرانی وای نەدیبێت. سوڵتانە کوسم ماهـ بیکر باش لە بەرنامەکانی سوڵتان تێدەگات و دەزانێت چۆن لەناوی ببات، لەگەڵ سەرکردایەتی ئینکشارییەکان هاوپەیمانی دەکات و پیلانێک بۆ کوشتنی دادەرێژن.

## کوشتنی خەونەکە

سوڵتانە عوسمانییەکان، نەدەچوونە سەفەری حەج، لەبەر بێ ئیمانی نەبوو، لەبەر ئەوەیان بوو، ڕێگەکە بۆ حیجازیش زۆر دوور بوو، ئەوەش کاتی زۆری دەوێت و چەند مانگێکی دەخایاند، بەوەش زۆر لە کاروباری دەوڵەت دووردەکەوتنەوە، زۆریش لە شێخەکانی ئیسلام فتوایان دەرکردبوو، ئیدارەی دەوڵەت گرنگترە لە سەفەری حەج و حەجکردن، بۆیە ماوەیەکی درێژ بوو، سوڵتانەکان نەدەچوونە حەج، سوڵتانە گەنجەکە، بڕیارێکی لەناکاو بۆ سەفەری مەکە دەدات، دەیەوێت بۆ حەجکردن سەرێک لە ماڵی خودا بدات، خەڵکەکە سەرسام دەبن، سوڵتانی عوسمانیش بە بیانووی ئاینی و سۆزی ئیماندارییەوە

نەبوو، ئەو مەبەستی بوو پەردەیەکی شەرعی بەسەر گەڕان و کاروانە مەیدانییەکەی بکات، لە پایتەخت دەربچێت و بگاتە ویلایەتە دوورەکانی خۆیان، هەرێمەکانی خۆرهەڵات، میسر و شام، ئەو دەیزانی لەوێ تیمە سەربازییەکان کۆشش دەکەن بۆ پشتیوانی ئەو ناوکی سوپایەکی عوسمانی نوێ دابنێن، ئەو دەچێتە حەج تا لەبەر چاوی سەرکردەکانی ئینکشاری دووربکەوێتەوە، بەپەلە و بە وردییەوە کاریان بۆ دژایەتیکردن و گۆشاریان لەسەر سوڵتان توند کردبوو.

کە خیوەتەکانی سوڵتان لە گەڕەکی ئاسکودار، وەک پێشەکییەک بۆ بەڕێکەوتنی سوڵتان بۆ حەج دادەنرێت، تیمە ئینکشارییەکان و پاشماوەکانی تری سوپاکە، لە مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد و لە بەردەم کۆشکی بابی عالی کۆدەبنەوە و فتواکەی شێخی ئیسلام خواجە زادە ئەسعەد ئەفەندی بەرز دەکەنەوە کە وتوویەتی:

سوڵتان و پاشاکان واجب نییە بچنە حەج، دەبێ ئەوان لە پێگەکانی خۆیانەوە بن و دادپەروەری بکەن، دابنیشن و چاویان لەوە بێت، ئاشووبەیەک هەڵنەگیرسێت.

بەڵام هەموولایەک دەیانزانی زانایانی ئاینی لەبەر کەمکردنەوەی مووچەکانیانە پشتیوانی لە سوپا دەکەن.

سوڵتان گوێ بە فتواکە نادات و لەسەر هەڵوێستی سەفەرەکەی سوور دەبێت، بەوەش ڕەوشەکە ئاڵۆز دەبێت، دەرئەنجامی ناپاکییەک و بۆ یەکەمجار، تیمێکی سوپا دەچێتە ناو تۆپ قاپی سەرای بارەگای عەرشی عوسمانی، ئەوەش هەرگیز لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی ڕووی نەداوە، سوپاکە داوا دەکات گەورە راوێژکارەکانی سوڵتان بخنکێنن، ئەویش ئەو داوایە قبوڵ ناکات، بەڵام بە یارمەتی حەرەملەک و شۆڕشگێرەکان ڕێکدەکەون لەسەر لابردنی سوڵتان عوسمان و دانانەوەی سوڵتان مستەفای شێت، هەمووش بۆ ئەوە بوو، کوڕەکەی سوڵتانە کوسم ماهـ بیکر، شازادە موراد تەمەنی گەورەتر بێت و بتوانێت بگاتە سەر عەرش، هەروەها سەرکردەکانی ئینکشارییەکان چاوەڕوان

بوون، بە دانانی سوڵتانە نوێیەکە پاداشت بکرێن و بە دانانی شازادە مورادیش دووبارە خەڵات بکرێنەوە.

سەرەتا زاناکان بەو ڕێکەوتنەی نێوان حەرەملەک و سوپا ڕازی نەبوون، ئەوان وتیان:

هاوڕێیان، سوڵتان عوسمان هەموو داواکانی ئێوە قبوڵ کردبوو، دەزانن سوڵتان مستەفاش کاڵفام و تەواو نییە، بۆیە ناکرێ ئەو بکرێتە سوڵتانی دەوڵەت. ئەو هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو، هێرش دەکەنە سەری و بە زۆر فتوا و قسەکانی پێ دەگۆڕن و بەوەش دووبارە مستەفای دووەم دەگەڕێتەوە سەر عەرش.

سوڵتان عوسمانیش لەلایەن خۆییەوە بڕیار دەدات، بەرگری بکات و بیر لەوە دەکاتەوە، بگاتە تیمە سەربازە نوێیەکان و بە سەرکەوتوویی بگەڕێتەوە پایتەخت، بەڵام تیمەکانی ئینکشاری، بواری نادەن لە ئەستنبۆل دەربچێت، لەسەر چارەنووسی سوڵتان دانوستان دەکەن، هەندێکیان دەیانەوێ نەیکوژن و بە زیندوویی بمێنێتەوە، بەڵام دەستبەرداری عەرشەکە ببێت، بەڵام فەرمان و بڕیارەکانی سوڵتانە کوسم ماهـ بیکر روون و ئاشکرا بوو، داوای کردبوو سوڵتانەکە بکوژن.

ئینکشارییەکان دەگەنە ناو ژوورەکە تایبەتییەکەی سوڵتان عوسمانی دووەم، لەناو ژن و جارییەکانی دەریدەهێنن و بەزۆر ڕاپێچی دەکەن، بەزۆریش عەرشەکە بۆ شازادە مستەفا چۆڵ دەکات، بە جنێو و تێهەڵدانیش دەیبەنە مزگەوتی (ئورتە جامع)، لەسەر فەرمانی سەدری مەزن داود پاشای ناسراو بە قرە پاشا دەیانەوێ بە گوریس بیخنکێنن، بەڵام پێیان باشتر بوو، لە دەرەوەی مزگەوتەکە لە سێدارەی بدەن، عوسمانی دووەم بەرەو قەڵاتەکە دەبن، ئەو قەڵاتەی بە حەوت گومبەت ناسراوە، لەوێ وەک یەکەم سوڵتانی عوسمانی بە دەستی ئینکشارییەکان دەکوژرێت، ئەو ڕووداوەش لەسەر چارەنووسی دەوڵەتی عوسمانی کاردانەوەی دەبێت، سوڵتانی گەنج عوسمان وەک میللەتی عوسمانی

ناویان نابوو، ببووە خەونی دەوڵەتە شێواو و شپرزەکە، بۆ گۆڕینی ڕەوشەکە کۆششێک بوو تا چارەنووسی دەوڵەتەکە لە لاوازی و لەناوچوون دەرباز بکات، بەخێرایی بەرەو هەڵوەشانەوە و تێکچوون دەڕۆیشت، ئەگەرچی ئەو لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە دەکوژرێت، بەڵام بیرۆکەیەکی جوانی بۆ گۆڕینی هەموو جیهان بۆ دوارۆژ هەبوو.

سوڵتانە کوسم بە کوشتنی سوڵتان عوسمان تۆڵەی خۆی دەکاتەوە، کوڕە منداڵەکەی وەک بووکەشووشەیەک دەکەوێتە بن دەستی خەڵکەکە، هەموو مەبەستەکانی سوڵتانەش، لەو دانانە بۆ پێگەیاندنی موڕادی کوڕی بوو تا دەسەڵاتەکە بگرێتە دەست، بەڵام ئەوەش باجی زۆری دەویست.

## وەقفەکانی سەفیە خاتوون

یادی سەفیە خاتوون بە مزگەوتە گەورەکەی کە بە ناوی ئەو کراوە، لە ناوچەی قاهیرەی کۆن بە میسرییەکان گرێدراوە، بە مزگەوتەکەی دەڵێن مزگەوتی ست سەفیە، ئەو مزگەوتەی عوسمان ئاغا دار ئەلسعادەی مەملوکی سوڵتانە سەفیە دروستی کردبوو، کە ژنەکە دەزانێت، لە دووەم گەورە شاری دەوڵەتەکەیان مزگەوتێک دروست دەکرێت، لە قاهیرە، دەست بەسەر مزگەوتەکە دادەگرێت. ئەوەش پاش مردنی عوسمان ئاغا جێبەجێ دەبێت، سوڵتانە بڕیار دەدات دەست بەسەر مزگەوتەکە دابگرێت، یەکێک لە پیاوەکانی بە ناوی ئیسماعیل ئاغای چاودێری وەقفەکانی دەنێرێت مزگەوتەکە تەواو بکەن، دوایی ناوی یادەوەرییەکەی دەگۆڕن بە ناوی سوڵتانە سەفیە، مزگەوتەکە لە ساڵی ١٠١٩ی کۆچی تەواو دەکرێت، وەک لە بەردەم مزگەوتەکە تۆمارکراوە.

لە تابلۆکەی نزیکەی دەروازەی مزگەوتەکە نووسراوە:

ئەو مزگەوتە موبارەکە، بە ناوی خودای مەزن، لەلایەن خێرکەر و ژنە شەریفەکەی دایکی مەولانا سوڵتان موحەمەد خان دروستکراوە، لە ڕۆژی ٢١ی ئەپریلی ساڵی ١٦١٠ی زایینی هەموو کارەکانی دروستکردن و سازبوونەکانی

تەواو کراوە، سوڵتانە سەفیە زانایەکی زاهید و وتارخوێنێکی بە رەوشتی بۆ دانابوو، لە رۆژانی هەینی و جەژنەکاندا، وتاری تێدا دەخوێندەوە و هەموو پێدوایستەکانی بۆ دابینکردبوو.

## ماهـ بیکر دایکی سوڵتان و جێگرەکەی

گەڕانەوەی سوڵتان مستەفا بۆ سەر عەرش، دەرفەتی زێرینی دەوڵەتی عوسمانی پێ نەبوو، ئاژاوەکانی بنبڕ نەکرد، بەڵکو کوشتنی سوڵتان بەو شێوە هۆڤیانە، بە دەستی ئینکشارییەکان زۆرتر ناڕەحەتی و نائومێدی چاند، لە هەموو هەرێمەکانی دەوڵەتەکە، دەنگی ناڕەزایی بەرز دەبێتەوە، والییەکانی ئەنادۆل و شام و عیراق ئالآی یاخیبوون و شۆڕش بەرز دەکەنەوە، داوا دەکەن بەپەلە و عادیلانە تاوانباران و بکوژانی سوڵتان بە توندی سزا بدەن. ئاژاوە و ژاوەژاو دەکەوێتە ناو کۆشکی عوسمانی، بە کوشتنی هەموو کوڕەکانی سوڵتان ئەحمەد سەدری مەزن داود پاشا دەخوازێت دەسەلآتی سوڵتانە کوسم ماهـ بیکر بنبڕ بکات، مەیدانی کۆشکی بۆ ڤالا بێت. ئەو پیلانەش مەترسییەکی مەزنی بەدواوە بوو، چونکە سوڵتانەکەی سەر عەرش، هەرگیز لە ژنان نزیک نەکەوتوتەوە و منداڵی نەبووە، ئەگەر کوڕەکانیش بکوژرێن، ئەوە نەوەی بنەماڵەی عوسمانییەکان بەیەکجاری دەبڕێتەوە، بۆیە وەزیر داود پاشا یەکێک لە ئاغاکان بە نەبەردییەکی ترسناک رادەسپێرێت، پێی دەڵێت ئەگەر تۆ جێنشین شازادە موراد شاهزادەی کوڕە گەورەکەی سوڵتانە کوسم بکوژیت، من پلەکەت دەکەمە وەزیر و بە والی میسرت دادەنێم.

دەست بە شیرەوە ئاغاکە، بەرەو ژوورەکەی جێنشین دەچێت، بەڵآم یەکێک لە پاسەوانەکانی شازادە موراد هەست بەوە دەکات و دەیبینێت، گۆیەکی ئاسنی بەهێزی لێ دەدات و بەریدەداتەوە، پاسەوانانی تریش دەگەنە سەر ئاغا بەرکەوتووەکە، بەیەکەوە تەواوی دەکەن و ئاغا خائینەکە دەکوژن، بەیانییەکەی تەرمەکەی لە دار هەنارێکی مەیدانی سوڵتان ئەحمەد هەڵدەواسن، میللەتیش

بەو خیانەتە دەزانن، هەست بە شۆک و حەپەسان دەکەن، چۆن دەخوازن شازادەیەکی منداڵی تەمەن دە ساڵ کەمتر بکوژن.

کوسم ماهـ بیکریش لەلایەن خۆییەوە، بە هاوکاری وەزیرەکانی ترەوە، کۆشش دەکەن سەدری مەزن داود پاشا لە پۆستەکەی دووردەخەوە، کە تەنها بیست و چوار رۆژ بوو پۆستەکەی وەرگرتبوو، لەبەر بەدنیازەکانی و پێش ئەوەی لەگەڵ دەستەیەکی تر لە پیلانگێرانەکان پیلانێکی تر دابرێژێت، بە تاوانی هەوڵدان بۆ کوشتنی پاشای دەوڵەت لە سێدارە دەدرێت، میللەتیش ناویان نابوو پاشاکوژ.

رووداوەکانی ناو پایتەخت بەپەلە دەگۆڕان، ژمارەیەک سەربازیش داوای خوێنی سوڵتان عوسمان دەکەن، ئینکشارییەکانیش رووبەڕووی هەڵچوون و تووڕەیی خەڵکەکە دەبنەوە، بگلر بەگی ئەرزروم ئوبازە موحەمەد پاشا، یەکەم شۆڕش و داواکاری بۆ تۆڵەی خوێنی سوڵتان هەڵدەگیرسێنێت، ئەو زووتر یەکێک لەو والییانە بوو، لەگەڵ سوڵتان عوسمان بەنهێنی سازببوون بۆ مەشقکردن و سازدانی سوپایەکی نوێ، کوسم ماهـ بیکریش خەریکی ئارەزووەکانی خۆی بوو بۆ دانان و گۆڕینی وەزیرەکان، ئەوەش دەوڵەتە عوسمانییەکەی هاویشتبووە ناو ئاژاوە و سەرقاڵییەکی مەترسیدارەوە.

ئاژاوەکان و نائارامی لە سەرانسەری وڵاتەکە، ماوەی هەژدە مانگ بەردەوام دەبێت، کە کمانکش قەرە پاشاش، دەکرێتە سەدری مەزن و لەگەڵ وەزیرەکان بۆ لابردنی سوڵتانە لاوازە خەمساردەکە، رێکدەکەون و جێنشینەکەیان شازادە موراد لەسەر عەرش دادەنێن، رەوشەکە ئارام دەبێتەوە و سەدری مەزنیش لەگەڵ کوسم لە هەنگاو و بەرنامەیەکی لەناکاودا ساز دەبن، ئەویش بڕێک پارەی دەداتێ تا بیداتە سەرکردەکانی سوپا و بێدەنگیان بکات و ئارامییەکە بگەڕێتەوە پایتەخت، هەروەها بۆ ئارامکردن و نەهێشتنی قەیرانەکەش شێخی ئیسلام فتوایەک دەردەکات بۆ لادانی سوڵتان موستەفا.

له ساڵی ١٦٢٣ی زانینی سوڵتان مستەفا لەسەر عەرش لادەدرێت، مان و نەمانی لەسەر دەسەڵات هیچ بایەخ و پێگەیەکی نەبوو، ئەویش هەتا لە رۆژی ٢٠ی ینایری ساڵی ١٦٣٩ی زاینی دەمرێت گۆشەگیر و دوورەپەرێز دادەنیشێت. لەناو مزگەوتی ئایا سوفیا دەنێژرێت.

له کاتی دانیشتنی سوڵتانه منداڵەکە مورادی چوارەم لەسەر عەرش، بریار دەدەن دوو ملیۆن پارچە زێر وەک پاداشت و دیاری دابەش بکرێت، کە دەزانن ئەو سەروەتە لەبەر دەست و لەناو گەنجینەکاندا نییە، کوسم ماهـ بیکر داوا دەکات زۆر لە کەلوپەلە بەنرخەکانی ناو سەرای و حەرەملەک بتوێنەوە و دراوی زێری پێ دروست بکەن. وڵاتەکە و بودجەکەی دەوڵەت هەژار و کەماسی نەبوو، لە سەردەمی سوڵتان ئەحمەد گەنجینەکان بڕی پەنجا ملیۆن پارچە زێری تێدا بوو، بەڵام بە گەندەڵی و نەزانین و خەمساردی بەرپرسەکان پارەکەیان فەوتاندبوو.

# دوا بەش
# کۆتایی دەسەڵاتی حەرەملەک

## ژنە جێگرەکەی سوڵتان

سوڵتان مورادی چوارەم لە تەمەنی یازدەساڵییدا دەبێتە سوڵتان، کوسمی دایکی لەبەر کامیلنەبوونی تەمەنی کوڕەکەی، کە تەمەنی هەشت ساڵ بوو، دەبێتە وەسی سوڵتانە منداڵەکە، بە رەسمی نازناو و پۆستی جێگری سوڵتانیش وەردەگرێت، ئەویش یەکەم ژن بووە، لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانییدا ئەو پۆستەی هەبووبێت، بۆیەش ئەو هەردوو پۆستی سوڵتانەی دایک و جێگرەکەی وەردەگرێت، دەتوانێت ئیدارەی دەوڵەتەکە بکات، بەتایبەتی کە دەست لەگەڵ هێزەکانی سوپای عوسمانییش تێکەڵ دەکات، سیاسەتەکانی سەدری مەزن خەسرۆ پاشا بەکاردەهێنێت و دەیکاتە زۆردارێکی خوێنرێژ، لە ماوەی سێ ساڵی حوکمەکەی، خەڵکێکی زۆر لە سێدارە دەدات، بۆیەش سوڵتانەی دایک کوسم دووریدەخاتەوە، بەڵام ئەو رادەستی سوڵتانە نابێت و هەڵدەگەڕێتەوە و رەجب پاشای هاوپەیمانی بەکاردەهێنێت، سەرکردایەتی راپەرین و یاخیبوونەکەی ساڵی ١٦٣٢ی زاینی دەکەن، تێدا سەدری مەزنە نوێیەکەیان حافیز ئەحمەد پاشا دەکوژرێت، رەجب پاشای لە شوێنەکەی دادەنێن، ئەوەی سوڵتان موراد ناوی سەرۆکی چەتەکانی لێ نابوو. تا دەسەڵاتەکەی کەم بکاتەوە، سوڵتان بڕیار دەدات خەسرۆ پاشای دانەر و هەڵگیرسێنەری ئاژاوەکان لە سێدارە بدات، چەند رۆژێکیش دوای ئەو، سەدی مەزن رەجب پاشاش لە سێدارە دەدات.

لەو قۆناخەی سوڵتانەی دایک کوسم ماهـ بیکر وەک جێگری سوڵتان دەست بەکار دەبێت، ئاژاوە و کێشمەکێش لەناو وڵاتەکە بڵاوببووە، هەندێ لە هەرێمەکان شۆڕشی تێدا هەڵدەگیرسا، هەندێ لە تیمەکانی سوپاش بەتایبەتی ئینکشارییەکان لەناو پایتەختا، دەستیان بە گەندەڵی و بەدکاری کردبوو، بەرتیڵ و بە خراپ بەکارهێنانی پۆستە باڵاکان، زۆر بەربڵاوببوو، گەنجینەی دەوڵەتیش بەتاڵ و ڤاڵا بوو، دەسەڵاتی عوسمانیش بەرامبەر دوژمنە دێرینەکەیان ئەوروپا بە لاوازی بەدی دەکرا، ئەمساش ماوەیەک بوو سەرانەی دەدایە دەوڵەتی

عوسمانی و دانی بە نازناوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش نابوو، رەوشەکە دەگۆڕێت، لەجیاتی ئەوە، تیمەکانی سوپای نەمساوی لەسەر سنوورەکان لە بەلقان، بە سەرکەوتوویی هێرش دەکەنە سەر ناوچەکانی عوسمانی.

لەو رەوشە ئالۆزەدا، دەوڵەتی سەفەوی لە ئیران پاش سەدان ساڵ لە لاوازی و بێ دەسەلاتییەوە دەگەشێنەوە، شا عەباسی گەورەش ئیدارەی دەوڵەتی سەفەوی دەگرێتە دەست و کۆشش دەکات شکۆی دێرینی ئیران بگێڕێتەوە، لە هەرێمی خوراسان ئەزبەکەکان دەردەکات، کە یەکێک بوو لە هەر هەرێمە گرنگەکانی ئیران، بۆ چەکسازییەکانیان پشتیوانی لە خۆرئاوا وەردەگرن، بەوەش دەبنە هێزێکی مەزنی بە هەیبەت، شا عەباس ئاژاوەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی، پاش کوشتنی سوڵتان عوسمان سەرهەڵدەدەن بەهەلدەزانێت بۆ وەشاندنی زەبرێکی کوشندە و داگیرکردنی هەرێمەکانی بن دەستی عوسمانییەکان لە عیراق، بەغدا و تەبریز بەئاسانی کۆنترۆڵ دەکەن و سنوورەکانی دەوڵەتەکە لە خۆرهەلات تەسک دەبێتەوە، کە ماوەیەکی درێژ بوو داگیریان کردبوو.

بە بوونی چەندین رووداوی کوشندە و نەهامەتی زۆرەوە، دەوڵەتەکە تەنگی پێ هەڵچێنرابوو، سوڵتانیش دەبێتە پیاو و تەمەنی هەڵدەکشێت لە ساڵی ١٦٣٢ی زاینی جێگرییەکەی سوڵتانە کوسم ماهـ بیکر تەواو دەبێت، نزیکەی نۆ ساڵی خایاند و لە بڕیارە سیاسییەکان دووردەخرێتەوە، چیتر بواری نادەن دەست لە کاروباری دەوڵەت وەربدات.

سوڵتان موراد بە دەستێکی پۆلاین زەبر لە گێرەشێوەینەکان دەدات، تیمی ناسراو بە (ئورتە) سەر بە ئینکشارییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، سەرکردەکانی ئەو تیمەش پیلانگێڕی کوشتنی سوڵتان عوسمانی دووەم بوون، ئینکشارییەکانیش ناچار دەکەن بۆ پرۆتستۆی ئەو تیمە دەسترەشە، رێپێوانی سەربازی گەورە ساز دەکەن، ئەو ئاهەنگ و رێپێوانە سەربازییەش هەتا هەڵوەشانەوەی یەکجاری پێکهاتەی ئینکشاریەی لە ساڵی ١٨٢٦ی زاینی

بەردەوام دەبێت، هەروەها ئەو تیمەش ناچار دەکەن دان بەوەدا بنێت، ئەوان سوڵتان عوسمانیان کوشتوە، ئەوەش زەبرێکی کوشندە بوو، بۆ کەرامەتی تیمە سەرەکییەکانی سوپای عوسمانی بەڕووی سوڵتان مورادی چوارەمی گەنج، پووچ دەبێتەوە، هەموو رایەلەکانی نێوان حەرەملەک و ئینکشارییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، دەسەلاتی سەرکردە سەربازییەکانیش لاواز دەکات، دەسەلاتی دایکی سوڵتانە کوسم ماهـ بیکریش هەتا رادەیەک زۆر لاواز دەبێت.

سوڵتان موراد‌ی چوارەم، دەستەکانی لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت دەکرێنەوە، زەبری کوشندەی پۆلاین لە یاخییەکان دەدات، هەموو ئەوانەی دەستیان لە گێچەڵ و ژاوەژاوەکاندا هەبوو بنبڕ دەکات، سوڵتان راستەوخۆ دەکەوێتە ناو بەرجەستەکردنی دەسەلاتەکەی، تا رادەیەک خواردنەوەی مەی قەدەغە دەکات، ئەوەی مەشروبی بە دەست بگیرابوایە لە سێدارە دەدرا، هەروەها بەکارهێنانی تووتنیش قەدەغە دەکات، هەست دەکات چایەخانەکان لەناو ئەستنبۆل زۆر دەبێت و دەبێتە هەواری کۆبونەوەی سەربازەکان، بڕیار دەدات چایەخانەکان بروخێنن، بەوەش رەوشەکە ئارام دەکاتەوە و هێمنی و ئارامی دەگەڕێتەوە ناو ولات، هەموو چەرەکەکانی کەشی تیرۆر ناهێڵێت، گەورە بەرپرسەکانیش لە خۆیان دەترسان، پاش ئەوەی سوڵتان موراد شێخی ئیسلام ئاخی زادە حوسین ئەفەندی لە ینایری ساڵی ١٦٣٤ دەکوژێت، ئەویش یەکەمجار بوو، لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی سوڵتان گەورە سەرۆکێکی زانایان ئاینی بکوژێت. بە کوشتنی ئەو، پەیوەندییەکانی نێوان زانایان ئاینی و سەرکردایەتی سوپا دەپچڕێنێت، زاناکان ببوونە بووکەشووشە بە دەستی ئینکشارییەکان و بە ئارەزووی ئەوان فتوایان بۆ دەردەکردن.

سوڵتان دەزانێت ئازنکی قازی بەرتیلی وەرگرتووە و دەسەلاتەکانی بەدکار بەکاردەهێنێت، بڕیاری کوشتنی دەدات، بۆیەش شێخی ئیسلام ئاخی زادە حوسێن ئەفەندی نامەیەکی گلەیی و خەمبارانە بۆ سوڵتانە کوسمی دایکی دەنووسێت، داوای لێ دەکات دەستی کوڕەکەی لەوانە بکێشێتەوە، زانایان ئازار

نەدات و لە دوعا و نزای ئەوان خۆی دوور رابگرێت، لە پەیڕەوی باب و باپیرانی دەرنەچێت، کە بەردەوام رێز و ستایشی ئەوانیان گرتووە، بە چاوی ستایش و شکۆوە سەیری کردوون. ژنەکە بەناچاری نامەکە دەداتە کوڕە هەردەم تووڕە و سەرکەشەکەی، ئەویش نامەکە وەردەگرێت، هەڕەشە لە دایکی دەکات لە پیاوانی دەسەڵات دووربکەویتەوە، ئەگەرنا لە پایتەخت دووری دەخاتەوە، سوڵتان نامەکەش بە جۆرێک لە هەرەشە دەزانێت، وا دەزانێت شێخ دەست لەو کاروبارانە وەردەدات کە پەیوەندییان بەوە نییە، بۆیە بە بیانووی هاندان بۆ یاخیبوون و ناڕەزایی داوا دەکات لە سێدارەی بدەن، بەوەش هەموو کاربەدەستانی دەوڵەت لە سەرکەشی و سەرچڵی سوڵتانەکە تێدەگەن، وڵاتیش پاش گێژاویکی زۆری چەند ساڵە لە بەرەڵایی و نائارامییەوە کپ دەبێت.

## پاوەرە کوشندەکە

سوڵتانەی دایک لە هەڕەشەکانی کوڕەکەی سوڵتان موڕادی چوارەم، سڵ ناکاتەوە و لەبەرچاوان ون نابێت، دەسەڵاتی پتەویشی لە حەرەملەک دەمینێت، جاروباریش لووت لە کاروبارەکانی دەوڵەتیش وەردەدات، سەرە داوی پیلانیش دادەنێتەوە، سوڵتانە کوسم رۆڵی بەرچاو و دیاری هەبوو، لە کۆشش بۆ نەبڕانەوەی وەچە و نەوەی عوسمانییەکان، ژنەکە باش هەستی کردبوو کوڕە خوێنرێژەکەی یەکەیەک لە منداڵەکانی ئەو نەوەیە دەکوژێت و پیاوەکان دەبڕێنێتەوە، ئەوەش نەریتێکی کۆنی سوڵتانەکانی عوسمانی بووە، لە پاش سوڵتان بایەزیدی یەکەمەوە سەریهەڵداوە، براکانیان دەکوژن. ئەویش کە دەگاتە عەرش براکەی، بایەزیدی تەمەن بیست و سێ ساڵەی جێنشین دەکوژێت، لە دوای کوشتنی یەکەم برای، دووەمیان بە ناوی شازادە سلێمانیش دەکوژێت، هەردوو براکەی لە گۆڕستانەکەی باوکی سوڵتان ئەحمەد دەنێژن، بەوەندەش سوڵتانە دڵرەقەکە، دڵی ئاو ناخواتەوە و دانامرکێت، هەتا داوا دەکات برای سێیەمی (قاسم)یش بکوژن، ئەو برایەی لە دایکی بوو، لە کوسم ماهـ بیکر بوو،

بە کوشتنی سێیەمین برای یەک برای دەمینێتەوە، ئەویش ئیبراهیم بوو، برای دووەمی لە دایکی، ئەو دەبێتە جێنشین، دەیویست ئەویش بکوژێت، ئەویش هەموو منداڵەکانی بە گچکەیی دەمردن، بۆیە دایکی ناهێڵێت دوا براکەی بکوژێت، تا نەوەی عوسمانییەکان بژێنێتەوە و نەبڕێنەوە.

سوڵتان موراد کێشەکانی ناو وڵات چارەسەر دەکات، هێمنی باڵی بەسەر هەرێمە ئاڵۆزەکان رادەکێشێت، سوڵتان کار دەکات پێگە بەهێزەکەیان لە دەرەوە بژێنێتەوە، ناو و دەسەڵات و هەژموونەکەیان دووبارە دەربکەوێتەوە، سەرانە لەسەر مەملەکەتی پۆلۆنیا نوێ دەکاتەوە، هێرشێکی گەورەش بۆ سەر دەوڵەتی سەفەویی لە بەرەکانی عیراق دەکات، بەو پێشڕەوایەتییە و بە هێرشەکان سەرلەنوێ سەردەمی سوڵتان سلێمان ئەلقانونی زیندوو دەبێتەوە، تێدا عەرش و دەوڵەتەکە شکۆ و نەبەردییەکی گەورەی دەنواند، بۆیەش ئەو قەڵاتەی لە سەردەمی ئەو نەدەگیرا، بە هێرشەکانی سوڵتان موڕادی چوارەم قەڵاتی روان دەگرن و سەرکەوتن، پەلامارەکانیان دەگاتە شاری تەبریز پایتەختە کۆنەکەی سەفەوییەکان، لە ساڵی ١٦٣٨ی زاینی شاری بەغدا لەبن دەستی سەفەوییەکان دەردەهێنیتەوە، ئەو شارەش ٢٧٨ ساڵ هەتا داگیرکردنی لەلایەن ئینگلیزەکان لەبن دەستی عوسمانییەکان دەبێت، بۆیەش ناو لە موراد دەنێن داگیرکەری بەغدا. سەفەوییەکان لە ناوچەی قەسری شیرین لەگەڵ عوسمانییەکان سنوورەکان دادەرێژن، ئەوەش بۆ ماوەیەکی زۆر و چەسپیوو دەبێتە بناغەی سنووره راستەقینەکەی نێوان تورکیا و ئیران و تورکیا و عیراق.

بە سەرکەوتنی عوسمانییەکان بەسەر سەفەوییەکان بوارساز نەبوو، سەرکەوتن و هێرشەکان بەردەوام بێت، چونکە سوڵتان موڕادی چوارەم نەخۆش دەکەوێت و لە ساڵی ١٦٤٠ی زاینی لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵی دەمرێت، ئەو بە شێوازە توند و خوێناوییەکانی توانی گەنجی دەوڵەتی عوسمانی ببوژێنێتەوە، بەڵام مردن بواری نەدا، ئەگەرنا وەک سەردەمی سوڵتان سلێمان مێژووی دەوڵەتی عوسمانی و هەموو جیهانی دەگۆڕی. کە ئەو دەمرێت،

دەوڵەتێکی بە توانا و چەسپاو جێدەهێڵێت، سوپاکەش هەموو مەرجەکانی هێز و پتەویی تێدا بوو، بە گەورەترین سوپای جیهان ئەژمارد دەکرا، لەڕووی داراییەوە گەنجینەکەیان تژی بوو لە زێر و سەرمایە، هەر گەنجینەکەی خۆی نزیکەی ١٥ ملیۆن پارچە زێری تێدا بووە، ئەو سەرکەوتن و شکۆیەش بەخۆڕایی نەبووە، خوێنی زۆری بۆ رژاوە، لە ماوەی حەوت ساڵدا، بیست هەزار کەس بە فەرمانی ئەو دەکوژرێت. هەر لە ساڵی ١٥٦٦ی زاینی هەتا دانانی سوڵتان مەحمود لەسەر عەرشی عوسمانی لە ساڵی ١٨٠٨ی زاینی، واتە لە ماوەی ٢٤٢ ساڵ پاش سوڵتان سلێمان ئەلقانونی سوڵتان مورادی چوارەم ناودارترین سوڵتانی عوسمانییەکان بووە، مێژوونووس هامر نووسیویەتی:

سوڵتان مورادی چوارەم ژیان و مەزنی دەوڵەتی عوسمانی ماوەی نیو سەدە گەشەدار دەکات، ئەو توانی لاوازبوونی دەوڵەتەکە نیو سەدە دوابخات.

یەکێک لە مێژوونووسە هاوچەرخە تورکەکان نووسیویانە:

ئەویش وەک سوڵتانی یاوز سەلیمی یەکەمی باپیری لە شەش پشتەوە، دوو هەڵمەت بەرپادەکات، بەڵام ئەو دەگاتە عەرش، وەک سوڵتان سەلیمی یەکەم نەهاتبووە سەر دەوڵەتێکی تۆکمە و پتەو، سوپاکە بەرەڵا و بێ پرنیسیپت بوو، سیستەم لە دەوڵەتەکە نەبوو، کەماسی لە هەموو شیرازەکانی وڵاتەکە دەبینرا، رەوشی دارایی هیچ بوو، ئەو منداڵ بوو کە دەبێتە سوڵتان، بەڵام سوڵتان یاوز تەمەنی چل و دوو ساڵ بوو، بۆیەش دەکرێ ناو لەو بنێن جیهانگیر، واتە هەڵمەتبەرێکی جیهانی بوو، لە بوارەکانی سەربازی و ئیداری دەوڵەت ناوازە و بە توانا بوو، وەک ئێسک توند و خۆراگر بوو، ئەگەر تەمەنی درێژتر بوایە، دەسکەوت و سەرکەوتنی زۆری بۆ دەوڵەتی عوسمانی بە دەست دەهێنا، ئەو بە دەستی خۆی هەموو بنەما و بنچینەکانی دەوڵەتەکەی دارشتبوو، وەک سەردەمی جاران نەبوو، دەوڵەتەکە کەسانی بە ئەزموون و وریای کەم ببوو، پیاوە کۆنە بە ئاوەزەکان نەمابوون.

که سوڵتان دەمرێت، دووباره دایکی زۆر شەیدای دەسەڵات بوو، لەبەر سێبەری سوڵتانە لاوازەکە، سوڵتان ئیبراهیم دووباره دەست لە کاروباری دەوڵەت وەردەداتەوە و لەگەڵ سەرکردەکانی سوپا بە (ئاغاکانی ئوجاق ئاگالری) دەناسران، بۆ بەشداربوون لە دەسەڵات دەست تێکەڵ دەکاتەوە، لە تۆپ قاپی سەراش هەموو ئەوەیان دەزانی و درکیان بەو راستییە کردبوو، ئەو ژنە بە ئاسانی ئەو جارە دەستبەرداری دەسەڵات نابێت.

## رووخانی سەڵتەنەتی حەریم

لەگەڵ مردنە لەناکاوەکەی سوڵتان موراد چوارەم لە ساڵی ١٦٤٠ی زاینی، دووباره ساتە مێژووییەکە و دەرفەتە ناسکەکە بۆ گەشانەوە و هەڵسانەوەی دەوڵەتەکە، کە شایانی هەموو شکۆیەک بوو، دەپوکێتەوە، هیواکان سیس دەبن، دووباره ئاژاوە و کێشمەکێش سەر هەڵدەدەنەوە، لە هەر چوار گۆشەوە، دەوڵەتەکە زەبری کوشندەی بەردەکەوێتەوە، سوپا مەزنەکەی، کە سوڵتان موراد چوارەم سەرلەنوێ سازی کردبوو دەشکێت و لاواز دەبێت، لە چەندین بەرەوە باڵێکی دەپوکێتەوە، لەو رەوشە ناڵەبەرەدا، دیسان سوڵتانەی دایک سوڵتانە کوسم ماهـ بیکر کاردەکات بۆ وەرگرتنەوە و چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی، لەگەڵ سەرکردە دڵ پڕ لە قینەکانی ئینکشارییەکان دەست تێکەڵ دەکاتەوە، ئەوان دووباره وەک حەزیا لەناو خۆڵەمێشی باڵای گەورەکەیان بەرز دەکەنەوە.

که سوڵتان موراد دەمرێت، لە بنەماڵەکەیان تەنها شازادە ئیبراهیم شاهزادە مابوو، ئەویش ئەگەرچی کەسێکی بێ توانا بوو، دەرەقەتی ئەو حوکمە نەدەهات، لەبەر پێویستییەکان و پڕکردنەوەی عەرشەکە، دەبێتە سوڵتانی عوسمانی، ئەو باوکی خۆی بەبیردەهاتەوە، لە تەمەنی دوو ساڵی دابوو، کە سوڵتان ئەحمەدی باوکی دەمرێت، بۆیەش بەناچاری لەبن دەسەڵاتی براکانی عوسمانی دووەم و موڕادی چوارەم، دوور لە هەموو پۆست و فەرمانە سیاسی و سەربازییەکان

گەورە دەبێت، نەک هەر دوورەپەرێز و گۆشەگیر بووە، کەسیش بایەخی پێ نەدەدا، لەناو حەرەملەک بەشێکی تایبەتی لاچەپی هەبوو.

ئەو لەناو ژووره لاچەپەکەی، یان بڵێین لەناو گرتووخانەکەیەوە، لە سێدارەدانی هەر چوار برا گەورەکانی بە دەستی سوڵتان عوسمان و دواییش بە دەستی سوڵتان موراد دەبینێت، ئەوەش دیمەنێکی دووبارەکراوەی کوشندەی خوێناوی ناو بنەماڵەکەیان بوو، رۆژانەش چاوەڕوان بوو، بڕیارێکی لەو جۆرەش بۆ ئەویش دەربچێت، هەموو ساتێک مردنی لەبەردەم بوو، ئەو تراژیدیایە کەسایەتییەکی ترسنۆک و نەخۆشی لێ دروست دەکات، هەتا مردنیش بەو خەسڵەتەوە دەیناڵاند، بە بڕیارێکی لێبووردنەوە دەگاتە دەسەڵات، ئەو یەکەم سوڵتانی عوسمانی بووە بێتە سەر عەرش، بەبێ ئەوەی سازکاری زانستی و سەربازی و مەشقی پێ بکەن.

شازادە ئیبراهیم لە ژووره لاتەریکەکەی ناو کۆشک، چاوەڕوانی فەرمانی مەرگ و کوشتن بوو، بەبێ پیشە و فەرمانیش بەتەنها دەتلایەوە، لەناکاو ئاغا و دەسەڵاتدارەکان لێی پەیدا دەبن و پیرۆزبایی پێ دەڵێن، پێی دەڵێن فەرموو عەرشەکە وەربگرە، تۆ دەبیتە سوڵتان، بەڵام ئەو بڕوا ناکات، وادەزانێت ئەوەش داوو تەڵەی براکەیەتی، دەیەوێت تاقی بکاتەوە و بزانێت چاوی لە عەرشە یان نا، هەر چەند دەکەن، ئەو رازی نابێت و گاڵتەی بە قسەکان دێت، تا دایکی تەرمی براکەی سوڵتانە مردووەکەی موورادی نیشان دەدات، ئینجا بڕوا دەکات و دڵنیا دەبێت، شیرەکەی عوسمانی کوڕی ئەرتەغلی باپیرە گەورەی لەناو حەوشەکەی مزگەوتی ئەبی ئەیوبی ئەلئەنساری لە ئەستنبۆل وەردەگرێت، لە میحرابی مزگەوتەکەوە بەو بۆنەیەوە دەڵێت:

حەمەد و شوکر بۆ خودای کردگار، کە کۆیلەیەکی بەستەزمانی وەک منی بە شیاوی ئەو عەرشە زانیوە، داواکارم پەروەردەکار رەوشی میللەتەکەم لە سەردەمی قەڵەمڕەویی مندا باش و ساز و گونجاو بکات.

دیارە سوڵتان ئیبراهیم بەپەرۆشییەوە مەبەستی بووە، لەدوای بەرنامەکانی برا کۆچکردووەکەییەوە بڕوات، هەنگاوەکانی ئەو لەو کاروانەدا تەواو بکات، بەڵام هەموولایەک دەیانزانی کەسایەتی ئیبراهیم، وەک سوڵتان موراد ئەفسوناوی و بە جەرگ و ئازایانە نەبوو، ورەی ئەوەندە بەرز نەبوو نەشکێت، بە ئەزموون نەبوو کارەکان دروست راپەڕێنێت، ئەو کەسێکی دوودڵی ئاڵۆزی شپرزە بوو، بۆیەش سوڵتانە نوێیەکە، دەکەوێتە بن دەستی سوڵتانەی دایک کوسم ماهـ بیکر، کە بە مردنی کوڕەکەی زۆر دڵخۆش و کەیفساز بوو، چونکە لە سەردەمی حوکمی ئەو، ژنەکە لە هەموو دەسەڵاتەکانی حوکم و حەرەملەک داشۆرابوو، دەسەڵاتی سوڵتانە دایکیشی نەمابوو، بەڵام بە مردنی سوڵتانە بە زەبرەکە، دووبارە ژنەکە دەسەڵاتەکان وەردەگرێتەوە و دەکەوێتە ناو پرۆتۆکۆلەکانی عوسمانییەوە و دەبێتەوە دووەم دەسەڵاتداری دەوڵەت.

ئەگەرچی دەسەڵاتەکانی عوسمان فراوان بوون، بەڵام سوڵتان ئیبراهیم دڵی بەو پۆستە خۆش نەبوو، هەموولایەک کۆششیان کردبوو، دەسەڵاتەکانی کەم بکەنەوە، سوڵتانێکی بێ توانا و بێ نموود بێت، سەدری مەزن قەرە مستەفا پاشا زووتر و لە سەردەمی سوڵتان موورادی چوارەمی برای، تەنها بە بیستنی ناوی سوڵتان هەموو گیانی دەلەرزی، بەڵام بەڕووی ئەو بەستەزمانە ببووە، کەسێکی دیکتاتۆر و بەگاڵتەجارییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرد، دووبارە سوپا بە هێزەکانی ناو دەوڵەت ئینکشارییەکان دەگەڕێنەوە ناو گەندەڵی و بەرەڵاییەکانیان، بەڵام سوڵتانەی دایکی کوسم ماهـ بیکر، دەیویست هێزەکەیان توند رابگرێت و پشتیوانی مانەوەی ئەوی دەکرد، سوڵتان کەسێکی نەخۆش بوو، بەڵام سوڵتانێکی دەبەنگ و گێڵ نەبوو، دەیزانی دایکی شەیدای زۆری دەسەڵاتە و ئامادەیە بۆ مانەوە و پایەداری خۆییەوە گەورەترین و سامناکترین تاوان و کۆمەڵکوژی ئەنجام بدات، تا زۆرتر کوڕەکەی دەستەمۆ بکات، بەردەوام بەبیری دەهێنایەوە، لە دەستی براکەی لە کوشتن دەربازی کردووە، ئەویش زۆر

خۆی بە قەرزاری ئەو دەزانی، موورادی چوارەم ویستویەتی ئەویش کە دوا برای لە ژیاندا مابوو بکوژێت، ژنەکە بە کوڕە سوڵتانەکە دەڵێت:

دەتەوێ بە دەستی خۆت ڕەچەڵەک بنەماڵەکەتان ببڕیتەوە!؟

لەو مێژووە درێژەی ئەو بنەماڵە و ئەو دەوڵەتە مەزنە یەکەمجار بوو، تاکە جێنشینێکی کوڕ هەبوو، لە هەموو بنەماڵەکەیان تەنها شازادە ئیبراهیم مابوو، ئەویش بە هەزار کۆشش و شاردنەوە و بەندکردنەوە لە دەستی کوشتن دەپارێزن و ناکوژرێت.

سوڵتانە نوێیە تاقانەکەش، لەگەڵ دایکەکەی کە زۆر پەرۆشی دەسەڵات بوو، دەکەوێتە ململانێی توندەوە، ئەو بەربەرەکانێیەش لەگەڵ ڕۆژگارا گەورە و شلۆق دەبێت، ژنەکە دەیویست لووتی لە هەموو کاروبارە هەستیارەکان وەربدات، سوڵتانە گەنجەکەش، مەبەستی بوو هەموو دەسەڵات و پەیڕەوەکانی دەسەڵات راپەڕێنێت و وەک برا گەورەکەی سوڵتان موورادی چوارەم بەلێهاتووییەوە عەرشەکە بەڕێوە ببات، بۆیەش ناکۆکییەکانی نێوان کۆشک و حەرەملەک سەرهەڵدەدەن، ڕەوشەکەش شلۆق و پەرتەوازە ببوو، هەتا ئەو شەوەی باهۆزەکە هەڵدەکات و سوڵتان بەڕوونی و بەبێ ترس و دوودڵییەوە بەڕووی دایکی دەوەستێت، دانوستانە گەرم و هەڕەشە توندەکە بەوە کۆتایی دێت، کە کوڕەکە، بە توندی هەڕەشە لە دایکی دەکات و لەناو کۆشک دەریدەکات، بەڕوونیش و ڕووبەڕوو پێی دەڵێت:

ئەگەر دەستبەردارم نەبیت و لە کار و بەرنامەکانم دوورنەکەویتەوە ئەوە بۆ دوورگەی قوبرس دوورت دەخەمەوە و دەکەویتە تاراوگە!

ژنەکە هەست دەکات واباشە هەنگاوێک بکشێتەوە دواوە و هەڵچوونی کوڕە نیمچە شێتەکەی بەراستی وەربگرێت، دەرئەنجام ماوەیەک پابەندی بەڵێنەکەی دەبێت و فەرمانەکانی سوڵتانیش جێبەجێ دەکات.

کە جارییەکانی ناو باوەشی سوڵتان زۆرترین کوڕیان دەبێت، مەترسی بڕانەوەی نەوەکانی بنەماڵەی عوسمانی دەربازی دەبێت، شازادە موحەمەد لە

ساڵی ١٦٤٢ی زاینی لەدایک ببوو، دەبێتە جێنشین عەرشەکە، بەڵام بۆ ئەو بڕیارە و پێگەیاندنی ئەو کوڕە، سوڵتان ئیبراهیم قوربانییەکی ئەستوور دەدات، دایکە سوڵتانەکە لەبەر پەردەی دانان و سازکردنی جێنشینێک بۆ دەوڵەتەکە، ژمارەیەکی زۆر جارییەی جوان و نازدار دەخاتە ناو ژوور و کەژاوەکانی شەوانی سوڵتان، بەوەش سوڵتانە گەنجەکە، هەراسانیش دەکات و زۆرتر سەرقاڵی ژیانی ناو حەرەملەک دەبێت و دەکەوێتە دوای ژنە ناسکەکانی حەرەملەک، بەردەوام مەست و خەیاڵی ژنان دەبێت، بۆیەش سەردەمی دەسەڵات و ژیانەکەی ئەو بە سەردەمی (سامور دووری) ناو دەنێن، سامور جۆرێکە لە فەرووی باش و ناوازە، کە لەناو کۆشکی عوسمانی زۆر بەکاردەهات، سوڵتانە عاشقەکان پێشکەشی جارییە جوانەکانیان دەکردن و ئەوانیش لەبەر ئەوەی ژمارەیان زۆر بووە، بەردەوام ئارەزوویان بووە دیارییەکانی سوڵتانیان لەبەر بێت، لەناو کۆشک ئەو فەرووانە، زۆر لەبەر دەکرا و سەردەمەکەش ببووە کاتی فەرووە گرانبەهاکان.

ئەگەرچی سەرەتا سوپاکانی دەوڵەتی عوسمانی هەنگاوی سەرکەوتنی باش، بەتایبەتی بۆ داگیرکردنی دوورگەی کریت دەهاوێن و پێشدەکەون، چەند بەشێکیش لە خۆرئاوا و ناوەڕاستی دوورگەکە لەبن دەستی هێزەکانی ڤینیسیا دەردەهێنن، بەڵام دوایی سەرکردەکانی عوسمانی دەست بە پیلانگێری و دەستەدەستەیی دەکەنەوە، بەڕووی سوڵتانە گەنجەکە هەڵدەستنەوە، ئەویش سوور بوو لەسەر قڕکردنی ئاغاکانی ناو سوپا، دەیویست وەک سوڵتان عوسمانی دووەم بکات، بەڵام ئەوان لە نیازەکەی تێدەگەن و زوو هەست بە بەرنامەکانی دەکەن و شۆڕش دژی بەرپا دەکەن، ناچاری دەکەن سەدری مەزن، ئەوەی تازە پۆستەکەی وەرگرتبوو لە رۆژی ٧ی مانگی ئۆگستی ساڵی ١٦٤٨ی زاینی (هەزار بارە ئەحمەد پاشا) بگۆڕێت، کە داواکەیان جێبەجێ دەبێت، سەرکردە یاخییەکانی ناو سوپاکە، سەدری مەزنی نوێی دەوڵەت، بە شیر

پارچە پارچە دەکەن، وەزیر قۆجا موحەمەد پاشا دادەنێن، ئەویش کەسێکی داردەستی ئاغاکانی ناو سوپا بوو.

ئەوەی زۆر رەوشەکەی ئاڵۆز و شپرزەتر و مەترسیدارتر کردبوو، سوڵتانەی دایک کوسم لە پشتی پەردەکانەوە، بۆ وەرگرتنی زۆرترین دەسەڵات و هەژموون دەستی لە بەرنامە و گێرەشێوەنەکاندا هەبووە، هیچ سازشی لەوەش نەدەکردەوە، بۆ ئەو مەبەستە و بۆ وەرگرتنی زۆرترین دەسەڵات و فشاری زۆرەوە، کوڕەکەشی لەسەر عەرش لاببەن، دەیزانی دەستی لە هەر بەرنامە و پیلانێک هەبێت دوارۆژەکەی باش نابێت، چونکە کوڕەکەی هەڕەشەی دوورخستنەوەی لێ کردبوو، بەڵام ئەو دەیزانی لادانی سوڵتان و نەمانی ئەو، کوڕە تەمەن شەش ساڵییەکەی کە جێنشینی ئەوە دەبێتە سوڵتان، لەبەر ئەوەی ئەو منداڵە و ناتوانێت سەرکردایەتی ئەو دەوڵەتە مەزنە بکات، بەناچاری ئەو دەکەنە جێگری سوڵتان و دەسەڵاتەکانیش بەنەرمییەوە دەکەونە بن دەستی خۆی و بە ئارەزووی خۆی، لەبەر سێبەری سوڵتانێکی منداڵدا، چالاکی و بەرژەوەندییەکانی مەیسەر دەکات.

هیوا و بەرنامەکانی ژنەکە جێبەجێ دەبێت، سوڵتان ئیبراهیم لەسەر عەرش لادەبەن، پاش دە رۆژ لە لابردنەوەکەی لە رۆژی ١٨ی مانگی ئۆگستی ساڵی ١٦٤٨ی زاینی لە سێدارەی دەدەن، تەرمەکەی لە تەنیشت گۆڕی مامی مستەفای یەکەم لە مزگەوتی ئایا سۆفیا دەنێژن. کوسم خاتوون نەک ژنێکی زەبربەدەست و بە توانا بوو، ژنێکی بێ دڵ و سۆزیش بوو، کە کوڕەکەی لەسەر عەرش لادەبات، دەیداتە دەست جەلادەکان تا بیکوژن، تۆڵەی ئەوەی لێ دەکاتەوە کە رۆژانێک بە بیانووی دەستوەردان لە کاروبارەکانی دەوڵەت هەڕەشەی نەفیکردنی لێ کردبوو، ژنەکە پیلانەکە بە زیرەکی و لێهاتوویی دادەڕێژێت، بۆیە هاوڵاتیان بە لادان و کوشتنی کوڕەکەی نیگەران ببوون و خەمیان بۆ دەخوارد، بەبێ ئەوەی بزانن ژنەکە لە پەنا پەردەکانەوە، لە خۆشی ئەو سەرکەوتنەدا پێدەکەنێت و دڵشادە.

## پاوەرە کوشندەکە

دووبارە سوڵتانەی دایک دەبێتەوە جێگری سوڵتان و خەونەکەی دێتەدی، ئاشکراشە فرمێسکیش بۆ کوشتنی کوڕەکەشی ناڕێژێت، بەو کارەساتە بیری خۆی سەرقاڵیش ناکات، کوڕی سوڵتانە کوژراوەکەش، دەکاتە سوڵتانی بەهێزترین دەوڵەت لە سەرانسەری جیهان، کە هێشتا تەمەنی نەبووە حەوت ساڵ، دایکی سوڵتانە منداڵەکەش، خەدیجە تارخانیش دەبێتە سوڵتانەی دایک، بەڵام داپیرەکەی دەبێتە خاوەن بەهێزترین دەسەڵات، بەڵام سەردەمی حوکمەکەی ئەو بە سەڵتەنەتی ئاغاکان دەناسرێت، ئەوەش پاش ئەوە دێت کە سەرکردەکانی ئینکشارییەکان، دەبنە خاوەن هەژموونێکی بەهێزی مەزن و لەگەڵ سوڵتانە کوسم دەسەڵاتەکە بەش دەکەن، ئینکشارییەکان مەبەستیان تەنها کۆکردنەوەی زۆرترین سەروەت و سامان بوو، لە بەرامبەریشدا ژنەکە تەنها مەبەستی سەڵتەنەت و بڕیار دەرکردن بوو و بەس، عیشقی ئەو بۆ کورسیش بێ سنوور بوو.

بەڵام زۆرجار بایەکان بە ئارەزووی کەشتییەکان نابێت. کوشتنی دووەم سوڵتان بە دەستی ئینکشارییەکان لە ماوەی چارەگە سەدەیەک پاش کوشتنی سوڵتان عوسمانی دووەم، تووڕەییەکی زۆر لەناو کەسایەتییە دیارەکانی دەوڵەتەکە پەیدا دەکات، تیمێکی سباهییەکان شۆڕش دژ بە ئینکشارییەکان دەکەن، لە پایتەختدا رووبەڕووبونەوەیەکی کراوەی چڕ، لەنێوان تیمە هەرە نایابەکانی سوپا و نەیارەکانی روودەدات، تێدا سەدان کەس دەکوژرێت، بەڵام ئینکشارییەکان نەک نەشکان و سەردەکەون، ژمارەیەکی زۆریش لە تیمەکانی سباهی دەکوژن.

ئینکشارییەکان بۆ یەکەمجار لە دابونەریتی عوسمانییەکان و دەوڵەتەکە، یەکێک لە سەرکردەکانی خۆیان دەکەنە سەدری مەزن، ئەوەش هەرگیز نەکراوە و نەبیسترابوو، سەرکردە سوپاکەش پێشتر، هیچ پۆستی وەزارتیشی نەدیبوو، بەڵام قەرە موراد ئاغا سەربازێکی باش و لێهاتوو و پیاوێکی دەوڵەتی زیرەک

بوو، کە ڕەوشەکە ئاڵۆز دەبێت، ئینکشارییەکان تێدەگەن، ناکرێ لەسەر ئەو بڕیارە بەردەوام بن، قسەیان لەگەڵ دەکەن کە ڕەوشەکە ئاڵۆز مەکەن و چاوەڕوان بکە وڵاتەکە ئارام ببێتەوە، پێویستت بە گۆڕین و بەو پۆستە نییە، بۆیە سەدری مەزن دەست لە کار دەکێشێتەوە، سەربازەکانیش دەگەڕێنەوە مۆڵگەکانیان.

لەبەر ئاژاوە و نائارامییەکانی ناو دەوڵەت، میللەتی تورک زۆر نیگەران و سەرگەردان ببوو، بە دەستی سەرکردە و سوپا بێ ڕەوشتی ئینکشارییەکان، هەموو جۆرە ستەم و ئەشکەنجەیەکیان چێشتبوو، میللەتە تووڕەکە هەڵدەچێت، شۆڕش دژی دەسەڵاتی سوڵتان کوسم ماهـ بیکر بەرپادەکەن، دەیانەوێت چاو و زەبری ئاغا ئینکشارییەکانیش بشکێنن، ئەوان بەڕوونی کاریان بۆ ئەو ئامانجە دەکرد و بەرنامەی شۆڕشەکەیان دیار و شرۆڤەکرابوو، ئەویش نەهێشتنی زەبری سوپا و گەڕانەوەیان بوو بۆ ناو سەربازگانیان و دوورکەوتنەوەیان بوو لە بازاڕەکان، کە بەزۆری سەرانەیان وەردەگرت و چەکەکانیان بۆ ریسواکردن و خۆدەوڵەمەندکردن بەکاردەهێنا، لەلایەن خۆییەوە کوسم ماهـ بیکر، نەک هیچی پێ نەدەکرا و تاقەتی ئەوەی نەمابوو، سوپاکە لە کردەوە نایاساییەکانیان رابگرێت، زۆریش پەرۆش نەبوو هاوڕێ و پشتیوانە دڵسۆزەکانی لەدەست بدات، لەناوبردنی ئەوان نەمانی دەسەڵاتە بێ سنوورە گەورەکەی ئەویش بوو، ئەو لە هەموو کردەوە و لاسارییەکانیان هاوبەش و بەشدار بوو. بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکانیان، شۆڕشەکە پەنا دەباتە بەر ژنی دووەمی ناو حەرەملەک، خەدیجە تارخانی دایکی سوڵتان، ئەویش بە دڵسۆزییەوە هانا و پشتیوانی شۆڕشەکە بوو، لە سەرەتاوە ئەو یەکێک بوو لە ستوونە بەهێزەکانی هاندان و جۆشی میللەتەکە، بۆ گۆڕینی ڕەوشە ئاڵۆز و بارە شێواوەکەی دەوڵەت.

خەدیجەی دایکی سوڵتان، بەڕەچەڵەک ئۆکرانی بوو، ئەویش وەک سوڵتانە خوڕەم لەو وڵاتەوە لەلایەن هۆزە تەتەرەکانەوە دیل دەکرێت و لە بازاڕەکانی

دەلاڵی کۆیلەکانەوە دەکڕێت و دەفرۆشرێتەوە، دەرئەنجام دەگاتە کۆشکی عوسمانییەوە، هەموو سەرچاوە عوسمانییەکان باسیان لە جوانی ئەو جارییە کردووە: (بالآبەرز، ناسک و لوتف شیرین، چاو شین، قژ زێرین، پێستێکی سپی سپی هەبوو)، ئەو لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە، دەگاتە ناو کۆشکی سوڵتان، دەڵێن سوڵتانە عاتکەی کیژی سوڵتان ئەحمەد کڕیویەتی و سەرپەرشتی خزمەتکردن و پەروەردەکردنی کردووە و پێشکەشی سوڵتان ئیبراهیمی برای دەکات، کیژەکە دەکەوێتە بەر دڵی سوڵتان و دەبێتە ژنە دۆستە نازدارەکەی و کوڕێکی بۆ دەبێت، پاشان دەبێتە جێنشین و دوایی دەبێتە سوڵتان، ئەویش موحەمەدی چوارەم بوو، کە سوڵتان ئیبراهیم دەکوژرێت، لە سەردەمی ئەو، لەسەر نازناوی جێگری سوڵتان دەبوایە بدرێتە دایکی سوڵتان، سوڵتانە خەدیجە تارخان بوو، بەلآم کوسم ماهـ بیکری داپیری نکۆڵی لەوە دەکات، نازناوەکەی ناداتەوە و لاملی دەکات، بیانووی وازنەهێنان لەو نازناوە، کوسم دەڵێت:

خەدیجە تەمەنی کەمە و تازە گەیشتووتە بیست و یەک ساڵ، ئەوەش لەو نازناوە ناوەشێتەوە.

هەردوو ژنە سوڵتانەکە، دەکەونە ململانێی و سەرۆکی ئاغاکان و سەدری مەزنیش پشتیوانی خەدیجە تارخان دەکەن، بەلآم تیمەکانی ئینکشاری سوڵتانە کوسم بۆ ئەو نازناوە بەرەوا دەزانن، بەهێزەوە پشتیوانی دەکەن. سوڵتانە خەدیجە تارخان هەست دەکات، هەموو دەسەلآتەکانی لێ وەرگیراوەتەوە، ئەو رووداوانە بە دەرفەت دەزانێت بۆ لەناوبردنی سوڵتانە کوسم ماهـ بیکر، هەموو دەسەلآتەکانی کۆشکی لەبن دەستە و وڵاتیش بەرەو هەڵدێر دەبات، میللەتی تورکیش لەناوبردنی ئەو ژنە و کەمکردنەوەی زەبری تیمەکانی ئینکشارییەکان بە پێویست دەزانن، بەیەکەوە دەست لەناو دەست شۆڕش دەکەن.

لەولاشەوە کوسم ماهـ بیکریش دەستەوەستان نابێت، دەزانێت مەترسییەکان گەمارۆیان داوە و ژیان و دەسەلآتەکانی بەرەو نەمان دەڕوات، هەستی بەوە

دەکرد دەسەڵاتی خەدیجە تارخان بەرەو هێز و توندبوون دەچێت، وا خەریکە کەسایەتی زۆری لێ کۆدەبێتەوە، هەر بەپەلە بڕیار دەدات و چاو لەوە دەبڕێت لەناو حەرەملەک دەستێک بوەشێنێت، کردەوەیەک بکات پشتی ئەو ژنە بشکێنێت، دەگاتە ئەو بڕیارەی بۆ نەهیشتن و شکاندنی ستوونەکانی هێزی ژنە نەیارەی خەدیجە تارخان، سوڵتان موحەمەدی چوارەمی کوڕی بکوژێت، کوڕە تاقانەکەی سوڵتانە منداڵەکە لەناوبەرێت، بەوەش هەموو هەژموون و فشارەکانی ئەو ژنە بە نەمانی کوڕەکەی لەدەست دەدات و نامینێت، کوسم پیلان بۆ کوشتنی سوڵتانە منداڵەکە دادەرێژێت، دەیەوێت براکەی سوڵتانە کوژراوەکە سلێمان بکاتە سوڵتانی دەوڵەت، کوسم ئەو بە باشتر دەزانێت، چونکە ئەو برایەی سوڵتان، لە خەدیجە تارخان نەبوو، دایکیان جیاواز بوو و زۆرتر لەبن رۆشناییەکانی کوسمی داپیری بوو، دەیتوانی زۆرباش بیسوڕێنێت، دەسەڵاتەکانی دووبارە بکەوێتەوە بن دەستی خۆی و ببێتەوە جێگری سوڵتان.

بەڵام لە بەدبەختی سوڵتانە کوسم، بەرنامە و پیلانەکەی سەرناگرێت، سوڵتانە خەدیجە تارخان بەرنامە و پیلانێکی دژی بۆ ساز دەکات، بە سەرپەرشتی و یارمەتی سەرۆک ئاغاکانی حەرەملەک، لە شەوێکی تاریکی مانگی سپتەمبەری ساڵی ١٦٥١ی زاینی، دەستەیەک کۆیلەی چەکدار دەگەنە ناو ژوورە تایبەتییەکەی کوسم ماهـ بیکر، بڕیاری خنکاندنەکەی بەسەردا دەچەسێنن، لە تەمەنی شێست و دوو ساڵی دەیکوژن، بەوەش سنوورێک بۆ ململانێیەکانی ناو حەرەملەک، کە سێ ساڵ دەخایێنێت دادەنێت و کۆتایی پێ دێت، بەوەش مەیدانەکان بۆ سوڵتانە خەدیجە ئارام دەبێت و دەبێتە جێگری سوڵتان و سوڵتانەی دایکی ناو حەرەملەک.

دەرچوونی سوڵتانە کوسم لە دیمەنە سیاسییەکان، رووداوێکی دیار و هەستیار بوو، ئەو یەکێک بوو لە ژنە هەر ناودارەکانی مێژووی عوسمانی، دەسەڵاتەکانی بێپەروا و زۆر بە توانایی بەکاردەهێنا، ئەو بە پرۆسەیەکی زۆر ناوازە و رێزپەڕ، دەگاتە لووتکەی شکۆ و دەسەڵات لەناو دەوڵەتی عوسمانی،

ئەو دەسەڵاتی سوڵتانەی دایک لە سەردەمی هەردوو کوڕەکەی موڕادی چوارەم و ئیبراهیم، ماوەی چارەگە سەدەیەک بەرەوایی و بەزەبرەوە بەکاردەهێنێت، ماوەی دوازدە ساڵیش لەسەر نەوەی نەوەکەی سوڵتان موحەمەدی چوارەم وەک جێگری سوڵتان دەستبەکار بووە و هەژموونی هەبووە، هەموو بڕیارەکان لەناو دەستی خۆی کۆدەکاتەوە، دەبێتە کەسایەتی بڕیاردەر و لایەنێکی گرنگ لە رەوشە سیاسییەکان، لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەی زاینی ژنێکی باڵادەست و کەسێکی بەزەبری سیاسەت و دەوڵەتەکە بوو، مێژوونووسی تورک یلماز ئوزتونا بۆ پێناسە و ستایشی ئەو ژنە نووسیویەتی:

ئەو ژنە هەتا رادەیەکی زۆر زیرەک بوو، مەکرباز و فێڵباز بوو، مامۆستا بوو لە دارشتنی بەرنامە و پیلانە فرەئاراستەکان، لە ئاخاوتن و دەربڕیندا دڵنیا و کاریگەر بوو، دەیزانی و دەیتوانی میللەتەکەی رازی بکات، لە پاشمەرگی چەندین دامەزراوی خێرخوازی لەبەر زۆری و کاریگەرییەکانیان ناویان هەر دەمینێت، پارە و سامانەکەی زۆر زۆر بوو، بە گەنجینەکانی ئەو، بودجە و سامانی گشتی دەوڵەت دەبوژێتەوە و هەڵدەستێتەوە.

## دەرکەوتنی کوبرلی

سوڵتانە خەدیجە تارخان لە تەمەنی بیست و چوار ساڵی، دەبێتە سەرپەرشتیاری دەسەڵاتی کوڕە بچووکەکەی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، ئەو پاش نەمانی سوڵتانە کوسم ماهـ بیکر، دەبێتە ژنە بە دەسەڵاتەکەی حەرەملەک، بەوەش دەناسرا ژنێکی زیرەک و مەند و وریایە، بەژەوەندییەکانی دەوڵەت و سەرکەوتنی کوڕەکەی دەخاتە سەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆییەوە، بیر لەوە دەکاتەوە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکە، کۆمەک و پشتیوانی خۆی و کوڕە منداڵەکەی یەکێکی شیاو بۆ پۆستی سەدری مەزن بدۆزێتەوە، کە ماوەی پێنج ساڵی رابردوو، چەندین کەسایەتی لاواز و نەگونجاو ئەو پۆستەیان لە ئەستۆدا گرتبوو، ئەویش لەو رەوشە لە هەموو کەس باشتر

ئاگادار بوو، ئەو پۆستە چەند هەستیار و ناسکە، بەرنامەی یەکەمی ژنەکە پڕکردنەوەی ئەو پۆستە بوو.

بۆ دۆزینەوەی کەسەکە و دەستنیشانکردنی کارمەندێکی کارامە، ژنەکە بەناچاری لە کۆبونەوەکانی دیوان بەشداری دەکرد، دەستی کوڕە منداڵە سوڵتانەکەی دەگرت و لە جڤاتەکە دادەنیشێت، لە رەوش و بڕیارە هەستیارەکاندا بەشدار دەبێت، لەناو کۆبونەوەکان و لە پشتی پەردەکانەوە چاو دەگێڕێت و چاوەڕوان دەکات و بیردەکاتەوە، تا سەرەنج و نیگای دەکەوێتە سەر وەزیرێکی بەڕەچەڵەک ئەلبانی، ئەویش موحەمەد پاشا کوبرلی بوو. ئەو پیاوێکی بە هەیبەت و پیاوی دەوڵەت و دانای بەرچاو دەکەوێت، داوای دەکات، بەپەلە داوا دەکەن بگاتە بەر حەزووری جێگری سوڵتان، لەبەر رەوشە ناڵەبارەکەی دەوڵەت، لەبەر رەشبینی و نائومێدییەکانی ئوستولە عوسمانییە مەزنەکەی ناو دەریای سپی ناوەڕاست، کە بەردەوام بەڕووی ئوستولەکانی شاری ڤینیسیا دەشکان و کەم دەبوونەوە و نوغرۆ دەبوون، بەرێنمایی گەورە راوێژکارەکانی دیوان، داوای ئەو پیاوە دەکەن بۆ وەگرتنی پۆستە ڤالاکەی دەوڵەت، سەدری مەزن.

وەزیرە ئەلبانییەکە کە جێگری سوڵتان دەبینێت و ئاخاوتن دەکەن، بە خەدیجە تارخان دەڵێت:

من بە مەرج ئەو پۆستە وەردەگرم، من مەرجی تایبەتییم هەیە.

ئەوەش یەکەمجارە لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی، بۆ دانانی سەدری مەزن مەرج لەسەر سوڵتانی عوسمانی دابنرێت، ئەو داوا دەکات، پۆستەکەم دەسەڵاتی زۆری هەبێت، لایەنە ئاڵۆزەکانی ناو دەوڵەتی بۆ سوڵتانە راڤە دەکات، پێی دەڵێت وڵاتەکەمان لە رووخان و هەرەسە، ئەگە دەسەڵاتی فراوان و کاریگەرم نەبێت، ناتوانم وڵاتەکە بەڕێوە ببەم، زۆر لایەنی شاراوەش بۆ ژنەکە روونەدکاتەوە، بۆیەش سوڵتانە بە مەرجەکانی رازی دەبێت و جەمسەرەکانی ئیدارەی دەوڵەتەکە رادەستی کوبرلی دەکات، بەژەوەندییەکانی دەوڵەتەکە

دەخاتە سەر هەموو ئەگەر و بەرژەوەندییەکانی ترەوە، هیواداریش دەبێت، هەموو لایەنە تێکشاوەکان و پرسە ئاڵۆزەکانی دەوڵەت و وڵاتەکە چارەسەر بکرێت.

لە ساڵی ١٦٥٦ی زاینی سوڵتان موحەمەد دەگاتە تەمەنی ئاسایی پاشایەتی و دەسەڵاتەکە دەگرێتەوە دەست، خەدیجەی سوڵتانەی جێگر و سوڵتانەی دایک دەگەڕێتەوە سەر کارە ئاساییەکەی خۆی، وەک سوڵتانەی دایک و دەسەڵاتەکانی حەرەملەک لە تەمەنی بیست و نۆ ساڵییدا دەگرێتەوە دەست، لە هەموو کار و فەرمانەکانی دەوڵەت و سیاسەت دووردەکەوێتەوە، روو لە کارە چاکەکان و دەزگا خێرخوازییەکان دەکات، ماوەی سی و پێنج ساڵ لە پۆستی سوڵتانەی دایک دەمینێتەوە، ئەویش درێژترین ماوەیە، لە حوکمی عوسمانییەکان ژنێک لەو پۆستە بمینێتەوە. سوڵتانە خەدیجە لە رووکارە سیاسییەکان و ناوەندەکانی بڕیار دووردەکەوێتەوە، لاچەپ دەژیت، سەردەم و هەژموونی سەڵتەنەتی حەریم لە دەوڵەتی عوسمانی کۆتایی دێت، حەرەملەک دەگەڕێتەوە رەوشە ئاساییەکەی خۆی، لەو دوو سەدەی تەمەنی عوسمانییەکان، ژنەکان تەنها لە بوارە زۆر سنووردارەکان نەبێت، دەست لە سیاسەت و کۆشک وەرنادەن، کە ماوەیەکی زۆر کارەکتەری سەرەکی و بزوێنەری رووداوەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی بوون، ئەوەش یەک سەدە دەخایێنێت، ئەگەرچی خەدیجە تارخان، لەو ژنانە بوو، دەوڵەتی عوسمانیش کاریان بە بەهرە و زیرەکییەکەی ئەو هەبوو، بەڵام ئەو کار دەکات و قوربانی دەدات تا منداڵەکانی پێ بگەن و بتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن و خزمەتی دەوڵەتەکەیان بکەن، ئەو دەتوانێت دەسەڵاتی حەرەملەک لەسەر بڕیارەکان سووک و کەم بکاتەوە، خەدیجە ئەو ژنە بوو هاوسەنگییەکانی دەوڵەتەکە دەگێڕێتەوە، کە دەسەڵاتەکە رادەستی سەدری مەزن کوبرلی دەکات، هەرگیز تێکەڵی سیاسەت نابێتەوە، منداڵەکانی بە قوربانیدان و کۆشش و دڵسۆزی بۆ دەوڵەتەکە جۆش دەدا، تا لە رۆژی ٥ی

یولیوی ساڵی ١٦٨٣ی زاینی دەمرێت، مەبەست و بەرنامەکانی ئەو ژنە سەرکەوتنی دەوڵەتەکە بوو.

ئەگەرچی لیستی کار و چاکەکانی سوڵتانە خەدیجە تارخان، زۆرن و بەرنامە خێرخوازییەکانی لەناو سنووری دەوڵەتی عوسمانی زۆرن، بەڵام کارە هەر بایەخدارەکەی ئەو، سەرەنجە هەر مەزنەکە و شکۆدارییە هەر گەورەکە بۆ ژنە، ئەوەیە ئەو بە دڵسۆزییەوە بۆ شکۆ و سەرکەوتنی دەوڵەتی عوسمانی کار و کۆششی کردووە، بواری بە کوبرلی داوە بیست و حەوت ساڵ، رۆڵە مێژووییەکەی خۆی بە دروستی لە پۆستەکەی بگێڕێت، ژمارەیەکی باش لە وەزیری بە توانا و دڵسۆز دەستنیشان بکات و هەیبەت و شکۆی دەوڵەتەکە، وەک سەردەمە نموونەییەکەی سوڵتان سلێمان ئەلقانونی زیندوو بکاتەوە.

بنەماڵەی کوبرلی (١٦٥٦_١٧٠٣) یەکێکە لە بنەماڵە و وێستگە هەر بنچینەییەکان لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی، ئەوان دەتوانن پێگەیەکی دیار بگێڕن، پاش ئەوەی براگەورەکەیان موحەمەد پاشا کوبرلی لە ساڵی ١٦٥٦ی زاینی پۆستی سەدری مەزن وەردەگرێت، ئەو و دوایی کوڕەکەی ئەحمەد پاشا، شکۆ و نەمرییەک بۆ دەوڵەتەکە بەرجەستە دەکەن، لە مەیدانەکان سەردەکەون و دووبارە سەفیرە ئەوروپییەکان لە سەردەمی ئەوان دەگەڕێنەوە بابی عالی عوسمانی.

بنەماڵەی کوبرلی مێژوویێکی دیاریان لە دەوڵەتەکە گێڕاوە، ئەوانیش خودانی ئەدەب و زانستیش بوون، لە جیهانی ئیسلامی و رێزی بێ پایانیان بۆ زاناکان هەبووە، بەوەش دەناسران، بایەخی زۆریان بە کۆکردنەوەی کتێب داوە، زۆریش سەرپەرشتی گەشەی زانستیان کردووە، بۆیەش ئەحمەد پاشا کتێبخانەیەکی گەورەی هەبووە، کە کتێبە ناوازەکانی ئەو سەردەمەی تێدا بووە، چوار کەسی بۆ ئەمینی کتێبخانەکان داناوە، تێدا مەرجە پێشکەوتنەکانی دانان و ریزکردن و پەراوێزەکانیان بەکارهێناوە. کتێبخانەکانیان، ژمارەیەکی زۆری کتێبی شەرعی

و هزريان تێدا بووە، بەڕاستی ئەو، یەکێک بووە لە گەنجینەکانی ئەدەبی عەرەبی و ئیسلامی و هەتا ئیمرۆش جێگای شانازی و بایەخە.

کۆتایی